KURDISTAN



# بەشێک لە دیمانەو وتارەکانی

## هاوڕێ هاشم ڕۆستەمی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- پەخشانە شێعر: قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە.......................................................... ٤
٢- کۆماری کوردستان و مشت و ماڵێکی تر.......................................................... ٨
٣- با ڕۆژی ١٠ ئاپریل بکرێتە ڕۆژی بەربەرەکانی لە دژی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی.................................. ١١
٤- با چیتر ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە نەبێ!.......................................................... ١٥
٥- وتاری ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.......................................................... ١٨
٦- لە پەراوێزی دیالۆگی دێموکراتەکاندا.......................................................... ٢٢
٧- لە پەراوێزی تیرۆری میکۆنووسدا.......................................................... ٢٧
٨- نەخۆش بە "پاراسێت" چارەسەر ناکرێ.......................................................... ٣١
٩- نەورۆزی خەم و شادی.......................................................... ٣٦
١٠- دیمانەیەک سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز.......................................... ئارام قادری ..... ٤١
١١- تۆمەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان.......................................................... ٤٥
١٢- ڕۆڵ و دەوری مامۆستایانی ئایینی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازیی خەڵکی کوردستاندا.......................................................... ٤٨
١٣- ریفراندۆم! دەرئەنجام و کاردانەوەکان.......................................................... ٥١
١٤- چەند پەیڤێک سەبارەت بە زاتێکی پاک.......................................................... ٦١
١٥- وەڵامێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی.......................................................... ٦٥
١٦- شا لە زبڵدانی مێژوودایە و پێشەوا لە ئارامگەی خۆیدا!.......................................................... ٦٩
١٧- لە کتێبی "نامەیەک بۆ دایکم و دەرسێک بۆ نەوەکانی".......................................................... ٧٢
١٨- ئاشقێکی شەیدای نیشتیمان.......................................................... ٧٣
١٩- دیمانە لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان.......................................... ڕحمان نەقشی ..... ٨١
٢٠- هاواری پەنگ خواردووی نەتەوەیەکی ستەم لێ کراو!.......................................................... ٨٥
٢١- لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی!.......................................................... ٨٧
٢٢- ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان!.......................................................... ٩٥
٢٣- مەندیل فڕیدان! (عمامە پرانی).......................................................... ٩٩



سەرچاوە
Serchawe

٢٤- نامەی سەر ئاوەڵای "محسن مخملباف" بۆ رەزا پەهلەوی........................................... لە فارسیەوە ..... ١٠٢
٢٥- پەخشان.............................................................................................. ١١٤
٢٦- بۆنەی بیستەمین ساڵی بەردەوام بوونی ماڵپەڕی گیارەنگی سەربەرز.................................................. ١١٧
٢٧- بایکۆت!............................................................................................ ١٢٠
٢٨- شکۆی نەورۆز و پوچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمن!............................................................ ١٢٢
٢٩- پزیشکیان و چەند سەرنج........................................................................ ١٢٥
٣٠- ئێوارانی کریسکان! "عصرهای کریسکان".................................................................. ١٢٨
٣١- پەلەقـاژەی مەرگ!.................................................................................... ١٣١
٣٢- پێشەکی بۆ کتێبی" شادمانترین پیاوی سەر زەوی"............................................................ ١٣٤
٣٣- لەمپەرەکانی ئەوکات و دەرفەتەکانی ئێستا!............................................................... ١٣٨
٣٤- ناوە دروستەکەی کۆمار!......................................................................... ١٤٢
٣٥- دایەگیان مەگری بۆ رۆڵە......................................................................... ١٤٤
٣٦- کورتەیەک لە ژیان بەسەرهاتەکانی هاوڕێ هاشم رۆستەمی(قارەمانە زیندووکان)......... شۆڕش ئەسەدزادە ..... ١٤٧



## پەخشانە شێعر: قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە.

**لە حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملووی هەمیشە زیندوودا، بەر لە هەموو شتێک، لە ئاست خوێنی پاک و بە ناحەق ڕژاوی خۆیی و هاوڕێیانی دا سەری کڕنۆش دادەنوێنم و بە خوێنی گەش و ئاڵی بە ناحەق رژاویان سوێند دەخۆم کە تا هەم ڕێبواری ڕێبازی پڕ لە سەرفیرازانەیان بم.**

**هەر لەم رۆژەدا و، لە حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ناجوانمیرانەی ڕێبەری بە تواناو هەڵکەوتووی حیزب و گەلەکەمان دا، هەزاران نفرەت دەنێرم بۆ بڕیاردەران و بکوژانی شەهیدانی ڕێبەر و سەرکردە، شەهید دوکتور عبدلرحمان قاسملوو و شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر.**

هەیاران! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!

ئەی ڕێبوارانی ڕێگەی سەختی خەبات!

ئەمرۆ ئێوە چما ڕەشپۆشن؟!

چما بێ دەنگن چما خامۆشن؟!

چما چاو بە فرمێسک و دڵ بەخەمن؟!

چما روخسار پەرێشان و لێو بەتەمن؟!

ڕەنگە ئێوەش لەمن بپرسن، چما تۆ نازانی ئەمرۆ حەڤدەهەمین ساڵرۆژی شەهیدی سەرکردەو ڕێبەرە

ڕۆژی سوور بوونی مێزی وتوو وێژ بە خوێنی دیپلۆماتکاری کارامەو، یارو یاوەری پێشمەرگەی نێو سەنگەرە!

هەیاران ! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!

ئەی ڕێبوارانی ڕێگەی سەختی خەبات!

فرمێسکی چاوەکانتان بسڕن. پەرێشانی لە روخسارتان لادەن.تەمی خەم لە سەر لێوان لابەن. چوونکە بە هەڵە مەچن و بزانن کە قاسملوو هەرگیز نامرێ و، نەمردووە.

ئەو لە بیر و ئەندێشەدا، لە ڕێبازدا، لە ڕێگەی رزگاریدا، لە نێو دڵی تەک تەکی ئێمەی ڕێبواری ڕێگەکەیدا هەر جاویدانەیە و هەر زیندووە.

هۆ شەهیدە لە خوێندا شەلاڵەکەی سەر مێزی وتوو وێژ!

هۆ میوانە سوورخەڵاتەکەی گۆرستانی پیرلاشێز!

ئاگات لێ یە کە کیژ و کوڕانی دڵسۆزی دێموکرات

چ لە هەندەران چ لە نێو خۆی وەڵات، لە رۆژ ئاواوە تا رۆژ هەڵات، شێرانە دەگوڕێنن و داوای سەزادانی بکوژانت بە گوێی تا هەنووکە کپی دونیادا دەدەن.

هۆ دونیای پێشکەوتوو! هۆ جاڕدەرانی مافی مرۆڤ! هۆ پەرە پێدەرانی نەزمی نوێ!

هۆ ئوروپای بێشکەی دادپەروەری و دێموکراسی! دە تۆزێ لە ئاست ئەم گەلە ستەمدیدەیەی ئێمەشدا، لە ئاست ئەم شەهیدە بە ناحەق کوژراوەی ئێمەشدا، چاوی قووچاوتان بکەنەوە تا بزانن و ببینن کە چلۆن وبە ئاشکرا، لە ناو جەرگەی ئوروپادا، ئەوە حەڤدە ساڵە، بازرگانانی فرمێسک و خوێن، لە ئاست ئەم جینایەتە سامناکەدا بێ دەنگن و خوێنی سەرکردەی نەتەوەیەکی ئازادی خوازیان چۆن فیدا سات و سەودای ئابوری و بازرگانی کردوە. دە ئێوەش بزانن کە قاسملو لە رێباز دا هەر زیندوە.

هۆ نەیارانی گەل و وڵاتم

هۆ دوژمنانی نیشتمان و خاکم

هۆ دڵ رەشانی حاکمی قوم و تاران

هۆ گورگە کەڵپ خوێناوی کانی جەماران!

لاتان وابوو بە تیرۆرکردنی رێبەرانمان، بە شەهیدکردنی سەروەرانمان، هێزو توانامان لێ دەستێنن لاتان وابوو دەتوانن لە ریشەوە دەرمان بێنن.

ئای چەندە سەهوو چەندە نەزانن.

مەگەر هەستی شۆرشگێری و ماف ویستی دوای شێخ سەعید و شێخ مەحمود و سەید رەزا و سمایل ئاغای شکاک، کپ و بێ دەنگ بوو؟

مەگەر دوای لەداردانی پێشەوا

لە مەکۆی ئازادی خوازی

لە چوارچرا

مەگەر هێزی لەبن نەهاتۆوی گەل بڕستی لێ برا؟

ئایی کە مێروو نەزان و نەفامن، ئای کە خوێن رێژو بێ تامن.

تاوانی دەیان جارە دووبارە دەکەنەوە، جینایەتی بە ئاکام نەگەیشتوو تازەدەکەنەوە.

هۆ شەمشەمەکوێرەکان!

کام ستەم کار، کام خوێن رێژ

کام دیکتاتۆری نێو حەرەمسەرا یا سەر بەرماڵی نوێژ

توانیویەتی تا سەر لە کەللە سەراندا شەرابی دەستەڵات داری هەلقورێنێ؟ یا چۆنی پێی خۆش بێ

ئاوها بنەڕێنێ؟

هۆ دەستە ڵات دارانی تاران! بۆ نابینن؟ خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراوسێی ڕۆژهەڵاتتان فرکە فرکی، فرێ دانی ڕیش و مێزەر بوو، خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراەسێی ڕۆژ ئاواتان، کە خاوەنی کۆشک و زێر بوو، دیکتاتۆر ،کونەمشکی لێ بە قەیسەر بوو.

دە ئێوەش بزانن کە ئەمڕۆ یا سبەی، درەنگ یا زوو،

هەستی شۆڕشگێرانەی گڕ گرتوو،

فڕێتان دەداتە نێو زبڵدانی مێژوو.

هۆ شەهیدە سوور خەڵاتەکەی پیرلاشێز!

هۆ مامۆستاو سەرکردەی بیرو یز!

چەند نەفام بوون ئەوانەی وایان زانی دەتوانن بە گوللە تۆ بکوژن،

چەند نەفام بوون، وایان زانی تۆ و ڕێبازت پێکەوە دەنێژن.

چەند نەفامن، چەندە گێژن!

ئەوان نەفام بوون، نازانن و نەیان زانی تۆ پاش مەرگیش هەر سەرکردەو ڕێبەری،

تۆ هەر بیلبیلەی چاو و تاجی سەری.

ئاخر تۆ سیاسەتوان و دیپلۆماتکارێکی لێزان بووی، ئاشنا بە مووسیقی و شێعر و زمان بووی.

تۆ هاندەری بە گووڕی ڕێگەی سەختی خەبات بووی، بووژێنەرەوەی ڕێکخراوی دێموکرات بووی.

هۆ سەرکردە! هۆ ڕێبەرە شەهیدەکەی دێموکرات! هرتۆ بووی ئەت وت وتووێژیش شێوەیەکە لە خەبات.

داهێنەری ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە تۆ بووی، ئەوەی دەی وت باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەکەیانە تۆ بووی. ئەوەی دەی گووت گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی یەش بدات، تۆ بووی.

بۆیە منیش پر بەدەم هاوار دەکەم و دەڵێم، هۆ ورمێ و سنە! هۆ ئیلام و کرماشان!

هۆسەرجەم شارەکانی تری کوردستان!

هۆ دۆڵی دێموکرات

هۆ قەندیلی مەکۆی خەبات

هۆ گەلاڵەی دڵ پر لە گڕ

هۆ کۆیەی خۆ ڕاگر!

هۆ ورد و درشت، کیژو کوڕی وڵات

هاوسەنگەرانی بیری دێموکرات

هۆ ڤییەننی تا هەنووکە بۆ ئێمە خوێنتاڵ

هۆ پیرلاشێز، گۆڕستانە بەناوبانگەکەی کۆنە ساڵ!

هۆ دییاری دیار، هۆ ونیی ون

هۆ لوتکەی بەرز، هۆ بەحری بێ بن!

هەموتان بزانن کە قاسملوو لە ڕێبازدا، لە سیاسەت و بیری دێموکرات دا هەر دەمێنێ و جاویدانەیە

لە شێعر و سروود و گۆرانی دا هەر دەمێنێ و، فەرزانەیە.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی حەڤدەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاورێیانی.**

**ئوسلۆ**

**بەردەرکی سەفارەتی ئوتریش**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠٠٦

# کۆماری کوردستان و مشت وماڵێکی تر

ئەو ڕۆژانە لە لاپەڕەی فەیسبووکی کاک تاهیری قاسمی ئەو ڕەستە جوانەم خوێندەوە کە دەڵێ: کۆماری کوردستان ئەو گەوهەرەیە کە تا زیاتر مشت و ماڵ بدرێ باشتر جوانیەکانی دەر دەکەون.

لە وتاری "مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان" دا کە ماوەیەک لە مەوە پێش لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمزدا بڵاو بۆوە، بەڵێنی ئەوەمدا کە لە داهاتوودا سەبارەت بە سەربەخۆ بوونی کۆماری کوردستان زیاتر بنووسم.

بە سەرنج دان بەوە کە تا ئێستا زۆر کەسی شارەزا و خاون نەزەر لە هەل و مەرجی جۆراو جۆردا، بە دیدی جۆراو جۆر و بۆ مەبەستی جۆراو جۆر، لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیوە، ڕەنگە هێندێک کەس پێیان وابێ ئیتر هیچ دەلاقەیەک بوو چوونە نێو باسی کۆماری کوردستان نەمابێ. بەڵام کاک تاهیر وتەنی، کۆمار ئەو گەوهەریە تا پتر مشت وماڵ بدرێ زۆرتر دەدرەوشێتەوە. کەوابوو ئەو نووسینەی منیش با بچێتە خانەی ئەو مشت و ماڵەوە.

هەر وەک باسم کرد تا ئێستا زۆر کەس لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیووە، لە زۆر لایەنی ئەو دەستکەوتە سیاسیەی بزوتنەوەی کوردستانیان کۆڵیوەتەوە. بەلام مخابن هێندێک کەس بە عەمد و هێندێک کەسیش نائاگاهانە لە بەکار هێنانی ناوی ئەو دەستکەوتە مێژوویەی نەتەوەکەمان تووشی هەڵە دەبن. هێندێک کەس بە کۆماری مهابادی ناو دەبەن و هێندێک کەسیش بە کۆماری خودموختاری کوردستان. لە پێوەندی لە گەڵ ئەوەی دا کە چۆنە بە کۆماری مهاباد نێو دەبردرێ، بەڕێز کاک ناسر ئێرانپور لە وتارێکی بە پێزدا ئاوری لەو بابەتە داوەتەوە، بۆیە من شتێکی ترم لەو بوارەدا نیە تا لێی زیاد بکەم، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی ئاخۆ بەراستی، کۆمار خودموختار بووە یان سەربەخۆ، لێ ورد بوونەوەیەک بە پێویست دەزانم کە لە چەند خاڵدا خولاسەی دەکەمەوە.

- چەمکی خودموختاری بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەم سەردەمەی ئێستا، بۆ ئەو دەستەڵاتە ئیداری و سیاسیە بە کار دەبردرێ کە ناوچەیەک لە نێو قەوارەی وڵاتێکدا لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە سەری بە تەوافوق دەگەن.

لێرەدا کۆمەلە پرسیارێک خۆیان دەر دەخەن کە وردبوونەوە لەو پرسیارانە و وەڵامەکانیان، زیاتر بەرچاومان روون

دەکەنەوە تا بزانین کۆمار لە کام شکلێ مافی دیاری کردنی چارەنووسدا خۆی دیوەتەوە. با لە خۆمان بپرسین، ئەرێ لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لە نێوان خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی و دەوڵەتی \" ناوەندی \" دا هەبوو؟ ئەرێ کاربەدەستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمویان جەنابی پێشەوا قازی، بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردی هیچ جۆرە پرس و ڕایەکیان بە دەستەلاتی تاران کرد؟ ئەرێ تا ئێستا لە هێچ سەنەدێکی حکومەتی ئەوکاتی تاراندا چوکترین ئاماژە بە خودموختار بوونی کوردستان کراوە؟

ئێمە ئەوش دەزانین، لە دەستەڵاتی خودموختاردا باوە کە چوار رووکنی دەستەڵات، واتە چاپی دراو، ئەرتەش بۆ پاراستنی سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە و ئابووری درێژخایەن، بە گوێرەی یاسا لە دەست دەوڵەتی ناوەندی دا دەبن. ئەوە راستە کە کۆمار لەو ماوە کەمەی دەستەلاتی دا نەی توانی دراو چاپ کات، بەڵام هەموو بەڵگەوە ئاماژەکان و کردارەکانی ئەو کات ئەوە دەردەخەن کە لە سێ بوارەکەیتردا کۆمار هیچ پێوەندیەک و پرس ڕایەکی لە گەڵ ناوەند نەبووە. لە بواری ئابووریەوە کۆمار بۆ خۆی راستە خۆ هەوڵی دا تا پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ وڵاتانی تر و بە تایبەت ئازەربایجان دامەزرێنێ. لە بواری نیزامیەوە سەرەتا سوپای میللی و دواتر هێزی پێشمەرگەی بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان سازمان درا. لە بواری سیاسەتی خاریجیشەوە هەر هیچ پرس و رایەکی بە دەوڵەتی تاران نەبووە.

- دەستەلاتی نیزامیی حکومەتە خودموختارەکان لە لایان مەرکەزەوە ئیدارە دەکرێ و فەرمانی پێ دەدرێ. بەڵام لای هەموان روونە کە هێزی نیزامی کۆمار نەک هیچ پێوەندیەکی بە تارانەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێکی عومدەی ئەو هێزە هی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بوو کە لەگەڵ سەرکردەوی ناسراوی کورد مەلا مستەفای بارزانی هاتبوونە مەهاباد، خودی بارزانیش یەکێک لە و چوار کەسانە بوو کە لە کۆماری کوردستاندا لەقەبی ژنراڵی پێ برا.

- بێ گومان هەموومان دەزانین کە ئارم و ئالا سومبولی دەستەڵاتن لە ولاتێکدا. ئەمرێکی زۆر سروشتیە کە لە حکومەتە خودموختارەکاندا ئاڵای گشتی وەڵات لە تەنیشت ئاڵای دەستەڵاتی خودموختار هەڵ دەدری، بەڵام لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا، لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤را کە ئاڵای کوردستان بە رەسمی هەڵدار، لە ئیدارەکانی سەر بە کۆماری کوردستاندا جگە لە ئالای کوردستان هیچ ئاڵایەکی دیکەی لێ نەبووە.

- سیستیمی سیاسی و دەستەڵاتداریەتی لە ئێرانی ئەو کات، بە شێوەی پادشاهی بوو، بەڵام مێژوو شاهیدە کە ئەو کات کورد لە شکلی کۆماری دا "مومارسەی" دەستەڵاتداریەتی خۆی دەکرد. کە وابوو هەر لە ئەساسدا دوو جۆرە دەستەلاتداریەتی تەوا لێک جیاواز لە ئارا دابوون. ئەوانەی دەڵێن کۆمار خودموختار بووە، چۆن ئەو ناتەباییە لێک دەدەنەوە، مەگەر دەکرێ لە چوار چێوەی حکومەتێکی پادشاهیدا، حکومەتێکی کۆماریش هەبێ!؟

ئەگەر بمان هەوێ وردتر بچینە نێو ئەو بابەتە و کاک تاهیر وتەنی زۆرتری مشت وماڵ بدەین، دەتوانین ئاماژە بە زۆر لایەنی دیکەش بکەین، بەلام بۆ خۆ پاراستن لە دوور و درێژ بوونی وتارەکە، لێرەدا هەر بەوە قەناعەت دەکەم کە بڵێم با چیتر شکەستە نەفسی نەکەین، با چیتر بۆ دڵ خۆش کردن، یان رازی کردنی شۆفینیستە داگیر کەرەکان، حاشا لە سەبەخۆ بوونی کۆماری کوردستان نەکەین.

**با هەوڵ بدەین بۆ جارێکی دیکەش کۆماری کوردستان دامەزرێنینەوە، تا ئەو جار هەم بۆ خۆیی و هەم یادەکەی، بۆ هەمیشە لە دڵی مێژوو و مرۆڤایەتیدا تۆمار بکرێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣**

## با ڕۆژی ١٠ ئاپریل بکرێتە ڕۆژی بەربەرەکانی لە دژی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

ئەگەرچی میکۆنووس ناوێکی خاریجی و هی ڕێستووورانێکیشە کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری بێرلینی وەڵاتی ئاڵمان هەڵکەوتوە، بەلام ئێستا بۆ کوردەکان نەک هەر ناوێکی ئاشنایە بەڵکوو بێ ئەوەی کورد بۆ خۆی ویستبێتی ئەو ناوە ناوێتەی مێژووە پڕ کارەساتەکەی بووە. هەر کە ناوی میکۆنووس دێت دەسبەجێ تیرۆر و جینایەت لە لایەک و، عەدالەت و قەزاوەتیش لە لایەکی دیکەرا وێکرا دەبنە هەوێنی بیر و ئەندێشەمان. تیرۆر و جینایەتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردی و عەدالەت و قەزاوەتێکیش کە دەستگای قەزایی ئاڵمان لە خۆی نیشان دا. جگە لەم دوو مەوزوعە، هەر کە باسی ڕێستووورانی میکونووس، تیرۆری میکۆنووس یا دادگای میکۆنووس دەکرێ، دەسبەجێ دیمەنێکی تاڵ و خەمهێنەر، دێمەنی لە خوێنا شەڵالی تەرمی شەهید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دێتە بەرچاو. دیمەنێکی تاڵ کە وەبیرهێنەرەوەی زۆر کارەساتی تراژیدیای مێژووی گەلە ماف زەوتکراو و غەدر لێکراوەکەمانە.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوەندی ئورووپای ئازاد و لانکەی دێموکراسی و مافی مرۆڤدا دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە کۆمەڵێک لە باشترین تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و، لەو هێرشە بەرنامەڕیژی کراوەدا مخابن دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لە گەڵ کاک فەتاح عەبدولی بەرپرسی حیزب لە ئورووپا، کاک هومایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی شەهید بوون. لە پێوەندی لە گەڵ ژیان و خەباتی ئەو شەهیدانەو چۆنیەتی شەهید بوونیان و ماجەرای میکۆنووس بە گشتی لەم سالانەی ڕابردوودا زۆر شت باس کراوە و بە دەیان و بگرە بە سەدان بابەت و وتار نوسراوە و بلاو کراوەتەوە، تەنانەت هەر لەم پێوەندیەدا چەند کتێبێکیش نووسراون و و ئامادە کراون. هەرکام لەو نوسراو و بابەتانە لە ڕوانگەی جۆراوجۆر و لایەنی جوراوجۆر تیرۆر و دادگای میکۆنووسیان باس کردوە. بەلام ڕادەی خەساری ئەو تیرۆرە و ئاکامەکانی ئەوەندە بەر بڵاون کە دیسانیش دەکری خاوەن نەزەران و نووسەران لە گۆشە نیگای دیکەوە باس لە لایەنەکانی دیکەی ئەو مەسەلەیە بکەن.

ئەمە ڕاستە کە پێشتریش و لە زۆر ولاتی دیکەش دەستی ڕەشی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتبووە گەرووی ئازادیخوازانی ئێران و ڕزگاریخوازانی کوردستان. بە واتایەکی دیکە هێشتا خەڵکی کوردستان لە خەمی لە دەستدانی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبدا بوون کە جینایەتی میکۆنووس ڕووی دا.

هەر وەک ئاماژەم پێ کرد پێشتریش کۆماری ئیسلامیی ئێران سەدان کردەوەی تیرۆریستیی لە نێوخۆی ئێران و گۆشە و کەناری جیهان لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی بەڕێوە بردبوون، بەلام ئەوەی کە تیرۆری میکۆنووس لە کردەوە تیرۆریستیەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی جودا دەکاتە ئەوەیە کە ئەم جارەیان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیانتوانی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەر بچن، بەلکوو بە هۆی ئازایەتیی دەزگای قەزایی ئالمان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا توشی ڕوورەشیەکی مێژوویی بوو و تێوەگلانی بەرزترین دەستەلاتدارانی ڕێژیم لەو تیرۆرەدا بە ئیسبات گەیشت. کاربەدەستانی ڕێژیم زۆر هەوڵیاندا کە بە دانی بەرتیل و تەماعی بازرگانی و ... ئەو کردەوە تیرۆریستیەشیان وەک کردەوەکانی دیکەیان دیزە بە دەرخۆنە بکەن. بەلام بە خۆشیەوە لەو بوارەدا بە تەواوی ناکام بوون و سەرئەنجام دادگای ئالمان لە ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ بریاری خۆی دا. بە پێی ئەو بریارە لە لایەک سەزا بۆ تیرۆریستەکان دیاری کرا، لە لایەکی تریشەوە ئەو جینایەتە وەک کردەوەیەکی تیرۆریستیی دەولەتی ناسێندرا کە لەو دا سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی، خامنەیی و ڕەفسنجانی و... نەک هەر تێیدا مەحکووم کران، بەلکوو حوکمی گرتنی عەلی فەللاحیان کە ئەوکات وەزیری خاریجەی کۆماری ئیسلامی بوو، درا.

**دادگای میکۆنووس لە مێژووی دەستگای قەزایی ئالمان دا بە پر جنجاڵترین دادگای ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار.**

ئەو دادگایە بۆ ماوەی ٥ ساڵان بەردەوام بوو، بە هەزاران لاپەڕە لە بەلگە و بازجوویی و قسەی شاهیدەکان و ... لە جەریانی ئەو ٥ ساڵ دادگایە دا تۆمار کراون. لێرە دا جێی خۆیەتی کە هەم سوپاسی سەربەخۆیی دەستگای قەزایی ئالمان بکەین هەم ڕێز بگرین لە شەهامەت و ئازایەتیی ئاغای بەنی سەدر و ڕێزدار پەرویزی دەستمالچی کە بە ئامادە بوونیان لە دادگادا و، دانی شاهیدی و هێنانی شاهیدی تر، زۆر کۆمەگیان بە دادگا کرد.

لە کاتێکدا کە دوکتور شەرەفکەندی لە حەیات دابوو، وەک تێکۆشەرێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران داییم چقلی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو. ئاخر ئەو دوای شەهید کرانی دوکتور قاسملوو، زۆر بە لێهاتوویی نەک هەر ڕێبەرایەتیی حیزبی کرد بەلکوو شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرهەڵستکاری ڕێژیم لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە تا بە یەکگرتوویی هەم بە گژ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دابچنەوە و هەم وێکرا کار بکەن بۆ دابینکردنی ئێرانێکی دوور لە زولم و ستەم. هەر وەک دەزانین لە کاتی شەهید کردنیشیدا ئەو هەر لەو پێوەندیەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە کەسانی موخالیفی ڕێژیم لە ڕێستوورانی میکۆنووسدا کۆبوونەوەی هەبوو. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوە تیرۆریستیەدا هەم ویستیان دوای تیرۆری شەهید قاسملوو زەبرێکی تر لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بدەن هەم ناکۆکییش بخەنە نێوان ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەوان بە پێی پلانێکی لە پێشدا داڕێژراو هەوڵی ئەوەیان دابوو کە لە جەریانی تەقە کردندا تەنیا دەستریژ لە هەیئەتی حیزب بکەن و

ئەوانی تر زەربەیان وێ نەکەوێ تا دواتر هەم کردەوەکەی خۆیان بە ئەستۆی ئەوان دابێنن و هەم دوو دڵی و بەد گومانی لە بەینی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و خەڵکی کوردستان دروست بکەن. بە واتایەکی دیکە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی ویستیان کورد گوتەنی بە بەردێک دوو کێل بشکێنن. هەم دوکتور و هاوڕێیانی شەهید بکەن هەم تەفرەقە لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بنێنەوە.

بەڵام بە خۆشیەوە هەر وەک چۆن لە کاتی ژیانی دا، شەرەفکەندی هۆکاری لێک نزیک بوونەوەی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم بوو، شەهید بوونیشی هەر بوو بە چقڵی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ئەو جار دادگایەکی خاوەن سەلاحیەتی وڵاتێکی بە دەسەڵاتی ئورووپایی مۆری تیرۆریست بوونی لە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی دا.

پێم وایە جێی خۆیەتی لێرەدا و لە پێوەندی لە گەڵ ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا رەخنەیەک لە خۆمان چ وەک تاکەکانی کورد چ وەک ئەندامانی حیزبی دیموکرات بگرین. شەهیدانی جینایەتی میکۆنووس کورد بوون، سەرکردەی حیزبێکی کوردی بوون، لە پێناو رزگاریی کورد و کوردستاندا شەهید کرابوون، کەوابوو دەبوو حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بیان توانیبا لە جەریانی ٥ ساڵ بەردەوامیی کاری دادگادا زۆر بەهرە بەرداریی سیاسی بکەن تا لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە ئامانجەکانی شەرەفکەندی بکەن، کەچی وەک راستییەکی تاڵ دەبێ ئاماژە بەو راستیە بکەین کە مخابن کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە گشتی کەمترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لەو قەزیەیە نەکرد. کەچی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بە ئامادەبوون لە بەر دەرگای دادگا و بە تایبەت لە کاتی دەر کردنی بریاری نیهایی دا زۆرترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لێ کرد. ئەوان هەم پشتیوانیان لە بریاری دادگا دەکرد هەم تەپڵی ریسوایی ڕێژیمیان لێ دەدا و هەم توانای ڕێکخراوەیی خۆیان بە جیهانیان نیشان دەدا.

ساڵێک دوای بریاری داگای ئاڵمان و دیاریکردنی سەزا بۆ تاوانباران و مەحکوم بوونی کۆماری ئیسلامی لە دادگادا، ئەو کات من وەک پەنابەری سیاسی لە هەولێر خۆم بە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران ناساندبوو و بەرپرسی کومیتەی کار و باری پەنابەران لە هەولێر بووم. بۆ زیاتر ریسوا کردنی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست لە لایەک و ڕێز گرتن لە بریاری دادگای ئاڵمان لە لایەکی تر، لە کومیتەی پەنابەراندا بریارماندا کە لە ساڵرۆژی بریاری دادگادا کە دەکاتە ١٠ ئاپریل، ڕێپێوانێکی بەرفراوان بۆ بەردەرگای یوئێن وەڕی بخەین. دوای ئامادەکاریی تەواو، لە گەڵ نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر پێوەندیمان گرت ولە مەبەستی خۆمان ئاگادارمان کردن و داوامان کرد کە حیزبیش بە گوێرەی مومکین لەو حەرەکەتەدا بەشدار بێ.

ڕۆژی ڕێپێوانەکە لە پەیامی حیزبدا وێرای ئاماژە بە کارەساتی میکۆنووس و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تر، پێشنیار کرابوو کە

ڕۆژی ١٠ ئاپریل بکرێتە ڕۆژی بەربەرەکانی لە دژی تیرۆریزم.

ئەمن هەر ئەو کات، ئەو پێشنیارەم پێ درووست بوو، کەچی مخابن تا ئێستاش حیزب بۆ خۆی کە خاوەنی قەزیەکەیە و بۆخۆی پێشنیارەکەی مەترەح کردوە، بە جیددی کاری بۆ ئەو مەبەستە نەکردوە. دەبا لە 16ساڵەی بڕیاری دادگای میکۆنووسدا ئەو پێشنیارە جارێکی تر بێتەوە بەرباس و بەئەرکی خۆمانی بزانین کە بۆجێگرتنی ئەو پێشنیارە هەوڵ بدەین.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی**

**مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠١٣**

## با چیتر ۲٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە نەبێ!

ئەو ساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو بە دوو بۆنەی جیاوازەوە لە دوو بەشی کوردستان، ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەز کرا بە ڕێورەسم و جێژن و هەڵپەرکێ. لە بنکەی دەفتەری سیاسی دێموکراتەکان و زۆربەی ولاتانی ئوروپایی، هەردوو لای دێموکرات بە جۆش خرۆشێکی تایبەتی، ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەزیان وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کردە جێژن و هەڵپەرکێ.

لە هەرێمی کوردستانی باشووریش ئەوە چەند ساڵێکە کە بە شێوەی جۆراو جۆر ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ئالای کوردستان ڕێزی لێدەگیرێ و ڕێورەسمی تایبەتی بۆ وەرێدەخرێ. ئەمەش لەوەرا هاتووە کە لە ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەزی ساڵی۱۳۲٤ی هەتاوی بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم سەردەمەدا، لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا ئالای کوردستان هەڵدرا.

ساڵی ڕابردوو هەر لەم سەرو بەندەداو هەر لە پێوەندی لەگەڵ ۲٦ی سەرماوەزدا، وتارێکم نووسی بە ناوی "مەرگی کۆمارو هەڵپەرکێی دێموکراتەکان" ئەو وتارە لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمزدا بڵاو بۆوەو وەڵامێکی بەڕێز مامۆستا حەسەنزادەی بەدوادا هات بەنێوی "دوو ڕوانین."

ئەو کات باسەکەم ئەوە بوو، بە سەرنجدان بەوە کە ئەم ڕۆژە، واتە ۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۲٤ی هەتاوی کە لە لایان حیزبی دێموکراتەوە وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کراوەو لە هەمانکاتدا لە ۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۲۵ دا، واتە ڕاست لە ڕۆژی ساڵوەگەری هەلدانی ئالای کوردستاندا، ئەرتەشی حکومەتی پاشایەتی شاری مەهابادی داگیر کردەوەو و کۆماری کوردستانی تێکدا، ناکرێ لە ڕۆژی تێکچوونی کۆماردا شایی و هەڵپەرکێ بکەین. پێموابوو وا باشترە کە شێوەی ئەو مەراسیمە ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت.

**بەڵام ئەمساڵ بڕێک وردتر دەچمە نێو ئەو باسەو داوا دەکەم کە چیتر ۲٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە نەبێ.**

### بەڵام بۆ؟

سەرەتا با بزانین بۆچی و لە کەنگێوە ئەو ڕۆژە بۆتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان (حیزبی دێموکرات). ساڵی ۱۳٦۳ی

هەتاوی لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتدا باس لە وە کراوە کە بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگە، ڕۆژێک دیاری بکەن. ئەو کات بە دوو دەلیل (هۆ) ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوییان وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردوە. هۆی یەکەم ئەوە بووە کە بۆ یەکەم جار بە شیوەی رەسمی لەو ڕۆژەدا ئالای کوردستان لە شاری مەهاباد و چەند شوێنی دیکە هەڵدراوە. هۆی دووهەم ئەوەبوە کە ئەو کات پێیان وابووە (بەگوێرەی کتێبی کاروانی شەهیدان، نووسینی کەریمی حیسامی) کە هەر ئەو ساڵەو هەر لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا خەڵکی مەهاباد، بنکەی شارەبانی ئەو شارەیان وەک دوایین ئاسەواری حکوومەتی پاشایەتی لە ناوچەی موکریان پاک کردۆتەوە. جا بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو دوو ڕووداوە، لە لایان حیزبی دێموکراتەوە، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاریکراوە.

**بەڵام نە عەیبەو نە گوناهە کە حیزب پێ لە هەڵەی خۆی بنێ. نەک هەر پێ لە هەڵی خۆی بنێ بەڵکوو پێویستە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە.**

## هەڵەکە لە کوێدایە؟

بە گوێرەی بەڵگە مێژوویەکان ئەوەیان تەواو ڕاستە کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا ئالای کوردستان بە رەسمی هەڵدراوە، بەلام ئەوە کە گۆیا هەر لەورۆژەدا خەڵکی مەهاباد یا وەک دەڵێن" سوپای میللی" شارەبانی ئەو شارەیان گرتووە، دوورە لە ڕاستی. بەڵگە مێژوویەکان (ڕۆژنامەی کورستان چاپی ئەو سەردەم) باس لە وە دەکەن کە لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاویدا ئەو شارەبانیە دەستی بە سەردا گیراوە، نەک لە ٢٦ ی سەرماەزی ١٣٢٤دا. یەعنی نزیک ساڵێک پێشتر. کە وابوو یەکێک لە دوو پایەکانی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگە، ئێستا بێبناخەیە. تازە ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ، بۆ دەبێ گرتنی شارەبانی مەهاباد وەک دوایین ئاسەواری دەستەڵاتی پاشایەتی لە کوردستان حیساب بکرێت، لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان هەر لە دەست حکوومەتی پاشایەتیدا بوو!

پێشتر کە باسی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانم کرد لە نێو کەوانەدا () نووسیم حیزبی دێموکرات. ئەوەم لە خۆڕا نەنووسی. با سادقانە لەگەڵ خۆمان بدوێین. لەو کاتەوە کە ئەو ڕۆژە (با دروست یا نادروست بوونی ڕێکەوتەکەشی بەرچاو نەگرین) وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایان حیزبی دێموکراتەوە دیاریکراوە، ئایا جگە لە حیزب، هیچ هێزیکی دیکەی کوردستانی ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان قبوول کردوە؟ موعلومە کە وەڵامی ئەم پرسیارە "نا" یە. بەڵام بەخۆشیەوە لە دوو بەشی کوردستان، سەرجەم حیزبو ڕێکخراوەکان ناوی پێشمەرگەیان بۆ هێزی چەکداری خۆیان بەکار بردوە. کەوابوو با کارێک بکەین هەروەک چۆن ناوی پێشمەرگە بۆتە ناوی هاوبەشی چەکداری شۆرشگێری حیزب و ڕێکخراوی دوو پارچەی کوردستان، با ڕۆژێکیش بکەینە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە جێگای پەسندی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە

ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ هێزی چەکداریان قبووڵ کردوە.

ڕەنگە ئێستا ئەو پرسیارە بێتە پێش، بڵێی چ ڕۆژێک هەبێ کە هەموو لایەنەکان قبوڵیان بێت! ڕۆژی سەرکەوتنی کام هێزی پێشمەرگە؟ سەرکەوتن بەسەر کام دوژمند؟ لەکام بەشەی کوردستان؟! من پێموایە ئەگەر بێدەمارگرژی ڕێکخراوەیی بمانەوێ لە سەر ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی پێشمەرگە ساخ بینەوە، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی گونجاوتر نیە. ڕاستە کە لە ڕۆژەدا هێچ هێزێکی چەکدار پەلاماری هێزی دوژمنی نەداوە. هیچ لشکرێکی داگیرکەر لە هێچ کام لە پارچەکانی کوردستان، لەو ڕۆژەدا تێک نەشکێندراوە. بەڵام لەو ڕۆژەدا لە کابینەی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر، سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەممەد، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکداری کورد دیاری کراوەو سوپای میللی بووە بە هێزی پێشمەرگە. ئەو ڕۆژە هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان بە سەرپەرستی پێشەوا قازی محەممەد دەیانهەویست ناوێکی کوردی بۆ هێزی کۆماری کوردستان دیاری بکەین، ناوی جۆراوجۆر پێشنیار دەکران، لێکدانەوەو ڕاوێژیان لە سەر دەکرا. تا ئەو کاتەی کە مام ئەسەد، ئەو پیاوە ئەمینەی کە چاپەزی ژۆری سەرۆک کۆماریی‌و کۆبوونەکانی هەیئەتی وەزیران بوو، لە کاتی چایی دانان دا سەرنجی چووە سەر باس‌و ڕاوێژی هەیئەتی وەزیران سەبارەت بە دیاری کردنی ناوی هێزی نیزامی کۆمار، لەو کاتەدا ئیزنی لە پێشەوا خواست تا ئەویش بەو بۆنەوە قسەیەک بکات. پێشەوای نەمر زۆر بە ڕوو خۆشی ئیزنی پێداوە. مام ئەسەد وتوویەتی قوربان! لە قەدیم‌و نەدیمە کورد بە "پیاوی ئازاو نەترسی گوتووە پێشمەرگە. واتە مەرگی خۆی وەپێش دەدات تا ئەوانیتر بە ئاسوودەیی بژین. بەو شێوەیە ئەو ناوە لە لایان سەرۆک کۆمارو هەیئەتی وەزیرانەوە پەسند کراوە. لەو ڕۆژە بە دواوە ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکدار کۆماری کوردستان دیاری کرا. ئێستا کۆماری کوردستان بۆتە ڕەمزێکی نەتەویی، دەکرێ دەستکەوتەکانیشی بکرێنە ڕەمزی نەتەوەیی، دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی شۆرشگێرو چەکداری کورد یەکێک لە دەستکەوتە نەتەوییەکانی بزووتنەوەی کوردە، بۆیە جێی خۆیەتی کە هەموو لایەک ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی بکەینە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان‌و ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزیش وەک ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا بە پیرۆزی ڕێز بگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# وتاری ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

**خوشک و برایانی بەڕێز، هاوڕێیانی هێژا! ماندوو نەبن.**

**لە ڕاستیدا دوێنێش عەرزی مامۆستام کرد، گوتم ئەمن زۆر جاری دیکەش لە پشتی میکرۆفۆن قسەم کردوە، بەڵام ئەمجارەیانم زۆر بۆ زەحمەتە. لە دوو شت نیگەرانم لەو قسە کردنە، یەکێکیان کە بەڕاستی من لەو جێگایە نیم کە بێم لە سەر کەسایەتی و شەخسییەت و تواناکانی مامۆستا قسە بکەم، لە لایەکی دیکەش لەوە نیگەرانم کە مەبادا ئەو تەئسیراتە قووڵە سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی‌یەی کە مامۆستا لە سەر منیەتی تووشی جۆرێک لە قسەکردنم بکا کە دوایە مامۆستا گلەییم لێبکا. چونکە هەموومان دەزانین مامۆستا زۆر موتەوازیعە، و لە هەمانکاتدا زۆر خاکی و زۆر نیشتمانی‌یە. بۆیە قسەکردن لە سەر کەسایەتی‌یەکی ئاوا هەم کات و دەرفەتێکی باشی دەوێ، هەم کەسێکی بە تواناشی دەوێ. بەڵام هەر لە مامۆستا فێر بووین کە لە قسەکردن نەترسین، هەر لە مامۆستا فێر بووین کە لە کاتی ئاوادا هەست و غیرەتی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و نیشتمانپەروەریمان بجووڵێت و لە قسە کردن نەترسین و قسەی خۆمان بکەین.**

**لە ڕاستیدا بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە دیاری کرابوو، کاتێکی بڕێک زیاتر بۆ من دیاری کرابوو، بەڵام وەک ڕەوتی کۆبوونەوەو مەڕاسیمەکە دەچێتە پێشێ، بۆ ئەوەی تووشی ماندووبوونتان نەکەین ئەمن مەجبوورم دەودوو لە قسەکانی خۆم بگرم و برێکیان کورت بکەمەوە. ڕەنگە پرسیار ئەوە بێ، بڵێی دوای ئەو هەموو فەرمایشتە جوانانەی کە لە پەیامەکاندا و لە وتەی ئەو بەڕێزانەی کە پێشتر قسەیان کرد، هەمووشیان لە جێدا و بە حەق باسی کەسایەتی و شەخسیەتی مامۆستایان کرد، بڵێی هیچ قسە مابێ کە من بیکەم! زۆر قسە کران، بەڵام لە ڕاستی‌دا مامۆستا زۆر لەوەش پتر هەڵدەگرێ. ئەمن ئەو یەک دوو ڕۆژە لە سەفحەی فەیسبووکدا، ڕەنگە بەشێک لە هاوڕێیان بزانن، پرسیارێکم تەرح کردبوو. داوام کردبوو لەو هاوڕێیانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو پرسیارەی من دەبینن، لە دوو سێ خاڵدا لە سەر کەسایەتی و تواناکانی مامۆستا نەزەری خۆیان بدەن. ئەگەر نەڵێم بە سەدان، بە دەیان کەس شتیان نووسیبوو لە چەند خاڵ دا، هەموویانم خوێندنەوە، هەموویان ڕاست بوون، هیچێشیان وەک یەک نەدەچوون. کە وابوو دەبێ شەخسیەتی مامۆستای، کەسایەتیی مامۆستای، لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا چەند بەرفراوان بێ، کە ئەو هەموو قسەیەی لە سەر دەکرێ، قسەکان هیچیان وەک یەک ناچن، هەمووشیان ڕاستن. بۆیە من بە پێچەوانەی هێندێک لە ڕەفیقان کە باسیان لەوە کرد کە مامۆستا قوتابخانەیە، من برێک بەرفراوانتر، دەڵێم مامۆستا زانکۆیەکە بە چەند کۆلێژی جۆراو جۆرەوە. کۆلێژی ڕامیاری، کۆلێژی کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئەدەبی،...، لە هەمووی ئەوانەشدا مامۆستا بۆ خۆی ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. کە**



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە ئێمەی قوتابیانی مامۆستا لێیەوە فێر بین.

کەمێک پێشتر کە لەودیو دانیشتبووین، مامۆستا فەرمووی بۆ ئەوەی بەشدارانی بەڕێزی ئەم مەڕاسیمە ماندوو نەبن پێمخۆشە قسەکان برێک خولاسە بکرێنەوە، بۆیە من مەجبوورم کە قسەکانی خۆم کورت و کورتتر بکەمەوە. بەڵام ناچارم مەوزوعێک کە زۆر گرینگە ئەویش ئەک هەر لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بەڵکوو لە ژیانی سیاسیی ئەحزابی کوردیدا کە وەک دەرسو رێڕەوێک بە کاری بێنین، کە تا ئێستا لە وتار و پەیامەکاندا بەو ڕوونییەی کە پێویستە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەویش ئەو رووحی دێموکراسیەت و گیانی لە خۆبوردوویی و رووحیەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئەحزابی کوردیدایە، کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک دەسەڵات دەستاودەست بکا، ئەوە سەرچاوەو ئیلهامەکەی لە مامۆستا حەسەنزادەوە هاتە نێو حیزبی دێموکرات و ئێستا پێموایە لقوپۆپ داوێ بۆ نێو حیزب و رێکخراوی دیکەش. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەبینین بە داخەوە لە نێو حیزب و رێکخراوی تەنانەت کوردستانییشدا، لە سەر بەدەستەوەگرتنی پۆست و دەسەڵات کێشەو ناکۆکی هەیە. لە کاتێکدا دەبینین جارجار بە داخەوە ململانێی ناشەریفانەش هەیە بۆ حەزفکردنی یەکتری، بەڵام مامۆستا راست لە کاتێکدا لە کۆنگرەی ١١ دا بەندێک لە ئەساسنامە زیاد دەکات، یان با بڵێین بە ئیسراری ئەو زیاد کرا، بەندەکەش باس لەوە دەکا کە سکرتێر لە حیزبدا بتوانێ تەنیا دوو دەورە بە دووی یەکدا مافی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سکرتێری هەبێ، کە دەمانەی چۆن دەسەڵاتداران بۆ مانەوە لە سەر کورسیی دەسەڵات حەول دەدەن، چۆن تەنانەت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا لە رێگەی نامەعقوول و ناشەریفانەش کەڵک وەر دەگرن. جا لێرەدا گەورەیی کەسایەتییەکان دەر دەکەوێ، کە ئەو کاتە بۆخۆیان لە دەسەڵاتدان رێز لە کەسایەتیی دیکە بگرن، ئەو کاتە کە بۆخۆیان لە دەسەڵات و مودیریەتدان بێن مودیری دیکە لە حیزبەکەی خۆیاندا، بۆ دوای خۆیان پەروەردە بکەن.

چونکە زۆر جار گوێم لە مامۆستای بووە کە دەفەرموێ، مودیری باش هەر ئەو مودیرە نیە کە باش مودیریەت دەکا، بەڵکوو مودیری باش ئەو کەسەیە کە بۆ دوای خۆشی مودیری لێهاتوو پێبگەیەنێ. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی مامۆستایە کە هەمووەمان ئەوەمان هەست پێکردوە و بە کردەوەش لێمان دیتوە ئەو کات کە مامۆستا ئیسراری دەکرد کە ئەو بەندە بێتە نێو ئەساسنامەی حیزب، بۆ خۆی سکرتێری گشتیی حیزب بوو. رەنگە ئەوە باجەکەشی کەم نەبووبێ هەم لە سەر حیزب و هەم لە سەر خودی مامۆستاش. چوونکە رەنگە ئەوە بە مەیلی هەمووان نەبێ، کە رێچکەیەکی ئاوا لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا پەیڕەو بکەین کە نەفەری یەکەم ئاوا بگۆردرێ، بێگومان لە نێو حیزبی خۆشماندا جارجار موخالەفەتی لەگەڵ کراوە بۆ ئەم بڕیار و ئەو هەڵوێستە بە جێیەی.

یەکێک لە تایبەتمەندی یە هەرە مەزنەکانی دیکەی مامۆستا کە پێم خۆشە لێرەدا ئیشارەی پێبکەم، رووحی مەشوەرەت و هاوفکریی مامۆستایە. مامۆستا ئەو کاتە کە سکرتێری گشتیی حیزبیش بووە، ئەو کاتە کە کەسایەتی یەکی ناسراو و بۆ

هەمووان جێگەی متمانە و جێ بڕوای تەواو بووە، ئەوکات کە هەموومان پێمان وابووە مامۆستا زۆر بە وردبینی، زۆر دەقیقە و زۆر بە سەرنجەوە قسە دەکات، بەڵام بەر لە هەموو کۆبوونەوەیەک، پێش هەموو سوخەنڕانی‌یەک، ئەگەر کەسانێکی لە دەورە بووبن، لە ئەندامێکی ڕێبەری‌یە بگرە تا کادر و پێشمەرگەیەکی سادە، مەشوەرەتی لەگەڵ کردوە"دەمهەوێ قسە بکەم ئەرێ نەزەری ئێوە چیە؟" لە حاڵێکدا ئێمە هەموومان مامۆستا، بە تایبەتی ڕێبوارانی ڕێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە، مامۆستا بە مامۆستای خۆمان دەزانین، بەڵام ئەو شانازی‌یەمان بە نسیب بووە، هەر کامەمان لەجێی خۆی، کە مامۆستا مەشوەرەتی لەگەڵ کردووین. مامۆستا رووحی تەفاهومی هەیە. ئەوانە بۆیە ناڵێم تەنیا مامۆستا لێرە گوێی لێبێ، بۆیە دەیانڵێم تا ئێمەش وەک دەرسێک ئیستفادەی لێبکەین. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندیە مەزنەکانی مامۆستایە.

تایبەتمەندیەکی دیکەی مامۆستا ئەوە بووە کە ڕەنگە کەم ئەو شتە باس کرابێ، بەڵام بە ئیجازەی مامۆستای، ئەوەی لێرە دەگێرمەوە، مامۆستا زۆر قورس و قایم بۆ دیفاع لە نەتەوەی خۆی لە بەرامبەر هەموو لایەکدا هەڵوێستی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی هەر وەک لە بیوگرافی‌یەکەی‌دا باس کرا، لە گوندێکی ناوچەی ڕەبەت لە بنەماڵەیەکی ئاسایی‌دا لە دایک بووە و کوڕێ پیاوێکی زەحمەتکێش بووە، بەڵام ئەو کاتانە کە پێویست بووە دیفاع لە نەتەوەکەی بکا، وەک سەرکردەیەک، وەک ڕێبەرێک هەڵوێستی گرتوە، وەک نوێنەری نەتەوەیەک قسەی کردوە، نەک وەک کەسایەتی‌یەک و وەک شەخسی خۆی. مامۆستا بۆی باس کردین، جارێک "ڕەزاشا" کوری محمد ڕەزا شا کە خۆی بە جێنشینی تاج و تەختی شایەتی دەزانێ، داوای کردبوو کە لەگەڵ مامۆستا دیداریان هەبێ.

مامۆستا ئاوای وەڵام بۆ ناردۆتەوە و گوتوویەتی" ڕاستە ئەو شازادەیە و کوڕی شای ئێرانییە و خۆی بە میراتگری تەختی شایەتی دەزانێ و منیش کوری کابرایەکی زەحمەتکێشی گوندێکی ناوچەی سەردەشتم، بەڵام من لێرەدا نوێنەرایەتیی میللەتێک دەکەم، ئەو میللەتەی کە باوکی ئەو، سەرکۆمارەکەی لێ لە سێدارە داوە، بۆیە تا هەڵوێستی ئەو لە بەرامبەر ئەو ئیعدامەدا، لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە بە دژی میللەتی کورد کراون، بە روونی نەبیسین و هەڵوێست و بەرنامەی روونی نەبێ، من وەک نوێنەری میللەتی کورد لەگەڵی دانانیشم. ئەمەیە هەڵوێستی شۆرشگێرانەو بوێرانە. لەکاتێکدا زۆر کەسی دیکە ڕەنگە هەر خودا خودایان بێ کەسێکی ئاوا هەر تەلەفونێکیان بۆ بکا و سڵاوێکیان لێبکا. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرەمەزنەکانی مامۆستای بووە. کورتی دەکەمەوە، مامۆستا! لەگەڵ ئەوەیدا،زەحمەتی یەکجار زۆرت کێشاوە، شانازیی زۆریشت خوڵقاندوون و ئێمەش شانازی‌یان پێوە دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان چاوەڕوانی زیاتر لە جەنابت هەیە، لە دوو بوارەوە چاوەڕوانی لە جەنابت هەیە مامۆستا! هەم بۆ ئەوەی زۆرتر و باشتر بتوانی ئەو درزانەی کە لە ڕابردوودا لە نێو حیزبی دێموکراتدا بە تایبەتی و بە گشتی لە نێو بزووتنەوەی کورددا هەن، حەولی زیاتر بدەی بۆ ئەوەی ئەو درزانە زۆرتر وێک بکەونەوە و ئاسەواری ئەو برینانە نەمێنی کە لە بزووتنەوەی کورد و لە حیزبی دێموکراتدا

هەن، و هەم بۆ ئەو برینەی کە ئێستا لە حیزبی دێموکراتدا هەیە، بۆ ئەو کەلێنەی کە ئێستا لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا هەیە، داوات لێ دەکەین هوڵوێستێکی روونتر و شەففافترت هەبێ، دەزانم هەوڵێستت بووە، بەڵام چونکە ئیستا ئەندامی رێبەری نی، سکرتێری گشتی نی،

پێتوایە ئەوە ئەرکی ئەوانە کە دەبێ هەڵوێستەکان بڵێن! بەڵام مامۆستا! جەنابت لە هەر پلەیەکی تەشکیلاتیدا بی، یەکێک لە رێبەرانی بزووتنەوەی کوردی، نەک بە تەنیا لە حیزبی دێموکراتی کوردوستان، نەک بە تەنیا لە بەشێک لە کوردستان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەو بوارانەدا چاوەروانیت لێدەکرێ. بۆیە ئێمەش چاوەروانیمان لێت هەیە.

بـا ئـاخیر قسـەم رووم لە هاورێیـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بـێ! ئەنـدامانی حیـزب بە گشـتی. هاورێیـان! بـا کەسایەتی‌یەکانمان لە ناوچەیەکدا خولاسە نەکەینەوە، با کەسایەتی و رێبەرانمان نەکەینە هی جەناحێک لە حیزبدا، با سەرکردەکانمان بە تەنێ نەکەینە هی حیزبێک، با رێبەرانمان نەکەینە تەنیا هی پارچەیەک لە کوردستان، بەتایبەتی کەسایەتی‌یەکی وەک مامۆستای. چونکە ئەگەر دەقیق نەبین و ورد بۆ مەزووعەکان نەچین، تەنانەت رێزگرتنەکەشمان لە جێی ئەوەی گەورەیی سەرکردەکانمان دەربخا، زەربەیان لێدەدا. بۆیە من داوا دەکەم با ئەوکەسانەی کە لە بزووتنەوەی کورددا سەرمایەی ئەو میللەتەن، مێژووی ئەو میللەتەن، مێژووخوڵقێنی داهاتووی ئەو میللەتەشن، با بە هی میللەتی کورد و نەتەوەی کوردیان بزانین، بە تەنێ بە هی حیزبێکیان نەزانین. ئەمن مامۆستای وا دەبینم.

مامۆستا! لە کۆتایی‌دا فەقەت ئەوەندە دەڵێم، زۆر قسە هەبوون کە بیانکەم بەڵام بە پێی کاتەکە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە جەنابت پەیکەرێکت لە خۆشەویستی، پەیکەرێکت لە هێز و بروا، پەیکەرێکت لە سەبرو تەحەممول لە وجوودی ئێمەدا دروست کردوە و ئەوە پایەدار دەبێ و سەرکەوتوو بی. زۆر سوپاس.

سەرچاوە: ناميلكەی رێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## لە پەراوێزی دیالۆگی دێموکراتەکاندا

### وڵامێک بۆ کاک حەمەنەزیف قادری

باس کردن لە ڕەوتی دیالۆگی نێوان دوو لایەنی دێموکرات بۆ چارەسەری کێشەکانیانو چۆنیەتی گەیشتن بە ڕێگا چارەیەک کە پەسندی هەردوو لایان بێ، بابەتی سەرەکی ئەم وتارە نیە. بەڵام وەک کەسێکی کە بەشێ هەرەزۆری تەمەنی خۆم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان تەرخان کردوە، ئارەزوو دەکەم کە ئاکامی ئەم دیالۆگە بگاتە ئاستێک کە هێچ کێشەیەک لە نێوان دێموکراتەکاندا نەمێنێ.

بەڵام ئەوەی لەم دوایانەداو لە پەراوێزی ئەو دیالۆگەدا، سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوەیە کە بۆچی لەم سەردەمەداو ڕاست لە "گەرمەی ئەو دیالۆگەدا" لە ڕاستو چەپەوە هەوڵ دەدرێ کە بەشێک لە مێژووی حیزب چەواشە بکرێو یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر، کە ناوی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی لە سەر داندراو لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا " فەزایەکی مەلەکوتی" بۆ تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی دێموکرات پێکهێنا، نەک وەک یەکگرتنەوە بەڵکوو وەک هاتنەوەی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر باس دەکەن.

ئەمە ڕاستە کە هەر ئەو کات و تا ئێستاش چەند کەسێک، لە سەرووی هەمووشیان سکرتێری ئێستای حدکا دەبیندران، کە موخالیفی ئەو یەک گرتنەوەیە بوونو ئەوانو هاوفکرەکانیان لە نێو حیزبدا، قەت ڕێزیان لە بریاری یەکگرتنەوەو وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات نەگرتو وێردی سەرزمانیان "گەرانەوەی برادەرانی دۆڵێ"و قسەو بابەتی لەو جۆرە بوو.

لەم دوایانەشدا دوو جار بە شێوەی ڕەسمی، هەم لە تیشک تیڤی و هەم لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک حەمەنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیو سەرۆکی دەستەی دانووستانکار لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو باسەی زیندوو کردۆتەوە هەر بە ئەدبیاتەکەی تایبەت بە خۆیان باسی ئەو کات دەکات. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەوان ڕێککەوتنامەی ئەوکاتیان وەک گەڵاڵەی خۆیان بۆ دیالۆگ داوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. کاحەمە نەزیف لەو دیمانانەدا کە کردوونی باس لە شکستی ئەزموونی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر دەکاتو لە دیمانە لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژنـامەی کوردسـتاندا دەڵـێ: "چـون بە نـاوێکەوە خۆیـان ناسـاند کە دووپـاتکردنەوەی ئەزمـوونی شکسـت خـواردووی ئەو هاوڕێیانە بوو کە لە کۆنگرەی ٨ جیابوونەوە."

سەرەرای ئەوەی کە لە کۆنگرەی ١٢ دا بریار درابوو هەرچەشنە دەستەبەندی و مەحفەلگەراییەک لە نێو خۆی حیزبدا وەک خەیانەت بە حیزب، حیساب دەکرێ، کەچی ئێوە بێ سەرنجدان بەو بریارە رایەڵکەیەکی نهێنیتان ساز کردبوو.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەگەر بە راست ئەو ئەزموونە ئەزموونێکی شکست خواردوویە، ئەدی چۆنە ئەو رێککەوتننـامەیەی ئەو کاتتان وەک گەڵاڵەی خۆتـان بۆ دیالۆگ داوە بە حدک. مەبەستتان لەمە چیە؟ ئایا دەتـان هەوێ بە حدک بلێن وەرن بـا لە سەر گەڵاڵەیەک رێککەوین کە لە داهاتوودا دەبێتە بەڵگەی شکستی خۆتـان!

لە پێوەندی لەگەڵ بەکار هێنانی دەستەواژەی شکست بۆ رێبەرایەتـی شۆرشگێر دا سـەرنجی کـاک حمەنەزیـف و هاوبیرەکـانی بۆ چەند خاڵ رادەکێشم.

١- لە پێوەندی لەگەڵ لێکدابرانی کۆنگرەی ٨دا، کـاک حەمەنەزیـف دەڵـێ ئینشعابی کـۆنگرەی ٨ جەنبەی تکنیکی هەبـوو. ناوبراو زیرەکانە خۆی لە باسکردنی ئەو گرفتە تکنیکیە دەپارێزێ دەڵێ:

"جیـابوونەوەی کـۆنگرەی ٨ زیـاتر لایەنـی تکنیکی بـوو تـا لایەنـی فیکـری. چون ئەو هاوڕێیـانە کە لە کـۆنگرەی ٨ی حیـزب جیابوونەوە بە نـاوی ڕێبەرایەتیـی شۆڕشگێر خۆیـانیـان ناسـاند، لە ڕاستیدا هیچ بنەمـایەکی سیاسـیو ڕێکخراەیـی لە ئـارادا نەبـوو، کـۆمیتەی ئامادەکـاری ئەو کـاتی کـۆنگرەی ٨ میکـانیزمی هەڵبژاردنـی ئەنـدامانی ڕێبەریـی بە لەبەر چـاو گرتنـی بارودۆخی سیاسیی ئێرانو بزووتنەوەی کورد شێوەکاری حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـی هێنـایە بەر بـاسو خستیە بە ئەزەری نۆێنەرانی کۆنگرەو لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا. ئەوان بەوە ڕازی نەبوونو جیابوونەوەی خۆیـانیان ڕاگەیـاند و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابڕان"

کاک حەمەنەزیفی بەرێز! بۆ بە روونی نـاڵێ لە کۆنگرەی ٨دا هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی حیزب بە شێوەی لیستەی فیکس بـوو و ئەو کەسـانەش بەو شێوە هەڵبـژاردنە رازی نەبـوونو "جـوودا" بـوونە. دەفورمـووی بە لەبەرچـاو گرتنـی بـارودۆخی سیاسـی ئێرانو بزووتنەوەی کورد کۆنگرە ئەو مکانیزمەی (لیستی فیکس) بۆ هەڵبژاردن پەسند کرد.

بە راستی کام بـارو دۆخی سیاسی ئێرانو بزووتنەوەی کورد ئەوەی دەخواست؟ ئەو شێوە هەڵبژاردنە کام گرفتی سیاسی

ئێرانو بزووتنەوەی کوردی چارە سەر کرد؟ ئایا ئەو مکانیزمە زەربەیەکی قورسو گرانی لە پەیکەری حیزب بە گشتیی نەداوە؟ دەبێ ئینسان چەندە سادەو ساویلکە بێ کە ئاکامی ئەو زەربەیە، ئێستاش لەسەر جەستەی هەموو حیزب نەبینێ؟! زۆر ناچمە نێو ئەو باسە، بەڵام ئەگەر ئەو مکانیزمە هەڵبژاردنە شێوەیەکی دروست بوو، بۆچی دواترو لەهیچ کۆنگرەیەکدا جارێکیتر کاری پێنەکرا! خۆ ئێوە ئەوەندی بۆتان کرا خەڵکتان بەوە تاوانبار کرد کە گۆیا لە ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملویان لاداوە! ئەی بۆچی ئێستا ئەو مکانیزمە کە لە کۆنگرەی ٨ دا دوکتور قاسملوو داینا، ئێوە ڕەچاوی ناکەن؟ نەکا "ئێوەش لە ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو لاتان دابێ!

٢- ئایا بەڕێزتان وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بە شکستی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر دەزانی؟ ئایا پێتان خۆشبوو حیزب هەر دوو پارچە بێ‌و حدکا ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕو حدکا هەر لە ململانێدا بانو دیاردەی دوو دێموکراتی بەردەوام بوایە؟

٣- لەوانەیە بەڕێزتان و هاوبیرەکانتان، ئەو کارە گەورەیەی کە ئەوکات ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر، لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیداو بە نییەتی وەسەریەک کەوتنەوەی سەرجەم دێموکراتەکاندا کردی بە شکست بزانن! وەبیر خوێنەرانی بەڕێزی ئەم بابەتە دێنمەوە کە ئەو کات بە مەبەستی ئاسانکاریی بۆ وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، لە هەلوێستێکی تەوا ئاگاهانەو دڵسۆزانەو ئازایانەدا، ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر، لە موشاویرانو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی را بگرە تا دەفتەری سیاسیو شەخسی سکرتێر، هەموویان لە پێناو یەکگرتنەوەدا وازیان لە پلەی تەشکیلاتی (کورسی) خۆیان هێناو حازر بوون وەک کادرو ئەندامی حیزبی درێژە بە تێکۆشان بدەن. ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە ئەوەندە گەورە بوو کە بەداخەوە دوای ١٧ ساڵ ئێستاش ئەو بەڕێزانە بۆیان هەزم نەبووەو بە شکستی دەزانن!

### ئەگینا کامە شکستە؟!

### ئەرێ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر ئاشبەتاڵی کرد؟! ئەرێ تەسلیمی دوژمن بۆوە؟!

ئەرێ ئەوەی کاتی خۆی ببووە هۆی سەرەکی هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر، دواتر هەڵە بوونەکەی بۆ ئێوەش دەنەکەوت؟ ئەرێ ئەو دروشمە سیاسییانەی کە ئەوکات ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر وەک ڕێبازی خەباتو سیاسی خۆی دیاریی کردبوون، ئێستا نەبوونەتە خەتو ڕێبازی بەشی هەرە زۆری حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان؟

بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، لە هەلوێستێکی تەوا ئاگاهانەو دڵسۆزانە و ئازایانەدا، ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر، لەمشاورەکان و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی را بگرە تا دەفتەری سیاسی و شەخسی سکرتێر، هەمویان لە پێناو یەکگرتنەوەدا وازیان لە پلەی تەشکیلاتی (کورسی) خۆیان هێناو حازر بوون کە وەک کادر و ئەندامی حیزبی درێژە بە تێکۆشان بدەن.

یا ئەگەر "ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر"، بە قەولی ئێوە شکستی خواردوە، بۆچی ئێستاش ئێوەو کەسانی دیکەش بە نارەوا ئیددیعا دەکەن کە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر، یەکیەتی تەشکیلاتیی خۆیان پاراستووە! کامەیان راستە؟ شکست خواردن یا پاراستنی وەحدەتی تەشکیلاتی!؟ بێگومان هیچ کامیان. ئەمانە ساختەو پاختەی زەینی ئەو کەسانەن کە مەسەلەکان بەوجۆرە دەبینن کە بۆخۆیان دەیانهەوێ، نەک بەو جۆرەی کە هەیە. بێگومان ئەو بەرێزەو هاورێکانی دەزانن کە بۆ جەرەیان یا حیزبێکی سیاسی، ئەوە بە شکست حیساب دێت کە بەکردەوە نادروست بوونی هەڵوێستو ڕێبازە سیاسییەکەی سەلمێندرابێ. بەڵام خۆ ئەگەر هەر کەمێک بە ئیسافەوە و دوور لە دەمارگرژی، کلاوی خۆیان بکەنە قازی، بۆیان دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر نەک هەر شکستی نەخواردوە، بەڵکوو سەرکەوتووش بووە.

سەرکەوتوو بووە چونکە دروست بوونی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حاشایان لێناکرێ. سەرکەوتوو بووە چونکە بەپێچەوانەی ئێوەمانان کە دەست بۆ زۆر کاری غەیرە تەشکیلاتی دەبەن بۆ دابینکردنی کورسیو دەسەڵاتی حیزبی، ئەوان بۆ وەسەریەک کەوتنەوەی حیزب، لە مەوقعیەتی تەشکیلاتیی خۆیان گوزەرانو بە کردوە سەلماندیان کە بۆ ئەوان وەحدەتی حیزب لە سەرووی پلەی تەشکیلاتییە.

کاک حەمەنەزیف لە بەشێکی دیکەی وتوێژەکەیدا لە پێوەندی لە گەڵ لەتبوونی حیزب دوای کۆنگرەی ١٣دا دەڵێ: "بەگشتی ئەم جیابوونەوە هیچ هۆیەکی نەبوو و پاساو هەڵگر نیە". پێموایە کاک حەمەنەزیفو رەفیقەکانی بۆ خۆیان لەهەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو لەتبوونە هەروا " ابتدا بە ساکن" رووی نەداوەو ریشەکەی کەمێک بۆ دواوە دەگەرێتەوە. ئاخر بەرێزم! ئێوە هەر لە ر ۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٤را، واتە رۆژی یەکگرتنەوەی حیزب، گەرای دوو دەستەگیو بناخەی لەتبوونێکی دیکەتان دارشتو لەنێو تەشکیلاتی رەسمی حیزبدا بە نهێنی تەشکیلاتێکی دیکەتان دروست کرد.

سەرەرای ئەوەی کە لە کۆنگرەی ١٢ دا بریار درابوو هەر چەشنە دەستەبەندیو مەحفەلگەراییەک لە نێو خۆی حیزبدا وەک خەیانەت بە حیزب حیساب دەکرێ، کەچی ئێوە بێ سەرنجدان بەو بریارە رایەڵکەیەکی نهێنیتان ساز کردبوو. لە دەرەوەی وڵات بە نهێنی کۆبوونەوەی پاڵتالکیتان دەگرتن، نەفەری یەکەمی جەناحەکەشتان کە ئەوکات دەسەڵاتی تەشکیلاتی حیزبی بەدەست بوو، دوور لە بریاری رەسمیو بە نهێنی نامەی بۆ هاوبیر و هاوجەناحەکانی نووسیبوو و بۆ شێوە کودتایەکی

تەشکیلاتی، خەتو بەرنامەی دابوونێ. ئەو نامەیەش حاشای لێناکرێ، لای منو لای کەسانی دیکەش دەست دەکەوێ.

جگە لەوانە دوای کۆنگرەی ١٣و گرتنەدەستی دەسەڵاتی حیزب، وەک سەرکردە سەرکەوتووەکانی بەرەی شەر، بە خۆتاندا روانیو سیاسەتی حەزفو تەردتان گرتە پێشو حیزبتان بە سەر دوو بەشی خودیو غەیرە خودی دا دابەشکردو بە کردەوە حیزبتان کردبۆ دوو. کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانتان کردنە مەیدانی تیرۆری کەسایەتیی ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک رەخنەیان لێدەگرتن. نامهەوێ کای کۆن بە با بکەمو برینەکان وەکولێنم، ئەگینا ئەم باسانە ئەوەندە زۆرن کە زۆر لەوە پتر هەڵدەگرن.

بێگومان مەبەستی سەرەکەی ئەو بەرێزانە لە وروژاندنی باسی یەکگرتنەوەی ١٧ ساڵ پێش ئێستاو خستنەوە ژێر پرسیاری رێبەرایەتیی شۆرشگێری ئەوکاتو کای کۆن بە بادا کردنو زەفکردنەوەی ئەو رێککەوتننامەی ئەو کات، بۆ ئەوەیە کە دردۆنگیو دوو دڵیو ناکۆکی بخەنە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چونکە شاراوە نیە کە نزیک بە تەوای ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی لە رێبەرایەتیی شۆرشگێردا خزمەتیان دەکرد، ئێستا تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانن. بۆیە پێویستە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وریا بنو یەکگرتوانە بەرپەرچی ئەو "تاکتیکە" بدەنەوە.

تێبینی: لە کۆتاییەکانی نووسینی ئەم بابەتەدا بووم کە زانیم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی گرتووەو بۆ دیالۆگ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستبەرداری گەڵاڵەکەی پێشوو (ئەوەی ١٧ ساڵ بەر لە ئێستا) بوونو ئەوجار گەرانەوە بۆ کۆنگرەی ١٣یان کردۆتە بنەمای دیالۆگ. کۆنگرەیەک کە ئاکامەکەی لەتبوونی حیزبی لێکەوتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## لە پەراوێزی تیرۆری میکۆنووسدا

ئەگەرچی میکۆنووس ناوێکی خاریجی و هی ڕێستوورانێکیشە کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری بێرلینی وەڵاتی ئاڵمان هەڵکەوتوە، بەلام ئێستا بۆ کوردەکان نەک هەر ناوێکی ئاشنایە بەڵکوو بێ ئەوەی کورد بۆ خۆی ویستبێتی ئەو ناوە ئاوێتەی مێژووە پڕ کارەساتەکەی بووە. هەر کە ناوی میکۆنووس دێت دەسبەجێ تیرۆر و جینایەت لە لایەک و، عەدالەت و قەزاوەتیش لە لایەکی دیکەرا وێکرا دەبنە هەوێنی بیر و ئەندێشەمان. تیرۆر و جینایەتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردی و عەدالەت و قەزاوەتێکیش کە دەستگای قەزایی ئاڵمان لە خۆی نیشان دا. جگە لەم دوو مەوزوعە، هەر کە باسی ڕێستوورانی میکونووس، تیرۆری میکۆنووس یا دادگای میکۆنووس دەکرێ، دەسبەجێ دیمەنێکی تاڵ و خەمهێنەر، دیمەنی لە خوێنا شەلالی تەرمی شەهید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دێتە بەرچاو. دیمەنێکی تاڵ کە وەبیرهێنەرەوەی زۆر کارەساتی تراژیدیای مێژووی گەلە ماف زەوتکراو و غەدر لێکراوەکەمانە.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوەندی ئورووپای ئازاد و لانکەی دێموکراسی و مافی مرۆڤدا دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە کۆمەڵێک لە باشترین تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و، لەو هێرشە بەرنامەڕیژی کراوەدا مخابن دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لە گەڵ کاک فەتاح عەبدولی بەرپرسی حیزب لە ئورووپا، کاک هومایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی شەهید بوون. لە پێوەندی لە گەڵ ژیان و خەباتی ئەو شەهیدانەو چۆنیەتی شەهید بوونیان و ماجەرای میکۆنووس بە گشتی لەم سالانەی رابردوودا زۆر شت باس کراوە و بە دەیان و بگرە بە سەدان بابەت و وتار نوسراوە و بلاو کراوەتەوە، تەنانەت هەر لەم پێوەندیەدا چەند کتێبێکیش نووسراون و و ئامادە کراون. هەرکام لەو نوسراو و بابەتانە لە روانگەی جۆراوجۆر و لایەنی جوراوجۆر تیرۆر و دادگای میکۆنووسیان باس کردوە. بەلام رادەی خەساری ئەو تیرۆرە و ئاکامەکانی ئەوەندە بەر بڵاون کە دیسانیش دەکرێ خاوەن نەزەران و نووسەران لە گۆشە نیگای دیکەوە باس لە لایەنەکانی دیکەی ئەو مەسەلەیە بکەن.

ئەمە راستە کە پێشتریش و لە زۆر ولاتی دیکەش دەستی رەشی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتبووە گەرووی ئازادیخوازانی ئێران و رزگاریخوازانی کوردستان. بە واتایەکی دیکە هێشتا خەڵکی کوردستان لە خەمی لە دەستدانی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبدا بوون کە جینایەتی میکۆنووس رووی دا.

هەر وەک ئاماژەم پێ کرد پێشتریش کۆماری ئیسلامیی ئێران سەدان کردەوەی تیرۆریستیی لە نێوخۆی ئێران و گۆشە و کەناری جیهان لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی بەڕێوە بردبوون، بەلام ئەوەی کە تیرۆری میکۆنووس لە کردەوە تیرۆریستیەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی جودا دەکاتە ئەوەیە کە ئەم جارەیان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیانتوانی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەر بچن، بەلکوو بە هۆی ئازایەتیی دەزگای قەزایی ئالمان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا توشی ڕوورەشیەکی مێژوویی بوو و تێوەگلانی بەرزترین دەستەلاتدارانی ڕێژیم لەو تیرۆرەدا بە ئیسبات گەیشت. کاربەدەستانی ڕێژیم زۆر هەوڵیاندا کە بە دانی بەرتیل و تەماعی بازرگانی و ... ئەو کردەوە تیرۆریستیەشیان وەک کردەوەکانی دیکەیان دیزە بە دەرخۆنە بکەن. بەلام بە خۆشیەوە لەو بوارەدا بە تەواوی ناکام بوون و سەرئەنجام دادگای ئالمان لە ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ بڕیاری خۆی دا. بە پێی ئەو بڕیارە لە لایەک سەزا بۆ تیرۆریستەکان دیاری کرا، لە لایەکی تریشەوە ئەو جینایەتە وەک کردەوەیەکی تیرۆریستیی دەولەتی ناسێندرا کە لەو دا سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی، خامنەیی و رەفسنجانی و... نەک هەر تێیدا مەحکووم کران، بەلکوو حوکمی گرتنی عەلی فەللاحیان کە ئەوکات وەزیری خاریجەی کۆماری ئیسلامی بوو، درا.

**دادگای میکۆنووس لە مێژووی دەستگای قەزایی ئالمان دا بە پر جنجالترین دادگای ئەو ولاتە دێتە ئەژمار.**

ئەو دادگایە بۆ ماوەی ٥ سالان بەردەوام بوو، بە هەزاران لاپەڕە لە بەلگە و بازجوویی و قسەی شاهیدەکان و ... لە جەریانی ئەو ٥ ساڵ دادگایە دا تۆمار کراون. لێرە دا جێی خۆیەتی کە هەم سوپاسی سەربەخۆیی دەستگای قەزایی ئالمان بکەین هەم ڕێز بگرین لە شەهامەت و ئازایەتیی ئاغای بەنی سەدر و ڕێزدار پەرویزی دەستماڵچی کە بە ئامادە بوونیان لە دادگادا و، دانی شاهیدی و هێنانی شاهیدی تر، زۆر کۆمەگیان بە دادگا کرد.

لە کاتێکدا کە دوکتور شەرەفکەندی لە حەیات دابوو، وەک تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران دابیم چقلی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو. ئاخر ئەو دوای شەهید کرانی دوکتور قاسملوو، زۆر بە لێهاتوویی نەک هەر ڕێبەرایەتیی حیزبی کرد بەلکوو شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرهەڵستکاری ڕێژیم لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە تا بە یەکگرتوویی هەم بە گژ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دابچنەوە و هەم وێکرا کار بکەن بۆ دابینکردنی ئێرانێکی دوور لە زولم و ستەم. هەر وەک دەزانین لە کاتی شەهید کردنیشیدا ئەو هەر لەو پێوەندیەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە کەسانی موخالیفی ڕێژیم لە ڕێستورانی میکۆنووسدا کۆبوونەوەی هەبوو. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوە تیرۆریستیەدا هەم ویستیان دوای تیرۆری شەهید قاسملوو زەبرێکی تر لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بدەن هەم ناکۆکییش بخەنە نێوان ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەوان بە پێی پلانێکی لە پێشدا دارێژراو هەوڵی ئەوەیان دابوو کە لە جەریانی تەقە کردندا تەنیا دەستڕێژ لە هەیئەتی حیزب بکەن و

ئەوانی تر زەربەیان وێ نەکەوێ تا دواتر هەم کردەوەکەی خۆیان بە ئەستۆی ئەوان دابێنن و هەم دوو دڵی و بەد گومانی لە بەینی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و خەڵکی کوردستان دروست بکەن. بە واتایەکی دیکە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی ویستیان کورد گوتەنی بە بەردێک دوو کێل بشکێنن. هەم دوکتور و هاوڕێیانی شەهید بکەن هەم تەفرەقە لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بنێنەوە.

بەڵام بە خۆشیەوە هەر وەک چۆن لە کاتی ژیانی دا، شەرەفکەندی هۆکاری لێک نزیک بوونەوەی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم بوو، شەهید بوونیشی هەر بوو بە چقڵی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ئەو جار دادگایەکی خاوەن سەڵاحیەتی وڵاتێکی بە دەسەڵاتی ئورووپایی مۆری تیرۆریست بوونی لە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی دا.

پێم وایە جێی خۆیەتی لێرەدا و لە پێوەندی لە گەڵ ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا ڕەخنەیەک لە خۆمان چ وەک تاکەکانی کورد چ وەک ئەندامانی حیزبی دیموکرات بگرین. شەهیدانی جینایەتی میکۆنووس کورد بوون، سەرکردەی حیزبێکی کوردی بوون، لە پێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا شەهید کرابوون، کەوابوو دەبوو حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بیان توانیبا لە جەریانی ٥ ساڵ بەردەوامیی کاری دادگادا زۆر بەهرە بەرداریی سیاسی بکەن تا لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە ئامانجەکانی شەرەفکەندی بکەن، کەچی وەک ڕاستییەکی تاڵ دەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە مخابن کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە گشتی کەمترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لەو قەزیەیە نەکرد. کەچی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بە ئامادەبوون لە بەر دەرگای دادگا و بە تایبەت لە کاتی دەر کردنی بڕیاری نیهایی دا زۆرترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لێ کرد. ئەوان هەم پشتیوانیان لە بڕیاری دادگا دەکرد هەم تەپڵی ڕیسوایی ڕێژیمیان لێ دەدا و هەم توانای ڕێکخراوەیی خۆیان بە جیهانیان نیشان دەدا.

ساڵێک دوای بڕیاری داگای ئاڵمان و دیاریکردنی سەزا بۆ تاوانباران و مەحکوم بوونی کۆماری ئیسلامی لە دادگادا، ئەو کات من وەک پەنابەری سیاسی لە هەولێر خۆم بە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران ناساندبوو و بەرپرسی کومیتەی کار و باری پەنابەران لە هەولێر بووم. بۆ زیاتر ڕیسوا کردنی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست لە لایەک و ڕێز گرتن لە بڕیاری دادگای ئاڵمان لە لایەکی تر، لە کومیتەی پەنابەراندا بڕیارماندا کە لە ساڵرۆژی بڕیاری دادگادا کە دەکاتە ١٠ ئاپریل، ڕێپێوانێکی بەرفراوان بۆ بەردەرگای یوئێن وەڕێ بخەین. دوای ئامادەکاریی تەواو، لە گەل نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر پێوەندیمان گرت ولە مەبەستی خۆمان ئاگادارمان کردن و داوامان کرد کە حیزبیش بە گوێرەی مومکین لەو حەرەکەتەدا بەشدار بێ.

**رۆژی رێپێوانەکە لە پەیامی حیزبدا وێرای ئاماژە بە کارەساتی میکۆنووس و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تر، پێشنیار کرابوو کە رۆژی ١٠ی ئاپریل بکرێتە رۆژی بەربەرەکانی لە دژی تیرۆریزم.**

ئەمن هەر ئەو کات، ئەو پێشنیارەم پێ درووست بوو، کەچی مخابن تا ئێستاش حیزب بۆ خۆی کە خاوەنی قەزیەکەیە و بۆخۆی پێشنیارەکەی مەترەح کردوە، بە جیددی کاری بۆ ئەو مەبەستە نەکردوە. دەبا لە بیستەمین سالیادی کارەساتی میکۆنووسدا ئەو پێشنیارە جارێکی تر بێتەوە بەرباس و بەئەرکی خۆمانی بزانین کە بۆجێگرتنی ئەو پێشنیارە هەوڵ بدەین.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی**

**مەرگ و نەمان بۆ رێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی**

**"ئەو وتارە لە یادی بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی دا بڵاو بۆتەوە"**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## نەخۆش بە "پاراسیت" چارەسەر ناکرێ

کێ هەیە هەر کەمێک شارەزای مێژووی بزوتنەوەکانی کورد بێ و نەزانێ کە یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوانە، ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی بزووتنەوەکان بووە.

دیارە ئەو ناکۆکیانە، بە گوێرەی زروف و سەردەم و قۆناخ، ئاڵ و گۆڕیان بەسەرداهاتووە و شکڵ وشێوەیان گۆڕاوە. سەردەمایەک ناکۆکی نێوان شێخ و بەگ و سەرۆک هۆز و عەشیرەکان گرفتی سەر ڕێی سەرکەوتن بوو، دواتر کە دەوارن گۆڕاو و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی پێشەنگایەتی بزووتنەوکانیان گرتە دەست، ناکۆکی نێوان ئەو ڕێکخراوانە و ململانێی نادروستی ئەوان لە گەڵ یەکتر، جێی ناکۆکی سەرۆک هۆز و عەشیرەکانیان گرتەوە.

مخابن لەوکاتەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان، بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانی سەری هەڵداوە، ئەو ڕەوتە هەروا درێژەی هەبووە و بە قیمەتێکی زۆر گرانیش لە سەر خەڵکی کوردستان کەوتووە. بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو ناکۆکیە نێو خۆیانە نەبایەن، خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان، ئەو هەموو تێچووەی نەدەبوو.

لە دووسەد سی سەد ساڵی رابردوودا، چەندین جار خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان تووشی شکست و تێکچوون و ئاشبەتال هاتووەو، پاش ماوەیەک هەمدیسان سەری هەڵداوەتەوە. بە وەبەر چاو گرتنی ئەوە تێکشکان و سەرهەڵدانەوەیانەیە کە لە ڕۆمانی شاردا باس لەوە دەکرێ،" کورد شۆرش دەکا بۆ ئاشبەتاڵ ، ئاشبەتاڵیشی سەرەتای شۆرشێکی دیکەیە".

با زۆر لە باسە ئەسڵیەکە دوور نەکەومەوە. ڕەوتی ناکۆکی و دووبەرەکی، بە تێپەر بوونی زەمان، نەک هەر لەبەین نەچوو، بەڵکو مخابن، ئەوجار نێو تەشکیلاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە "مودێرنەکانی" کوردستانیشی گرتەوە. یەکێک لەو حیزبە ڕزگاریخوازانەی بزووتنەوەی کورد، کە تا ئێستا چەند جار بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نا شەریفانە، تووشی لێکدابران و لەت بوون بووە، حیزبی دێموکراتە. بە سەرنجدان بە وەش کە ئەم حیزبە وەک یەکێک لە بە تەمەنترین ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و دامەزرێنەری یەکەم دەستەڵاتی کۆماریی، لە "ڕۆژهەلاتی کوردستان" و گەورەترین ڕێکخراوی "کوردستانی ڕۆژهەلات"، جێگەی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستان بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەلات بە تایبەتی بووە. هەر بۆیە سەرکەوتنەکانی بە سەرکەوتنی خەڵکی "کوردستان" و شکستەکانیشی هەر بە شکستی خەڵکی

کوردستان حیساب کراون و لێکدابران و لەت بوونەکانیشی شوێنەواری راستەو خۆیان لە سەر خەباتی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان هەبووە و هەیە.

لێرەدا دەرفەتی ئەوە نیە کە باسی سەرجەم هۆکارەکانی ئەو لەتبوون و لێکدابران و جوودابوونەوانە بکەین کە لە مێژووی دەیان ساڵەی ئەو حیزبەدا روویان داوە. بەڵام من بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم کە یەکێک لە هۆیەسەرکیەکانی دووبارە و چەندبارە بوونەوەی لێکدابران و جوودابیەکان، رەوتی نادروستی بەرەوپێش بردنی یەک گرتنەوەکان و وەسەریەک کەوتنەوەکان بووە. مخابن تا ئێستاش بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە، زۆرتر عەشایری جووڵاوینەوە و لە جیاتی ریشەکێشکردن و چارەسەری یەکجاری ناکۆکیەکان و دانانی مکانیزمێک بۆ پێشگیری لە دووبارە بوونەوەی ناکۆکیەکان، گرفتەکان بەشێوەی کاتی پوش بە سەر کراون و وەک ئاگری بن خۆڵەمێشێ لە کاتێکیترا هەمدیسان سەریان هەڵداوەتەوە. ئەم جۆرە چارەسەرەش وەک ئەوە وایە کە نەخۆشیک بۆ عیلاجی نەخۆشییەکی مەرگهێنەر ، دوکتورەکەی تەنیا حەبی ئازار بڕی "پاراسێتی" بۆ بنووسێ. ئەم حەبە ئەگەرچی لەوانەیە بۆ ماوەیەک ئازاری نەخۆش کەم بکات، یا بۆ ماوەیەک نەیهێڵێ، بەڵام بێ گومان ئەو ئازارە، مادام چارەسەری یەکجاری بۆ نەکراوە، دیسان سەرهەڵدەداتەوە و نەخۆش بە حەبی پاراسێت چارەسەر ناکرێ.

ئەرکی ئەم وتارە نیە کە دەستنیشانی لایەنی خەتابار یا کەمتر خەتاباری لێکدابران و جوودابوونەوەکانی نێو حیزبی دێموکرات بکات. بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەوەندە وەبیر ئەو بەرێزانە بێنمەوە، کە بێ ئاگاداری دروست لە مێژووی حیزب و رووداوەکان، یەک لایەنە لایەنی کەسی یەکەمی حیزب دەگرن و ئەوانیتر بە هۆکاری لێکدابران و لەت بونەکان دەزانن و رەوتی هەڵوێست و خەباتیشیان بە شکست خواردوو حیساب دەکەن، بەڵام هەر ئەو بەرێزانە بە شانازیەوە باسی خەباتی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ دەکەن. تۆ بڵێی ئەو بەرێزانە ئاگایان لەوە نەبێ کە خەباتگێرانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ کە گۆمی مەندی شای ئێرانیان شڵەژاند و بوون بە مایەی فەخر و شانازی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و، مێژوویەکی زێرینیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان تۆمار کرد، کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەوکات بوون، کە لە گەڵ سکرتێری ئەو سەردەمی حیزب و هاوبیرەکانی ناکۆک بوون و دوور لە دەستەلاتی سکرتێر، ئەو حەرەکەتەیان وەرێ خست.

یا بەڵکوو ئەو بەرێزانە! بریاری لە خۆبردوانەی کادر و پێشمەرگە و سەرکردایەتی، حدک ڕێبەرایەتی شۆرشگێر، کە لە پێناو وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا، حازر بوون لە خۆیان مایە دابنێن و واز لە سەرجەم پلە تەشکیلاتیەکانیان بێنن، تا بەو شێوەیە رێگەی یەک بوونەوە تەخت بکەن، بە شکست حیساب دەکەن! جێگەی سەرنجە کە ژمارەیەک لەو بەریزانەی کە هەر لەم دوایەشدا، بە قەول بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لێدوان دەدەن و بەردی دلسۆزی

بۆ وەحدەتی حیزب لە سینگیان دەدەن، هەر بەو زمانە قسە دەکەن. هیوادارم یەکگرتنەوەی ئەمجارە سەر بگرێ، بەڵام بڵێی ئەو بەرێزانە! حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە ریزی "شکستخواردووەکان" حیساب نەکەن؟!

## لە پێناو یەک گرتنەوەیەکی پایەداردا

## درێژەی وتاری "نەخۆش بە پاراسێت چارەسەر ناکرێ" یە

ئێستا ماوەیەکە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەرمن. کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و حیزبی لە کەمپەینێکدا (یەکی بەفرانبار) گوڕوتینێکی دیکەیان داوە بە زیاتر وروژاندنی ئەو باسانە.

لە هەمانکاتدا باسی ئەوەش لە گۆڕێدایە کە بەم زوانە دەفتەری سیاسی هەردوو لایەن، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ باس لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم یەکگرتنەوە، بە یەکەوە کۆ دەبنەوە.

گەلۆ! تۆ بڵێی لەو کۆبوونەوەیدا بەرێزانی دەفتەری سیاسی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو، مکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان بدۆزنەوە؟ مکانیزمێک کە زامنی پاراستنی یەکیەتی حیزب بێت لە داهاتوودا. ئاخر ئەوەی ئێستا لە هەموو شت زۆرتر جێگەی نیگەرانی و دەڵەخورپەی خەمخۆرانی یەکگرتنخوازی دێموکراتە، ترس لە سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانە. بۆ ئەوەی ئەو ترسەش بڕەوێتەوە، پێویستە هەر دوو لایەن، لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بەدەنەی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شەفاف و رووک بن.

بە پێچەوانەی فەرمایشاتی هێندێک کەس، من پێموایە گیروگرفتەکان کەم نین و مەودای نێوانیشمان زۆر کەمبەر نییە، چونکە ئەگەر وەکی ئەو بەرێزان باسی لێوە دەکەن، مادام گرفتەکان گەورەنین و ناکۆکییەکی ئەوتۆ لە بەینماندا نییە، ئەدی ئەو حیزبە لەسەر چی لەت بووە. باشە با قسەی ئەو بەرێزانە دروست بێت و ناکۆکییەکان قوڵ نەبن، ئەودەم ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، باشە ئەگەر گرفتی جیددمان لە حیزبدا نەبووە، هەر وردە ناکۆکی بوون، چۆنە سکرتێری ئەوکاتی حیزب، نەیتوانیوە ئەو وردە گرفتانە چارەسەر بکات؟! یا بەلای دیکەدا باسی بکەین، ئەگەر هەر وردە ناکۆکیمان هەبوون، چۆنە نیوەی ئەو حیزبە قبوڵی ئەو وردە ناکۆکییانەی نەکردوە، ئەوە ماوەی ٨ ساڵە لە ژێر ناوی حدک دا تێکۆشانی خۆی درێژە پێدەدا؟ کەو بوو بچووک نیشاندانی گرفت و ناکۆکییەکان، نەک هەر راستی تێدا نییە، بەڵکو هیچ یارمەتیش بە رەوتی یەکگرتنەوەیەکی پایەدار ناکات.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، پێویستە زۆر راشکاوانە، باسی ئەو هۆکارانە بکرێ کە بوونە هۆی دوو لەتبوونی حیزب. پێویستە هەڵە و کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکرێن و هەر کەسەو بە ئەندازەی خۆی قبوڵی ئەو هەڵە و تاوانانە بکات، چونکە ئەگەر حازر نەبین شان وەبەر خەتا و هەڵەیەک بنێین کە کردوومانە، بەو مانایەیە کە دەمانهەوێ لە داهاتووشدا هەمان کار (هەڵە) دووبارە بکەینەوە.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، دەبێ ڕێگەیەک دیاری بکرێ کە چیتر لە حیزبدا دیاردە دزێوەکانی وەک ناوچەگەرایی، باندبازی و "خودی و غەیرە خودی" و... نەمێنێ و لە جێگەی ئەوانە شایستەسالاری لە حێزبدا جێگیر بکرێ.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، پێویستە بەر لە هەموو کەس و لایەنێک، ڕێبەرایەتی ئەو دوو حیزبە بروایان بە یەک گرتنەوە هەبێ. ڕەنگە وتنی ئەو قسەیە برێک سەیر بێتە بەر چاو. بەلام من گومانم هەیە کە هەموو لایەک لە ناخەوە هەستیان بە زەرورەتی یەک گرتنەوە کردبێ. چوونکە من تا ئێستا گوێم لێ نەبووە، یا نەمبیستووە کە ڕێبەرانی حداکا بڵێن، یەک گرتنەوە، زەرورەتێکی جیددیە و چاک کردنەوەی هەڵەی ڕابردوویە. ئەوەی ئەو بەڕیزانە باسی دەکەن ئەوەیە کە دەڵێن، خەڵکی کوردستان یەکگرتەوەی پێ خۆشە، دەڵێن، دۆستانی حیزب لە دەرەوە و ناوەوە داوامان لێ دەکەن، دەڵێن کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەیەکان داوامان لێ دەکەن. کەو بوو یەکگرتنەوە نابێ لە سەر خاترو خوایشتی، ئەم و ئەو بێ، پیویستە بروا بە یەکگرتنەوە لە نێو خۆماندا بە هێز بێ.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، پێویستە پرۆسەی دیالۆگ و وتوویژەکان چیدیکە لە پشت دەرگا داخراوەکان نەبێت. نابێ ئەم پرسە گرینگە تەنیا ببێتە ڕێککەوتنی نێوان چەند کەس لە دەفتەری سیاسی، یا لەوەش بچوکتر بکرێتەوە و ببێتە پرسی ڕێککەوتنی بەینی دوو کەس واتە (سکرتێرەکان). زۆر زەرورە کە بەدەنەی حیزب بە شێوەیەکی تەشکیلاتی لەو وتوویژانەدا بەشداری پێ بکرێ و تێبینی و سەرنجەکانی بە هێند وەربگیردرێ. هەر نەبێ نیو هێندی سەردەمی ناکۆکی و لەتکردن، پرس و رای پێ بکەن!

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، نابێ لەم ڕەوتەدا دۆڕا و براوەی تێدا بێت. پێویستە ساختاری حیزبی یەکگرتووی داهاتووش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا بکرێ کە لە داهاتوودا حیزب بە کردەوە هی هەمووان بێ. با ڕوونتر بڵێم، لە ڕوانگەی منەوە حیزبی یەکگرتووی داهاتوومان، نابێ نە حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ و نە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چونکە هەر کام لەو دووانە ببنە ناوی حیزب، ئەوە بێ ئەملاو ئەولا، لایەنەکەی دیکە، لە داهاتوودا، مۆرکی شکستی لە نێوچاوان دەدرێ و دواتریش تانەو تەشەر دەست پێ دەکەنەوە و یەکگرتنەوەمان دەبێتەوە سەرەتای لێک جوودابوونەوەیەکی دیکە، بۆیە پێویستە ناوی حیزبیش بگۆڕدرێ. ناوی شیاو و گونجاو زۆرن، کە من بەش بەحاڵی خۆم،



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات/ م زۆر پێ گونجاوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە پێویستە و دەبێ مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو چەند ساڵەی هەر دوو لایەنی دێموکرات، وەک مێژووی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو پەسند بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٧ و ١٨ی جانێوێری ٢٠١٥

---

## نەورۆزی خەم و شادی

دەمهەویست دەربڕینی هەستی نەورۆزانەم پڕ بێ لە وشەی ناسک، ناسک وەک پەلکی ناسکی وەنەوشەو گەزیزەو نێرگز، ناسک وەک بزەی سەر لێوی منداڵ،... دەمهەویست بەژنو باڵاو لقوپۆپی دارە سێوی وشەکانم بە شکۆفەی ئاڵو پەمەیی پیتی جوانی کوردی بخەملێنمو بە نەرمە بارانی دەمەو بەیانییەکی ڕۆژێکی دڵگیری بەهاریی کوردستانەکەم ئاوەرشێنیان بکەم، تا بۆنو بەرامەیان هەر نەبێ لە ساتە خۆشەکانی نەورۆزدا ببنە هۆی خۆشحاڵیی زیاتری دڵسۆزانی نیشتیمان.

بەڵام نەورۆزی ئەم ساڵم لە گەڵ هەر هەموو نەورۆزەکانی تری تەمەنم جیاوازیی هەیە. ئەمساڵ تا پتر لە نەورۆز نزیک دەبمەوە پتر ماشەری بیرو ئەندێشەم ئاڵۆز دەبێو لە جێگەی دەربڕینی هەستی خۆشی نەورۆزانە، پتر بە ناخی پڕ ئازاری گەلە بەشمەینەتەکەم دا دەچمە خوارێو لە نەورۆزدا گریانو زەردە خەنەم دەست لە ملانی یەک دەبن.

**نەورۆزی ساڵانی رابردوو، دوو ساڵ لە مەوبەر، سێ ساڵ لە مەوە بەر،...**

دەمگوت" نەورۆزەو گەردوون گەڕێکی دیکەی گۆوەندی ژیانی بە ئاوازی دڵنەوازی خورەی چەمو شنەی دڵ بلاوێنی شەماڵ گەڕاو، مامە نەورۆزی سەربەرزی وەرزی پیرۆزی جوان، جوان جوان سەرچۆپیکێشی ئەم گۆوەندەیە.

دەمگوت وا رەورەوەی گردی زەوی بە سەرجەم تەنگو چەڵەمەکانییەوە خولێکی دیکە سووڕاو، بۆ جارێکی دیکەش دەوران گۆڕاو ژینی نوێی وەرزی تەمەن بە بەر سەرجەم بوونەوەرێک دا کرایەوە. وا ئەم جارەش تیشکی زێڕینی خۆر لە گەڵ هەناسەی پڕ لە تاسەی مامە نەورۆزدا کەوتەوە خۆو بە پڕشەنگی زێوینی، هێزو گوڕو تینی ژینی خستەوە نێو جەستەی خەستەی بوونەوەرانی ئەم گیتیەیە. وا ئەمجاریش زستانی ساردو سڕی بەفراوی ڕۆیشتو بەهاری جوان و رازاوە بۆوە بە میوانی سروشتە وەک بەهەشتەکەی وڵاتی جوانو دڵگیرمانو رووی رەش هەر بۆ رەژی مایەوە. وا بۆ جارێکی دیکەش بانگی ئازادیخوازی لە گەرووی پڕ لە هاواری شمشاڵی شوانی قەدپاڵەکانی چلچەمەو قەندیلو ئاراراتو شەنگال و سەرجەم شێو دۆڵی کوردستان بەرز بۆوەو پەژواکی ئاوازە بەسۆزەکەی بە بنارانداا گەڕا کە دەیگووت، بەهارە، بەهارە!

**هەیاران!**

**بروانن چلۆن لە دوای زستان بەهار دێ**

**چلۆن لە دوای زریان و تۆفان**
**شنەی شەماڵ دێ**
**ئاواش لە دوای رەشەبای زوڵم و بێدادی**
**هەڵدەکا شنەی شەماڵی شادی..."**

بەڵێ! نەورۆزی کوردەواریم خۆش دەوێ، ساڵانیش خۆشم دەویست. نەورۆز! ژیانی نوێ، وەرزی نوێی ژینگەو تەمەن دێنێ. ساڵانی رابردوو، مانگێک بەر لە نەورۆز بە دڵەخورپەی پڕ لە شادیەوە بەرەو نەورۆز دەرۆیشتم، ئێستاش بە دڵەخورپەوە بەرەو نەورۆز دەچم، بەڵام بە جیاوزیی زۆرەوە، ئێستا کە بەرەو نەورۆز دەڕۆم، هەم شادم هەم غەمگین، دڵە خورپەم تێکەڵاوە لە شاییو شین، رەنگە بفەرموون ئەم قسانە چین؟

ئەمساڵ لە نەرۆزی رێبەندان را، لە بن ئالای ۱۱ ئەستێرە دیتووی چوارچرا ڕا وەرێکەوتووم و توێشووی رێگەم لە نێو پارچەیەکی لاکێشەی سێ رەنگ وەرپێچاوە. دەمێکە بە رێگەوەم، دەمهەوێ بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز هەنگاو بنێم، بەڵام رێگەم سەختو حەستەمە. لە رێگەمدا، کاتێک بە رێگەی دووری مێژوومدا دەروانم، "مێشکی شەش کوڕی کاوەی باپیرمان لە بەر دەم مارە نەوسنەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دەبینم".

**کاتێک سەیری مێژووی دوێنی و پێرێمان دەکەم،**
**دیسان مێشکی پڕژاو**
**خوێنی ڕژاو**
**سەری بڕاو**
**لاشەی سووتاو**
**شار و گوندی رووخا!**
**بەڵێ دیسان کۆی زووخاو**
**دەبینم.**

بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز دەچوومە پێشتر، دەمهەویست لە رێگەی شاخاویو هەڵەموت خۆ ببوێرمو زووتر بە مەنزڵگە بگەم، کەچی لەو کاتەدا تووشی دەشتی شارەزوور بووم، بەرەو چەند ساڵ لەمەوپێش گەڕامەوە، بەرەو ئەو کاتەی کە ئاسمانی ئەو ناوە تورەو تۆسنو، هەورەکان لە جێگەی نەرمە بارانی خێرو بێری شادی، رێژنەی غەزەبو ژەهریان دادەباراند. وەرز گۆڕابوو، نەورۆزو خەزان جێگۆڕکەیان کردبوو، گەلارێزانی وەرزی تەمەنی بوونەوەرەکانی ئەو دەڤەرە بوو. بووکی شارەزوور، شەلالی خوێن، سوور سوور، نا نا سەرتاپای لەشی بە ئاگری بێ ئەمانی جووتە تفنکی ئەژدەهای شەر



سەرچاوە
Serchawe

هەڵقرچا بوو.

ماندوو و هیلاک و دل پڕ لە تەم،
دەمهەوێ تێپەرم لە بەحری فرمێسکو خەم

لە داوێنەکانی کاروخو ماکۆکو کێوەرەش تووشی شایی‌و لۆغانی ڕاپەرین دەبم. تەمی خەمو زەردەخەنەی سەر لێوان لە وێ دەست لە ملانی یەک دەبن. لە نێو ئاپۆرای جەماوەریی چەند ساڵ لەمەوبەردا دەست دەکەم بە گەڕان. هەر دەگەڕێمو دەگەڕێم تا خۆم لێ ون دەبێو سەرئەنجام لە نۆروێژی هەزاران کیلۆ میتر دوور لە زیدو نیشتیمانمدا دەگەمە هەوارگەی مامە نەورۆزی ئەمساڵم. بەڵام چ بکەم دڵ ئۆقرە ناگرێ بەر لەوەی بە دیداری مامە نەورۆز شاد بم، مەلی هەست و ئەندێشەم ئەوجاریش بەرەو ئاسمانی نیشتمان باڵ دەگرێ،

دەشت و کێو و ئۆقیانووسەکان دەبڕێ،
دەفڕێ و دەفڕێ

تا لە باشووری نیشتماندا دەگاتە خزمەت دایە فاتمە، ئەو دایکەی کە ئێستا ناوی دایکی شەهیدانی جیهانی لەسەر دانراوە، ئەو دایکەی کە لە ڕۆژێکدا، بەڵێ تەنیا لە ڕۆژێکدا سێ جگەر گۆشەی لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و شەری دژی کۆنەپەرستانی داعشدا، گیانیان فیدای رزگاری کورد و کوردستان کرد. مەلی روح و هەستم بە ڕێزە دەستی دایە فاتمە ماچ دەکات و بەرەوە ماڵی ئەو کۆرپە نۆبەرەیە دەروات کە هاوکات لە گەڵ شەهید بوونی باوکە پێشمەرگەکەی، چاوی بە گیتی هەڵێنا. چاوی بە گیتی هەڵێنا تا بە نەیاران و دووژمنانی ئەم ولاتە بڵێ کە خەیاڵیان خاوە و هەرگیز شوێن و سەنگەری شەهیدەکانمان چۆل نابێ.

لە وێ بۆ کێ بگریم و شیوەن بۆ کێ بکەم؟ بۆ ئەو نەو بووکەی کە تازە چۆبووە نێو کەژاوەی ژیانی هاوبەشەوە و هێشتا تیر ئامێزی بە ئەویندارەکەدا نەکردبوو، یا بۆ ئەو کۆرپەیەی کە مخابن هەر لە سەرەتای دەستپێکی ژیانیەوە لە مێهر و موحیببەتی باوکی بێ بەری کرا.؟!

مەلی دڵی بریندارم، چاو بە فرمێسک و دڵ پر لە هیوا، بەرەو شەنگال لە شەقەی باڵ دەدات.
بە سەر ئاسمانی شار و چیادا دەخولێتەوە،
بە دیتنی دیمەنە دڵتەزێنانەکانی کوشتن و سەربرین و رفاندن،
دەبێتە مۆم و دڵۆپ دڵۆپ دەتوێتەوە.

دەبێتە خاک، دەبێتە ئاو، دەبێتەوە سەوزایی و سەر لە نوێ دەرویێتەوە.
دەبێتەوە دەنگ و ئاواز، دەبێتەوە نەعرەتەی شیرانەو، هەمدیسان سروودی ژین و ژیان دەڵێتەوە.

هۆ مەلی تیژباڵی هەست و بیرم! پەلە بکە! ڕێگەی ترت لە بەرە، کارەسات گەلێک زۆرن و بێ پسانەوەن، هەستە و بەرەوە کۆبانی بفرە. لە جیاتی من دەستی یەکەیەکی ئەو شێرە ژن و مێرخاسانە ماچ بکە کە بە بەرگری قارەمانەیان مێژووی کورد وکوردستانیان پرشەنگدارتر کرد و لمبۆزی شەوپەرسانیان لە خۆڵ وەردا.

هۆ روح و جەستەی باڵ گرتووم! مەوەستە، بەرەوە باکووری نیشتمان بفرە. لەوێ بۆ روحی پاکی هەموو گیانبازانی رێی رزگاری سەری کرنۆش دانەوێنە و سلاو بکە لە جەماوەری هەمیشە زیندووی ئەو دەڤەرەوە و نەورۆزیان لێ پیرۆز بکە. وچان مەدەو بەرەو رۆژهەلات باڵ بگرە. نیگەران مەبەو و ڕێگە ون ناکەی. چوونکە لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانەرا نوری چراکانی چوار چرا دیارن. شەو بێ رۆژ فەرق ناکات، ئەوان رێ نیشاندەرن. هەر کە گەیشتیە ئەوێ، بەرەو گۆرستان، نا نا بەرەوە مەنزلگای پێشەوای مەزن بفرە. لە خزمەت روحی بەرز و هەرگیز نەمریدا کرنۆش بەرەو و هەواڵی وەرێ کەوتنی مامە نەورۆزی رزگاری یەکجاری پێ بگەینە.

هۆ روحی تامەزرۆی باڵ گرتوو! دەزانم تا ئەبەد لە راوەستانی دەستەو نەزەر، لە خزمەت پێشەوای مەزندا ماندوو نابی. بلام روخسەت بخوازە و برۆ.

باڵ بگرە و بفرە بەرەو شنۆ

لە وێ بە فرمێسکی نەورۆزانەت گۆری هەژارە گۆرغەریبەکەی دێموکرات ئاوەرشین بکە و پاشان بەرەوە زادگاکەی خۆم بفرە و دەستی دایکم ماچ بکە و ئەوجار وەک خوودی خۆم  ڕێگەی غوربەت بگرەوە بەر.

هەیاران! دەڵێن گوڵو گیا بۆ ژیان، هێز لە تیشکی خۆر وەردەگرن، دەبا گوڵالە سوورە و نێرگزی نەورۆزی ئێمەش لە بارانی فرمێسکی رەشەمەو چاوەکانی شەنگالی دڵبریندار و کۆبانێ ی خۆڕاگر و تیشکی چراکانی چوارچرای خاکە لێوە، هێز و گور و تینی ژین وەر گرن و جاویدانەتر بن.

هۆ دوژمنانی گەل وهۆزم!
هۆ نەیارانی ئاگر ونەورۆزم!
دڵنیا بن

**به جەستەی زامدارەوە**
**بە دڵی پڕ ئێش و ئازارەوە**
**تا ڕزگاری یەکجاری**
**تا گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاری**
**تێدەکۆشین بێ وچان**
**تا ڕزگار بێ کورد و کوردستان**
**نەورۆزتان پیرۆز**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٥**

---



سەرچاوە
Serchawe

## دیمانەیەک سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز

**ئارام قادری**

هاشم ڕۆستەمی یەکێک لە کادرە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکراتە. بەر لەوەی ئاوارەی دەرەوەی وڵات بێ، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب بووە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩ وەک پەنابەری سیاسی گەیشتۆتە وڵاتی نۆرویژ. لەو ماوەیەدا بەردەوام کاری سیاسی کردوە و یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دێموکرات بووە. ناوبراو لە کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی چاوەدێری بەسەر ئەساسنامەی حیزبەکەیدا هەڵبژێدراوە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، لە دوو وتاری جیاواز، کە پار و پێرار لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمزدا بڵاو کرانەوە، سەبارەت بە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، هێندێک ڕوانگەی جیاواز لە ڕوانگەی تا ئێستای دێموکراتەکانی وروژاند. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەو باسانە دیمانەیە کمان لە گەڵ ناوبراودا ساز داوە.

**ئارام قادری**: با لە وەڕا دەست پێ بکەین. ئەوە بەرەو ٢٦ی سەرماوە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەچین. بەو بۆنەوە چ بە پێشمەرگەی کوردستان دەڵێی؟

**هاشم ڕۆستەمی**: با منیش لەوەرا دەست پێ بکەم و بڵێم کە خەبات و تێکۆشان و گیانبازی پێشمەرگەی کوردستان ئەوە هەڵدەگرێ کە نەک ڕۆژێک، بەڵکو هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕێز لەو گیانبازی و فیداکاریە بگیردرێ. بەڵام ئەوە کە تەنیا یەک ڕۆژ وەک ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە دیاری کراوە، بەو مانایەیە کە لەو ڕۆژەدا لە جیاتی هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕێز لە پێشمەرگە دەگیردرێ. بەو بۆنەوە پیرۆزبایی بە سەرجەم پێشمەرگەی کوردستان دەڵێم.

لێرەدا پێم باشە ئاماژە بە وەش بکەم، کە پێموایە پرسیارەکە لەنگیەکی تێدا بوو. چوونکە لە ڕاستیدا ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی هەڵدانی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە ناسراوە.

**ئارام قادری**: چۆن دەکرێ یەک ڕۆژ، واتە ٢٦ی سەرماوەز، هەم ڕۆژی ئاڵا بێ، هەم ڕۆژی پێشمەرگە؟

**هاشم رۆستەمی**: دەکرا وا نەبێ. بەڵام ئێستا کە ئاوایە دەکرێ بە شێوەیەکی شایستە هەردوو بۆنەکە ئاوێتەی یەک بکرێن.

**ئارام قادری**: وتت دەرکرا وا نەبێ. مەبەستت لەوە چیە؟ ئەی دەکرا چۆن بێ؟

**هاشم رۆستەمی**: دەکرا ٢٦ی سەرماوەز هەر رۆژی ئاڵا بێ. چوونکە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بۆ یەکەم جار بە شێوەی رەسمی لە شاری مەهاباد و چەندین شوێنی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵا هەڵدراوە. جێگەی خۆشحاڵیە کە ئێستا ئەم رۆژە، لە باشووری کوردستانیش وەک رۆژی ئاڵا ناسراوە. لە راستیدا ساڵانی رابردوو، هەلومەرجەکە وەک ئێستا گونجاو نەبوو، تەنانەت تێکۆشەرانی دێموکراتیش کەمتر باسی ئەو رۆژەیان وەک رۆژی ئاڵا دەکرد. زۆرتر وەک رۆژی پێشمەرگە رێز لە ٢٦ی سەرماوەز دەگیرا. بەلام هەروەکی باس کرا ئێستا ٢٦ی سەرماوەز هەم وەک رۆژی ئاڵا دەناسرێ هەم وەک رۆژی پێشمەرگە.

**ئارام قادری**: لەو وتارانەی کە لە ڕابردوو لەو پێوەندیەدا بڵاوت کردوونەوە، وا وێدەچی کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز زۆر بە گونجاو نازانی، کە وەک ڕۆژی پێشمەرگە باسی بکرێ. دهتوانین هۆیەکەی بزانین؟

**هاشم رۆستەمی**: ڕاستە، من پێشتریش لەم بارەوە شتم نووسیووە و ڕوانگەی خۆم باس کردوە. ئەمەش ڕەنگە چەند هۆکارێکی هەبێ. لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٦٣ هەتاویەوە لە لایان ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە ئەو ڕۆژە وەک رۆژی پێشمەرگە کوردستان دیاری کراوە، جگە لە حیزبی دێموکرات و لایەنگرەکانی، هیچ کام لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەو ڕۆژە، وەک ڕۆژی پێشمەرگە جێژن ناگرن. تەنانەت کۆمەڵەکان بۆ خۆیان ڕۆژی تایبەت بە پێشمەرگەی خۆیان هەیە.

بێجگە لەوەش پێموایە ئاڵای نەتەوەیی بۆ ئەوە دەبێ کە رۆژێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ و مناسبەتی دیکەی لەگەڵ تێکەل نەکرێ.

**ئارام قادری**: ئەی پێتوایە چ ڕۆژێ بکرابا بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان؟

**هاشم رۆستەمی**: وشەی پێشمەرگە لە ئەدبیاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا، وشەیەکی کۆن نیە. تەنیا نزیکەی ٧٠ ساڵە کە ئەو ناوە بۆ چەکداری شۆرشگێر و رزگاریخوازی کوردستان بەکار دەبردرێ. ئەویش لە سەردەمای کۆماری کوردستانەوەیە. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات، بە هێزی نیزامی خۆی گووتوە، "سوپای میللی". تا

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە کۆبوونەوەیەکی پێشەوا قازی محمد و هەیئەتی وەزیراندا باس لەوە دەکرێ کە هێزی چەکداری کۆمار، پێویستە ناوێکی شایستە و کوردی هەبێ. سەرئەنجام دوای ڕاوێژ و را گۆڕینەوە، بە هاوفکری پیاوێکی دونیا دیدەو بە ئەزمون، لە سەر ناوی پێشمەرگە ساخ دەبنەوە. بەو شێوەیە لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی ئەو سەردەمدا، بڵاو کراوەتەوە، بە شێوەی ڕەسمی ناوی سوپای میللی گۆڕدراوە و بۆتە پێشمەرگە. ئەو ڕاگەیاندراوە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەرە.

پێموایە ئەگەر ١٥ی ڕێبەندان کرا با بە ڕۆژی پێشمەرگە، نەک هەر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو حیزب و ڕێکخراوەکانی پارەچەکانی دیکەش هۆیەکی مەنتەقییان بۆ قبووڵ نەکردنی وەک ڕۆژی پێشمەرگە نەدەبوو. چوونکە بەخۆشیەوە هەم قازی محمد وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان جێگەی ڕێزی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە گشتیە، هەم خودی کۆماریش وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی جێی شانازی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستانە. هەروەها ئەو ڕێکەوتە حیزبێک بە تەنیا دیاری نەکردوە، بەڵکو کۆماری کوردستان بڕیاری لەسەر داوە.

**ئارام قادری**: لە وتارێکدا ٢٦ی سەرماوەزت وەک ڕۆژی مەرگی کۆمار باس کردوە. دەکرێ بۆمان باس بکەی کە مەبەستت چ بووە؟

**هاشم ڕۆستەمی**: بەڵێ ڕاستە وام نووسیووە. بەڵام ئێزنم بدەن کە ئەو دەستەواژەیە لێرە ڕاست بکەومەوە. ئێستا نالێم مەرگی کۆمار، بەڵکوو دەڵێم ڕۆژی ڕووخانی کۆمار، یا ڕۆژی ڕووخانی یەکەم کابینەی کۆمار. چوونکە مەرگ و ڕووخان فەرقیان هەیە. شتی مردوو، زیندوو نابێتەوە، بەڵام شتی ڕووخاو دەکرێ لەسەرڕا چاک بکرێتەوە.

بۆیەشم وا نووسیووە، چوونکە مخابن ڕاست لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا، واتە ڕێک لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی هەڵدانی ئاڵادا، ئەرتەشی ئێران گەیشتەوە مەهابادی پایتەختی کۆمار و ئەو شارەی داگیر کردەوە. بەو شێوەیە دام دەستگای ئەوکاتی کۆماریش کۆتاییان پێ هات.

**ئارام قادری**: کەواتە تۆ پێت باشە ١٥ی ڕێبەندان لە جیاتی ٢٦ی سەرماوەز بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە و ٢٦ سەرماوەزیش هەر ڕۆژی ئاڵا بێ؟

**هاشم ڕۆستەمی**: خۆزگە وا دەبوو. بەڵام ئێمە نابێ لەگەڵ خۆزگەکانمان بژین. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەوەزیاترلە سی ساڵە ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگە ڕێزی لێ دەگیردرێ. هەمووشمان دەزانین کە پێشمەرگە پارەێزەری ڕاستەقینەی

ئالای کوردستانە، کەوابوو ئەمەگدارانەیە کە هەر لە ڕۆژی ئالادا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەش بگیردرێ.

بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی، وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی بێتە بەرباس و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بیان هەوێ لە سەر ڕۆژێک ساخ ببنەوە، هیچ ڕۆژێک لە ١٥ی ڕێبەندان گونجاوتر نیە. چوونکە ئەو ڕۆژە لە کۆماری کوردستاندا بە شێوەی ڕەسمی ناوی پێشمەرگە دیاری کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٥

## تۆمەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان

ئەمە بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر کات زولم و زۆر هەبوو، هەر کات چەوسانە هەبوو، هەر کات مافەکانی تاک و کۆمەڵ پێشێل کراون، لەوانەش گرینگتر هەر کات نەتەوەیەک لە سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی کە لە دیاری کردنی مافی چارەنووسدا خۆی دەنوێنێ بێ بەش بکرێ، بێ گومان هەوڵدان بۆ لابردنی زوڵم، بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە و سەرئەنجام بۆ دابین کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس دەست پێ دەکات. ئەمە ئەسڵێکی بنەرەتیی ژیانە و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانیش لەم راستایەدا پێناسە دەکرێ.

رەنگە لەم وتارەدا نەکرێ باسی هەموو ئەو هۆکارانە بکەین کە بۆچی داگیرکەرانی کوردستان ئاوا چاوی تەماعیان لە خاکی کوردستان بڕیوە و بۆ ئیدامەی ئەو داگیرکاریانەیان لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵ ناکەنەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لە نێو بردنی بزووتنەوەی رەوای گەلەکەمان دەدەن. بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان سەرەکیترین مەبەستی داگیرکەرانە. ئەوان بۆ ئیدامەی ئەو تاڵان و بڕۆیە، پێویستیان بە کپ کردن و، ئەگەر بۆیان بلوێ، لە ناو بردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانە. بۆ ئەم مەبستە، نە لە ئیعدام، نە لە گرتن و ئەشکەنجەی تێکۆشەرانی کورد، نە لە تۆپ و خومپارە و بۆردومان کردنی شار و گوندەکانی کۆردستان دەستیان نەپاراستووە. هەر لە پەنا ئەم کردەوە دژی گەلیانەشیاندا، لە تەبلیغات دژی حیزب و رێکخراوەکانی بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان غافڵ نەبوون و لە داهاتووشدا هەوڵی لەم چەشنە دەدەن. ئەوان دایم هەوڵیان داوە کە بیرو رای گشتی هەم لە دەرەوەی وڵات و هەم لە نێو خۆی ئێراندا، بە نیسبەت مەسەلەی کورد، بە لارێدا بەرن و حیزب و رێکخراوە خەباتکار و تێکۆشەرەکانی رێگەی کوردایەتی، وەک دەستکردی وڵاتانی دەرەکی پێناسە بکەن.

لە راستای ئەم سیاستە چەواشەکارانەیەدا بوو کە لە سەردەمای رێژیمی پاشایەتیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیان وەک دەستکردی بێگانە بە بیرورای خەڵکی ئێران دەناساند. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناو هەناوی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە دایک ببوو. دامەزرانی ئەم حیزبە زەروورەتێکی مێژوویی بوو بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان. بەڵام دەستەڵاتدارانی تاران تۆمەتی دەستکردبوون و سەر بە روسیەیان دەخستە پاڵ. بیانووی ئەو تۆمەتەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوایەتی و رێبەریی کردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی کۆمەڵێک پێوەندی نێو نەتەوەیی هەبوو. وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوکات، کە یەکێک لە زلهێزەکانی ئەوسەردەم بوو، یەکێک لەو ناوەندانە بوو

کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندی لە گەڵ دامەزراندبوو. ئەمەش بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی نە جۆرمە و نە تاوان.

پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامیش دەستەلاتی خۆی بە زەبری چەک و کوشت و کوشتار بە سەر خەڵکی "رۆژهەڵاتی کوردستان"دا سەپاند، هەمان سیاسەتی تۆمەتبار کردن و بوختان پێکردن بە حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکراتی بە تایبەتی گرتە بەر. لە سەر و بەندی سەرەتای دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، کە روانگەی دژە ئیمریالیستی لە ئێراندا برەوەی هەبوو، کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆریان هەوڵ دا کە حیزبی دێموکرات وەک دەستکردی ئیمریالیزم بناسێنن و بڵێن بزووتنەوەی کوردستان لە لایان ئەمریکاوە هیدایەت دەکرێ. ئەو تۆمەتانە نەک هەر لە لایان دام و دەستگای سەر بە رێژیم بە بەربڵاوی بڵاو دەکرانەوە، بەڵکوو مخابن هێندێک لایەنی سیاسیش کە خۆیان بە حیزبی پێشکەتنخوازیش دەناساند، هەمان درۆ و دەلەسەو بوختانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵام دواتر هەم دەستەڵاتدارانی تاران و هەم ئەم لایەنانە بۆیان دەرکەوت کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وە بە هێزترە و رەسەنترە کە ئەم جۆرە تەبلیغاتە بتوانێ کاری لێ بکات.

لە جەنگەی شەر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە بیروڕای گشتی لە ئێراندا تا رادەیەکی زۆر دژی سەدام و حیزبی بەعس هان درابوو، بازاری تەبلیغی ناڕەوا لە دژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رەنگ و روویەکی دیکەی بە خۆیەوە گرت و ئەم جار نۆرە گەیشتە ئەوە کە حیزب و بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان وەک دەستکردی حیزبی بەعس پێناسە بکەن. لەم بوارەدا، دەستەڵاتدارانی تاران ئەوەندی بۆیان کرا درێغیان نەکرد.

بەڵام بە خۆشیەوە لەم بوارەشدا سەرئەنجام بێ ئاکام بوون. چوونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویست بوو بزووتنەوەی رزگاری خوازی خەڵکی کوردستان بۆ پەرەپێدانی خەباتی رەوای خۆی لە شەر و کێشەی نێوان عێراق وئێران کەڵک وەر گرێ، بەڵام حیزب بە پەیرەو کردنی سیاسەتێکی دروست، توانی سەرجەم ئەو تەبلیغاتە ناڕەوایەش بکاتە بڵقی سەر ئاو. چونکە حیزبی دێموکرات هەمیشە سەربەخۆیی خۆی لە بڕیاری سیاسیدا وەک مافێکی بێ ئەملاو ئەولا بۆ خۆی هێشتۆتەوە. ئەو بەڵگانەش کە دوای رووخانی حکومەتی سەددام کەوتنە دەست هێز و لایەنە سیاسیەکان، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە پێوەندی حیزب لە گەڵ حکوومەتی عێراق لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستاندا بووە.

کۆماری ئیسلامی لەم دوایانەدا دەستەو داوێنی تۆمەت و پیلانێکی دیکە بووە. کە ئەگەر بە دەقیقی و بەو وشیاریەوە بەرپەرچی نەدەینەوە، لەوانەیە تێچووی ئەم پیلان و تەبلیغاتە لە ئەوانی پێشتر زیاتر بێت. لەم یەک دوو ساڵی رابردوودا کە خەباتی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان جموجۆڵی زیاتری پێوە دیارە، رێژیم

ئیدعا دەکات کە ئەم حەرەکاتانەو حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، بە پێی بەرنامەی عەرەبستانی سعوودیە. بەڵام جێگەی سەرنجە کە ڕێژیم بۆ چی ئێستا ئەم تەبلیغاتە دەکات. با سەرەتا ئەمە بڵێین کە بێ گومان کاربەدەستانی رێژیم لە هەموو کەس چاکتر دەزانن کە ئەم ئیدعایانەیان چەندە بێ بنەمان و دەزانن کە پێشمەرگە خەباتکاری ڕێگەی ڕزگاری گەلی کوردە و جگە لە هەوڵ دان بۆ مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان هیچ ئامانجێکی دیکەی نیە. بەڵام بە وەبەر چاو گرتنی ئەو خەباتە بەربڵاوەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا لە دژی داعش هەیە و دەشزانین کە داعشیەکان لە بواری مەزهەبیەوە سوننەن. ڕێژیم دەیهەوێ خەڵکی ئێران وا تێبگەیەنێ کە عەرەبستان پشتیوانی داعشە و سەرجەمی ئەوانە لە دژی دەستەڵاتی شیعەکانی ناوچەکەن. دەیهەوێ بە خەڵکی ئێران بڵێت کە حیزبە کوردستانیەکان سەر بە عەرەبستانن و وێڕای داعش شەری شیعەکان دەکەن. جگە لەوە، ڕێژیم مەبەستیەتی کە بەرگێکی مەزهەبی بە بەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستاندا بکات تا هەم خوشک و برا شیعەکانی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دوور بخاتەوە، هەم دەمارگرژەکانی شیعەش لە نێوخۆی ئێراندا زیاتر لە دژی حیزبی دێموکرات و بە گشتی بزووتنەوەی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان هان بدات.

بەڵام بێ گومان ئەم پیلانەش وەک پیلانەکانی رابردوو، بە وشیاریی هەموو لایەک، پووچەڵ دەبێتەوە و سەرەنجام حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە ئاکامی دڵخواز دەگات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---

## رۆڵ و دەوری مامۆستایانی ئایینی لە بزووتنەوەی رزگاریی خوازیی خەڵکی کوردستاندا

هەر لەو کاتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان بە زەبر و زەنگ و کوشت و کوشتار، دەسەڵاتی خۆیان بە سەر خاک و خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە، خەڵکی کوردستانیش بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بۆ رزگار بوون لە ژێردەستیی و دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی دەستی بە خەباتێکی نەپساوە و بەردەوام و، لە هەمان کاتدا پر تێچوو کردوە. خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە سەدەکانی رابردووە و تا ئێستا شێواز و قۆناغی جۆراوجۆری بە خۆیەوە دیتووە. ئەوەی دەمانهەوێ لەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی، هەم لە قۆناغەکانی رابردوو و هەم لەم سەردەمەی بە رێکخراو بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا، وەک هێزێکی کاریگەر و نیشتمانپەروەر، نەک هەر رۆل و دەوری بەرچاویان هەبووە، بەڵکوو لە چەندین برگەی زەمەنیی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، پێشەنگایەتی بزووتنەوەکەشیان کردووە و حازر بوون کە بە سەخاوەتەوە گیانی خۆیان فیدای رزگاریی کوردستان و مافە رەوا و ئینسانیەکانی تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان بکەن.

چونکە بە حەق و بە رەوا، ئەو مامۆستا نیشتمانپەروەرانە پێیان وابوو کە نەک هیچ دژایەتیەک لە نێوان بیر و باوەر و ئەرکی ئایینی و هەوڵدان بۆ سرینەوەی زوڵم و زۆرداریی داگیرکەرانی خاک و نیشتماندا بەدی ناکرێ، بەڵکو پێیان وابوو کە ئەوە ئەرکی سەرشانی کەسانی خاوەن بروا و ئیماندارە کە زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی وڵات قبوڵ نەکەن و بەگژیدابچنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو داگیرکاریە لە ژێر ناوی دین و بە بیانووی سەپاندنی رێوشوێنە ئایینیەکانیش بووبێ. هەر بۆیە دەبێ بە پێزانینەوە باس لە رۆڵ و نەقشی ئەو مامۆستا بەرێزانە بکەین کە لە هەلومەرجە سەختەکاندا چ وەک تێکۆشەری راستەوخۆی نێو سەنگەری خەبات و تێکۆشان لە مەیدان دابوونە، چ وەک پێشنوێژ و رێبەری ئایینی، لە مینبەری مزگەوتەکانیشدا، خەڵکیان بۆ بەرگری لە ماف و داخوازیەکانیان هان داوە.

ئەگەر هەر ئاورێکی کورت وەسەر مێژووی نە چەندان دووری بزووووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی "رۆژهەڵاتی کوردستان" بدەین، دەبینین کە دامەزرێنەری یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی لە سەر دەستی کەسایەتی ئایینی و بلیمەتی کورد، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و زۆریشی نەخایاند کە وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان دەستبەکار بوو و دواتریش بە سەخاوەتەوە لە پێناو بەرگری لە خاک و خەڵکی وڵاتەکەی گیانی بەخشی. جگە لەوە، کێ هەیە ئاگای لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی رزگاریخوازنەی حیزبی دێموکرات بێ و نەزانی کە چەند ساڵ دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

مامۆستایانی ئایینی و نیشتمانپەرەوەر بوون کە بە شی هەرە زۆری حوجرەکانی کوردستانیان کردبوو بە قوتابخانەی وانەی کوردایەتی و، فەقێکانیان بە بیرو باوەری ئایینی و نەتەوایەتی گۆش دەکردن و بەم شێوەیە بە گژ دەسەڵاتی ڕەشی حکومەتی پاشایەتیدا دەچوونەوە و، بە کردەوە، حوجرەکان ببوونە ناوەندی خەباتی نەتەوایەتی و بەرخۆدان.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و پەلاماردانی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە، دیتمان کە مامۆستایانی ئایینی ئەمجارەش لە زۆر شوێن و جێگا نەک هەر بەشداری خەبات و بەرخۆدان دژی ڕێژیمی خومەینی بوون، بەڵکو لە زۆر حاڵەت و دەرفەتدا پێشەنگایەتی ئەوە بەرەنگاریەشیان کردوە و بە دەیان و سەدان کەسیان، چەک لە شان و گیان لە سەر لەپی دەست، تێکەڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

کەم نین ئەو مامۆستایانەی کە بە سەخاوەتەوە گیانیان بەخشی و تاجی سەروەری و شەهید بوونیان خستە سەر سەریان. هەروەها کەم نین ئەوانەی کە تا دوا هەناسەی ژیانیان وەفادار بە ڕێبازی پێشەوا قازی مانەوە و سەرەنجام هەر لە درێژەی ئەو خەبات و ڕێبازەدا ماڵاواییان لە ژیان و هاوسەنگەرانیان کرد و ئەرکی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارییان بۆ هاوسەنگەران و ماموستایانی ئایینی و نیشتمانپەروەر بە جێ هێشتوە. ئەرکێک کە وێدەچی بڕێکیش لە رابردوو قورستر بێ. چونکە ئێستا ئەگەر لە لایەک ئاسۆی خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان زۆر لە رابردوو ڕوونتر و گەشترە، لە لایەکی دیکەش کۆماری ئیسلامی هەم لە ناوچەکە بە گشتی و هەم لە دژی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، کۆمەڵە پیلانێکی زۆر دژوار و هەستیاری بە دەستەوەن. یەکێک لەو پیلانانەش، بێگومان ناکۆکی دروست کردنی ئایینی و مەزهەبیە لە نێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستاندا. ڕێژیم دەیهەوێ کە بە هەر جۆرێک بێ، بەرگێکی مەزهەبی بە بەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستاندا بکات و بیخاتە خانەی ئەو ململانێ مەزهەبیەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی سەبەبکاریەتی و ئێستا لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خەڵکی بە گژ یەکدا کردووە و ئەو وڵاتانە بوونەتە گۆمی خوێن. هەر لە راستای بە ئاکام گەیاندنی ئەو پیلانەشە کە سەردەمدارانی ڕێژیم ماوەیەکە نێوە نێوە باس لە پێوەندی و بەستراوەبوونی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بە وڵاتی عەرەبستانی سەعودیەوە دەکەن. لەم هەرا هوریایەشدا ڕێژیم دەیهەوێ زیاتر بیر و رای توندئاژۆکانی کۆمەڵگای شیعە مەزهەبی ئێران لە دژی حیزب و ڕێکخراوەکانی خەڵکی کوردستان هان بدات. جگە لەوە دەیهەوێ بەم شێوەیە بە هاونیشتمانی کوردی شیعە مەزهەب و کوردانی یارسان و پەیرەوانی دین و مەزهەبەکانی دیکە کوردستان بڵێت کە ئەو بزووتنەوەیە هی ئێوە نیەو، ئەمانە شەڕی مەزهەبێکی تایبەت لە دژی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

بە وەبەر چاو گرتنی ئەم پیلانەی ڕێژیمە کە پێمان وایە ئەرکی ماموستایانی ئایینیی سەرجەم ئایین و ئایینزاکان، لە جاران قورسترە. چاوەروان دەکرێ کە پێشنوێژان و ڕێبەرانی ئایینی و مەزهەبیی لە کوردستان، زۆر وشیارانە بە گژ ئەو پیلانەی ڕێژمدا بچنەوە و بە هێچ جۆر مەجال نەدەن کە ڕێژیم درز بخاتە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی

کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان وەک نەتەوەی کورد، بە سەرجەم ئایین و مەزهەبەکانیەوە لە لایان کۆماری ئیسلامیەوە زوڵم و غەدری لێدەکرێ. چاوەروان دەکرێ کە مینبەری مزگەوت و پەرستگاکان، شان بە شانی سەرجەم سەنگەرەکانی دیکەی خەبات، هەر وەک رابردوو وێرای بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکان، وانەی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەرییان تێدا بگوترێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## ریفراندۆم؛ دەرئەنجام و کاردانەوەکان

ریفراندۆمی باشووری کوردستان لە ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ بۆ سەربە خۆیی، یەکێک لەو ڕووداوانەی جیهانە کە تا ئێستا زۆرترین کاردانەوەی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەمەش هەم پێوەندی بە هەڵکەوتەی جوگرافیای هەیە و هەم پێوەندی بەو غەدرە مێژوویەوە هەیە کە سەدان ساڵە لەو ناوچەیە دەرحەقی خەڵکی کوردستان کراوە و تا ئێستا ش بەردەوامە.

کە باسی هەڵکەوتەی جوگرافیایی دەکەین لازمە لە دوو بواردا سەرنج بدەینە بابەتەکە. ئێستا ئیتر کەم کەس هەیە نەزانێ کە کوردستان(لێرەدا مەبەستم کوردستانی باشوورە) لە بواری جوگرافیایی لەم بەشە لە کورەی زەوی هەڵکەوتوە کە پرە لە داهاتی سروشتیی ژێر زەوی و سەر زەوی، کە ئەمەش وای کردوە لە دێر زەمانەوە، دەستەڵاتەکانی دوور و نزیک چاوی تەماعیان تێبریوە و هەر لایەنە و، ویستوویەتی بەشێک لەو سەروەتە سروشتییە بۆ خۆی بە تاڵان بەرێ. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو، لە گەرمەی شەری یەکەمی جیهانیدا کە لە ئەساسدا بۆ دابەش کردنەوەی جیهان بوو لە بەینی زلهێزەکاندا، پەیمانی "سایکس پیکۆ" لە بەینی بریتانیا و فەرانسە مۆر کرا و دواتر چەند پەیماننامەی دیکەشی بە دوادا هاتن و بەو شێوەیە کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بە سەر سێ دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیە، سوریە و عێراقدا دابەش کرا. دابەش کردنێک کە خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پێ رازی نەبووە و لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ سڕینەوەی ئەوە غەدرە مێژوویە کە لێی کراوە، بەردەوام لە خەبات و تێکۆشاندا بووە، خەبات وتێکۆشانێک کە بێ گومان نرخێکی یەکجار زۆری لە پێناودا دراوە، نرخ و تراژیدیایەک کە قەلەم لە ئاست نووسینیدا کۆڵەوارە!

بەو وەبەر چاوگرتنی ئەو پێشەکییە کورتە بۆمان مەعلوم دەبێ کە بۆچی ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان ئەو هەمووو کاردانە "نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەی" بە دوای خۆیدا هێناوە.
دەکرێ دەرئەنجام و کاردانەوەکان بە سەر سێ دەستەی نێو خۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا دابەش بکەین کە بێ گومان هەر یەکێک لەو سێ دەستەیەش لە نێو خۆیی دا بە سەر دووبەرەی "نێگەتیڤ و پوزەتیڤدا" دابەش دەبن.

### دەرئەنجامە بەراییە نێو خۆیەکان:

١- بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا، بە شیوەی رەسمی و تەواو دێموکراتیک دەنگی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سندووقەکانی دەنگداندا، تێکەڵی دەنگی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بوو، هەموان بە یەکەوە هاواریان کرد کە سەربەخۆییان دەوێ و دەخوازن دەوڵەتی کوردستان بونیاد بنێن و بۆ خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی خاکی خۆیان بن، تا ئیزن نەدەن چیتر داهاتی ئەو سەروەت و سامانەی کوردستان لە دژی خۆیان بە کار بهێنرێتەوە.

٢- هەر چەند هەرگیز هەستی سەربەخۆییخوازیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لاواز نەبووە، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە ئەم ڕیفراندۆمە ئەو هەستەی زیاتر جۆش دا و، ئێستا هەر تاکێکی کورد بە شانازیی زیاترەوە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات.

٣- بە زۆر هۆ، کە لێرەدا ناکرێ ئاماژەیان پێ بکەین، یەک دوو ساڵ بوو کە لە باشووری کوردستان، ململانێ سیاسیەکان بە ئاقارێکی خەراپدا ڕۆیشتبوون و دردۆنگی و ناتەبایی باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشا بوو. ئەم ناتەباییەش لە لایەک زۆر قەیرانی سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیشی بە دوایدا خۆیدا هێنابوو، لە لایەکی دیکەشەوە ببوە هۆی جۆرێک لە بۆشایی و کەلێن، کە لەو کەلێنانەدا دوژمنانی جۆراوجۆری کوردستان توانیبویان نفوز بکەن تا هەم کەلێنەکان بەرفرانتر بکەن، هەم زیاتر چی پێی خۆیان قاییم بکەن.

بەڵام بە خۆشیەوە پرۆسەی بەرێوە چوونی ڕیفراندۆم، بوو بە هۆی دروست بوونەوەی جۆرێک کۆ دەنگی سیاسی و نیشتیمانی و کارا کردنەوەی پارلمانیش کە دوو ساڵ بوو دەوامی نە دەکرد. هەر چەند تاکی دڵسۆزی کوردستان هیوادار بوو کە ئەم کۆدەنگیە گشتگیرتر بایە و هیچ کەس و لایەنێک لە دەرەوەی بازنەی کۆدەنگیکە نەبان. کەچی مخابن تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بێ کەم کوری نیە، بۆیە هیوادارین کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان زیاتر سەرنج بخەنە سەر ئەو کەلێنەوە و هەوڵی پر کردنەوەی بدەن.

٤- گەڕانەوە بۆ ڕا و دەنگی جەماوەر، یەکێکی دیکە لەو خاڵە سەرنج ڕاکێشانەیە کا ناکرێ ئاماژەی پێ نەکرێ. ئێستا ئیتر تاکی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر هەست بە بوونی خۆی دەکات. دەزانێت کە بۆ خۆی بڕیاری لە چارە نووسی خۆی داوە و ئامادەشە قبوڵی دەست کەوت و لێکەتەکانی بکات. با هەر لێرەدا ئاماژە بە وەش بکەم کە خەڵکی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی خۆیان لەوە دڵنیا کردەوە کە لە کاتی یەکدەنگی ئەواندا و کار کردن بۆ چارە سەری پرسە نیشتیمانیەکان، ئەوان تەنیا نین و جەماوەری خەڵکی کوردستان پشتیوانیانە. بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێن: ڕیفراندۆم لێک گرێدانی دەنگی ڕەسا و مافخوازنەی کۆمەڵانی خەڵک و قرمەی چەکی دەستی پێشمەرگەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێی ڕێی ڕزگاری نیشتیمان بوو

٥- یەکێک لە دەرئەنجامە هەرە باشەکانی ئەم ریفراندۆمە ئەوە بوو کە خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد. بەشداری کردنی ئەو ناوچانە کە لە راستیدا بە تاکتیکێکی زۆر دەقیق بەرەو پێش چوو، گرێ کوێرەی چەندین ساڵەی ئەو ناوچانەی کردۆتەوە. دەنگدانەکە لەو ناوچانە کاتێک زیاتر پر مانا دەبێ کە سەرنج بدەین بەشێکی زۆر لە عارەب و تورکمان و ئاشووری و... سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە شان بەشانی کوردەکان دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان و، کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە داوە. نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەو ناوچانە و لە سەرووی هەموویان کەرکووک، خاڵی جێگەی سەرنجی هەموو جیهان و بە تایبەت عێراق و تورکیە و ئێرانن.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا با ئاماژە بەوە بکەم، هەروەک لە سەرەتاوە باسم کرد، لە هەر سێ بواری نێو خۆیی، ناوچەیی و جیهانی دا خاڵی باش و خەراپ دیارن. خاڵی دیار و لاوازی ئەو ریفراندۆمە کە بکرێ لە بواری نێو خۆیی دا باسی بکەیەین ئەوەیە کە مخابن دەرسەدێکی جێگەی سەرنج لە پرۆسەی دەنگداندا بەشداریان نە کردبوو. لە هەڵبژاردنە نێو خۆیی، پارلمانی و شوراکان یا سەرۆکایەتیشدا رەنگە کەس ئەو چاوەروانیەی نەبێ کە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، بەڵام گومان لە وەدا نیە کە بۆ پرسێکی ئاوا چارە نووس ساز چاوەروان دەکرا کە خەڵکێکی زۆر زیاتر بە بەڵی بەشداری دەنگ دانەکەیان کردبا. لەوەش خەراپتر ئەوە بوو کە مخابن گرووپێک بە ناوی "نەخێر لە ئێستادا" زۆر بە جیددی لە دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان چەواشە کارییان کرد و هەوڵیان دا کەسانێک بە لارێدا بەرن.

## ریفراندۆم؛ دەرئەنجام و کاردانەوەکان

### (عێراق)

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا ئاماژەم بە دەرئەنجامە نێوخۆییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد. بۆیە لەم بەشەدا ئاماژە بە دەرئەنجام و کاردانەوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەم. با لە عێراقەوە دەست پێ بکەین.

لە سەر ئاستی عێراق هەروەک چاوەروان دەکرا، لە یەکەم کاردانەوەدا زۆر زوو هەستی شۆڤێنیستی و ئینکار، بە سەر مەنتیق و مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێو نەتەوەیەکاندا زاڵ بوو. بە پێچەوانەی ئەو دەستوورەی کە پێشتر لە سەری رێککەوتبوون و قەرار وابوو کە وڵات بە شێوەی دێموکراسی "تەوافوقی" بەرێوە بچێت، زۆر زوو ئەو تەوافووقەش وەک زۆر رێککەوتنی دیکە پشتگوێ خرا و بە کەڵک وەرگرتن لە "بیدعەتی" سیاسەتی زۆرینەو کەمینە، کۆمەڵە بریارێکی نادەستووری و نا بەرپرسانەیان لە دژی خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، دەر کردن. لێرەدا بێ ئەوەی یەک بە



سەرچاوە
Serchawe

یەک باسی ئەو بڕیارانە بکەم کە  پارلمانی عیراق داونی و تا کاتی ئەم نووسینەش هەر خەریکی دەرکردنی بریاری دیکەن لە دژی خەڵکی کوردستان، پێموایە خودی ئەو بریارانە پرۆسەی گەیشتنی هەرێمی کوردستان بە سەربەخۆیی خێرا تر دەکەن. چوونکە ئەگەر لە لایەک دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە شێوەیەکی زۆر دێموکراتیک و سەردەمیانە لە ٢٥ی ٩دا بە ڕێژەیەکی زیاتر ٩٠% دەنگیان بە جوودا بوونەوە لە عیراق دا، ئەوە لە لایەکی دیکەوە خودی دەستەڵاتدارانی بەغدا بەو کردەوە زۆر ناسەردەمیانەیان خەریکن هەموو ئاڵقەکانی پێوەندی نێوان بەغدا و هەولێر دەپسێنن و ئەگەر ئەو ڕەوتە هەر ئاوا ئیدامەی هەبێ، بێ ئەوەی "مەبەستیان" بێت بە کردەوە مل بۆ ئیرادەی دەنگی خەڵک رادەکێشن. چوونکە ئەو ڕەوتەی ئەوان گرتویانەتەبەر، ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنەکان قوڵتر و مەوداکان بەرفراوانتر دەکات.

دەزانین کە جگە لەو بریارە سیاسی و نادەستووریانە، لە سەر ئاستی ناوچەکەش و بە تایبەت لەگەڵ دوو دەوڵەتی دیکەی داگیرکەری کوردستان واتە تورکیە و ئێران کەوتوونەتە پیلان گێران لە دژی خواستی ڕەوای خەڵکی کوردستان.

**بەڵام با بزانین عێراق لە چی نیگەرانەو بۆ چی ئاوا سەرسەختانە کەوتۆتە پیلان گێران. ڕەنگە هۆکار زۆربن، بەڵام بە بڕوای من دەکرێ لە چەند خاڵی جەوهەریدا خولاسە بکرێنەوە.**

**یەکەم**: لەو کاتەوە کە حکومەتی عیراق دروست بووە، وەک زەروو دەمی لە خاک و سەروەت و سامانی کوردستان ناوە و بەر و بوومی سەرزەوی و ژێر زەوی ئەو وڵاتەی بە تاڵان بردوە. بەڵام بە سەربخۆ بوونی کوردستان، ئیتر چیدیکە ئەو دەرفەتەیان نابێت قوتی مندالان و نەوەکانی داهاتووی ئەم خەڵکە بۆ خۆیان بەرن.

**دووهەم**: ئەوان لەوە نیگەرانن کە سەربخۆ بوونی ئەم بەشەی کوردستان دەبێتە ڕێ خۆشکەر بۆ بەرز بوونەوەی ویستی سەربخۆیی خوازیی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، کە لەو حاڵەتەدا حکومەتێکی بە هێزی کوردستانی لە ناوچەکەدا شکڵ دەگرێ و لە بواری ئابووری، سیاسی، نیزامی و پەیرەو کردنی دێموکراسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پێکەوە ژیان و پێگەی نێو نەتەوەیی، لە ئەوان بە هێزتر دەبێ. شایانی باسە کە ئەمە ترسی هاوبەشی هەر چوار دەوڵەتی داگیر کەری کوردستانە.

**سێهەم**: بە سەربەخۆ بوونی کوردستان، حکومەتی عێراق سنووری هاوبەشی لەگەڵ وڵاتی تورکیە نامێنێ. لەو سۆنگەیەشەوە عێراق شادەمارێکی گرینگی ئابووری و ئاڵ و گۆری بازرگانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ، لە دەست دەدات.



سەرچاوە
Serchawe

**چوارەم**: حکومەتی مەزهەبیی ئێستای عێراق ترسی ئەسڵی و نیگەرانیی جیددی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ پرۆسەی سەربەخۆ بوونی کوردستانی باشوور، عەرەبە سوونەکانی عێراقیش داوای ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، یا هەر نەبێ داوای هەرێمی سەربەخۆی خۆیان بکەن. ترسێک کە ئێستا زۆر بە جوانی لە گۆشە و کەناری ناوچە سوننی نشینەکانی عێراق بە باشی خۆی دەرخستووە. لە سەر ئەو بڕوایەم کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئەو خۆ دەرخستنەی عەرەبی سوونە بۆ سنوور دانان لە بەینی خۆیان و عەرەبی شیعەدا(دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی) زۆرتر دەر دەکەوێ. کە ئەمەش لە بەرژەوندی ئاکامی ریفراندۆمی کوردستانی باشوور دایە.

**پێنجەم**: بە لە دەست دانی کوردستان و سەرئەنجام لە دەست دانی عەرەبی سوننەش، عێراق ئەو پێگە سیاسیەی پێشووی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت لە لای تورکیە و ئێران نامێنێ. چوونکە تا ئێستاش لە هاوکێشە سیاسیەکاندا وەک یەکیک لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بە سەردا دابەش کراوە، رۆڵی لە ململانێ سیاسیەکاندا بەرچاو گیراوە.

هەر لەم بەشدا نابێ لەوەش غافڵ بین کە حکومەتی مەزهەبیی (شیعە) لە نێو زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبیدا کە سوننە مەزهەبن، نەک پێگەیەکی ئەوتۆی نابێ، بەڵکوو وەک حکومەتێکی ژێر فەرمانەکانی ئێران حیسابی بۆ دەکەن و رۆژ بە رۆژ زیاتر لە دونیای وڵاتانی عەرەبی دادەبڕێ. کە ئەمەش دەبێتە زەربەیەکی دیکە لە پێگەی سیاسی حکومەتی عێراق.

**شەشەم**: حکومەتی عێراق لە ژێر گوشارێکی زۆری ئێراندایە تا پێشگیری بکات لە سەربخۆ بوونی کوردستان. چوونکە بێجگە لەو خاڵانەی دیکە کە ئاماژەم پی کردن، دەوڵەتی کوردستان بەربەستێکی گەرە دەبێت لە بەردەم ستراتیژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا کە خۆی لە دروست کردنی هیلالی شیعە و پێکەوە بەستنەوەی ناوچە جێ نفوزیەکانی دا دەدیتەوە. کە بێ گومان لەو رێگەوە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە کەڵک وەر گرتن لە هەستی مەزهەبیی، دەستی بە سەر بەشێکی زۆر لە سەروەت و سامانی ئەو ناوچانە را بگات.

بە وەبەر چاو گرتنی ئەو خالانەو بەرژەوەندی زۆر لایەنی دیکەش، کە نابێ حیسابیان بۆ نەکری، دەبینین کە کێشەکە تەنیا پێوەندی بە کوردستانی باشوور و حکومەتی بەغداوە نیە. هەر بۆیەش وەک کاردانەوە بە ریفراندۆمی خەڵکی باشووری کوردستان، حکومەتی عێراق ناتوانێ بێ وەبەر چاو گرتنی سەرجەم هاوکێشەکان، هیچ کاردانەوەیەکی لشکریی لە دژی خەڵکی کوردستان لە خۆی نیشان بدات. واشی بۆ دەچم کە ناچار دەبێت بەو بریارانەشدا بچێتەوە کە لە کاتی شۆکی ریفراندۆمدا بە پەلە پروزە و دوور لە مەنتیق داونی، ئەگینا دەرئەنجامەکان بە زەرەری خۆی دەشکێنەوە و تازە ناتوانێ پێش بە دابەش بوونی عێراق بگرێ. ئەو دابەش بوونە چ لە سەر بنەمای سەربەخۆیی بێ یا کۆنفیدراڵی، هەر روو دەدات. ئەگەر حکومەتی مەزهەبیی عێراق برێک زوو بە خۆیدا بێتەوە و ئەوەی روو دەدات قبوڵی بکات، وێ دەچێ بۆ ماوەیەک سێ

حکومەتی کۆنفیدرالی عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کوردستان لە چوار چێوەی ولاتێکدا کە ناوی عێراقە بە یەکگرتووی بمێننەوە و بەو شێوەیە بۆ چوونی ولاتانی خاوەن بەرژەوەندیش کە باس لە یەک پارچەیی عێراق دەکەن دێتە دی. لە غەیری ئەوەدا وێ دەچی کە بەشی زۆری شار و ناوچە سوننی نشینەکان داوا بکەن بێنە نێو چوارچێوەی حکومەتی کوردستان و بەو شێوەیە حکومەتیکی تازە لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست دەبێتە ئەمری واقع.

## ریفراندۆم؛ دەرئەنجام و کاردانەوەکان

لە سەر ئاستی ناوچەدا، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ریفراندۆم ئەوە بوو کە بۆ جارێکی دیکەش سێ دەوڵەتی ناوچەکە، واتە تورکیە، عیراق و ئێرانی نەک هەر لێک نزیک کردەوە و دەنگی ئەوانی لە دژی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور یەک خست، بەڵکو بووە هۆی ئەنجامدانی مانۆری سەربازیی هاوبەشی عیراق لە سەر سنوورەکانی کوردستانی باشوور، هەم لەگەڵ ئێران و هەم لەگەڵ تورکیە. ئەم مانۆرە سەربازییانە، نیشاندانی بازووی نیزامیی ئەو ولاتانە بوو بە هەرێمی کوردستان و هەرشە بوون بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەزانین لە سالانی رابردوودا ناکۆکی قووڵ هەبووە لە بەینی تورکیە لە گەڵ عێراق و ئێراند.

لە راستیدا، ریفراندۆم ئەو ولاتانەی تووشی هەژانێکی ئەوتۆ راچڵەکێن کردوە کە بە جارێک دەست و پێی خۆیان ون کردوە و رووی راستەقینەی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور و جیهان نیشان داوە. ئاخر لە بیرمانە کە تا ئەم دوایانەش تورکیە و ئێران چۆن لافی دۆستایەتی خەڵکی کوردستان و حیزب و رێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستانیان لێ دەدا. یەکیان لە پێشوازی سەرۆکی هەرێمدا ئالای کوردستانی لە ئیستانبوڵ هەڵ دەکرد و ئەوویترشیان لافی ئەوەی لێدەدا کە تەنانەت ئەوان کوردستانیان لە هێرشی داعش پاراستووە.

کاتێک زیاتر هەست بە قورسایی کاریگەریەکانی ریفراندۆم لە سەر کاربەدەستانی ئێران و تورکیە دەکرێ کە برێک وردتر بیر لە قسەی سەرکردەو دەمراستەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بکەینەوە.

ئۆردوغان سەرۆک کۆماری تورکیە دەڵێ مەسعود بارزانی(سەرۆکی هەرێمی کوردستان) خەیانەتی لێ کردین. خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەڵێ ریفراندۆم خەیانەتە بە ناوچەکە. جا ورد بوونەوە لەو دوو لێدوانانە بەسە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن کە چ هەنگاوێکی دروست و نیشتیمانی و رەوایان لە پێناو سەربەخۆییدا هەڵێناوە. چوونکە بێ گومان تاکتیک و رەفتارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیە، لە بەرژەوەندی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کوردستان تەواو بوونە، هەر بۆیەش سەرۆک کۆماری تورکیا بە خەیانەت کردن ناویان دەبات. هەروەها کاتێک رێبەری



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی ریفراندۆم بە خەیانەت ناو دەبا، بەو مانایەیە کە ئەو ریفراندۆمە لە لایەک تەلەسمی دروست بوونی دەوڵەتی کوردستانی شکاندوە، لە لایەکی دیکەش بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم پیلان و ئاژاوەگێریەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا داناوە. ئەوە جگە لەو ترسەی کە هەردوو وڵات لە دەرئەنجامی ریفراندۆم و گەشەسەندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان لە باکوور و رۆهەڵات هەیانە. ئەو ترسەش کاتێک زیاتر دەر دەکەوێ کە دەبینین کەسانی وەک عوسمان بایدەمیر، چۆن مێرانەوە و چاو نەترسانە لە پارلمانی تورکیادا دەبنە دەنگی رەسای ریفراندۆمی کوردستان باشوور و سیاسەتەکانی تورکیە لەم پێوەندیەدا شەرمەزار دەکەن. یا لە کوردستانی خۆرهەڵات دیتمان کە چۆن خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان لە خۆشی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم رژانە سەر شەقامەکان و پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، خۆشحاڵیی خۆیان بۆ سەرکەوتوو بوونی پرۆسەکە دەر بڕی. ئەو خۆشحاڵیە ئەوەندە بەرچاو و گشتگیر بوو کە خۆی لە خۆیدا ریفراندۆمێکی رانەگەیاندراو بوو بۆ ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستانیش. هەروەها دیتمان کە زیاتر لە ٧٠ کەس لە وەکیلەکانی کوردستانی خۆرهەڵات لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا روانگەی خۆیان بۆ هەموو لایەک خستە روو.

لە سەر ئەو بروایەم کە ئەگەر چی ئێران و تورکیە بە پێی ئەو کارتە ئابووری، سیاسی، نیزامی و جوگرافیانەی کە بە دەستیانەوە هەن، دەتوانن بۆ ماوەیەک گرفت بۆ خەڵکی کوردستان و پرۆسەی بە دەوڵەت بوونی کوردستانی باشوور دروست بکەن، بەڵام گومانم لەودا نیە کە سەرئەنجام بە هۆی خۆراگری خەڵکی کوردستان و سیاسەتی دروستی سەرکردایەتیە سیاسیەکەی و پشتیوانیی دۆستە ستراتیژیکەکان، ئەمجارەش پیلانەکانی ئێران و تورکیە و باقی نەیارەکان، بێ کەڵک دەکرێن و ناچار دەبن کە درەنگ یا زوو قبوڵی ئەو حەقیقەتە بکەن کە روو دەدات. چوونکە هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کردوە، راستە کە تەنیا چەند ملیۆن کەسێک لە پرۆسەکە دا بەشدار بوون و باس لە سەر بە خۆیی ناوچەیەکی بچوکی رۆژهەلاتی ناوەراستە، بەڵام لەم ناوچە بچوکەدا کۆمەڵێک بەرژەوەندی گەورەی "شەرق و غەرب" بە شێوەیەکی ئەوتۆ بوونیان هەیە کە دەست بۆ بردنیان و حیساب بۆ نەکردنیان، یاری بە ئاگرە. پێشموایە کاربەدەستانی ئێران و تورکیەش باش ئەمە دەزانن، هەر ئەوەشە ئەوانی ئاوا شۆک و دەستەوەستان کردوە.

**لە سەر ئاستی جیهان، من هەڵوێستەکان زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا دەبینم نە ک بە پێچەوانە.**

ئەگەرچی هێندێک لە وڵاتان و لە سەرووی هەموویان ئەمریکا لەوە بە گلەیین کە بە قسەی ئەوان ریفراندۆم دوا نە خراوە، بەڵام هەموو لایەک دەزانن کە خەڵکی کوردستان جگە لەوە کە لە پرۆسەیەکی تەواو دێموکراتیکدا داوای مافی رەوای خۆی کردوە، هیچ خەتایەکی نادێموکراتی و نا دەستووری نەکردوە تا لەو سۆنگەیەوە سەر کۆنە بکرێن یا سەزا بدرێن، بۆیە پێم وایە کە بەرە بەرە لە بواری نێو نەتەوەیشدا هەڵوێستەکان بە قازانجی خەڵکی کوردستان و دانان بە ئاکامەکانی ریفراندۆم دەشکێتەوە. چاشنی ئەوە ئاڵ و گۆرانەش لەوەدا دەر دەکەوێ کە هەم شورای ئەمنیەتی رێکخراوی

نەتەوەیەکگرتوەکان و هەم ئەمریکا و وڵاتانی بریار بەدەستی ئوروپایی پێ لە سەر ئەنجامدانی وتوویژی بونیاد نرانەی نێوان بەغدا و هەولێر دادەگرن. ئەوش خواستێکە کە بەر لە ریفراندۆم، سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان هەم باسی کردوە و هەم پێی لە سەر داگرتووە. بەو شێوەیە دەبینین کە وێ چوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ساسیەتی سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی باشووری کوردستان و بریاربەدەستان و زلهێزەکانی جیهاندا. بە تایبەتیش کە لە چەند رۆژی رابردوودا دیتمان سەرۆک کۆماری فەرانسە بە شێوەیەکی رەسمی ئەو پێشنیهادەی خستۆتە بەردەم حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

**ئەوە کە فەرانسە بە شێویەکی رەسمی لەم بوارەدا دەستپێشخەری کردوە، لە سێ بواردا گرینگی تایبەتی هەیە.**

**یەکەم**؛ ئەوە کە بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە بیرمان بێت کە فەرانسە سەد ساڵ بەر لە ئێستا یەکێک لە دوو لایەنی واژۆکەری پەیماننامەی سایکس پیکۆ بوو کە بووە هۆی دابەش بوونی کوردستانی عوسمانیی ئەوکات. ئەوان دەزانن کە سایکس -پیکۆ چیتر بوردی نەماوە و بە ریفراندۆمی کوردستانی باشوور، درزی گەورە کەوتۆتە ئەو دیوارانەی کە ئەوان سەد ساڵ بەر لە ئێستا لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دروستیان کردن. بۆیە ئێستا فەرانسە دەی هەوێ هەم رۆڵی هەبێ لە قەرەبوو کردنەوەی ئەو غەدرە مێژوویەی کە ئەوکات لە کورد و ناوچەکەیان کرد، هەم رۆڵی هەبێ لەو شکڵگیریە سیاسی، جوغرافیایەی کە ناوچەکە بە خۆیەوە دەبینێ.

**خاڵی دووهەم**؛ کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بە خۆشیەوە دەیان ساڵە کە سەرکردە سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە گشتی، توانیویانە پێوندیەکی پتەوەی سیاسی لە گەڵ حکومەتی فەرانسە و کەسایەتیە دیارەکانیان پێک بێنن و هەڵوێستی دۆستانەی فەرانسەیەکان بۆ لای مەسەلەی کورد رابکێشن. دەرکەوتنی وەزیری پێشووی دەرەوی وەلاتی فەرانسە لە ئاخرین رۆژی بانگەشەی گشتپرسی لە شاری هەولێر لە تەنیشت سەرۆکی هەرێم، بەڵگەیەکی دیاری ئەم پێوەندیە سیاسیەیە کە دەمێکە بناخەی دانراوە. ئەمەش دەبێ وەل خاڵێکی گرینگ بە قازانجی بە ئاکام گەیاندنی ریفراندۆم کەڵکی لێ وەر بگیردرێ. بە تایبەتیش کە فەرانسە ئەندامی داییمی شورای ئەمنیەتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

**خاڵی سێهەم**؛ لە پێوەندی لەگل فەرانسەدا ئەوەیە کە راست لە گەرمەی ئەوە کێشەو ملمانێیەی ریفراندۆمدا، ئەو ولاتە، سەرۆکایەتی شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتەوەکانی دەکەوێتە دەست. ئەمەش دەرفەتێکە کە رێبەرانی سیاسی باشووری کوردستان نابێ لە دەستی بدەن و هەوڵ بدەن کە لە رێگەی دۆستە فەرانسەیەکان مەسەلەی پشتیوانی کردن لە سەربەخۆیی کوردستان و دانان بە ریفراندۆمەکەی، بکەنە مەوزوعی ئەو ناوەندە گرینگەی نێو نەتەویی.

هەر لە بواری کاردانەوە نێو نەتەوەیەکاندا لازمە ئاماژە بە هەڵوێستە موسبەتەکانی روسیە بکەین، کە هەم پێش ریفراندۆم و هەم دوای ریفراندۆم بە راشکاوی رای گەیاندون. ئەگەر چی روسیە تا ئێستا بە رەسمی پشتیوانی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان باشوور رانەگەیاندوە، بەڵام هەر ئەوە کە دەڵی رێز لە خواستی خەڵکی کوردستان دەگرین و، هەر ئەوە کە لە گەرمەی ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەڵوێستە توندەکانی عێراقدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی روسیە دێن قەراردادی نەوت و گاز لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا دەکەن و دەشڵێن کەس رێگر نابێ لە کارەکانمان، دەبێ لە لایەک وەک سەرەتای دانپێدانانێکی نافەرمی حیسابێ بۆ بکرێ، لە لایەکی دیکەش هوشداری دانە بە تورکیە کە بیر لە بەربەست دروست کردن بۆ هەناردەی نەوت و گازی کوردستان نەکاتەوە. ئەو نەوت و گازەی کە روسیە سەرمایەکی زەبەلاحی تێدا سەرف کردوە و حیسابێکی زۆری بۆ داهاتەکەی کردوە.

لە بیرمانە کە روسیەش یەکێک لە ٥ ئەندامەکەی شورای ئەمنیەتە. کەوا بوو جارێ هەر هیچ نەبێ روسیە و فەرانسە وەک دوو وڵاتی شوێندانەر لە سیاسەتی جیهانیدا، تێگەیشتنی باشیان بۆ ریفراندۆم و ئاکامەکانی هەیە.

لای هەموان روونە کە لە دونیای سیاسەتی جیهانیدا ئەمرۆ زۆرتر چاوەکان لە سەر ئەمریکان. هەم وڵاتان و هەم خەڵک بە گشتی بۆیان گرینگە کە بزانن هەڵوێستی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکاندا چۆن دەبێ و چ دەڵێ.

بێ گومان ئەمریکا وەک وڵاتێکی زلهێز و لە زۆر بواردا یەکلاکەرەوە، لە زۆر شوێنی جیهان و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بە دووی بەرژەوەندیە ئابووری، سیاسی و نیزامیەکانی خۆیدا دەگرێ. بێ گومان بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەت و تاکتیکی کورت ماوە و درێژەن خایەنی هەن. پرۆژە ستراتیژی و درێژخایەنەکانی وڵاتێکی وەک ئەمریکا، جاری وایە بۆ دەیان ساڵ بەرنامەرێژیان بۆ دەکرێ و تەنانەت ئاڵ و گۆر لە پۆستی سەرۆک کۆمارییشدا کاریگەریەکی ئەوتۆی لە سەر گۆرینی ئەو ستراتیژیە نابێ، ئەوەی کە ئاڵ گۆری بەسەردا دێت زۆرتر تاکتیکی کەیشتن بە ئامانجەکانە نەک خودی ئامانج و ستراتیژیەکە. مەبەستمە بڵێم کە خوێندنەوەی من لە سیاسەتی ستراتیژیکی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی نێوراست و بە تایبەت ئەو بەشەی کە پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە، سیاسەتێک نیە کە کە چەند رۆژ بەر لە ریفراندۆم بناخەی بۆ داندرابێ، یا ریفراندۆم توشی بونبەست و تەنگژەی کردبێ. بەڵکوو وێ دەچێ ریفراندۆم برێک تەنگژەی بۆ تاکتیکەکانی کورتماوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست کردبن کە قابیلی چارە سەرن. کە بە دیققەتەوە سەرنجی سیاسەت و تاکتیەکانی ٢٥ ساڵی رابردووی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە بدەین بە باشێ بۆمان دەردەکەوێ کە تا ئێستا ئەو وڵاتە نەک هەر دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵکوو لە زۆر بواردا یارمەتیدەرێکی بە هێزیش بووە. دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم کە ئەو پشتیوانی و یارمەتیانەی حکومەتی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە خانەی ستراتیژی درێژخایەندا جێ دەگرن نەک لە خانەی تاکتیکەکاندا، هەر بۆیە ئەو تورە بوون و گلەییانەی کە بە نیسبەت دوا نەخستنی ریفراندۆم

هەنی درێژ خایەن نابن و ئەو دەنگە پشتیوانیانەی کە ئێستا لە گۆشە و کەناری کۆشکی سپی و کۆنگرێس و سەنای ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەبیسرێن، سەرئەنجاسم وەک سیاسەتی ڕەسمی ئەمریکا، جیهانیان لێ ئاگادار دەکرێتەوە. بە تایبەتیش کە دەزانین ئیسرائیل وەک وڵاتێکی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتیوانی خۆی بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان نە شاردۆتەوە.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا ماوە ئەوە بڵێم کە لە گەڵ ئەو بۆ چوونە تەواو هاورام کە دەڵێ خەڵکی کوردستان دەروازەی سەربەخۆییان بە ڕوودا کراوەتەوە. خۆشحاڵیشم کە دەبینم خەڵکی کوردستان هەنگای جیددی و نەترسانەیان بۆ گوزەر بە نێو دەروازەکەدا هەڵێناوەتەوە. خۆ ئەگەر لەو یەکەم هەنگاوەدا، هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ کردوە، لە جیاتی سەربەخۆیی یەکجاری، بۆ کۆنفدرالیش بە تەوافوق بگەن، نابێ بگوترێ خەڵک دەنگی بە سەربخۆیی داوە نەک بە کۆنفیدراڵی، چوونکە لە ڕاستیدا کۆنفیدراڵییش جۆرێکە لە سەربەخۆیی. بە پێچەوانەی فیدراڵی کە جۆرێک بوو لە ژێر دەستەیی.

هەر لە دایک بوونێکیش کۆمەڵێک ژانی تایبەت بە خۆی هەن. ژانی لە دایک بوونی دەوڵەتێکیش، ئەویش لەو هەڵکەوتە جوگرافیایە پڕ لە کێشە و ئاڵۆزەدا و لە نێوان ئەو هەموو دوژمن و موخالیفەدا، بێ گومان کەم ئازار نابێ. بەڵام دڵنیام کە ئازارەکان لەو ئازارانە زۆرتر نابن کە بۆ "ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی" تێمان پەڕاندوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## چەند پەیڤێک سەبارەت بە زاتێکی پاک

تا ئەم ساڵانەی دواییش لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوە باو بوو کە دەیان گوت "کورد مردوو پەرستە". بەو مانایە کە کاتێک باسی چاکە و پیاوەتی و بەخشندەیی و زانایی کەسێک دەکرا کە ئیتر لە ژیاندا نەدەما. کاتێک بە ڕێزەوە یادی دەکراویەوە کە بۆ خۆی لە ژێر گڵدا بوو.

بە خۆشیەوە ئەم دیاردەیەش وەک زۆر دیاردەی دیکە، ئاڵ و گۆری بە سەدا هاتووە و ئەو قالبەی پێشووی شکاندوە. ئەوە چەند ساڵێکە لە کوردستانیش وەک هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەم ڕەوتە دەستی پێ کردووە کە کەسایەتیە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، شوێن پەنجەیان لە سەر ڕەوتی ڕوداوەکان و بەرەوپێش چوون و داهێنان و گەشەی کۆمەڵگادا دیارە، هەر لە سەردەمای ژیانیاندا ڕێزیان لێ دەگیردرێ. ئەم ڕەوتە ئەگەرچی هێشتا لە کوردستان لە سەرەتای ڕێگەی خۆی دایە و زۆر گشتگیر نیە و نهادینە نەکراوە، بەڵام دیسانیش دەکرێ وەک دەستپێکی باش بنرخێندرێ. جێی خۆشحاڵیە کە ئەم ڕەوتە مرۆڤدۆستانەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی گرتۆتەوە و لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە شێوەی مومکین ڕێز لە سێ کەسایەتی دیاری نێو ریزکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیردراوە. بەم بۆنەوە چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ، لە لایان تێکۆشەرانی دێموکراتەوە، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە گیردرا، دواتر لە ناوەندی حیزب بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی بەرێز کاک جەلیل گادانی بەرنامەیەکی شایستە بەرێوە چوو.

ئەمسالیش لە شاری لەندەنی وڵاتی بریتانیا، ڕێز لە کەسایەتی زاتێکی پاک گیرا. کەسایەتیەک کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان تەرخان کردوە و ئێستاش ڕێبواری شێلگیری ئەو ڕێگە پر لە هەوراز و نشێوەیە. بەڵێ! کاک هاشم کەریمی ئەو کەسایەتیە بەرز و بەڕێزەیە کە شایانی ڕێز گرتنی نەتەوەکەی خۆیەتی. ئاخر ئەویش هەروەک باس کرا، بەشێ هەرەزۆری تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆی تەرخان کرد و بە دەیان ساڵ، گیان لە سەر لەپی دەست وەک یەکێک لە ڕێبەرە بە تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانی خۆر هەڵات دەور و ڕۆڵی هەبوو.

بێ گومان هەم لە بەرنامەی ڕێز لێنانەکەو هەم دواتریش کەسانی بە توانا و ساحەب نەزەرتر لە من، لەم بوارەدا لە سەر کاک هاشم دواون و وتاریان بڵاو کردۆتەوە، بەڵام منیش وەک ڕێز گرتن لە کەسێک کە لە چەند برگەی ژیانی سیاسیمدا

ڕۆڵی مامۆستایەتی بۆم هەبووە بە ئەرکی سەر شانی خۆم زانی کە ئەگەر بە کورتییش بێت ئاور لە چەند لایەنی تواناکانی کاک هاشم بدەمەوە.

کاک هاشم کەریمی، یەکێک لە تێکۆشەرانی ماندووی نەناسی بنەماڵەی خەباتکار و نیشتمانپەروەری کەریمی لە شاری بانەیە. بنەماڵەیەک کە بە سەر و ماڵ، خۆیان بۆ خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان تەرخان کردوە و لەم بوارەدا نە لە گیانیان و نە لە ماڵیان دریغیان نە کردوە. هەر ئەوش وای کردوە کە بنەماڵەی کەریمی بە شێوەیەکی گشتی نەک هەر خۆشەویستی خەڵکی بانە و دەوروبەرن، بەڵکو بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و سەرجەم خەمخۆرانی ڕزگاری کورد و کوردستان بونەتە سیمبولی فیداکاری و خۆراگری و لێ فێر بوون. ئەو بنەماڵە بەڕێزە ئەگەر چی لە ڕەوتی بەردوامبوونی خەبات و تێکشاندا بەشێکیان ناچار بوون ڕێگەی غوربەت بگرنە بەر و لە وڵاتەکانی فینلاند، سوئێد، ئەمریکا و بریتانیا نیشتەجی بن، بەڵام هەر ئێستاش کەسی زۆر بە توانا و دلسۆزیان لە ریزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا خەریکی خەبات و تێکشانە.

کاک هاشم کەریمی کە ئێستا چەند ساڵێکە نیشتەجێی وڵاتی بریتانیایە، کەسایەتی هەرە درەوشاوەی ئەو بنەماڵە خەباتکارەیە. هەروەک باس کرا، ئەو ساڵانێکی زۆر لە لوتکەی بەرپرسایەتی و ریزی هەرە پێشەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیی خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵاتدا بوو. ئەو یەکێک لەو ئەندام دەفتەری سیاسیانە بوو کە خەباتێکی فرە ڕەهەندی گرتبۆ بەر. بەو مانایە کە لە لایەک وەک ئەکتەرێکی چالاکی سیاسی بە گژ سیاسیەتی داگیر کەرانەی کۆماری ئیسلامیدا دەچۆوە، لە لای دیکەش بەردەوام بۆ پێگەیاندنی کادری دیکەی سیاسی و تەشکیلاتی لە هەوڵ دا بوو. کەم نین کەسانی وەک من کە لە لای ئەو مامۆستا دلسۆزە سامیان لە قەڵەم و نوسین شکاوە و دوور و نزیک بە ڕێچکەکەی ئەو دەڕۆن.

لە مێژ بوو کە ناوی کاک هاشم کەریمی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا ویردی سەر زمانان بوو. منیش دوور و نزیک شانسی ناسین و بە خزمەت گەیشتنی ئەوم، چەند جارێک بۆ ڕەخسا بوو، تا سەرئەنجام قەدەری سیاسی کاک هاشم کەریمی و بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە دۆلی قەڵاسەید جێگر بوین.

لە گۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێردا کاتێک وەک ئەندامی ڕێبەری هەڵبژێردرام، شانسی ئەوەم زیاتر بوو، تا پتر و زۆرتر لە نزیکەوە کاک هاشم کەریمی بناسم. ئەوکاتیش ناو براو ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو.

لە یەکەم کۆبوونەوە یا بڵێین پلنۆمی کومیتەی ناوەندیدا، ڕوانگە و نەزەر و بۆچوونەکانی کاک هاشم زۆر سەرنجیان

راکێشام و شانازی زۆرترم بە حیزبکەمان کرد کە کەسانی ئاوا شارەزا و وردبین و خاوەن نەزەر و لێکدانەوە لە ریزی هەرە پێشەوەی دان.

**پێم باشە لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرم و پەنجە بۆ چەند تایبەتمەندی بەرچاوی کاک هاشم رادێرم.**

- ئەو نووسەرێکی بە توانا و لێ هاتوو بوو. هەم بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی دەنووسی و هەم بۆ رۆژنامەی کوردستان. بەڵام با بۆ شۆخیش بێ ئەوشی لێ زیاد بکەم کە دەست خەتی ئەو بە هەموو کەس نەدەخوێندرایەوە، جار جار بۆ خۆشی لە گەڵ خوێندنەوەی نوسینەکانی خۆی کێشەی هەبوو، بەڵام بە خۆشیەوە کاک عەلی سوسەنی کە خوارزای بوو، هیچ گرفتێکی لە گەڵ نووسینەکانی کاک هاشم نەبوو، هەر ئەویش لە بەشی راگەیاندندا، وتارەکانی تایپ دەکردن. با هەر لەم بەشەدا ئاماژە بەوەش بکەم کە کاتێک کاک هاشم بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو، منیش بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک وەک ئەندامی ئەو کۆمیسۆنە لە خزمەتی دابووم و زۆری لێ فێر بووم. لە بیرمە یەکەم جار کە وتارم بۆ رادیۆ دەنگی کوردستان نووسی، دەبوو کاک هاشم پێی دابێتەوە. وتارەکم دایە و دوای ماوەیەک وێیدامەوە. بەڵام ئەوەندە خەت خەت کرا بوو، ئەوەندە ژێر و نووس و تەنیشت نووسی لێ زیاد کرا بوو، وتارەکەی خۆمم نەدەناسیەوە. بەم شێوەیە کاک هاشم دەستی گرتم تا لە پەنا خۆی هاشم - یێکی دیکەش لە گەڵ شێوە نووسینی وتاری رادیۆیی ئاشنا بکات. کاک هاشم مامۆستایەکی باش و منیش وێ دوچوو قوتابیەکی باش بوبێتم بۆیە زۆری نەخایاد کە چیتر ئەو وتارەکانی منی کۆنترۆڵ نەدەکردن و لێم دڵنیا بوو.

ئەو زاتە بە شێوەیەکی سەر سوور هێنەر گیرۆدەی خوێندنەوە و متالەعە بوو. هەر کاتێک ئەوت دیتبا کە بەرەو شوێنی کاری رۆژانەی دەچی، دەت دیت کە ئەوە یەک یا دوو دانە کتێبی لەبن هەنگەڵ دان. لەهەر دەرفەتێک کە بۆی هەڵکەوتبا ئەوە دەستی بە خوێندنەوە دەکرد. هەر ئەوش بوو کە ناوبرا شارەزاییەکی زۆری لە سەر مێژوو، جوگرافیا، ئەدبیات و زۆر لایەنی دیکە هەبوو. کاتێک لە رابردووی وڵاتان دەدوا، وەها دەچووە نێو کون و کەلەبەری ژیان و بەسەر هاتی ئەو وڵاتانە، دەتگووت هەر لە سەرەتاوە ئەو وڵاتەی بۆ خۆی دروست کردوە، کاتێک باسی جوگرافیا و هەڵکەوتەی ئەو وڵاتانەی دەکرد وەک ئەوە وابوو کە بۆ خۆی نەخشەکەی دارشتبتن. خۆ ئەگەر لە ئەدبیاتیش دەدوا، ئەو هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم بۆ خۆی ئەدیبێک بوو.

شارەزایی و قوڵ بوونەوە لە ژیاندا کاک هاشمی وا لێ کردبوو کە بە هەمووجۆرێک و بە هەموو وجودە لە ناعەداڵەتیەکان ژیان و سەردەم تێگەیشتبوو، هەر بۆیەش سەرسەختانە بۆ داد پەروەریی کۆمەڵایەتیش هەوڵی دەدا و لایەنگری چینی هەژار و کەم دەرئامەدەی کۆمەڵگای کوردەواری بوو. لای ئەو خەباتی رزگاریخوازی کاتێک ئامانجەکانی خۆی بە باشی دەپێکی کە

تێکەل بێت لەگەڵ خەبات بۆ دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

ژیان و خەباتی دەیان ساڵەی کاک هاشم کەریمی زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ کە من بتوانم لە چەند لاپەرە نوسیندا بینرخێنم، ئەم چەند دێرەشم هەر وەک ئەمگێکی چووک لە بەرامبەر ئەو خەرواره لە خزمەتەکانی ناوبراودا نووسین، ئەگینا قەڵەمی من لەهەمبەر کەسایەتی ناوبراوەدا کۆڵەوار و دەستەوەستانە.

**لە قوڵایی دڵەوە ریز دەگرم لە خەباتی دەیان ساڵەی رێزدار هاشم کەریمدا**

**تێبینی: ئەم بابەتە لەسەر داوای من بۆ نامیلکەی ڕێزگرتن لە هاوڕێ هاشم کەریمی ئامادە کراوە.**

**ڕێکەوتی: ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

---



سەرچاوە
Serchawe

## وەڵامێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی

**ئەو بە تەنیا لەو بوارەدا دەیکات کاری ناوەندێکی ئاکادیمی و چەندی کەسیە. ئەو ئێستا خاوەنی باشترین و گەورەترین ئارشیوی ئینەرنێتیە...**

### مامۆستا رەحمانی نەقشی!

لە رۆژهەلاتی کوردستان و لە شارە جوان دڵگیرەکەی سەردەشت چەندین بنەماڵەی شۆرشگێر و نیشتیمانپەروەری تێدان کە بەشیکی بەرچاوی ئەندامانی بنەماڵەکە هەموو وجودی خۆیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان و فەرهەنگ و کولتوری نەتەوەکەیان تەرخان کردوە. لێرەدا ناکرێ یەک بە یەک ناوی ئەو بنەماڵە بەرێزانە بینین و باسی خەبات و تێکۆشانیان بکەین، چوونکە هەر ئاوردانەوەیەکی خێرا بە سەر خەبات و گیانبازیەکانی حەسەنپوورەکان، حەددادەکان، شەمامیەکان، حەکیمزادەکان، و زۆر بنەماڵەیتر، بۆ خۆیان هەوێنی نووسینی چەندین رۆمان و کتێبن و هیوادارم لە داهاتوودا قەڵەم بەدەستان و خەمخۆرانی کورد خەمی لێ بخۆن و نەهێڵن ئەم فیداکاری و خۆ بەخت کردنە بە فەرامۆشیی بسپێردرێ.

لە نێو ئەو بنەماڵە نیشتیمانپەروەرانەی شاردا کە ژمارەیەکی بەر چاو لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بە کردەوە رێگەی خەباتی رزگاریخوازیان گرتۆتە بەر و لە هەل و مەرجی جۆراوجۆردا بە شێوە و میتۆدی گونجاو لەگەڵ بار و دۆخدا درێژەیان بە خزمەتی نیشتیمانیی خۆیان داوە بنەماڵەی حاجی فەیزەی ناسراو بە نەقشی - ن.

نەقشیەکان لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوودا بە تایبەت لە ریزەکان حیزبی دێموکراتدا چ لە نێو خۆی کوردستان و چ لە هەندەراندا، رۆڵ و نەقشی بەرچاویان هەبووە. لێرەشدا دەرفەتی ئەوە نیە کە باسی خەبات و تێکۆشانی نەقشیەکان بە گشتی بکەین، بەڵکو مەبەستمانە تەنیا وەک وەفایەک بۆ ئەو هەموو زەحمەت و ماندو بوونەی ریزدار مامۆستا رەحمان نەقشی سەری رێز دانەوێنم و بڵێم نمونەی زۆر بن مامۆستای ماندووی نەناس!

### مامۆستا رەحمانم چۆن ناسی!

ئەو کات کە بۆ خوێندن گوندم بە جی هێشت و رووم کردە شاری سەردەشت و تا کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەوێ

مامەوە، چ لە قوتابخانە و چ لە کاتی تەزاهوراتەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە گەڵ کەسانێک ئاشنا بووم و ناوی زۆر کەس و بنەماڵەش بۆم بوون بە ناوێکی ئاشنا و دیار. نەقشیەکان لەو بنەماڵە ناسراوانەی ئەودەم بوون کە بۆ نزیک بە تەواوی خەڵکی شار و دەوروبەر هەم ناسراو بوون هەم جێگەی ڕێز و حورمەت. ئەو کات من تێکەڵاویەکی لە نزیکەوەم لەگەڵیان نەبوو تا سەرئەنجام زروف گۆردرا، کۆماری ئیسلامی پەلاماری شارەکانی دا و داگیری کردنەوە. بەم هۆیەشەوە نەقشیەکان و زۆر بنەماڵەی دیکەی نیشتمانپەروەر بە ناچاری و بۆ دیفاع لە خاک و نیشتمانی خۆیان شاریان بە جێ هێشت و ڕوویان لە گوند ناوچەکانی دیکەی کوردستان کرد.

مامۆستا ڕەحمان لە گوندی بێوارنی سەرێ کە جیرانە دێی گوندی ئێمە(زوران)نە گیرسایەوە. بەڵام ئاخۆ ئاوارەیی و دووری لە ماڵ و بەشێکی بنەماڵە دەتوانن شوێندانەری خەراپ بن لە سەر وره و بڕوای قوڵی مامۆستا ڕەحمان بە ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی؟ هەرگیز!

ئەو وەک لاوێکی خاوەن بڕوا و دڵسۆز هەر زۆر زوو چوو بۆ ڕیزی مامۆستا شۆڕشگێرانەی کە خۆبەخشانە و پێشمەرگە ئاسا سەنگەری قوتابخانەکانیان ئاوەدان کردەوە و دەرسی خۆراگری و نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان بە منداڵە چاوگەشەکانی گوندە داگیر نەکراەرکان دەگووتەوە.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی مامۆستا ڕەحمان لە گوندی بێوران مامۆستای شۆڕش بوو، منیش لە گوندی کونەمشکێ! لە گوندەکانی دیکەش ژمارەیەک لاوی خوێندەوار و دڵ گەرم خەریکی وانە گووتنەوە بە منداڵە بێ نازەکانی ئەو دەڤەرە بوون.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە مامۆستا ڕەحمان داوای کردبوو کە ڕۆژێکی هەینی کە ڕۆژی پشوی قوتابخانە بوو، لە لای ئەو کۆببینەوە.

لە ڕۆژی دیاریکراودا لە بێوران و لە مزڵەکەی مامۆستا، کە یەکێک لە ژوورەکانی قوتابخانەکە بوو کۆبووینەوە. کە چووین کەسێکی نە ناسیاو بۆ ئێمە، لە لای مامۆستا ڕەحمان بوو. دوای دانیشتن و برێک قسە و باس، مامۆستا ڕەحمان وتی مامۆستایانی بەڕێز! ئەم بەڕێزە کە ڕەنگە بۆ زۆربەتان نە ناسراو بێ. ناوی مامۆستا "محەممەد" خەڵکی هەولێر و لە بەر دەستی حکومەتی عێراقێ ڕای کردوە و لێرە دەژی. ئەو هونەرمەندێکی بە توانایە و لە شانۆدا ئوستادێکی کار کوشتەیە. دەی هەوێ هاوکاریمان بکات و ئەگەر ئێوەش ڕازی بن بۆ نەورۆزی شانۆی کاوەی ئاسنگەر نمایش بکەین.

هەمووومان پێشوازیمان لەو پێشنیارە کرد. بە ئیمکاناتی سەرەتایی خۆمان و لە ڕۆژانی هەینیدا، تەمرینی شانۆکەمان دەست

پێ کرد.

لە ڕێگەی کۆمیتەی حیزبەوە، مامۆستا ڕەحمان کارسازی بۆ ئەوە کردبوو کە لە ڕۆژی نەورۆزدا شانۆکە لە ناوەندی دەفتەری سیاسی حیزب کە ئەوکات لە دۆڵی شیوەجۆ(ناسراو بە دۆڵی دێموکرات) بوو نمایش بکرێ. بەو شێوەیە دوای بڕینی ڕێگەیەکی دوور لە پشوی نەورۆزدا گەیشتینە بارەگای دەفتەری سیاسی و لە ڕۆژ و کاتی دیاری کراودا لە جێی ساڵۆنی کۆنگرەی پێنجەم دا شانۆکە پێشکەش کرا. شانۆکە لەگەڵ پێشوازیەکی گەرمی سەرجەم ئامادەبوان بەرەوروو بوو. بە تایبەتیش کە مامۆستا ڕەحمان زۆر هونەرمەندانە لە ڕۆڵی ئەژدەهاکدا دەوری بینی. بەراستی دەتگووت ئەکتەرێکی پرۆفیشناڵە و دەیان ساڵ کاری شانۆیی کردوە. با ئەوش بڵێم کە ئەو مامۆستایەش کە ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەری گێرا بە هەمان شێوەی مامۆستا ڕەحمان، هونەرمەندانە ئەو ئەم ڕۆڵەی نواند.

هەر لە بیرمە کە دوای تەواو بوونی شانۆکە ڕێزدار کاک جەلیل گادانی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو هاتە سەر سەحنەو، وێرای دەستخۆشی گوتن و تەقدیری گروپەکە، بەلێنێشی دا کە سەرجەم ئەو خەرجانەمان بدەنەوە کە بۆ کاری ئەو شانۆیە کردبوومانن. ئەمەش نیشانەی سەرکەوتووی شانۆکە و ڕەزامەندی بەڕێز دەفتەری سیاسی بوو.

هەر لە ماوەی پشوی ئەو نەورۆزەدا شانۆیەکەمان لە شارچکەی ڕەبەت، لە گوندی واوان، گوندی بێژۆێ ی ئالان و گوندی بێورانی سەرێ نمایش کرد. ئەوکات ئەو شانۆیە دەنگدانەوەیەکی زۆر باش و شوێندانەرانەی هەبوو.

ساڵ هاتن ڕۆیشتن، ڕیژیم دەستی بە سەر شار و گوندەکانی کوردستاندا گرتەوە، شێوەی خەبات و بەربەرەکانی ئاڵ و گۆری بەسەردا هات. لە دریژی ئەو خەبات و تێکۆشانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزب و گەل بە ناچاری ڕێگەی غوربەتیان گرتەبەر. مامۆستا ڕەحمان لە وڵاتی کانادا کاڵەی غەریبیی کردەوە. بەڵام غوربەت و دەربەدەری نەک ئەویان لە بیر و باوەر و خەمی نیشتیمان دانەبڕی، بەڵکو ئەویان پوختتر و مشورخۆرتر کرد. وەک چالاکێکی حیزبی بە هەموو تواناوە بۆ ناساندنی دوزی ڕەوای گەلەکەی هەوڵی داوە. لە وێرا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی حیزبدا گەڕایەوە کوردستان. دوای لێکدابڕانی دەورانی مامۆستایەتی، لە کۆنگرەی نۆهەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کە ئەنتەرنێت و فەیسبووک برەویان پەیدا کردوە، مامۆستا ڕەحمان یەکێک لە چالاکە ماندوویی نەناسەکانی ئەو بوارەشە. ئەو جگە لە دەست ڕەنگینی و نەخشاندنی پۆستەر و لۆگۆ و ڕێکلامەی بۆنە و ڕێورەسمەکان، ئەو چەند ساڵێکە ئەرکێکی زۆر قورس و تاقەت پروکێنێ بۆ خۆی دیاری کردوە و شەو و ڕۆژی بۆ لەسەریەک دادەنێ تا وەک بۆ خۆی دەیهەوێ کارەکەی پوخت و کارناسانە بێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەو بە تەنیا لەو بوارەدا دەیکات کاری ناوەندێکی

ئاکادیمی و چەندین کەسیە. ئەو ئێستا خاوەنی باشترین و گەورەترین ئارشیوی ئینەرنێتیە. چوونکە ئەو بۆ سەرجەم کۆر و سیمینارەکان، بۆ یاد و بیرەوەریەکان، بۆ چالاکی و بۆنە و مەراسیمەکان، بۆ یادی شەهیدان و ئازیزانی گیان بەختکردو، دید و بۆچی کەسایەتیەکان، وتارەکانی تایبەت بە رۆژە ناسراو و دیارەکانی وەک دووی رێبەندان، نەورۆز، هەشتی مارس، رۆژی خۆشویستی و... بە گشتی بۆ هەر رووداو یا بابەتێک کە نووسراو و وتاری لە سەر بڵاو کرابێتنەوە ئەوە مامۆستا رەحمان بە ئەمانەتەوە کۆی کردوونەتەوە و لە نامیلکەی تایبەتدا وەک رۆژنامەیەکی ئنیتەرنێتی چاپ و بڵاوی کردونەتەوە. خزمەتەکانی مامۆستا رەحمان بە تایبەت لەم بوارەدا ئەوەندە زۆر و بەرچاون کە پێنووسی من بۆی لە ئەژمار نایەن. چوونکە هەر چاو خشاندنێک بە سەر لاپەرەی فەیسبووکەکەیدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەوانەی من لێرەدا ئاماژەم پێ کردوون، مشتێکن لە خەروارێک.

لە کۆتاییدا وێرای ریزی بێ پایانم بۆ سەرجەم خزمەت و زەحمەتەکانی مامۆستای ماندووی نەناس، هیوادارم داری رەنج و ماندوو بوونی مامۆستا رەحمان نەقشی و سەرجەم تێکۆشەرانی رێگەی رزگاری گەلەکەمان بەر بگرێ و هەموومان لە کوردستانی رزگارکراو و ئازاددا بە دیداری یەکتر شاد بینەوە.

هاشم رۆستەمی

نۆرویژ ١٥ - ٣ - ٢٠١٩

سەرچاوە: نامیلکەی ١٠ ساڵ کارو چالاکی بەردەوام

بانەمەڕی ٢٧١٩ی کوردی = مای ٢٠١٩ی زایینی

## شا لە زبڵدانی مێژوودایە و پێشەوا لە ئارامگەی خۆیدا!

چەند ڕۆژ لە نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی تێپەڕیوە، ئێمەی کورد وێڕای دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ پەتای ترسێنەر و بکوژی کۆرۆنا، بەرەبەرە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان نزیک دەبینەوە. ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، وەبیر هێنەرەوەی ڕۆژێکی ڕەش و پڕ لە ماتەمە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و سەرجەم خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان. چونکە لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ٢٦٤٧ی کوردیدا پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ محەممەد حوسێنی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی، لە چوارچرای شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان، بە فەرمانی محەممەد ڕەزا شای ئێران لەسێدارە دران.

پێشتر لە زۆر بۆنە و موناسبەدا، باسی ئەوە کراوە کە بۆچی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە وەک ڕۆژی شەهیدان دیاری کراوە، بۆیە لەم وتارەدا لە دووبارە کردنەوەی ئەم باسە خۆ دەبوێرم.

ئەمساڵ ئێمە لە کاتێکدا بەرەوپیری ڕۆژی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەچین کە مخابن وێڕای بەردەوام بوونی دەسەڵاتی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی و لەژێر دەستدا مانەوەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ویرووسی کۆرۆناش وەک پەتایەکی ترسناک کە تا ئێستا لە سەرتاسەری دنیا بڵاو بۆتەوە و سەدان هەزار کەس تووشی بوون و گیانی دەیان هەزار کەسیشی ئەستاندوە و بە میلیۆن خەڵکیشی لە کونجی ماڵەکانی خۆیان خزاندوە، کوردستانیشی وەک بەشێک لەم جیهانە گرتۆتەوە.

لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، وێڕای گیرۆدەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە دەیان کەسیش گیانیان لە دەست داوە. جگە لەمانەش دەسەڵاتی داسەپاوی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی لە چەند لاوە قورسایی زیاتری خستۆتە سەر باری ژیان و گوزەرانی خەڵک. چونکە لە لایەک بە هۆی سیاسەتی چەوت و پاوانخوازانەی دەیان ساڵەی ڕێژیم، گەمارۆیەکی زۆر سەختی ئابووری، بڕستی ژیانی لە خەڵک بڕیوە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە تەنانەت لەم کاتە سەختەی ویرووسی کۆرۆناشدا، بە چاوی هەڵاواردنەوە سەیری کوردستان و خەڵکەکەی دەکات. هەر لە ڕاستای ئەو هەڵاواردنەشدایە کە ئێستا بەشی هەرە زۆری نەخۆشخانەکانی شارەکانی کوردستان بۆ دەرمانە سەرەتاییەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ویرووسی کۆرۆنا و دژە ویرووس، لە مەزیقەدان. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە نێوخۆی کوردستانەوە دەگەن، دام و دەزگاکانی ڕێژیم نەک هیچ بە کوردستان ڕاناگەن و یارمەتیی نادەن، بەڵکوو خەریکی ڕاگواستنی ئەو بڕە دەرمان و پێداویستییانەشن کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ماون. بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوون بۆتەوە کە پەتای دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە ویرووسی کۆرۆنا زیاتر زیانی بە ژیان و گیانی خەڵکی ئەم دەڤەرە گەیاندوە.

چونکە لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی بە زەبری کوشت و کوشتار و داپڵۆسین، دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاندوە، کۆرۆنائاسا، ژیان و گوزەرانی خەڵکی تێک داوە. چونکە لە مەیدانی خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییەدا، وێڕای تێکچوونی ژیان و ماڵی هەزاران کەس، زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و پتر لە پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی شەهید بوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەبێ سڵەمینەوە لە سەختییەکانی ژیان، وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی زیندوو و مافخواز هەروا لەسەر پێیە و لەسەر پێش دەمێنێتەوە و هەرگیز ویستە نەتەوایەتییە ڕەواکانی خۆی و ئەو خوێنانەی کە لەو ڕێبازەدا ڕژاون لە بیر ناکات. خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیان کە سەردەمای کۆرۆناش بەسەر دەچێ و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش چارەنووسی لە چارەنووسی ڕێژیمی شا باشتر نابێ. محەممەد ڕەزا پەهلەوییش کە خۆی بە "شای شایان" دەزانی، تا ئەو جێگەیەی کە توانای هەبوو، زوڵم و غەدری لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران کرد، تا سەرەنجام لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، تەمەنی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا کۆتایی پێهات.

گەورەترین غەدر و زوڵمی مێژوویی کە محەممەد ڕەزا شا دەرحەق بە خەڵکی کوردستانی کرد، لەداردانی پێشەوای نەمر و هاوڕێکانی بوو. لە ڕوانگەی حەمەڕەزا شا و حکومەتەکەیەوە، پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێکانی دوو"تاوانی" گەورەیان هەبوون. یەکەم ئەوە کە ئەوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکێکی مافخوازیان دەکرد و نەیاندەویست چیتر لەژێر نیری یەخسیری و بێمافیدا بژین، کە ئەوش هەڕەشە بوو بۆ سەر تەختی زاڵمانەی شا و بنەماڵەکەی. دووهەم خاڵ ئەوە بوو کە لە کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای مەزن و حیزبی دێموکراتی کوردستان، حکومەتێکی دێموکراتیک و کۆماری دامەزرا بوو. حکومەتێک کە سەرتاپای سیستمەکەی، لەگەڵ سیستمی دەسەڵاتی موتڵەقەی سەڵتەنەتی و پاشایەتی یەکی نەدەگرتەوە و خاڵی سەرەکی و بنەڕەتییش بوو، بۆ جیاکردنەوەی کیانی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باقیی بەشەکانی دیکەی ئێران.

گومان لەوەدا نییە کە قازی محەممەد بە وشیاریی تەواوە دەستی بۆ تێکدانی سیستمی پاشایەتی لە کوردستان بردوە و لەو خەتەرەش غافڵ نەبووە کە لەم بوارەدا لەسەر ڕێگەی بووە. هەر بۆیەش دوای ئەوەی ئەرتەشی حەمەڕەزا شا توانی دەست بەسەر مەهابادا بگرێتەوە، جەنابی پێشەوا شاری بەجێ نەهێشت و بەرپرسایەتیی هەموو ئاڵوگۆڕ و پێشوەچوونە

سیاسییەکانی گرتە ئەستۆ و وەک کەسایەتییەکی بلیمەت و وەفادار بە ئامانجی نەتەوەکەی، تا دوا هەناسەی ژیانی بە سەربەرزییەوە دیفاعی لە خاک و نیشتیمانەکەی کرد و لە دوایین ساتەکانی ژیانیشیدا گەورەترین دەرس و ئەزموونی لە دوای خۆی بۆ بەجێ هێشتووین. ئێستا ئەو فەرموودەیەی جەنابی پێشەوا لە دڵ و مێشکی سەرجەم نیشتمانپەروەرانی کوردستاندا جێی گرتوە کە لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ڕوو بە داگیرکەر و دوژمنی کورد، فەرمووی: "ئێوە بە لەداردانی من تەنیا قازی "محەممەد"ێک لەدار دەدەن، بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە لە داهاتوودا هەر ڕۆڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە بۆ خۆی قازی "محەممەد"ێکە.

ڕاستە کە دوژمن توانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی شەهید بکات، ڕاستە ئەوان توانیان کۆمارە ساواکەی کوردستان تێک بدەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان لە خەبات کردن بۆ مافە نەتەوایەتییەکانیان نائومێد بکەن. دوای ڕێژیمی پاشایەتی، کۆماری ئیسلامییش بە هەموو شێوەیەکی مومکین هەوڵی داوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت بکات. ئەو ڕێژیمەش توانیویەتی ڕێبەر و سەرکردەی بە توانای وەک شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفەکەندییمان لێ شەهید بکات، بەڵام با کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەوە دڵنیا بن کە چارەنووسیان لە چارەنووسی محەممەد ڕەزا شا خراپتر دەبێ.
ئەوان دەبێ دەرس لە مێژوو وەرگرن و ببینن کە ئەو شایەی فەرمانی لەسێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستانی دا، بۆخۆی وەها کەوتە بەر ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران، کە تەنانەت لەم وڵاتە پان و بەرینەدا دوو میتر عەرزی پێ ڕەوا نەبیندرا تا لاشەکەی تێدا وەشارن و لە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودا گۆڕغەریب بووە. بەڵام لە بەرامبەردا پێشەوای کوردان هەر لە نێو دڵی نیشتمانەکەی خۆیدایە و ئێستا ئارامگەکەی بۆتە قیبلەگای سەرجەم خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان.

لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ ڕۆحی هەرگیز نەمری پێشەوا قازی محەممەد و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری.

بەو هیوایەی کە ویرووسی کۆماری ئیسلامی و کۆرۆنا وێکڕا لە کۆڵ گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## لە کتێبی "نامەیەک بۆ دایکم و دەرسێک بۆ نەوەکانی"

ڕۆژێکی ساردی زستانییە. هەوایەکی ساف و لەش تەزێنی هەیە. حاڵی حازر ئاسمان ساو و بێ هەورە. "دەڵێی پشیلان لستویانەتەوە". لەم کەش و هەوا ساردەشدا، ژیانی ئێرە بە شێوەی ئاسایی خۆی بەڕێوە دەڕوات. بەفر و باران و سەرما ڕێگر نین لە بەردەم ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا کە توانیویەتی بە سەر سروشت و زۆرداریدا سەرکەوێ. لە وەها ڕۆژێک و لە وەها کۆمەڵگایەکدا، لە بەردەرگای نەخۆشخانەی شارەکە راوەستاوم. چاوەڕێم نۆبەم بێت و "دەزگا"ی نێو ماشێنەکەم زەنگ لێ بدات و بچم "مسافیرێک" سواری تاکسیەکەم بکەم. لەم کاتەدا دیمەنی ژن و پیاوێک سەرنجیان ڕاکێشام. ئەوان لە دەروازەی نەخۆشخانەکەڕا دەهاتنەدەر. دەستیان لە نێو دەستی یەکتردا بوو. زۆرخۆشحاڵو بەکەیف دیار بوون. ژنەکە دەستێکی بە نەرمی لەسەر بەرزەکی زگی دانابوو. بە ئەسپایی سەروخواری بە پەنجەی دەستی دەکرد. دیار بوو کە ئەو کۆرپەڵەیەی دەلاواندەوە کە لە ناو هەناوی خۆیدا، لە پەنا جەرگ و دڵیدا جێی کردبۆوە.

ئەو ژن و پیاوە گەنجە سەرمەستی خۆشی و شادیەکانی خۆیان بوون. بێ سەرنجدان بەوە کە کێ لە دەوروبەریانە، دەستیان خستە ملی یەکتر و لە قووڵایی دڵەوە لێوەکانی یەکتریان ماچ کردن. دیار بوو کە دوکتور هەواڵی خۆشی پێدابوون و لە ساغی و سەلامەتی کۆرپەڵەکەیان دڵنیای کردبوون.

ئەوان نزیکتر بوونەوە، منیش زیاتر سەرنجم دائێ، ڕەنگ و ڕوویان خۆماڵی دیار بوو. قژیان ڕەش و ڕەنگی دەم و چاویان گەنمی بوو. ناسیمنەوە. هەردووکیان کورد بوون. ماوەیەک بوو ژیانی هاوبەشیان پێک هێنابوو. دڵخۆش بوون لەوەی کە ماوەیەکی دیکە دەبوون بە دایک و باب. بۆ لای تاکسییەکان هاتن. ئەمجار ئەوانیش منیان دیت. بڕێک ڕەنگ و ڕوویان سوور بۆوە. شەرمێک لە ڕوخساریاندا سەری هەڵدا. چاوێکی ماناداریان لە یەکتری کرد. لەم کاتەدا هاتنە لام و سڵاویان کرد. دوای ئەحواڵپرسی، دیتم خەریکە ئەو "شەرمە"، شادییەکەی ئەمرۆیان لێ تێکدەدات، بۆیە گوتم لە ئێستاوە پێوقەدەمی بەخێر بێت. هیوادارم ژیانتان هەر ئاوا خۆش و پڕ لە ماچ و موچ بێت. کە وامگوت، هەردووکیان زەردەخەنەیەکیان کرد. ژنەکە گوتی خەجا...، نەمهێشت تەواوی بکات، دەیهەویست بڵێ: "خەجاڵەتم کە ئەتۆ لە کاتی یەکتر ماچ کردندا ئێمەت دیتووە". گوتم ئەمە مەڵێ. ژیان بە ئازادی و خۆشەویستیەوە جوانە. ئێوە کارێکی خەراپتان نەکردووە تا پێی خەجاڵەت بن. ئێوە هەستی خۆشەویستیو خۆشحاڵێتان بۆ یەکتر دەربڕیوە، ئەمەش مافی سروشتیی خۆتانە. لەم کۆمەڵگایەدا ئەمە هەر زۆر ئاساییە. خۆزگە لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا ئەمە وا دەبوو. کور و کچ بۆیان دەلوا بە ئازادی و بێ دڵەڕاوکێ، هەستی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەربڕن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ئاشقێکی شەیدای نیشتیمان!

ڕۆژ دوازدە، مانگ دوازدە و ساڵی هەزار و سێسەد و دوازدەیە! هێشتا خێوی سپی زستان بە تەواوی بارگەوبنەی تێکەوە نەپێچابوو، شەختە و سەرما گوشاری خۆی لەسەر شار و گوندەکانی نیشتیمان کەم نەکردبوو کە لە گەڕەکی "قوڵەقەبران"ی شارە جوان و دڵگیرەکەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی ئەو سەردەمدا، کۆرپەڵەیەک چاوی بە گیتی هەڵێنا و بە یەکەم هەناسەی گەرمی خۆی، تەزووی سارد و سڕی زستانی نێو کۆڕی بنەماڵەی ڕەواندەوە. ئەو کۆرپەڵەیەی کە بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی ناوی "جەلیل"ی بۆ دیاری کرا و بۆ زیاتر لە هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن بوو بە پێناسەی و هەر ئەو ناوەشە کە سنووری گەڕەک، شار، ناوچە و سەرئەنجام سنوورە دەستکردەکانیشی بڕین و بوو بە ناوێکی ئاشنا بۆ سەرجەم ئاشقانی نیشتیمان و ڕزگاریی نەتەوەیی.

وا دیارە ژمارە دوازدە و ژیانی ئەو ڕۆڵەیەی نیشتیمان بە شێوەیەکی ڕەمزاویی تێکەڵی یەک بوون و لێک جیا ناکرێنەوە، چونکە ڕاست دوازدە ساڵ دوای لە دایکبوونی کاک جەلیل، هەر لە شاری مەهاباد و زێدە شیرینەکەی ئەو، دوای ژان و ئازارێکی زۆر، دایکی نیشتیمان کۆرپەڵەیەکی خستە نێو ئامێزی مێژووی کورد و کوردستان و لە لایان پێشەوای بلیمەتی کوردانەوە ناوی کۆماری لە سەر داندرا.

خوێندن بە زمانی کوردی، سرود و شێعر و گۆرانی و شانۆ، کە لە سەردەمی کۆماردا پەرەیان ئەستاند و بوژانەوە، هەر زۆر زوو لەگەڵ هەست و بیرو هزر و ژیانی کاک جەلیل ئاوێتەی یەک بوون و، بوون بە تێکەڵەیەکی لێک دانەبڕاو. دیمەنی سەردانی پێشەوای کوردان لەو قوتابخانەیەی کە کاک جەلیل لێی دەخوێند، تابلۆیەکی ئەتۆی لە زەین و بیریدا خوڵقاندبوو کە هەرگیز فەرامۆشی نەکرد و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشی، هەر کات دەکەوتەوە بیری ئەو سەردەم و ئەو تابلۆیەی دەهاتەوە نێو یادەوەرییەکانی، هەر وەک سەردەمی مێرمنداڵی، بزەیەکی شیرین و دڵنشین دەبوو بە میوانی ڕوخساری.

لە کاسێتی یادەروەرییەکانی مێشکی کاک جەلیل دا، ئەو ڕۆژانە وەک تیشکی پڕشنگداری خۆر وابوون و تونێلە تاریک و تنووکەکانی سەر ڕێگەی خەباتی پێ ڕووناک دەکردنەوە. ئەو شانازی بەوەوە دەکرد کە لە سەردەمای کۆماردا بۆ ماوەیەک بەشێک لە ماڵی حاجی ئەحمەدی باوکی وەک قوتابخانەی خوێندنی کوردی کەڵکی لێ وەرگیراوە. هەروەها بە سەعادەتی دەزانی کە دواتر هەر ئەو شوێنە ببووە شوێنی حەوانەی بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی نەمر کە ئەو سەردەمە یەکێک لە

ژنراڵەکانی کۆمار بوو.

مخابن ئەو سەردەمە زێڕینە زۆری نەخایاند و کۆشکی هیواکانی کاک جەلیل و خەڵکی کوردستان کەوتە بەر رق و قینی داخ لە دڵانی خاک و خەڵکی کوردستان و تێک ڕما.

تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەگەر چی بۆ ئەو نەو نەمامەی کوردستان، بۆ کاک جەلیل-ی کوردان تراژیدیایەکی هەرگیز فەرامۆش نەکراو بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا، بوو بە هەوێن و کانگای رق و ئەوینێکی پیرۆز. رقێکی پیرۆز لە بەرامبەر دوژمنێکی داگیرکەردا، ئەوینێکی پیرۆز و قوڵ و بێ بن بۆ نیشتیمان و خاک و نەتەوە. تێکچوونی کۆمار و مەرگی پێشەوا، هەست و ناخی "جەلیل"ی مێرمنداڵیان بە جۆرێک هەژاند کە هەر گیز نەیتوانی لە یادیان بکات و وەک دواتر دیتمان تا دوا هەناسەی ژیان وەفادار بە رێبازی پێشەوا مایەوە و هەموو ژیانی بۆ ژیانەوە و بونیادنانەوەی کۆمار تەرخان کرد. ساڵ هاتن و رۆیشتن...کاک جەلیلی تازە لاو لەگەشەکردندا بوو، نەک هەر تەمەن و بەژن و باڵای، بەڵکو خەمی نیشتیمان و بیر و هزری سیاسی و گەلدۆستی و خۆنەویستیش لە وجودیدا لەگەڵ خوێن و ئێسک و پێستیدا ئاوێتەی یەک دەبوون و شان بە شانی یەکتر گەورە دەبوون و دەبوون بە شۆڕەسوارێکی نەسرەوتووی رێگەی خەبات و سەرئەنجام دەبوون بە قارەمانێکی نەتەوەیی.

شانە نهێنییەکانی حیزب کە دوای کۆمار بە هەوڵ و هیممەتی لاوانی گیان لەسەر دەستی ئەو سەردەم سازمان درابوونەوە، بوونە مەیدان و بەستەرێکی گونجاو تا کاک جەلیل ئەسپی خەباتکارانەی خۆی تێدا تاو بدات و بەو شێوەیە هەوڵ بدەن تا نەهێڵن تەمی خەمی لە دەستدانی کۆمار بڕست لە کۆمەڵگا ببڕ. ئەوان هەوڵیان دەدا کە مۆمەکانی هیوا بە ژیان و بەردەوامبوون لە خەباتدا دابگریسێننەوە و ئومێد بە دواڕۆژ لە دڵاندا زیندوو رابگرن.

سەردەمێکی سەخت و دژوار بوو. دێوەزمەی مەرگ و ترس و تۆقاندن، سێبەری شومی لە هەر گۆشە و کەنارێک هەست پێ دەکرا.گرتن و زیندانی کردن، شوێن بزرکردن و ڕاودوونان باو بوون. دوژمنانی نیشتیمانی کوردان، لێ بڕابوون هەر چۆنێک بێ بیری گەلدۆستی و خاک ویستی بۆ هەمیشە ریشەکێش بکەن. غافڵ لە وەی کە تا ئەوان زیاتر چنگ و ددانی خوێناوی نیشان بدەن، رقی تۆڵە و هەستی نیشتیمانپەروەری زیاتر گەشە دەکات.

شۆرە سوارە دڵ پڕ لە گرەکەی نیشتیمانی کوردان، کاک جەلیلی رێبواری رێی پێشەوا، بە دڵێکی پر لە ئومێد و هیواوە، ملی رێگەی سەختی خەباتی گرتەبەر و بەرە بەرە ئەزموونی کۆ کردەوە و بوو بە کادرێکی چالاک و لێهاتوو. شاری مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری، مەیدانی خەباتی نهێنی ئەو بوون. لە ناوچەی جیا جیادا، لە جلوبەرگی

جۆراوجۆردا، لە شیو و دۆڵ و لە ژێر ناوی خوازراودا، بێ پشوو و ماندوو بوون، لە جەولە و گەڕاندا بوو. ئەو دەگەڕا تا تۆوی ئومێد بە ڕزگاری و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان بەنێو کۆمەڵگەدا بچێنێ.

چەند جارێک گرتیان و زیندانییان کرد، بەڵام کوا تیشکی خۆر بەند دەکرێ؟ کوا خەباتکاری بە بڕوا بە گرتن بڕستی لێ دبڕێ؟!

کاک جەلیل هەموو جارێک دوای زیندانیش بەگوڕتر لە جاران قۆڵی فیداکاری و مەردایەتی لێ هەڵدەماڵێ، ئاخر ئەو بڕیاری دابووی کە دوژمن لە نیشتیمان راماڵێ.

گرتن و ئازادکردن، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە، خۆ بزرکردن و ناو گۆڕین، ببوونە بەشێک لە ژیانی ئەوە تێکۆشەرە نەسرەوتووەی حیزب و گەل، بۆیە نەتدەزانی لە کوێیەو هەر دەبوو شوێن پێی هەڵگری.

هۆ یارانی دڵ پڕ لە گڕی خەبات!
هۆ تێکۆشەرانی کورد و دێموکڕات!

ئێوە پێم بڵێن و ڕێنوێنم بن. من شوێن پێی ئەسپی خەباتکارێکم هەڵگرتووە کە جێگە و مەنزڵی دیار نییە. ئاخر ئەو ڕۆژێک لە زیندانی "فەلەک و ئەفلاک"و ڕۆژێک لە گوندێکی دوورەدەست کوردستان، ڕۆژێک لە تاران و دواتر لە پێتەختی نیشتمانە، شار و گوند، زیندان و بەندیش بۆ ئەو مەکۆی تێکۆشانە! ئەو بە کردەوە سەلماندی کە شاعیر راستی فەرمووە کە دەڵێ:

قور بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە
کونجی زیندانیشم قوتابیخانەیە.

بەڵێ، ئەو زیندانیشی کردە مەکۆی خەبات و بەرخودان و فێربوون و فێرکردن. هەر لە زینداندا زیاتر بە سەر زمانەکانی فەڕانسەوی و ڕووسیدا شارەزایی پەیدا کرد، لە بەندیخانەدا زیاتر بوو بە هاوڕێی پێنووس و تێنووس. نووسین و وەرگێڕانی کۆمەڵێک کتێب و بابەت، تێپەڕینی ڕۆژانی سەختی زیندانییان لە لا ئاسایی دەکرد و بەو شێوەیە نەیدەهێشت هەستی تەنیایی و دووری لە کەس و کار و زێد و نیشتیمان تووشی لە باوەشگرتنی ئەژنۆی خەم و خەفەتی بکات. ئاخر ئەو لێ بڕا بوو تا دواهەناسەی ژیانی وەک ئاشقێکی دڵ پڕ لە هیوا، تا گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشەوا، هەروا بێ پشوو

و ماندووبوون رێگەی سەختی خەبات ببڕێ.

ساڵ هاتن و رۆیشتن، گەردەلوولی رق و تۆڵە و بێزاریی گەلانی ئێران دەستەڵاتی رەشی بنەماڵەی پەهلەوی تێکەوە پێچا و بەرەو زبڵدانی مێژووی بردن. خەریک بوو داری هیوای گەلی ئێمەش چرۆی دەر دەکرد، ئاشقانی نیشتیمان، بزەی شادی و سەرکەوتن لە روزخساریان دەباری. مامە ئاشقەکەی ئێمەش، خەباتکارە نەسرەوتووەکەی کورد و کوردستانیش، لە خۆشی رامالینی دەستەڵاتی نگریسی پەهلەوی حەجمینی لێ هەڵگیردرابوو. رۆژێک لە تاران بۆ رێکخستنی کوردانی دانیشتووی"ناوەند" لە هەوڵدا بوو، رۆژی دواتر لە پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، مەهابادی کورداندا خەریکی میتینگ و دەمدانی کورەی خەبات و هاندانی هەستی نیشتیمانپەروەری بوو.

کێ هەیە ئەو رۆژانە لە یاد بکات کە لە کاتی ناشتنی قارەمانی زیندانەکانی حکومەتی پاشایەتی، زیندە یاد "عەزیز یوسفی"دا دەنگێکی رەسا و بە سام و بە هەیبەت کە پڕ بوو لە خۆشەویستیی نیشتیمان، لێوڕێژ بوو لە هەست و سۆز و ورە، تەژی بوو لە ئومێد بە دوارۆژ، بە قووڵایی دەریاکانیش قووڵ بوو لە وەفا و، هەموانی بۆ یەکدەنگی و یەکدڵی بانگ دەکردن؟! کێ هەیە نەزانێ ئەو دەنگە، دەنگی کەسێک بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێ وچان، خەباتی کرد بۆ کورد و کوردستان.

مخابن سەردەمی زێڕینی دوای دەستەڵاتی نەگریسی پەهلەوی زۆری نەخایاند و دێوزمەی دەستەڵاتی رەشی ئاخوند سێبەری نەحسی خۆی بە سەر هەموو وڵاتدا بڵاو کردەوە. هێشتا چەند نەورۆزی بێ سێبەری ژاندارم و ساواک لە کوردستان تێ نەپەڕیبوو، کە ئەوجار پاسداری کلیل لە دەست، بە فتوای پیرە گورگی جەماران، وەک رەوەی گورگ و چەقەڵ و کەمتیاران، بە نیشتیمانی ئێمە وەر بوون و مەغۆلئاسا درویێنەی لەشیان کرد و کوردستانیان غەرقی خوێن و خەم کرد. لە هەمبەر ئەو زوڵم و زۆرەدا، چما دەکرا ئاشقانی شەیدای نیشتیمان بێ هەڵوێست بن؟ چما دەکرا مامە ئاشقەکەی ئێمەش لە ریزی پێشەوەی کاروانی ئەویندارانی نیشتیماندا نەبێت. نا نا هەرگیز!

ئەو جارەش بۆ بە گژداهاتنەوەی سوپای جەهل و نەزانی، بۆ گەیشتن بە هەڵوێستی بەرزی ئینسانی، چاکی مەردایەتی لێ بەلادا کرد و چەکی دیفاع لە خاک و خەڵکی کوردستانی کردە هاوڕێی گیانی بە گیانیی پێنووسە بە بڕشتەکەی. مامە ئاشقە نیشتیمانەکەی ئێمە، وێڕای هاوڕێ و هاوسەنگەر و بەشێکی بەرچاو لە کەسوکار و بنەماڵەی خۆیی و بنەماڵەی هەر دوو براکەی کاک خەلیل و کاک محمد، بوونە پێشەنگی کاروانێک کە ئەو دەیان ساڵە بە نیازی گەیشتن بە مەنزڵگەی رزگاریی یەکجاری رێ دەبڕێ. رێ دەبڕی و بێ پسانە بەرەو پێشەوە دەچێ. ئەم کاروانە کە وەک ئاوی رووبارەکانی کوردستان، دایم لە جوڵەدایە، گەلێک هەوراز و نشێوی بڕیوە، لە زۆر چیای سەخت و هەڵەمووت تێ پەڕیوە. کەم نین ئەو



سەرچاوە Serchawe

کەسانەی کە پێشەنگی کاروان بوون و سەریان کردە پردەبازی بەرەوپێشچوونی ئەو ڕێبوارانە،. بە هەزاران لەو شۆڕە سوارانەی کە بێ سڵەمینەوە لە مەرگ، بە گژ تۆفان و رەشەبای دوژمنی ڤین لە دڵدا چوونەتەوە و درێژەدانی رێگەیان بە هاوقەتارانیان سپاردووە.هەر لە رەوتی بەرەو پێش چوونی ئەم خەبات و رێبرینی ئەو کاروانەدا مخابن هەر دوو براکەی کاک جەلیل، کاک خەلیل و کاک محمد پێش ئەوەی بە ئامانجی بەرزیان کە رزگاری نیشتمان بوو بگەن، ماڵئاواییان لە ژیان کرد و درێژەدانی رێگەی خەباتیان بۆ هاوڕێیانیان بە جێ هێشت. کاک خەلیل لە شاری رانیە ئەسپاردەی خاک کرا و کاکە حەمەش زۆر دوور لە زید و نیشتمانی، لە وڵاتی غەریب وەخۆگری نۆروێژدا وەک ئەمانەتێک تا کاتی وەدی هاتنی ئاواتەکان، بۆتە میوانی گۆرستانی کلێمستەرووود.

**هۆ گەلی دەبرادەرینە!**
**لە رۆژهەڵات تا رۆژئاوا، لە باکوور تا باشوور، لە شارە مەزنەکانەوە تا گوندێکی دوورەدەستی دوور دوور!**
**لە چیا و لە دەشت و دۆڵ و مەزرا**
**لە بەهار و هاوین و پاییز و چلەی سەرما**

لە هەر کوێ کاروانی ئەوینداراني نیشتیمان دیار بان، ئەوە مامە ئاشقە شەیداکەی نیشتیمانی ئێمەش لە وێ پێشەنگ بوو. ئەو نەک هەر پێشەنگ بوو، بەڵکو مامۆستا بوو. ئەو مامۆستای راستەقینەی وانەکانی ژیان بوو. تار و پۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و رامیاری و مرۆڤدۆستانەکەی بە پانتایی خاکی پاکی کوردستان بوو. نا نا ئەوە غەدرێکی مەزنە کە بڵێم مێهر و موحیببەتی ئەو تەنیا لە کوردستاندا وەک نەرمە بارانی بەهاری، بە سەر دۆست و هەڤاڵ و هاوبیرانیدا دەباری! کام وڵاتی دوورەدەستی ئەم گیتیە هەیە ئەو پێیدا تێپەڕ بووبێ و دوای خۆی سەوزی سەوزایی لوتف و وەفای لێ بەجێ نەهێشتبێ.

ئەوکات کە مامە مێهرەبانەکەی ئێمە لە باوشی "کارۆخ و ماکۆک"دا سەرچۆپیکێشی گەڕی داوەتی ئاشقانی نیشتیمان بوو، نموونەی سەرچۆپیکێشێکی لێزان و خاکەرا بوو. ئەگەرچی ئەو لە لوتکەی چیای خەبات و تێکۆشاندا بوو، بەڵام هەرگیز بنار و پێدەشتی لێ ون نەبوون. ئاخر ئەو بۆیە لە لوتکە بوو تا لەوێرا ببێتە گەواڵە هەورێکی لۆکەیی رۆژێکی دڵگیری بەهاریێ، تا هێدی هێدی وەک بارانێکی نەرم بەرەو خواریێ داباریێ.

زێدەرۆییم نەکردووە کە بڵێم ئەو لە ماوەی هەشت ساڵ سکرتێر بووندا ، لە ماوەی هەشت ساڵ سەرکردە و رێبەر بووندا، سوونەتە بێ جێکانی شکاندن، سنوورە وشکەکانی نیوان "سەرێ و خوارێ" بەزاندن. هەر لەوکاتدا کە بە سەری بەرزەوە لە نێو سەرە دیارەکانی گۆرەپانی کوردایەتی و ناوچەکەدا دیار و ئاشنا بوو، دەستی لوتف و موحیببەتیشی لە سەر شانی

منداڵی بێ نازی پێشمەرگەدا بوو.

**تۆ لە کوێی ئەی مامۆستا و ڕێبەرم؟ تۆ لە کوێی بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم؟!**

**ماوەیەکە نە گوێم لە دەنگی زەنگی تەلەفوونتە و نە چرپەی پێیەکانیشت دەبیسم... قەدەرێکە لێم ونی و وەک جاران ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانت نایەنە بەر گوێم!**

بڵێی ئەو جار کام پێشەنگی کاروان و کام ڕێبواری ڕێگەی پڕ لە سەرفیرازی، وەک تۆ خەمی هەموان لە کۆڵ بنێت و وڵات بە وڵات، شار بە شار و ماڵ بە ماڵ، هەموان بە سەر بکاتەوە و لوتف و موحیببەت و ڕێنوێنی ببەشێتەوە. بڵێی کێ وەک تۆی سەرکردە، بێ جیاوازی، هەموان بە هی خۆی بزانێ و خۆشی بە هی هەموان. کێ وەک تۆ سەرچاوەی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی بێت! کێ بتوانێت شان لە شانت بدات و ببێتە پێشمەرگەی بست بە بستی کوردستان!

ئاخر مامۆستام! تۆ سوڵتانی دڵەکان و چرای بیری بیرمەندان بووی. کێ هەیە جارێک زیارەتی کردبێتی و بۆ هەمیشە ڕوخسار و کردار و ڕەفتارتی لە دڵ و دەروونـدا جێ نەکردبێتەوە. هەر لە بیرمە ئەو سەردەم کە لە قەڵاسەید سکرتێر و پێشمەرگە بووی و چ پێشتر و دواتر کە لە ئاستی سەرووی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەدا بووی، نەک هەر لای هەڵۆکانی دێموکرات، بەڵکوو لای ڕوناکبیرانی باشووری نیشتیمانیش چرای ڕێنوێنی ژیان و خەبات بووی، لای ئەوانیش "گاندی" گەل و ڕێنوێنی دێموکڕات بووی.

هۆ مامۆستا و ڕێبەرم! بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم! باسی کامە خسڵەتی بەرزی ئینسانیت بکەم! بڵێی کام پەنجە بتوانێ پێنووس لە وەسفی خسڵەتە بەرزەکانت وەگەڕ بخا؟ کێ هەیە نەزانێ کە لە غیرەتدا قارەمان بووی... لە زانستدا بۆ خۆت زانکۆ بووی... لە بواری کۆمەڵایەتیدا سەرتۆپ بووی... لە دەست و داوێنپاکیدا وەک بەفری یەک شەوە بێ گەرد بووی... لە مێهر و موحیببەتدا لێت نەدەبڕا و ئوقیانووس بووی... لە هەوڵ و خەبات بۆ ڕزگاریدا بۆ خۆت شۆڕش بووی... بۆ وەفا و پەیمان بردنەسەر قوتابی ڕاستەقینەی پێشەوای مەزن بووی.

بۆ جێت هێشتین بۆ؟ ئای کە شۆڕش و خەبات و تێکۆشان و ماندوویی نەناسی چەندەیان بێ تۆیی پێوە دیارە...نا نا ئارام سەر بنێوە! دەرس و ڕێنوێنییەکانت، نووسراوە و کتێبەکانت، پەند و ئامۆژگارییەکانت هەر لەگەڵماندا دەژین و چرای ڕێگەی تێکۆشانمان دەبن.

بەڵام لێت ناشارمەوە لەو رۆژەوە کە بەجێت هێشتووین و بەرەوە بەهەشتی نەمران کۆچت کردووە، بە حەسرەتەوەم بێمە زیارەتی ئارامگەکەت، کەچی مخابن چەرخی چەپگەردی رۆژگار جارێ رێگەرە، هەر بۆیە پەنا دەبەمە بەر مەلی تیژباڵی خەیاڵ و ئەرکداری دەکەم!

هۆ مەلی تیژبالی خەیاڵ! فریام کەوە، وەرە ئەم پەیامەم بگەیەنە خزمەت مامۆستای بەرز و بەڕێزم! وەرە و بێ دوودڵی بە ئاسماندا بفڕە،

سینگی هەورەکانی قاڕرەی ئورووپا بدڕە!

نە چیای سەرکەش و نە بەحری بێ بن نەتوەستێنن،

نە رەشە با و نە تۆفان نەتبەزێنن!

جار لەگەڵ جار زیاتر باڵ بگرەو بەرەو نیشتیمان بڕۆ. هەر بڕۆ تا دەگەیە قەڵای بەرزی دێموکڕات، مەکۆی ئاشقانی خاک و گیانبازانی رێگەی خەبات.

هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵ!

دوودڵ مەبە! لە قەڵای خۆڕاگریی و جوامێرانی دێموکرات، ژوور بە ژوور و هۆدە هۆدە بگەڕێ. بۆنی دار و بەردی ئەو ناوە بکە. دڵنیام لە بست بە بستی ئەم قەڵایەدا ئاسەواری جێ پێ و جێ پەنجەکانی مامۆستام دەبینی. لە ژووری بەشی پەروەردە، لە تەشکیلات، لە سالۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان، لە کتێبخانە، لە بنکەی لاوان و رێکخراوی ژنان، ناوەندی زیندانیانی سیاسی و تەنانەت لە منداڵپارێزی و سەرجەم ئۆرگان و بەشەکانی حیزبدا هەست بە بۆشایی و دیار نەمانی ئەو تێکۆشەرە فرە رەهەندە دەکەی.

هۆ مەلی تیژ باڵی روح!

ئێستا کاتیەتی و نەرم نەرم بەرەو گۆڕستانی شهیدانی دێموکرات، بەرەوە ئارامگەی نەمرانی رێگەی نەجات، باڵ بگرە. لەوێ بە حورمەتێکی زۆرە، لە ئاسمانی راست بە راستی ئەو ناوەدا، تا دەتوانی تەوافی گۆڕی هەموو ئەو "گۆڕ غەریبانە"

بکە کە بە دونیایەک ئارەزو و ئاواتەوە، لێرە بە ئەمانەتەوە سەریان ناوەتەوە. پاشان تاجە گوڵینەی ڕێزی وەفام لە پەنا کێلی مامۆستام دابنێ و بێ ئەوەی ئەم خەوە "شیرینەی" لێ تێک بدەی پێی بڵێ ئارام بنوو مامۆستام، ئارام بنوو! تۆ ئەوەی لە توانات دا بوو دریغت نەکرد، چیت لە ژیاندا بوو پێشکەشی خاک و وڵاتت کرد. هەر بۆیەش لە ڕۆژی ماڵئاواییت دا تەمی خەمێکی قورس هەموو نیشتمانی داپۆشی، ئاڵای دێموکڕات، تا نیوە هاتەخوار و، ڕێبوارانت بەرگی ماتەمینیان پۆشی.

بە ئەدەبەوە بە مامۆستام بڵێ: گلەییمان لێ نەکات کە بۆ دیار نەمانی ئەو، چاو بە فرمێسک و دڵ پڕ لە خەمین، تا لە ژیاندا بین بۆی بە پەرۆش و روخسار بە ماتەمین. پێی بڵێ کە ئاخر ئەو هەر وەک هاوڕێیەکم بە حەق فەرمووی، مێژووی زیندووی زیاتر لە حەفتا ساڵ تێکۆشان و خەبات بوو، ئەو ئاڵقەی پێوەندیی نێوان نەسڵەکانی کۆمار و تا ئێستای دێموکرات بوو.

هۆ مەڵی بیر و هۆشم! پێش ئەوەی روخست لە روحی بەرزی مامۆستام بخوازی
پێش ئەوەی پێی بڵێی کە وەک هەمیشە بۆ ڕێبازەکەی سەربازی
بەڵێنی پێ بدە کە لە سەردەمای ڕزگاریدا
لە کاتی هەلی کورد و قۆناخی بەختیاریدا

لە سەر شانی تیکۆشەرانی دێموکرات و لە کەژاوەیەکی ڕازاوە بە ئاڵای نیشتماندا، تەرمی پیرۆزی بەرەوە ئەو گۆرستانە دەچیتەوە کە پێشەوای نەمری لێ نێژراوە. چوونکە هەمووومان دەزانین روحی هەر گیز نەمری هەر لەوێ ئارام دەگرێ. بەڵێ!

**روح و یاد و ناو گۆریشی لە پەنا پێشەوا و باقی گەورە پیاوانی گەلدا جێ دەگرێ.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١**

**پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**دیمانە: ڕحمان نەقشی**

**هاشم رۆستەمی: ئەم یەک گرتنەوەیە مەیدانی لە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوە گێر بەرتەسک کردوە، ئەوانەی کە لە سەردەمی ناکۆکیەکاندا ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد، چیتر ئەم دەرفەتەیان نابێت.**

بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەکەی زیاترمان هەبێت لە سەر کاریەگەریەکانی یەکگرتنەوەی دوو بەشی حیزبی دێموکڕات کە ماوەی شازدە ساڵ وەک دوو حیزبی لێک جیا کاریان کرد لازمە لە پانتاییەکی کەمێک بەربڵاوتردا هەلسنەگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین. ئەوەش لەبەر ئەوە کە حیزبی دێموکڕات وەک بە تەمەنترین حیزبی مۆدێڕنی کوردستانی و گەورەترین حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەو مێژووە دوور و درێژ و پر لە سەروەریە کە هەیەتی بێ گومان هەم سەرکەوتنەکانی هەم کەند و کۆسپ و لێکدابڕانەکانی شوێنەواریان نەک هەر لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە سەر کۆی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان دەبێت.

هەر چەند لەم بابەتەدا زۆرتر مەبەستمانە کە کاریگەریەکانی یەکگرتنەوە بخەینە بەرچاو، بەڵام لە راستیدا تا خاڵە نەرێنیەکانی لێکدابڕان ئاماژەیان پێ نەکرێت، مەبەستەکە وەک خۆی ناپێکرێت. مەبەستیشم نیە کە هۆکاراەکانی لێک دابڕان لێرەدا ئاماژە پێ بکەم، بەڵکو لازمە سەرنج بدەینە لێکەوتە خراپەکانی لێکدابڕان تا بۆمان روون بێتە کە بە یەک گرتنەوە چ کۆسپگەلێکی گەورەمان لە سەر ڕێی خەباتمان لابردوون.

بە داخەوە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردووە وە تا ئێستا پڕن لەو لێک دابڕان و یەکتر قبوڵ نەکردنانە. ئەو یەکتر قبوڵ نەکردنە، مخابن زۆر جار شەری زۆر خوێناویشی لێ کەوتۆتەوە. چ پێش ئەوەی حیزبی سیاسی دروست ببن، چ دوای دروست بوونی حیزبی سیاسی و نەتەوەیی ئەو ململانێیە هەر ئیدامەیان هەبووە. هەر ئەوەش یەکێک لە هۆکارەگرینگەکانە کە تائێستاش، سەرەڕای ئەوهەموو گیانبازی و خوێن و خەباتە، خەڵکی کوردستان بە مافە

نەتەوایەتیەکانی نەگەیشتووە. ئەو لێکدابڕانانە لە کاتێکدان کە ، دوژمنانی کورد و کوردستان، خاکی کوردستانیان بە سەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش کردوە، خودی ئەو دابەش بوونەی خاکی کوردستان، هێز و توانای خەڵکی کوردستانیشی دابەش کردووە، جا لە نێو دابەش بوونی خاکەدا، حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیش کە نێو خۆیاندا دابەش دەبن، چەند قات زیاتر هێز و توانای کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دابەش دەکات و کاریگەری کەم دەکاتەوە.

لە سووکە ئاوڕێکی خێرادا بۆمان دەر دەکەوێت کە چۆن ئەوکاتانە کە تەبایی و یەکیەتی نەتەوەیی باڵی بە سەر بزووتنەوەدا کێشاوە، ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە ئامانجەکانمان نزیک بووینەتەوە و ئەوکاتانەش کە کیشە و شەڕی نێو خۆییمان هەبووە، چۆن دوژمنانی ئێمە بەسەرماندا زاڵ بوونە. بۆ بەرچاو ڕوونی لەم بوارەدا هیچ پێویست ناکات، بۆ مێژووی کەمێک دوور بڕوانین و ئاوڕ لە کێشەکانی نێوان یەزدانشێر و بەدرخان بدەینەوە، پێویست نیە باسی ئەوە بکەین کە چۆن دوژمن توانی لە دین کەڵک وەربگرێ و جووڵانەوەی میری ڕەواندزێ تێک بشکێنێ. مخابن مێژوومان پڕە لە ناکۆکی نێو خۆیی و بە گژ یەکدا چوونەوە. ئەوەی جێگەی سەر سوڕمان و لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە ئەو مێژووە تاڵە هەر جارەی بە جۆرێک دووبارە دەبێتەوە و ئەزموون لە ڕابردوو وەر ناگرین. ئەوەش جێگەی سەرنجە کە کاتێک ڕێبەرانی سیاسی ئەم سەردەمە باس لە بزووتنەوەکانی ڕابردوو دەکەن، دەڵێن ئەو بزوتنەوانەی ڕابردوو بۆیە بە ئاکام نەگەیشتوون، چوونکە ڕێبەرەکانیان سەرۆک عەشیرە یا شێخ و مەلا بوون و خاوەن ڕێکخراوی سیاسی و بەڕێوەبەریی بە کۆمەڵ نەبوون، کەچی بۆ خۆشیان هەمان ڕەفتار و کردار ئەنجام دەدەنەوە بەڵام لە قالبی حیزبی مۆدێرنی سیاسی دا. ئەگەر ڕێکخراوێکی سیاسی چ لە نێو خۆیدا و چ لەگەڵ لایەنێکی دیکە توشی ناکۆکی و شەڕ و هەر هات، هەموو لایەنەکانی دیکە سەرکۆنەی دەکەن، بەڵام هەر لایەنانە دواتر بۆ خۆیان هەمان چارە نووسیان دەبێت و بێ دەرس وەر گرتن لە ڕابردووم هەرزار و یەک پاساو بۆ کارەکەیان دێننەوە. شەڕی باڵی مەکتەبی سیاسی و بارزانی، شەڕی یەکیەتی و پارتی، شەڕی پێ کاکا و لایەنەکانی دیکە، شەڕی پارتی دێموکڕات (قیادەی مووەقەت)و حیزبی دێموکڕات شەڕی حیزب و کۆمەڵە و شەڕی نێوخۆیی نێو دوو بەشی حیزبی دێموکرات، و ... سەرجەم ئەو شەڕانەی دیکەش، شوێنەواری یەکجار زۆر مەنفیان لە سەر کۆی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان هەبووە. هەم لە نێوخۆدا بۆتە هۆی دلساردی دلسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان، هەم لە سەتحی نێو نێونەتەوییدا ئیعتباری ئەم بزووتنەوەیەی زۆر دابەزاندوە، ئەوە جگە لە هەموو توانا و ئێنرژی و خوێنەی کە مخابن بە زایە چووە.

بۆیەم ئاماژە بەو خاڵانە نەکرد تا پاساو بۆ لێکدابڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بێنمەوە و بڵێم ئەمە ئاسایی و لە مێژوودا زۆر شتی ئاوا ڕووی داوە، بەڵکو بۆیەم باس کردن کە بڵێم بە داخەوە ئێمە دەر لە ڕابردوو وەر ناگرین، ئەگینا نەک هەر لە نێو بزووتنەوەی کورد بە گشتی، بەڵکوو هەر لە مێژووی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتدا بەشی

ئەوەندەی لێکدابڕان و بە گژ یەکداچوون تێدان کە دەبوو دەرسیان لێ وەر بگرین و نەهێلین هەر گیز لە ژێر هیچ ناوێکدا ریزەکانمان لێک بترازێن. چوونکە هەر وەک لە سەرەتاشەوە باسم کرد حیزبی دێموکڕات وەک بە تەمەنترین حیزب کوردستانی و گەورەترین و پڕ نوفوزترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێست و بڕیارەکانی، شەر و ناکۆکیەکانی، لێکترازانەکانی و سەرجەم جم و جۆڵەکانی کاریگەری ڕاستەو خۆیان لە سەر کۆی بزوتنەوەی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. لێکدابڕانی ئەم جارە، هەر ریزەکانی نێو نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات دابەش نەکردبوو، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا خوشک و برا و دایک و باوکی لێک دابڕیبوون. هەر چەند بە خۆشییەوە لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک بە شیوەیەکی گشتی ئەو لێک دابڕانەیان وەک ئەمری واقع وەر نگرت، بەڵام حاشا کردن لە شوێنەوارە خراپەکانی لەت بوونی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، فێل لە خۆ کردنە.

دوای هەموو ئەو باسانە، بە خۆشیەوە سەرئەنجام، دوای شازدە ساڵ لێک دابڕان، ئەوە بۆ جارێکی دیکەش وردبینی و مەنتق، دوور بینی و بەرژەوەندی گشتی، خاڵی هاوبەش و ئەزموون، و ... بە سەر خاڵە ناکۆکەکاندا سەر کەوتن و هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات لە یەک سەنگەردا بە دژی دوژمنی سەرەکی، بۆ رگاری کورد و کوردستان خەبات دەکەن. ئەم یەک گرتنەوەیە بێ گومان هێز و توانایەکی زۆر دەداتەوە بەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان. ئەم یەک گرتنەوەیە وەک کۆم کردنەوەی ژمارەکان نیە کە بلێین یەک و یەک دەبنە دوو. ئەم یەک گرتنەوەیە هیزی حیزب تەنیا دوو بەرامبەر ناکات، بەڵکوو دەیکاتە هیزێکی لە ژمار نەهاتوو. بە شێوەی گشتی دەتوانی دەتوانی خاڵە بە هێزەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم خاڵانەدا پۆلێن بەندی بکەین.

- کۆتایی هێنان بە لێکدابرانی هێز و وزەیەکی زۆر کە لە حیزبی دێموکراتدا وەک گەورەترین هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی هەیە.
- ئەو یەک گرتنەوەیە هێز و گوڕ و تینێکی تازە دەدات بە خەباتی فرە رەهەندیی حیزبی دێموکڕات، بە تایبەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- ئەو برینانە سارێژ دەکات کە بە هۆی دابڕان لە جەستەی حیزب و بەدەنەکەیدا دروست بون.
- حیزب بە یەکگرتوویی باشتر دەتوانێت پێوەندیەکانی لە گەڵ یەنە کوردستانیەکان تەنزیم بکات.
- کۆماری ئیسلامیش ناتوانی چیتر لە ئاوی لێل ماسی بگرێت و هەر نەبێ لەم بوارەدا پیلانەکانی دەبنە بلقی سەر ئاو.
- لە پێوەندی لەگەڵ ئوپزسیۆنی سەرتاسەریشدا، حیزب بە یەک گرتوویی، باشتر دەتوانی، پێوەندیەکانی تەنزیم بکات و بە هێزێکی یەکگرتووە دەچێتە مەیدانی وتوو وێژ و دانوستان لەگەل لایەنە سەرتاسەریەکانی ئێرانی.
- لە کۆر کۆمەڵی نێو نەتەویش باشتر وەر دەگیردێ و دەتوانێ بە دیاری کردنی ستراتیژیەکی روونتر، کاراتر لە جاران، لەم مەیدانەشدا بچێتە پێش.

- لەمە بە دواوە چیت هێز و توانای حیزب لە پایتەختی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکادا، بە دابەش بوویی ناچنە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دژی کۆماری ئیسلامی. چوونکە ئەو دابرانە تەنانەت کاری پۆلیسی ئەو وڵاتانەشی زەحمەتتر کردبوو.

- ئەو حیزب و لایەنانەی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مخابن تا ئێستاش لێکدابڕان لە نێویاندا هەیە، ئومێد دەکری کە بە وەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵە ئەرێنیانە، ئەوانیش جیددیتر لە جاران هەوڵ بۆ یەک گرتنەوەیان بدەن تا هەرچی زیاتر ریزەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیمان تۆکمە بکەین.

- ئەو یەک گرتنەوەیە لە نیو خۆدا نوختە قووەتێکی بە هێز دروست دەکات لە هەمان کاتیشدا زەربەیەکی کاریگەر بوو لە جەستەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

- ئەم یەک گرتنەوەیە مەیدانی لە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوە گێر بەرتەسک کردوە، ئەوانەی کە لە سەردەمی ناکۆکیەکاندا ئەم بەر و ئەوبەریان دەکرد، چیتر ئەم دەرفەتەیان نابێت.

- لە سەردەمی دابڕاندا، بمان هەوێ و نەمانهەوێ، بەشێک لە وزە و توانای تێکۆشەرانی دێموکڕات بۆ دژایەتی یەکتر سەرف دەکرا، لەمە بە دواوە ئەو وزە و توانایە دەخرێتە سەریەک و لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستای خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانماندا سەرف دەکرێت.

- هیوای ئەوە دەخوازم کە ئەم یەک گرتنەوە شوێنەواری باش دابنێت لە سەر حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش و ئەوانیش هەوڵ بدەن تا بە دیالۆگ و لێک حاڵی بوون، کیشەکانیان چارە سەر بکەن.

- هێز لە یەکیەتی دایە. بەردەوام بێت وەحدەت و یەکبوونی ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.

٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

سەرچاوە: نامیلکەی یەکگرتنەوی دێموکڕاتەکان و کاریگەریەکانی!

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## هاواری پەنگ خواردووی نەتەوەیەکی ستەم لێ کراو!

چ شانازاییەکی مەزنە کە ڕۆڵەی نەتەوەیەکم، کە هەر زۆر زوو ڕێژیمی پەت و سێدارە، ڕێژیمی ئیعدام و قەنارە، ڕێژیمی ڕیش و پەشم، ڕێژیمی زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی ناسی و لە ڕیفراندۆمە فەرمایشیەکەیدا بەشداری نەکرد. چ شانازیەکی مەزنە کە ڕۆڵەی گەلێکم، کە زیاتر لە چل ساڵە بە ورەی بەرز و بڕوا بە سەرکەوتن، بە ئیمکاناتی کەمەوە بۆتە قەلای لە گیران نەهاتووی ئەم سەردەمە و خەوی لە چاوی داگیرکەر زڕاندوە. شەهیدی داوە، بریندار بووە، ماڵی لێ کاول کراوە، شار و گوندی روخاون، بە فڕۆکە و تۆپ و خومپارە و موشەک لێی دراوە، بەڵام هەر چۆکی دانەداوە، وەک شیری مەیدان، بە پێوە وەستاوە.

هۆ گەلی دەبراینە! بڕوانن کە مێژوومان پەڕ بە پەڕی، بە خوێنی گەش و ئاڵی لاوانی دڵ پڕ لە گڕی نیشتیمانپەروەری نووسراوەتەوە. دەبڕوانن ئاخۆ هێچ تاشە بەردێک هەیە دڵۆپە خوێنی شەهیدێکی لە سەر نەبێ! هیچ بەرزایی و دوندێک هەیە، جەنازەی شەهیدێکی لە باوەش نەگرتبێ، هیچ شەقامێک هەیە جۆگەلەی خوێنی پێدا ڕەد نەبووبێ، هیچ کۆلانێک هەیە بۆ لاشەی لە خوێندا شەلای لاوی نیشتمان شینی نەگێڕابێ! هیچ باریکە ڕێیەکی ئەم نیشتمانە هەیە شاهیدی دوا هەناسەکانی لاوێکی بە ئاکام نەگیشتوو نەبێ! بۆ! بۆ! لە بەر چێ! هەر چوونکە دەمانهەوێ وەک مرۆڤی ئەم سەردمە بژین و بۆ خۆمان خاون کیانی خۆمان بین.

هاواری ئێستاشم هەر درێژەی هاوراەکانی پێشوومە. چوونکە لە مێژ ساڵە ژیناکان لە بێ دەنگیدا دەکوژرێن. لە مێژ ساڵە لە چاڵە ڕەشەکاندا دڵە ئازاکان سەر دەبڕێن. لە مێژ ساڵە هاوار دەکەم و کەس گوێی لێ نیە، لە مێژ ساڵە بەم دەردەوە دەناڵم کەس باکی پێ نیە. بەڵام ئیتر بەسە، ئەمجارە هاوار پەنگخواردووی دەیان ساڵەم وەها بە گوور دەر دەبڕم، جەرگی دوژمن و نەیاری پێ دەبڕم. ئەمجارە هاوارم بۆ ژینا و ژن و ژیانە، هاوارم بۆ رزگاریی کوردستانە، دەنگی ئەمجارەم تێکەڵ بە دەنگی گەلانی ئێرانە. ئەم جارە وەها بە گوڕ دەگوڕێنم، تەخت بەختی پیرە گورگی جەماران دەلەرزێنم.

هۆ سەقزی سەربەرزم، هۆ شارەکەی ژیان و ژینا، ئاگات لێیە کە چۆن شارە دەستە خوشکەکانت لە لە ئیلامەوە تا ماکۆ گیانفیدایانە بە دەستی بەتاڵ و ئیمانی پتەوەوە بە گژ دوژمنی ڤین لەدڵ و پۆشتە پەرداخدا چوونەتەوە و زەلیل و زەبوونیان کردوە. ئاگات لێیە کە چۆن لاوانی دڵ پر لەگڕی نیشتیمانپەروەری، بە خوێنی گەش و ئاڵیان مێژووی بەرخودان و رۆیشتن بەرەو ترۆپکی رزگاری دەنووسنەوە؟

هۆ ژینای نەونەمام، هۆ کیژۆلە بە ناحەق کوژراوەکەی کورد، ئارام و ئەرخەیان بە. دەزانم روحی رەوانت ئاگای لێیە کە چۆن خوێنی بە ناحەق رژاوت بوّتە هەوێنی شۆرشێکی بەربەرینی جەماوەری ئەوتۆ کە هەموو شار و شاروچکەیەکی ئەم نیشتیمانەی پر لە نەعرەتەی شیرانە کردووە. ئاگات لێ کە چۆن خوشک براکانت لە باشوورەوە تا باکوور، هەر لە ئیلامەوە تا قوتور، چاکی مەردایەتییان لە بە لادا کردوە و لێ براون تا تەخت بەختی زۆرداری، رامالن لە کوردەواری.

ئاگات لێیە دیواندەری ڕەچەشکێن،
مەهابادی دوژمن بەزێن،
شنۆی خوێن و خەبات،
پیرانشاری هەردەم دێموکرات،
ورمێی جوان و شاری کوردان،
سەردەشتی قەلای مەردان،
شارە ڕاپەڕیوەکەی بۆکان
لەگەڵ گیانبازانی مەریوان
بانەی نەبەز و لە سەر پێ،
کرماشانی مەزن و سنەی سەربەرز
وێکڕا دەنگیان دێ.

ئەمرۆ قەندیل و سپی ریزی خەیلانیان، چیای سیر، قەلای دمدم، بەرزایەکانی زمزیران، کەلی خان، لانک و گیارەنگ، لوتکەی بەرزی تەرەغە، بێستوون و چلچەمە و هەموو کێوەکانی تری کوردستان دەستی یەکیان گرتووە و لاوکی سەرکەوتن بە سەر دوژمندا، نەرم نەرم بۆ شەهیدەکان دەڵێنەوە.

هۆ شەهیدە سەربەرزەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە، دڵنیا بن کە گەلی ڕاپەڕیوی کورد هەرگیز خوێنی بە ناحەق رژاوتان لە یاد ناکات و تیشکی چاوەکانی ئێوە ڕێ نیشاندەری کاروانی نەپساوەی ئەویندارانی ڕێگەی رزگارین و تا گەیشتن بە ئامانجەکانتان بەردەوام دەبین.

لە کۆتایی دا لە بەرامبەر خوێنی شەهیدە سەربەرزەکان و بنەماڵەکانیاندا سەری کرنۆش دادەنوێنم.

سەرچاوە: دیواری فەسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی!

بۆ ئەوەی بە وردی بزانین شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە بە دوای کوشتنی ژینا(مەهسا) ئەمینی دەستی پێکردوە، هۆکارەکانی چین، لازمە ئاوڕێک وە ڕابردوو بدەینەوە. دیارە ئەوە ڕاستە کە مەرگی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز کە لە تارانی پایتەختی ئێران بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد دەستگیر کرا و دواتر لە ژێر شکەنجەدا کوشتیان، بوو بە هەوێنی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەقینەوەی نارەزایەتی پەنگخواردووی دەیان ساڵە بوو کە گەلانی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە لە سینگی خۆیاندا ڕایان گرتبوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر قورسایی لە سەر دەکردن.

ساڵی ۱۹۷۹ گەلانی ئێران بە تەمای دابین کردنی ژیانێکی باشتر و ئارامتر و دابین کردنی سیستمێکی گونجاوتر، دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، ئەوکات شۆڕشیان کرد و کۆتاییان بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێراندا هێنا. بەڵام مخابن بە هۆکاری جۆراجۆر، ئەو کات پیاوانی ئایینی (ئایەتوڵڵاکان) بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، بە دروشمی "نەشەرقی ، نەغەربی"، توانیان دەسەڵاتی ئێران بەدەستەوە بگرن و لە ڕێفراندۆمێکی فەرمایشیدا حکومەتێکی دینی بە سەر ئێراندا بسەپێنن. جێگەی ئاماژەیە کە هەر ئەوکات گەلی کورد لە ژێر ڕێنوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لەو بە ناو ڕێفراندۆمەدا بەشداری نەکرد و دەنگی بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا.

بۆ ئەوەی شناختێکی ڕوونترمان لە سەر ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی هەبێت، ئەگەر بە کورتییش بێت، لازمە لە چەند بواردا سیاسەت و تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین. دیارە ڕەفتارەکانی ئەو سیستمە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا فرە ڕەهەند بوون،

**بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین لەم چەند خاڵەدا پۆلێن بەندییان بکەین و دواتر هەر بەشە بە جیا بخەینە بەرباس.**

١- دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆییەکانی
٢- سیاسەتی ناوچەیی و هەوڵدان بۆ ناردنە دەرەوەی "شۆڕش"
٣- سیاسەتە نێونەتەوەیەکانی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی
٤- شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، بەرهەمی سیاسەتی چەوتی ٤٣ ساڵەی ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe

**– کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نێوخۆییەکانی**

هەر لەگەڵ پەسند کردنی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاماژەکانی گەڕانەوە بۆ دەورانی سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوتن. چوونکە هەر لە قانوونی ئەساسیدا کە بۆ بەڕێوەبەریی وڵات تەنزیم کراوە، زۆر خاڵی ناکۆک لە گەڵ بارودۆخی ئێران و سیستمی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەن کە هەر لە سەرەتاوە گەلانی ئێران پێی ڕازی نەبوون و بە شێوەی مومکین لە دژی وەستانەوە. ئەوە جگە لەوەی کە بەشی هەرەزۆری ئەو ئەسڵ و "ماددانەی" کە بە شێوەیک باسی عەداڵەت و لابردنی تەبعیز و مافی قەومەکانی تێدایە، بە هیچ شێوەیەک تا ئێستاش بەڕێوە نەچوونە. لە نێو ئەو خاڵە ناکۆک و دژ بە مافەکانی مرۆڤەدا،

**دەتوانین چەند نموونەیەک باس بکەین:**

- لە گەڵ ئەوەیدا ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە  و لە شەش نەتەوەی سەرەکی، فارس، ئازەری، کورد، بەلوچ، عەرەب و تورکمەن پێکهاتووە، کەچی هەر لە سەرەتای فەسڵی یەکی قانوونی ئەساسیدا حاشا لەم واقعیەتە کراوە و هەموو گەلانی ئێران بە میللەتی ئێران پێناسە کراون. هەر لە ژێر ئەم سیاسەتی تەک میللەت بوونەدا مافی گەلانی غەیرە فارس لە بواری نەتەوەییەوە بە تەواوی پێشێل کراوە و ئەوەش بۆتە هۆی کێشەیەکی قوڵ لە نێوان دەستەڵاتدارانی وڵات و گەلانی ئێراندا کە دەیانهەوێ مافی نەتەوییان دابین بکرێت.

- دیاری کردنی کەسێک وەک وەلی فەقیە بە دەستەڵاتی بێ سنوورەوە، یەکێک لەو دیاردە سەیرانەیە کە ئەوە دەیان ساڵە لە کۆماری ئیسلامیدا جێی گرتووە. دوای مردنی ئایەتوڵڵە خومەینی، ئایەتوڵا خامنەیی وەک ڕێبەری نیزام و وەلی فەقیە دیاری کرا. ئەو شەخسە دەستەڵاتێکی ڕەهای هەیە. تەنانەت سەرۆک کۆماریش لە دوای هەڵبژاردن، تا لە لایان ڕێبەری نیزامەوە تەئید نەکرێت، ناتوانێت دەستبەکار بێت. ئەوە جگە لەوەی کە بۆ خۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی وڵاتە و سەرجەم دام و دەستگاکانی دیکەی وەک پارلمان ، شوڕای نیگابان و مەجلیسی خوبرەگان و ... دەبێ لە فیلتەری بەیتی ڕێبەریی نیزامدا تێپەر ببن. لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسیدا بە روونی باسی ئەو دەستەڵاتە زۆرانەی ڕێبەری نیزام کراوە.

- بە پێی قانوونی ئەساسی، سەرۆک کۆمار دەبێ پیاو بێت، لە نێو پیاوانیشدا دەبێ شیعە مەزهەب بێت، لە نێو شیعە مەزهەبەکانیشدا دەبێ بڕوای بە شیعەی دوازدە ئیمامی هەبێت. قانوونی ئەساسی ئەسڵی ١١٥.

بە پێی ئەم ئەسڵە، هیچ ژنێک بۆی نیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی کاندید بکات. چوونکە لەو ئەسڵەدا هاتووە کە سەرۆک کۆمار دەبێ پیاو بێت. لە نێو دوو لقی ناسراوی موسوڵمانانیشدا کە بریتین لە شیعە و سوونە، سوونەکان ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبیندراوە. بەم پێیە بەشێکی هەر زۆری خەڵکی کورد لە ئێراندا کە زیاتر لە دە ملیۆن کەسە و زۆرینەشی سوونە مەزهەبە، هەر وەها بلوچەکان و تورکەمەنەکانیش هەروەک سووننە مەزهەبەکانی کورد، لە مافی خۆکاندید کردن بۆ سەرۆک کۆماریی مەحروم کراون. جگە لەوەش لە ئێراندا چەند ئایینزای غەیرە موسلمانیش هەن کە مافی کاندید بوون بۆ سەرۆک کۆمارییان لێ زەوت کراوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەیەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی دوای تێپەڕین لە فیلتەری بەیتی ڕێبەریی نیزام و بوون بە سەرۆک کۆمار، دوای دەورەیەک یا دەورەی دووهەم، کەوتوونەتە بەرغەزەبی ئایەتوڵلا خامنەیی و خراونەتە دەرەوەی بازنەی دەستەڵاتی سەرەکی نیزام. نەک هەر ئەوە بەڵکو هێندێکیان لە ماڵی خۆیاندا زیندانی کراون، یا هەر نەبێ دەرکەوتن لە مێدیا و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتیان لێ مەنع کراوە.

بۆ جێگر کردن و دامەزراندنی دەستەڵاتێکی تاکلایەنە، لە کوردستانی ئێران و بلوچستان و شوێنەکانی دیکەش، تەنانەت ئیزنیان نەداوە کە کوردێک یا بلوچێک تەنانەت لە پۆستی ئوستانداریشدا بەرپرسایەتی هەبێت، جا چ بگات بە سەرۆک کۆماریی!

- هەر چەند لە ئەسڵی ١٥ و ١٩ قانوونی ئەساسیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان باس لە خوێندن بە زمانی زگماکی تێدایە، بەڵام ئەوە ٤٣ساڵ تێدەپەڕێت و هەر گیز ئەو نیزامە ئیزنی نەدا کە ئەو ئەسڵانە بەڕیوەبچن و تا ئێستاش منداڵانی کورد، ئازەری، بەلوچ، تورکمەن، عەرەب لە سەرەتای چوونە مەکتەبەوە ناچار دەکرێن کە بە زمانی فارسی بخوێنن و خوێندنی زمانی دایکیان لێ مەنع کراوە. لەوەش خەراپتر ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی زۆر توند ئازار و ئەشکەنجەی ئەو کەسانەیان داوە کە خۆبەخشانە لە شار و گوندەکاندا هەوڵی پەرەپێدان بە زمانی دایکی خۆیان داوە و لە سەر ئەرک و ماندوو بوونی خۆیان دەرسیان بە منداڵانی خوازیاری فێربوونی زمانی دایک گووتووە. زارا محمدی یەکێک لەو ئافرەتە کوردانەیە کە تەنیا بە تاوانی دەرس گوتن بە منداڵانی کورد حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە.

- ڕەنگە قبوڵ کردنی ئەوە کە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی بەلوچ نەک هەر لە خوێندن بە زمانی دایکیان مەحروم کراون، بەڵکو خاوەنی شناسنامەش نین و بەوشیوە لە هەموو مافەکانی شارۆمەندی بێ بەش دەبن، کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام مخابن ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە کە گەلانی ئێران لە ژێر حوکم و دەستەڵاتی ئایەتوڵلاکاندا تێیدا دەژین.

کۆماری ئیسلامی بۆ تەسبیتی ئەو سیاسەتانەی خۆی و تواندنەوەی "غەیرە" خودیەکان، لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئابووری، کلتوری، فەرهەنگی و ... کەڵکی خەراپی وەرگرتووە. لە پەنا ئەوانیشدا مافیایەکی بەهێزی چەکداری و تیرۆریستی لە ژێر ناوی سوپای پاسداران و بەسیج دا ڕێک خستووە کە هەموو داخوازیەکانی گەلانی ئێران لە لایان ئەو سوپایەوە بە سەرکوت و کوشتار وەڵام دەدرێنەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێوخۆییدا پێویستە ئاماژە بە وەش بکەین کە لە ئێراندا هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کە ڕاستەوخۆ لە خزمەت ئامانجەکانی نیزامدا نەبێت، مافی چالاکیی نیە. هەموو جۆرەکانی ئازادی فەردی، گروهی و ئیتنیکی بەربەست کراون. مەڕاسیمی جێژن و شادی بە تەواوی مەمنوعن. لە قوتابخانە و زانکۆکانیش پێوەندی کۆمەڵایەتی کچان وکوڕان قەدەغەیە. بە شێوەی گشتی، ژنان لە شێوەی دەبەر کردنی جلک و لیباسیشیان دا ئازاد نین.

لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم، لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا مەوجێکی عەزیم لە کەسانی بە توانا و کار لێهاتوو وڵاتیان بە جی هێشتووە و لە وڵاتانی تر بوونەتە پەنابەر، مەوجێک کە لە ئێراندا بە هەڵاتنی مێشکەکان بە ناوبانگە(فرار مغزها). هەروەها بەشێکی زۆر لەوکەسانەی کە خۆیان ڕاگرتووە و ڕێگەی هەندەرانیان نەگرتۆتەبەر و هەوڵیانداوە لە نێو خۆدا بمێننەوە و کار بۆ ئاڵ و گۆر بکەن، مخابن یا بە ئیعدام کردن، یا بە تیرۆر لە نێو براون، ئەوە جگە لەوە کە زیندانەکانیش لەم جۆرە کەسانە جمەیان دێت. ئەمە لە ئێراندا ئێستا چەمکێکی ئاشنایە کە دەڵێن زیندانەکانیش بوونەتە زانکۆ، چوونکە کەم نین ئەو مامۆستایانەی کە بەشی زۆری تەمەنیان لە زینداندا تێپەر کردوە. ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا ئەوەندە دڕندانە و نائینسانیە کە مرۆڤ لە باس کردنیشی خۆی دەبوێرێ. تەجاوەزی جینسی بە ژنان و کچان وەک ڕێکارێکی فشار بۆ ئیعتراف وەرگرتن بۆتە ڕەواڵێکی ئاسایی(باس لە تەجاوەز بە کورانیش دەکرێت). وەرگرتنەوەی پارەی فیشەک لە بنەماڵەی کەسی ئیعدام کراو، وێناچی جگە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی، لەهیچ جێگایەکی دیکەی جیهاندا بوونی هەبێت.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، بۆ ئەوەی بیروڕای گەلانی ئێران بە لاڕێدا ببات و دەرفەتی بیر کردنەوەیان لە بەرتەسک بکاتەوە، هەم بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ عێراق درێژە پێدا،هەم لە دژی ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، شەڕێکی نابەرامبەری وەڕێ خست، شەڕێک کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. لەم شەڕانەدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو جۆرە چەکێکی سوک و قورس، تەنانەت لە موشەکی بالستیک و درۆنی بۆمبهاوێژیش کەڵکی وەرگرتووە. ئاخرین نمونەکانی ئەم پەلامارانە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بوو کە هەم بە موشەک و هەم بە دڕۆنی بۆمبهاوێژ هێرشی کردە سەر کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردسیانی ئێران و

حیزبەکانی دیکە کە لە کوردستانی عیراق جێگرن. لەو هێرشانەدا کە قوتابخانە و بیمارستان و شوێنی ژیانی ژن و منداڵانیش پارێزراو نەبوون، ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد گیانیان بەخت کرد.

سەرجەم لە میانەی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران کە تەنیا داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و هیچی تر، زیاتر لە پەنجا هەزار نەفەر خەڵکی ئاسایی کوژراون و زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات و هێزەکانی دیکەی کوردستان گیانیان بەخت کردوە.

بێجگە لەوانە ژمارەیەکی زۆریش لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئیعدام کراون، هەروەها لە چەندین ساڵی ڕابردوودا، هەزاران کۆڵبەری کورد لە شارو گوندە سەرسنووریەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی سوپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژراون و لە نێویاندا سەدان کەسی دەرچووی زانکۆیان تێدایە کە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، ئیزنی کار کردنیان پێ نەدراوە، هەر بۆیە بۆ بژێوی ژیانیان بە ناعیلاجی "شوغڵی" کۆڵبەرییان گرتۆتە بەر. شوغڵێک کە بە هیچ پێوەرێکی زانستی بە شوغڵ حیساب ناکرێت و تەنیا لە ژێر سیبەری حوکمی ئەو نیزامەدا بوونی هەیە.

## سیاسەتی ناوچەیی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ ناردنە دەرەوەی "شۆڕش"(ئاژاوە)

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، ڕێژیم بە مەبەستی بەرفراوان کردنی دەستەڵاتی خۆی و دەست گرتن بە سەر ناوچە دەوڵەمەندەکانی بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی و بیرۆکەی بونیادنانی ئیمپراتوریەتێکی ئیسلامی، بە ناوی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەردەوام لە پیلانگێڕیدا بووە. بۆ ماوەیەک کۆماری ئیسلامی توانیبووی بە کردەوە دەستەڵاتی چەند حکومەتی ناوچەکە بێنێتە ژێر حوکمی خۆی. کۆماری ئیسلامی بە هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئەوەی پێی دەگوترێ هیلالی شیعە، لە چەند وڵاتی ناوچەکەدا هەم ئاژاوەی نێو خۆیی وەڕێ خستبوو هەم لەو وڵاتانەش دەیان گروپی چەکداری لە کەسانی توندئاژووی مەزهەبیی پێک هێناون کە لە شەڕە نێوخۆیەکانی ئەو وڵاتانەدا کەڵکیان لێ وەردەگرێت. ئەگەر چاوێک لە چەند ساڵی ڕابردووی، وڵاتەکانی یەمەن، لوبنان، فەلەستین، سوریە و عێراق بکەین، باشتر بۆمان دەردەکەوێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا خەڵکی ئەو وڵاتانەی لە ژێر ناوی مەزهەبی شیعە و سوننەدا بە گژ یەکدا کردوون و ئەو وڵاتانەی کردوونەتە گۆمی خوێن. لە حاڵێکدا کە گرانی و کەم داهاتی هەموو ئێرانی گرتۆتەوە، ڕێژیم بودجەیەکی زەبەلاحی نهێنی بۆ پەرەپێدان بەو شەڕ و ناکۆکیانە و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە خۆی، تەرخان کردوە. پێش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت، پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە و سوونە زۆر بە ئارامی لە پەنای یەکتر لەو وڵاتانەدا دەژیان، بەڵام بە هۆی دەستوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە کارو باری ئەو وڵاتانە و پڕچەک کردنی کەسانی توندئاژۆی مەزهەبی شیعە و هاندانیان

بە دژی ئەوانی دیکە، چەند ساڵێکە شەڕیکی سەخت لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراق، سوریە، یەمەن، فەلەستین و چەندین شوێنی دیکە لە ئارادایە. ئێستا لە کەس شاراوە نیە کە لە چەند ساڵی رابردوودا تەرمی سەدان فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران لە سوریەڕا هێندراونەتەوە بۆ ئێران.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو ساسەتە فراوانخوازیەدا بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە گەلانی ناوچەکە لە دژی حکومەتی ئیسرائیل هان بدات. جگە لەوە چەندین جاریش ڕاستەوخۆ هەڕەشەی کردوە کە دەیهەوێت ئەو وڵاتە وێران بکات و لە سەر نەقشەی سیاسی جیهان نەیهێڵێت. ئەوە جگە لەوەی کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەموو ڕۆژانی هەینی لە ڕێگەی ئایەتووڵلاکان وهەوڵی داوە کە بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران دژی وڵاتانی غەربی بە گشتی و بە تاییبەت دژی حکومەتی ئەمریکا هان بدات.

### سیاسەتە نێونەتەوەیەکانی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی

کۆماری ئیسلامی ئێران بەر لەوەی بە شێوەی ڕەسمی دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت، بە هۆی "خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئایەتووڵلا خومەینی" سەفارەتی ئەمریکا لە تارانیان داگیر کرد و کاربەدەستەکانیشیان بە گرۆگان گرتن. بەم چەشنە دەبینین کە هەر لە سەرەتای دەست بە کار بوونەوە گرۆگانگیری و کردەوەی ئاژاوە نانەوەیان کردە سەر لەوحەی سیاسەتەکانیان. هەر لەوکاتەوە تا ئێستاش کێشەیەکی بەردەوام لە بەینی کۆماری ئیسلامی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا هەیە.
کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕاستای سیاسەتی فراوانخوازانەیدا چەندین ساڵ بە نهێنی و دوور لە دیدی چاوەدێرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، خەریکی هەوڵدان بۆ دەست خستنی چەکی ناوەکی بووە، تا سەرئەنجام ئەو هەوڵانەی لێ ئاشکرا بوون. ئێستا ئەوە چەندین ساڵە لەم بوارەدا هەم لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کێشەی هەیە و هەم لەگەڵ شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. کۆی ئەو کێشە نێونەتەوەیانەی کۆماری ئیسلامی سازی کردوون، بوونەتە هۆی گەمارۆیەکی سەختی ئابووری لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران. بەڵام مخابن حکومەت قورسایی ئەسڵی گەمارۆکانی خستۆتە سەر شانی شارۆمەندانی ئێرانی.
لە بواری سیاسیشەوە هەر چەند ڕێژیم ئیدعای نە شەرقی و نە غەربی دەکرد، بەڵام زۆر زوو دەر کەوت کە کۆماری ئیسلامی لە گەڵ چین و ڕوسیە پێوەندی چڕ و پڕی هەیە و بەم شیوەیە خۆی لە بەرامبەر ئوروپا و ئەمریکادا دەبینێتەوە. زۆر جاران لە کۆبوونەوەکانی شوڕای ئەمنیەت دا چین و ڕوسیە بڕیارەکانی پێوەندیدار بە ئێرانیان وێتۆ کردوون.

ئەمساڵیش کە ڕوسیە شەڕی لە دژی ئۆکڕانیا دەست پێ کردوە، کۆماری ئیسلامی بە ناردنی موشەک و دڕۆنی بۆمبهاوێژ،

خەریکە بە کردەوە دەبێتە بەشێک لە شەڕەکە. لەم ماوەیەدا هەم ناتۆ و هەم ئەمریکا و هەم خودی ئۆکرانیاش چەند جار هوشدارییان بە سەرانی کۆماری ئیسلامی داوە، کەچی ئەوان لە سەر ئەو رەفتارەیان هەر سوورن.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج لە بواری نێو نەتەوەییدا ئەو تیرۆرانەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئوروپا و ولاتانی دیکەش ئەنجامی داون، ئەوە جگە لەو تەقینەوانەی کە لە زۆر شوێن دەستی ئەو ڕێژیمەیان پێوە دیارە. مخابن لە درێژەی سیاسەتی تیرۆریستانەی ئەو ڕێژیمەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک گەورەترین حیزبی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتیەکانی خەبات دەکات، زۆرترین زەربەی بەر کەوتووە. ساڵی ١٣٦٨ لە ولاتی ئوتریش، لە ژێر ناوی وتووێژدا، کۆماری ئیسلامی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بانگهێشت دەکەن، بەڵام لە جیاتی قسەکردن لە سەر ڕێگە چارەکان، بە داخەوە دوکتور قاسملوو و هاوڕێیاکانی هەر لەسەر مێزی بە ناو وتووێژ شەهید دەکەن. سێ ساڵ دواتر، واتە ساڵی ١٣٧١ ی هیجری لە کاتێکدا دوکتور شەرەفکەندی جێگرەوە دوکتور قاسملوو، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینتەرناشنال سوسیالیستدا لە ولاتی ئاڵمان بوو، لە جەلەسەیەکدا کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی هێزەبەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوو، لە ڕێستورانی میکۆنووسدا لە لایان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کرانە ئامانج و مخابن دوکتور شەرەفکەندی و سێ کەسی دیکەش شەهید بوون. جگە لەوانە لە ولاتی تورکیە و عێراقیشدا بە سەدان کەس لە مخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە لایان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کراونەتە ئامانج و شەهید کراون.

## شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، بەرهەمی سیاسەتی چەوتی ٤٣ ساڵەی ڕێژیم

لەم وتارەدا بە شێوەیەکی کورت بەشێک لە سیاسەتە چەوت و دژە مرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیمان ئیشارە پێ کردن. ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوو دەدات ڕقێکی پەنگخواردوویە کە دەیان ساڵە گەلانی ئێران بە ناچاری لە سینگی خۆیاندا هەڵیان گرتووە. لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر هەوڵ دراوە کە بەڵکو ڕێژیم واز لەو سیاسەتانەی بێنێت، بەڵام نەک هەر وازی نەهێناوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی ولات پەرەی بە سیاسەتە چەوتەکانی داوە. لە بواری نێو نەتەوەییدا ئەو حکومەتە ئەوەندە ئیعتباری ئێرانی هێناوەتە خوار، کە لە زۆر شوێن، ئێرانیەکان بە شەرمەوە پێناسەی ئێرانی بوونیان نیشان دەدا. لە نێو خۆی ئێرانیشدا "بازنەی خودیەکانی" بەڕادەیەک بەرتەسک بۆتەوە کە ئێستا خامنەیی دیکتاتۆر، جگە لە کەسە نیزیکەکانی بڕوای بە کەس نەماوە. دیارە هەر بەو ڕادەیەش کۆمەڵانی خەڵکیش لە سەرانسەری ئێراندا لەو حکومەتە بێزارن. ئاکامی ئەو بێزاریەیە کە بۆتە شۆڕشێکی هەمە گیر و سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە و ئامانجی ئەسڵیش ڕوخاندنی سیسمی کۆماری ئیسلامیە. چوونکە گەلانی ئێران دەیانهەوێ وەک هەموو گەلانی دیکەی بەختەوەری ئەم جیهانە بە ئازادی و ئاسوودەیی بژین. دروشمی سەرەکی ئەم شۆڕشەش کە ژن، ژیان، ئازادیە

دەرخەری ئەم ڕاستیە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا نە ژن مافی هەبووە، نە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دابین بووە، نە هیچ ئازادییەکیش هەبووە. ئەم شۆڕشە دوای ٤٣ ساڵ لە دەستەڵاتی حکومەتێک کە بە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست دەستەڵاتداری دەکرد، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئاڵ و گۆڕێکی قوڵ و بنچینەیی لە ئێراندا بە ڕێوەیە کە نەک هەر ساختاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران دەگۆڕێت، بەڵکو لە سەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شوێندانەر دەبێت. چوونکە ئەم شۆڕشە لە نەوعی خۆیدا وەک شۆڕشی فەڕانسە دەچێت کە نزیک دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕووی دا. کاریگەریەکانی ئەم شۆڕشە لە سەر زۆر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد دەکرێت بە کاریگەریەکانی شۆڕشی فەڕانسە لە سەر کۆمەڵگەی جیهان بەگشتی و ئوروپا بە تایبەتی. بێ گومان دوای کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوچەکە بە تایبەت و جیهان بە گشتی نەفەسێکی ڕاحەت دەکێشن.

١٢,٢٠٢٢,٠٧ ١٢ - ٧ - ٢٠٢٢

## ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان!

هەر لە دوای تێکچوونی کۆمارەوە تا ئێستاش، بە بەردەوامی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە دوای ئامانجەکانی کۆمارەوە بوون و هەوڵیان داوە جارێکی دیکەش کۆمار دروست بیێتەوە. لەو پێناوەدا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم نیشتمانە گیانی خۆیان بەخت کردووە و بەگژ هێزی زۆر و پۆشتەوپەرداخی دوژمندا چوونەتەوە. ئێمەی کورد لە گیانبازی و فیداکاریدا قەت کەممان نەهێناوە، بەڵام دەبێ قبوڵ بکەین لە خەسارناسیی خەباتی خۆمان و دەستنیشانکردنی ستراتیژیی دوژمندا زۆر جار لاواز دەرکەوتووین. ئێمەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات هەم لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێکۆشاوین و هەم لەدژی کۆماری ئیسلامی. لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی دەردەخا کە بۆچی لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەر دەسەڵاتێک کە لە ئێراندا هاتۆتە سەرکار بۆتە دوژمنی کورد و شەر و کوشتاری لەدژی وەڕێ خستووە. ئەم شەر و کوشتارە بەرهەمی کامە بیر و ئەندێشەی سیاسی و ستراتیژین؟ ئەگەر ئێمەی کورد دەمانهەوێ جارێک و بۆ هەمیشە لەو شەر و ماڵوێرانییە ڕزگارمان بیێت، دەبێت پەنجە لەسەر ئەسڵی بابەتەکە دابنێین و لە بنەوە هەڵیتەکێنین. ئەگینا ئەگەر وا نەکەین تانەت ئەگەر لە شەڕیشدا سەربکەوین، دیسان ئەو بابەتە سەر هەڵدەداتەوە.

ئاستەنگی سەرەکی لەسەر ڕێی گەیشتنی گەلانی نێو جوغرافیای ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مافە نەتەوایەتییەکانیان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەیە کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتە و هاتنەسەرکاری ڕەزا شای پەهلەوییەوە تا ئێستاش بەچڕی بەڕێوە دەچێ. سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە کە باس لە یەک جوغرافیا، یەک زمان و یەک کولتوور و یەک نەتەوە و یەک وڵات دەکات و لە چەمکی سیاسی نەتەوەی ئێران (ملت ایران)دا خۆی دەرخستووە، لە ڕاستیدا مەترسیدارترین بیرۆکەیە کە تا ئێستاش شۆڤێنیزمی دەسەڵاتداری تاجدار و مەندیلبەسەر لە دژی گەلانی ئێران کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا مەترسیدارترین جۆری تێرۆریزمی دەوڵەتییە لە هەموو بوارەکانی خۆیدا. ئەم جۆرە تێرۆرە کە لە جۆری خۆیدا دەچێتە خانەی ژینۆسایدی نەتەوەیی، مخابن تا ئێستاش وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. مەبەست لە ژینۆسایدی نەتەوەیی ئەوەیە بۆ نموونە کاتێک گەلی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لەژێر گوشاری فەرهەنگی، ئابووری، کولتوری و سیاسیدا بووە و هیچ دەرفەتێکی گەشەسەندنی پێ نەدراوە و هەوڵ دراوە کە لە نێو فەرهەنگی بێگانەدا بتوێتەوە، بێگومان ئەمە ژینۆسایدی نەرمە و هەوڵدانە بۆ تواندنەوە. لەم ژینۆسایدەدا دوژمن کۆمەڵێک ڕێکاری نامرۆڤانەی گرتوونەتەبەر، وەک: تیرۆرکردنی کەسایەتی و ئیلیتی کورد، فەوتاندنی

زمان و کولتوور، سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی، لە هەژاریدا ڕاگرتنی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو کەرتەکاندا، ئانەوەی چەندبەرەکی لەنێو کۆمەڵگەدا، ئالوودەکردنی کۆمەڵگە بە شتی جۆراوجۆر و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان لە بیری نەتەوەیی.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدایە کە خوێندن بە زمانی دایک، واتە زمانی کوردی لە کوردستاندا یاساغ کراوە و هەرکەس هەوڵ بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی بدات، حیسابی دوژمنی بۆ دەکرێ و دەیخەنە سووچی زیندانەوە. ئەوان دەزانن زمان یەکێک لە بنەڕەتەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. هەر لە ڕێگەی سەرکوتی زمانییشەوە هەوڵ دەدەن کەسایەتیی تاکی کورد تێک بشکێنن. چونکە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ کە لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە کتێبێکی دەدرێتێ کە هیچ سەرەندەری لێ دەرناکات و مامۆستا بە زمانێک قسەی لەگەڵ دەکات کە تێی ناگات؛ هەر لەم یەکەم ڕۆژدا کەسایەتیی ئەم تاکەی کورد درزی تێ دەکەوێت و هەست بە کەمایەسییەکی قووڵ دەکات. ئەوە یەکەم هەنگاوە هەم بۆ فەوتاندنی زمانی کوردی و هەم بۆ شکاندن و تێرۆری کەسایەتیی تاکی کورد. ئەو یەکەم هەنگاوەش چونکە بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی ژیاندا درێژەی هەیە، دەبێتە هۆی ئەوە هەموو کۆمەڵگە بتەنێتەوە و بەرە بەرە بەرەو فەوتانی ببات. ئەم بەشە لە سیاسەتی داگیرکەر دەچێتە خانەی تێرۆری زمان و کەسایەتیی تاکی کورد و لە ڕێگەی تاکیشەوە دەبێتە تێرۆری کەسایەتیی نەتەوەیی.

سەرجەمی ئەو پیلانانە کە ئاماژەمان پێ کردن، بە مەبەستی چەسپاندنی سیاسەتی تەک نەتەوەیی لە ئێراندا پێڕەو دەکرێ، سیاسەتی تاکنەتەوییش لە ئێراندا شتێک نییە جگە لە تواندنەوەی سەرجەم گەلانی ئێران لە نەتەوەی باڵادەستدا؛ بۆیەشە هەر جۆرە داواکارییەکی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی دیکەی ئێران بە جیاییخوازی لە قەڵەم دەدەن و ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەبارێنن. شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدار دەیهەوێ لەژێر ناوی تەواوەتیی خاکی ئێراندا، هەرچی سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی و هێزی کاری کوردستان هەیە بۆ خۆی ببا و هەر ئەو سیاسەتەش لە بەلوچستان و زۆر شوێنی دیکە پەیڕەو دەکات. سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوە و تاک میللەتی لە ئێران شتێک نییە جگە لە تاڵانکردنی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە قازانجی نەتەوەی شۆڤێنیستی پاوانخواز. سەدان ساڵە کوردستان تاڵان دەکەن، سەروەت و سامانەکەی دەبەن و بۆخۆیانی دەکەنە کۆشک و تەلار و لاوی کوردیش بە بڕوانامەی بەرزی خوێندنەوە دەبێ بچێتە کۆڵبەری و تەنانەت ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن و دەیدەنە بەردەستڕێژی فیشەک. لەم ساڵانەی دواییدا خەریکن ڕووبار و ئاوەکانیش دەدزن و لە زۆر شوێن ڕێڕەوی ئاوەکانیان گۆڕیوە و بە بۆڕییەوە بەرەو ئەو شوێنانەیان دەبەن کە بە هی خۆیانی دەزانن.

باس لە شکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد کرا. ئەم شکاندنە لە بەردەوامیی خۆیدا تەنانەت لە هەڵوێستی کەسایەتیی سیاسی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە و کەم نین هەندێک سیاسیی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتی داسەپاو لە بەرانبەر

بەرهەڵستکارانی ڕێژیمیشدا خۆیان پێ کەمە و بە لاوازی بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان دەکەین. سیاسەتی شۆڤێنیزم بە نیسبەت مافی گەلان چ لە دەستەڵاتدا بێت یا ئۆپۆزیسیۆن بێت، هیچ فەرق ناکات و هەموویان یەک شت دەڵێن. هەربۆیەش ئەو بەناو دژبەرانەی کۆماری ئیسلامییش بەشی هەرەزۆریان، ئەوانەی پاوانخوازانە بیر دەکەنەوە، ئەوە کوتکی جوداییخوازییان بەدەستەوە گرتووە و بەو کوتکە بەگژ داوا ڕەواکانی گەلانی نێو ئێراندا دەچنەوە؛ بەبێ ئەوەی واقعبینانە چاو لە دروشم و سیاسەت و ڕوانگەی سیاسیی نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بکەنەوە. هەروەها خۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەدزنەوە کە ئەوان بۆ دەستبەرداری کوردستان نابن و ئاخۆ ڕوانگەی ئەوان چ جیاوازییەکی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستای ڕێژیم هەیە؟ کە واتە سەرەکیترین ئاستەنگی بەردەم مافخوازیی کورد و نەتەوەکانی دیکە شۆڤینیزمی دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنە.

**دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران کۆمەڵێک دەرفەتیشی بۆ کورد دروست کردووە کە پشت بە کۆمەڵە فاکتەرێک دەبەستن کە پێویستە بە باشترین شێوە کەلکیان لێ وەربگیردرێ:**

– حەقانییەتی کێشەی نەتەویی کە دەبێ داکۆکیی لێ بکا و پشتی پێ ببەستێ.

– ناسراوبوونی کێشەی نەتەوەی کورد و بەڕۆژەڤبوونی وەک کێشەیەکی نێونەتەوەیی.

– ڕەگداکوتانی بیری ڕزگاریخوازی لە نێوخۆی کوردستان و یەکگرتوویی نەتەوەیی.

– فرەنەتەوەبوونی ئێران کە ئەم فاکتەرە دەتوانێ پشتیوانەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکانی نێو ئێران.

– دەنگنەدان بە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان لە بەرامبەریدا و شەر لەدژی سوپای پاسدارانی تیرۆریست بۆ ماوە ٤٣ ساڵ، کە کۆمەڵگەی جیهانی تازە خەریکە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی دێتە دەنگ.

– سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و گیانبازییەکانی خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەدا کە وەک دڵی شۆڕشەکە دەرکەوت.
– هەبوونی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ و. ...

بەڵام بۆ ئەوەی باشتر بکرێ کەلک لەو فاکتەرانە وەربگیردرێ پێویستە بەر لە هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پتر هاوهەڵویست بن و نێومالی خۆیان ڕێک بخەن و ناوەندی هاوکاریش بەربەرینتر ببێت، چوونکە لە

بەردەم پرسێکی نەتەوەیی‌داین و پرسی نەتەوەییش بە هەموان چارەسەر دەکرێت. پێویستە کار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێت و هەر لە ئێستاوە پلانی ئەوە دابنرێ کە دەستبەجێ دوای کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و کیانێکی سیاسی کوردی دابمەزرێت و هەر جۆرە دانوستانێک لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێران، لەگەڵ ئەو کیانە سیاسییە کوردیە بێت نەک لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان.

پاش تۆکمە کردنی نێو ماڵی کورد، پێویستە هەوڵ بۆ کاراکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و کردنی بە ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بدرێت و ڕێگە لەوە بگیردرێ کە لایەنەکانی دیکە بە ناحەق خۆیان بەخاوەن بکەن. نابێ باسکردن لە سیستمی داهاتووی ئێران بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دوابخرێت. هەر لایەنێک ئەو هەوایە لێ بدا تەنیا مەبەستی کات کڕینە تا دەگاتە دەسەڵات و ئەودەم لێمان دەبێتە خومەینییەکی دیکە. لە سەر ئەو بڕوایە هەر لایەنێک لە ئێستاوە ڕوانگەی بەنیسبەت چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا ڕوون نەبێت، هەر لایەنێک کە پێداگری بکات لە سەر چەمکی نەتەوەی ئێران - تواندنەوەی نەتەوەکان لە یەک نەتەوەدا - نابێ کورد لەگەڵی بچێتە نێو هاوپەیمانی.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاستەنگانە و دەکارکردنی ئەو دەرفەتانەی لە پێشمانن، دامەزراندنەوەی کیانێکی سیاسیی دیکەی کوردی لەم هەلومەرجەدا دوورەدەست نییە.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## مەندیل فڕیدان! (عمامە پرانی)

ماوەیەک لەوە پێش لە پۆستێکی بچووکی فەیسبووکیدا نووسیم کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکە دژی کۆماری ئیسلامی نەک دژی دینی ئیسلام. لێرەدا دەمهەوێت ئەم باسە کەمێک زیاتر بکەمەوە.

با لەوەڕا دەست پێ بکەم من بڕوای تەواوم بەوە هەیە شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کردووە، لە تێکەوە پێچانی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ و زۆر ئاڵ و گۆڕی قوڵی دیکەی بنچینەیی لە ساختاری ژێرخان و سەرخانی وڵاتی ئێراندا پێک دێنێ. نەک هەر ئەوەش بەڵکو بڕوام وایە کە هەر وەک چۆن شۆڕشی فەڕانسە (١٧٧٩ - ١٧٩٩) توانی نەک هەر ساختاری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی فەڕانسە، بەڵکوو هی هەموو ئوروپای گۆڕی، شۆڕشی ژیناش شوێندانەریەکی کاریگەری لەم بوارانەدا لە سەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. بەڵام نە شۆڕشی فەڕانسە و نە هیچ شۆڕش و پێشکەوتنێکی دیکە یەکدا بە دوو بە ئاکام نەگەیشتوون، بەڵکوو سەرجەم ئەو پێشکەوتنانەی کە دەیان بینین بە پرۆسەیەکی زەمانیدا تێپەڕێون و بەڕیوەبەرانی ئەو ئاڵوگۆڕانە لێزانانە پێشەنەگایەتی حەرەکەتەکانیان کردوە. دیارە ئەو کاتیش هەر وەک ئێستا هەم کەند و کۆسپ هەبوون و هەم بەرهەڵستاکاری و کاری توندڕەوانە.

با لە باسکەی خۆم دوور نەکەومەوە. ئێستا کۆمەڵگای ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانی جێگیر لەم چوارچێوەیەدا لە سەردەمێکی هەستیار و چارەنووسسازدان. ئێستا گەلانی ئێران بە شێوەی گشتی لە دژی نیزامێک ڕاپەڕیون و دەیان هەوێت بیروخێنن کە ٤٣ ساڵ بەر لە ئێستا بە پشتیوانییەکی کەم وێنەوە هێنایانە سەر کار و دەیان ساڵێش ڕێبەری ئەم نیزامەیان وەک وەلی فەقیهی خۆیان قبوڵ کردبوو، نەک هەر ئەوە تەنانەت بروا بەو نیزامە لە نێو بەشێک لە خەڵکدا تا ڕادەیەک بوو کە پێیان وابوو وێنەی دامەزرێنێ ئەم نیزامە (خومەینی) لە نێو کورەی مانگ دایە. لێرەدا نامهەوێ باسی ئەو جینایەتانە بکەم کە ڕژیم لە ماوەی دەستەڵاتی خۆیدا کردوونی بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە شێلگیرە. بەڵکو ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە کە دەبێ بەڕیوەبەرانی سیاسی و مەیدانی ئەم شۆڕشە، لە هەنگاوەکانی شۆڕشدا بافتی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانیان لە بەر چاو بێت و بە بەرچاو ڕوونی تەواوە هەنگاو بنێن، ئەگینا ڕێگەی گەیشتن بە سەر کەوتن دوور دەبێتەوە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بەشداری هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکە. کۆمەڵانی خەڵکیش

هەمە جۆرن. بەڵام بە شێوەی گشتی توێژی بە ساڵداچووی ئێران تا ئێستاش توێژێکی سوننەتیە و هەر وەک هەموو لایەکیشمان دەزانین کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەستەڵاتی خۆیدا زۆر زیاتر لە پێشو پەرەی بە خورافات داوە و هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم کۆمەڵگایە هەر وا لە دواکەوتوویدا ڕا بگرێت.

بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە، کۆمەڵگای ئێران پێش کۆماری ئیسلامی موسوڵمان بووە و دوای کۆاری ئیسلامیش خەڵکی دیندار هەر دەتوانن دینداری خۆیان بکەن. کەوابوو با جیاوازی دابنێین لە بەینی دینی ئیسلام کە دینی زۆربەی دانیشتوانی ئەم چوارچێوەیە کە ناوەی ئێرانە، لەگەڵ نیزامێکی فاسد کە نێوی کۆماری ئیسلامیە.

مەندیلی پیاوانی ئایینی پێش کۆماری ئیسلامی بوونی هەبووە و دوای ئەو نیزامەش وێدەچی هەر هەبێت. کەوابوو بە هیچ جۆر ئەو مەندیلە ڕەمز یا سیمبولی کۆماری ئیسلامی نیە. هەر بۆیەش فڕێدانی لە کوچە کۆڵاناندا و بێ حورمەتی کردن بە مەندیل و مەلا، لە روانگەی منەوە نەک خزمەت بە شۆڕشی ژینا ناکات، بەڵکوو بە زەرەدیشیەتی. ئەگەر ئاوڕێکی وردبینانە لەم باتە بدەینەوە و سەیرێکی بلوچستان و کوردستان بکەین، دەبینین کە لەم سێ مانگەی شۆڕشدا ماموستایانی مەندیل بەسەر چ ڕۆڵ و نەقشێکی کاریگەریان هەبووە. جگەلەوە دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین ئەو مەلایەی کە تاک و تەنیا بە کۆڵانێکدا دەڕوات لە مەلا بێ دەستەڵاتەکانی نیزامە. هەر چەند هەمووومان دەزانین کە بەشی هەرەزۆری ئەو ئاخوند و مەلایانە لە ساڵانی ڕابردوودا مانگانە پارەیان لە ریژیم وەر گرتووە، بەڵام هونەری شۆرش دەبێ لەوەدا بێت کە بتوانێت لە ئاڵقە لاوازەکانەوە درز لە نێو سەفی دوژمندا دروست بکات و ئەو جۆرە کەسانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت نەک بە هەنگاوی هەڵنەسەنگێندراو، بیانخاتەوە نێو کۆشی دوژمن و ریزەکانی ڕژیمی پێ بە هێز بکات.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێراندا سەرجەم زیاتر لە ٨٠ هەزار مزگەوت هەن، کە بێ گومان ڕادەی ماموستایانی ئایینی لەوەش زیاترە. جا ئەگەر دیقەت نەکەین و ئەم ڕەوتە ئیدامەی هەبێت، نەک هەر ئەو ژمارە زۆرە لە شۆرش ناهومێد دەبێت، بەڵکو ئەو توێژە لە کۆمەڵگاش کە پێی دەگوترێ خۆڵەمێشی، ئەوانیش کە بە ملیۆن کەسن، لە ترسی بێ حورمەتی کردن بە بیر و باوەڕەکانیان، لە شۆرش دوورە پەرێز دەبن. دوورە پەرێز مانەوەی ئەوانیش بێ ئەملاو ئەولا بە قازانجی رژێمە.

ئەگەر چی رەنگە برێک لەم باسە دوور بکەومەوە، بەڵام دەمهەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش بکەم. لە کوردستان ماموستایانی ئایینی زۆر لێبڕاوانە هاتوونەتە مەیدان و بوونەتە پشتیوانی شۆرشی ژینا. بەڵام لە وتار و ڕاگەیاندنی ئەوانیش دا جار جار هێندێک خاڵی مەترسیدار هەست پێ دەکرێت کە لازمە هەوڵی ڕاست کردنەوەیان بدرێت. لە وتار و ڕاگەیاندنەکاندا، ماموستایانی کوردستان، زۆرتر وەک ماموستای ئەهەلی سوونە دەردەکەون، کەو ئەوەش مەترسی بە

مەزهەبی کردنی کێشەی نەتەواتیمانی لێ دەکرێت. جگە لەوەش مامۆستایانی ئایینی کوردستان دەبێ ئەوەیان لە بەر چاو بێت کە لە دوو پارێزگای گەورەی کوردستان واتە ئیلام و کرماشان، هاونیشتیمانیانمان پەیڕەوی لە مەزهەبی شیعە دەکەن. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە هاوولاتیانمان بە تایبەت لە پارێزگای کرماشان، پەیڕەوی ئایینی یارسانن و نە شیعەن و نە سوننی.

شۆڕشی ژینا بۆ سەرکەوتنی خۆی بە سەر رژێمی جەهل و نەزانی و دژە مرۆڤدا، پێویستی بە هەموو هێز و تواناکان هەیە. دەبێ هەوڵ بدرێت بەشدارانی ئەم شۆڕشە رۆژ بە رۆژ زیاتر ببن و خۆپێشاندانەکان بەرفراوانتر بکرێن. ئەوەش کاتێک وەدی دێت کە هەموان هەم خۆی تێدا وەبینن و هەم بۆ داهاتووش بەرچاو ڕوونییان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە Serchawe

## نامەی سەر ئاوەڵای "محسن مخملباف" بۆ رەزا پەهلەوی.

**لە فارسیەوە کردومەتە کوردی**

**نامەی سەر ئاوەڵای "محسن مخملباف" بۆ رەزا پەهلەوی:**

**جەنابی رەزا پەهلەوی خۆشەویست!**

**وێرای رێز و سڵاو**

موحسینی مەخمەلبافم، شارۆمەندێکی ئێرانی کە ماوەی چوار ساڵ و نیو بە خاتری خەبات لە دژی زوڵمی شا، لە زیندانی باوکی تۆدا بووم. لە کاتی دەستگیرکرانمدا، بە گوللە بریندار کرام و بە مەبەستی چارەسەری برینکەم تەنیا دوو حەوتوو لە خەستەخانە مامەوە. بەڵام لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا کە کەوتمە زیندانی شا، ئەوەندە ئەشکەنجە درام کە دواتر چوار جار عەمەلی جەراحی کرام تا توانیم دوای سەد رۆژ مانەوە لە بیمارستان، لە سەر پێکانی خۆم ڕاوەستمەوە. ئێستاش دوای ٤٣ ساڵ کە بە سەر ئەو کاتدا تێدەپەڕی، نیشانەکانی ئەشکەنجە لە قەوارەی ٢٠ سانت لە ٢٠ سانتدا وەک یادگاریەکانی دەورانی شا لە سەر جەستەم دیارن.

ئەوانە بۆیە ناڵێم کە رەزا پەهلەوی ناراحەت و شەرمەندە بکەم، چوونکە خەتای باوک بە حیسابی کوڕەکەی نانووسرێت. جگەلەوەش، کێشەی من لە گەڵ بنەماڵەی ئێوە پێوەندی بەو ئازارانەوە نیە کە ئەودەم چێشتومن، چوونکە بۆخۆت ئاگاداری کە دوای مەرگی براکەت، شیوەن و ڕۆڕۆی دایکت، ئەوەندە کاری تێکردم کە نامەیەکی دڵنەوایی لەم جۆرەم بۆ نووسی: "کچێک کە لە رۆژی زەماوەندەکەیدا باڵندەکانی نێو قەفەزی ئازاد کردن، ئەمرۆ باڵندەیەکی دیکەی نێو قەفەزکەی ئازاد بوو...".

ساعەتێک دواتر فەرح خانم ژمارە تەلەفوونەکەی منی پەیدا کردبوو و ئەم پەیامەی بۆ لە سەر پەیامگیرەکەم دانابووم: 'ئاغای مەخمەلباف! لەو پەیامانەی بە بۆنەی هاوخەمیەوە بۆم هاتوون تەنیا قسەکانی تۆ سوکناییان بە دڵم داوە و هانی داوم تا بۆ ئەم خەمە قورسە خۆڕاگر بم و بتوانم لە سەر قاچەکانی خۆم ڕاوەستم. ئێستا بۆ بە خاکسپاردنی کوڕەکەم بەرەوە ئەمریکا وەڕی دەکەوم، زۆرم پێ خۆش دەبێ کە دوای گەڕانەوەم بتوانم بتبینم..."

ئێستا کە ئەم نامەیەت وەبیر دێنمەوە، مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم کە ئەمن هیچکات لە ڕوانگەی ئەو ئەزیەت ئازارانەوە بۆ داهاتوو ناڕوانم کە لە دەورانی پاشایەتی باوکتدا بەسەرم هاتوون، بەڵکو بەردەوام خۆم بە شەریکی خەمی هەموو ئەوکەسانە دەزانم کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە تووشی داخ و کەسەر دەبن، ئەوە بنەماڵەی ئێوەش دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا هەرگیز مێژژوی پڕ لە جەور و ستەمەی ئێرانیش لە بیر ناکەم تا نەکوو جارێکی دیکەش تووشی ببینەوە. بە داخەوە باوکت هەموو قسەکانی بە تۆ نەگوتوون. ئەمن بەم زوانە بەشێک لەو قسانەت لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی" شا ئەم قسانەی بە کوڕەکەی نەگووتن" بۆ دەگێڕمەوە.

ئەمن لەگەڵ تۆڵەکردنەوە نیم! هەر بۆیەش لە سەروبەندی شۆرشی ٥٧ دا، کاتێک دوای چوار ساڵ و نیو ئازاد بووم، کاتێک لە دەرگای زیندان دەهاتمەدەر، کەمێک ڕاوەستام، ئاوڕێکم وەدوای خۆم دا و هەموو ئەو ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجانەم بەخشین و لە زیندان هاتمەدەر.

کاتێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ژمارەیەک لەو کەسانەی وەک "تارانی" و "ئارش" کە لە زینداندا ئەشکەنجەیان کردبوم، دادگایی دەکران، زۆر لە دۆستان و هاوزیندانیەکانی ئەوکاتم هاتنە لاوم و داوایان دەکرد کە بچم تا لە دادگادا ئاسارەکانی ئەشکەنجەی سەرجەستەم لە دژیان بەکار بێنم، بەڵام من ئەوکارەم نەکرد، چوونکە من ڕابردووم بەخشیبوو. ئەگەر باوەڕت بەوە هێناوە کە قسەی من لەگەڵ تۆ هیچ پێوەندی بەو ئەزیەت و ئازارانەوە نیە کە لە دەورانی پاشایەتی باوکی تۆدا بە سەرم هاتوون، دەمهەوێ بۆ باسێکی نەتەوەیی بانگهێشتت بکەم کە لە ئەزیەت و ئازارەکانی من و خەیاڵ پڵاوەکەی تۆ بەولاوەترن.

ئەم نامەیە بۆیە دەنووسم چوونکە بڕوام وایە وتووێژ ئەسڵێکی بنچینەییە. هەر بەو شێوەیەش داوام لە ریفۆرمخوازەکان دەکرد کە بە روونی قسە بکەن، نەک لە نێو حکومەتدا "سیکۆلار" بن و لە دەرەوەش باسی دینی بکەن. داوا لە تۆش دەکەم کە رووک و ڕاست بە، نەک لە نێوخۆتدا سەڵتەنت خواز بی، بەڵام بە ڕووی دەرەوەدا باس لە دەنگی خەڵک و دێموکڕاسی بکەی! وەرە بێ وەبەر چاو گرتنی هەڕەشە و بێ حورمەتیەکان و شکاندنی کەسایەتیەکان لە لایان هەوادارەکانت، بە وەبەر چاو گرتنی ئەسڵەکانی وتوو وێژ، بە بەڵگەوە لەگەڵ یەکتر بدوێین. لازمە هەر لەم قسەو باسانەدا تەمرینی دێموکڕاسی بکەین. بە خۆ دزینەوە لە باسەکان و هەر رۆژە قسەیەک کە پێچەوانەی قسەکانی رابردووت بێ، سەر لە خەڵک مەشێوێنە. لە ڕابردوو گەڕێ، بەرەو داهاتوو بڕوانە!

شۆڕشی ئێران بۆ تێپەڕین لە زوڵم و ستەمی دەورانی سەڵەتەنەتی و گەیشتن بە ئازادی بوو، بەڵام چوونکە ی‌ڕوای بە ڕێبەرایەتی کردنی تەک نەفەری کرد، ئەمجارە تووشی زوڵم و ستەمێک بوو کە بە ناوی دین لێی دەکرێ. ٥٠ ساڵی پێچوو



سەرچاوە
Serchawe

تا ئێرانیەکان توانیان خۆیان لە ژێر زوڵم و ستەمی دەستەڵاتی پاشایەتی دوای شۆڕشی مەشروتە ڕزگار بکەن، ئیستاش ئەوە ٤٣ ساڵی پێچووە تا خەڵک بۆ روخانی ڕێژیمی زاڵمی دینی ئامادە دەبن. ئێستا کە هەر لایەنەی لە هێزە بەرهەڵستاکارەکان لە جێگەی دیتنەوەی ڕێگەیەک بۆ دەرباز بوون لەم قۆناغە و گەیشتن بە داهاتوویەکی روون، روویان لە ڕابردووی تاریک بکەن، جا ئەو ڕابردوویە، چ وەک ریفۆرمخوازەکان کە دەیان هەویست، گەڕانەوە بێت بۆ سەردەمای "ئیمامی کۆچ کردوو" چ گەڕانەوە بێت بۆ دەورانی "شای کۆچ کردوو"، هەردووکی یەک ئاکامی دەبێت، ئەویش نەگەیشتن بە ئازادی و دووبەرەکی لە نێو ڕێزکانی خەباتدایە.

ئێستا هەم ریفۆرمخوازەکان و هەم سەڵتەنەتخوازەکان بڕواکانی خۆیانیان لێ بوونەتە ئیدۆلۆژی و ئێمە بۆ تێپەڕین لە ئیدئۆلۆژی دینیی ئێستا، لە گەڵ دوو وردە ئیدئۆلۆژی دیکەش ڕووبەڕووین. بە داخەوە شەخسی تۆش، هەر چەند بانگەشەی یەکیەتی نێوان نەیارانی کۆماری ئیسلامی دکەی، بەڵام بە رەد نەکردنەوەی بیرۆکەی "زیندوو کردنەوەی پاشایەتی"، بویتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروست بوونی ناکۆکی لە نێو نەیارانی کۆماری ئیسلامیدا. سەرەتاکانی ئەم ناکۆکیانە هەر ئێستا خۆیان دەرخستوە. لایەنگرە "کامێنت" نووسەکانی تۆ کە هێشتا بە دەستەڵات نەگەیشتوون، بە قسەی سوک و بوختان و هەڕەشە ژمارەیەک لەو کەسانەیان بێ دەنگ کردوون کە نەدەیانهەوێ بەو ئەدبیاتە بدوێن و نە وەختیشیان بۆ ئەو شەرە دندووکە هەیە.

ژمارەیەکیش لە ترسی ئەوەی کە نەوەکوو ناکۆکی نێوان دژبەرانی ڕێژیم بە قازانجی کۆماری ئسلامی تەواو بێت، تا ئێستاش بێ دەنگن. بەڵام ئەم بێ دەنگیە زۆر ناخایانێت و بەڵگە و دەلیل و وتوو وێژ و ڕەوشەنگەری، جێگەی هەڵاو هەنگامەی لایەنگرانی سەڵتەنەت دەگرێتەوە.

ئەتۆ بۆ خۆت دیتووتە کە لە هەموو قۆناغەکاندا، ژمارەیەک لە بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە سەر دوو ڕێیانی سەڵتەنەت یا کۆماری و سەرئەنجام بڵاوەی لێ دەکەن. دانیشتنەکانی 'ئۆپۆزیسیۆن" لە پاریس و لەندەن و... نموونەی بەرچاون کە بەم هۆکارە بڵاوەیان لێ کرد.

## سەڵتەنەتی میراتی، یا "ژێنی" جیاواز و سەرتر!

ئەگەر دەتهەوێ لە پەنای یەک بین، دەست لەو سەڵتەنەتە بەر بدە کە پێی وایە "ژێنی" بنەماڵەی پاشا لە سەرووی "ژێنی" هەموو ئێرانیەکانە.( وشەی ژێنی سەرتر بە تەوهین حیساب مەکە. چوونکە من هەر چی بیری لێ دەکەمەوە، جگە لەو خۆ بە جوودا زانینە، هۆکارێکی دیکە نابین کە بۆچی هەر دەبێ ئەتۆ مافی ئەووەت هەبێ کە ببینتە پادشای وڵات،

بەلام لە هەشتا ملیۆن دانیشتووی ئێران کەسی دیکە ئەو مافەی نەبێت. سەڵتەنەتی میراتی، جگە لە خەیاڵی ئەوە کە گۆیا 'ژێنی" بنەماڵەی پاشا جوودایە، شتێکی دیکە نیە.)

## با لە ئەفغانستانێ فێر بین

پێموایە لە بیرت چۆتەوە کە تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی ناپێشکەوتووی وەک ئەفغانستانێش، بەوهەموو پێوەندیە عەشایریەیە کە هەیەتی، هیچ ڕێگەیەکیان بۆ گەڕانەوەی شا مەسعود نە هێشتبۆوە و خەڵکی ئەفغانستان کە لە دەست سەڵتەنت خوازەکان وەجان هاتبوون، بە لێبڕاویەوە نایان بە سەڵتەنەتخوازکان گووت و لە کۆبوونەوەی گەورەکانی ئەو وولاتەدا(لویە جرگە) بە هەموو توانایانەوە لە دژی ئەوە راوەستان کە جارێکی دیکە سەڵتەنەت بگەڕێتەوە ولاتەکەیان. ئەوانەی کە لەو کۆبوونەوەیدا بوون دیتیان هەڵوێستەکان ئەوەندە تووند بوون کە پیرە پیاوەکە (زاهیر شا) ڕایگەیاند زیندوو کردنەوەی سەڵتەنەت ئیتر خەلاس و ئەو هیچکات خۆی لە کەسانی دیکە نێو کۆمەڵگا لە سەرتر نابینێت.

### ئاغای رەزا پەهلەوی خۆشەویست!

لە بیرت نەچێت کە سەڵتەنەتی باب و باپیری تۆ بەرهەمی کودتانی خاریجیەکان بوو نەک بەرهەمی هەڵبژاردنی خەڵکی ئێران. کەوا بوو بۆ شتێک کە بە کودتای خاریجیەکان هاتۆتە سەرکار و لە ماوەی ٥٠ ساڵ دەستەلاتداریەتیدا، نالایق بوونی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسی و مافی مرۆڤدا دەرخست، پێ داگیری مەکە.

بۆچی ئەتۆش وەک ریفۆرمخوازەکان پێ لە سەر دووبارە کردنەوەی ئەزموونە شکست خواردوەکان دادەگری؟ ئەگەر بە ڕاستی بیر لە یەکیەتی خەڵک و نەیارانی ڕێژیم بۆ روخاندنی نیزام دەکەیەوە، دەست لە سەڵتەنەت هەڵگرە کە بۆ خۆی گەورەترین گرفتی سەر ڕێگەیە و پێشتریش تاقی کراوەتەوە. لابردنی ئەو گرفتە لە دەست تۆدایە.

هەشتا ملیۆن ئێرانی هەموویان وەک یەک بیر ناکەنەوە. کەسانێک لە خومەینی بێزارن، کەسانێکیش لە شا، کەسانێکیش لە هەر دووکیان. ئەگەر لایەنگرانی ئەم و ئەو، بە زیندوو کردنەوەی ڕابردوو خوێ بە برینە کۆنەکانی یەکتردا بکەن، لە نێو ڕیزەکانی خەڵکدا دووبەرەکی ساز دەبێت. ئەوەش چ سەڵتەنەت خواز بیکات یا رئفۆرمخواز، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت. بە داخەوە ئێستا هەر دوو لا دەیکەن. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی یەک ڕێگەی دەرباز بوونمان هەیە، ئەویش ڕۆیشتنە بەرەو داهاتوو، نەک گەڕانەوە بۆ رابردوو.

## هەڵاواردن نەخێر!

بەشێک لە خەڵک دەڵێن" دەنگ وەر گرتن لە پێوەندی لەگەڵ دەستەڵاتی پاشایەتیدا، هەڵاواردنێکی روون و ئاشکرایە لە نێو خەڵکی ئێراندا. چوونکە ئەم دەنگ وەرگرتنە جارێک و بۆ هەمیشە دەبێت و تەنیا بۆ گەیاندنی یەک کەس، یەعنی رەزا پەهلەوی، بە دەستەڵات دەبێت و هیچیتر. مافێک کە باقی شارۆمەندان لێی بێ بەش دەبن. ئەمەش هەڵاواردنێکی روون و ئاشکرا دەبێت و لە راستیدا دەبێتە دانپێدانان بە قانوونی بوونی هەڵاواردن و بە رەسمی ناسینی "ژێنی" جیاواز و سەرتر. هەر بەوشێوەیە کە دژایەتی کردن لە گەڵ نێوەرۆکی جارنامەی مافی مرۆڤ ناکرێ دەنگی لە سەر بدرێت، هەر بەو شێوەیە کە بێ عەداڵەتی، ئەشکەنجە و نابەرابەری قانوونیی نێوان شارۆمەندان نابێ بە دەنگدان بسپێردرێ، حکومەتی پاشایەتیش کە دەستەڵاتێکی میراتی، هەتا هەتایی، بێ هەڵبژاردن و پڕ لە هەڵاواردنە، نابێ بە دەنگدان بسپێردرێت.

دەستەڵات بە هەموو شێوەکانیەوە دەبێ قابیلی ئاڵوگۆر بێت. ئەوە کە لە هێندێک شوێنی دیکەی دونیا چۆن بووە یا چۆنە، نابنە هۆکاری ئەوە کە لە داهاتووی ئێراندا ئەو بابەتە( سەڵتەنەت) دەنگدانی لە سەر بکرێت.

لایەنگرانی سەڵتەنەت وەک نموونە باسی وڵاتانی ئینگلستان و سوئێد دەکەن و دەڵێن ئەوان سەڵەتەنی مەشروتەن و دێموکراسیشیان هەیە، غافل لەوە کە هەر لە وڵاتانەدا، تەنانەت لە بەرنامەکانی ڕادیۆییاندا باسی ئەوە هەیە کە بۆ دەبێ خەڵک لە ماڵیاتی خۆیان خەرجی ژیانی پڕ زەرق و بەرقی بنەماڵەیەکی سەڵەتەنتی بدەن کە پێیان وایە ئەوان لە خەڵک لە سەرترن! بە دووریش نیە کە رۆژگارێک لە ریفراندۆمێکدا خەڵکی ئەو وڵاتانە دژی ئەو سیستمە دەنگ بدەن. هەر چەند هەر ئێستاش لایەنگرانی سەڵتەنەت لە بریتانیا و سوئێد، نەیارانی خۆیان وەک لایەنگرانی سەڵەتەنەتە میراتیەکەی تۆ بەرهێرش و پەلاماری قسەی سوک و تەوهین کە لە تۆ ناوەشێتەوە، نادەن. ئەوەش بۆ خۆی بەڵگەیکە کە چۆن لە ئێراندا سەڵتەنەتی میراتی دەستبەجی بەرەو فەردپەرستی و تاکرەوی دەڕوات.

لە هەمان کاتاد لە بیرت بێت کە ئینگلستان و سوئێد و شوێنەکانی دیکە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا توانیویانە سەڵەتەت ڕام بکەن و شا و مەلەکە بکەنە سیمبولێکی بێ قودرەت و دەستەڵات. ئێمە لە مێژووی خۆماندا لەو بوارەدا سەرکەوتوو نەبووین و هیچ کاتیش هەل و مەرجی جوگرافیایی و مێژوویی ئەوانیشدا نەبووین و نین. ئێمە لە دەورانی سەدەکانی نێوەراستی خۆرهەڵاتی نێوراست داین و دراوسێکانیشمان وڵاتانی دێموکڕاتی ئوروپایی نین.
ئێمە دراوسێی وڵاتێکی وەک تورکیاین کە سەرەڕای میراتی ئەتاتورک، ئۆردوغانێک کە بە قەتاری دێموکڕاسی هاتەسەرکار، بە دەنگ هێنانانەی هەڵبژاردنەکان لە خۆبایی بوو و ئێستا لە ئیستگای زوڵم دایە.



سەرچاوە
Serchawe

جگە لەوەش، ئاخر بۆ دەبێ ئەو نیزامە پاشایەتییەی کە جارێک بە شۆڕش و قوربانیدانێکی زۆر لامان بردوە، جارێکی دیکە بە دەنگدان بیهێنینەوە سەر حوکم؟ دواتریش "شآ" وەک سیمبولێک، داییم لە ڕێگەی قانوونەوە چاوەدێری بەسەردا بکەین تا نەوەکوو دیسان ببیتەوە دیکتاتۆڕ؟ ئەویش ئەو سیمبوولەی کە هەر لە ئێستاوە لە جیاتی هۆکاری وەحدەت بێت، لە نێو ریزەکانی خەباتدا بۆتە هۆکاری دووبەرەکی.

## رووک و ڕاست قسە بکە!

ئاغای پەهلەوی! بێ زەحمەت روونی بکەوە کە ئاخۆ بە خاتری ئەوەی کە کوڕی شای پێتوایە "ژێنی" تۆ لە کەسانی دیکە لە سەرترە؟ بە ناروونی ناکرێ هەنگاو بەرەوداهاتوو بنێی! روون قسە بکە!

ئایا ئەتۆ قەبوڵ دەکەی کە دوای ٤٠ ساڵی دیکە، بە هۆکاری ناڕەزایەتی خەڵک، یەکێک لە کوڕەکانی خامنەیی تەنانەت ئەگەر فریشتەیەکیش بێت، بڵێت دووبارە سیستمی ولایەتی فەقیە دەخەمەوە بەر دەنگ دان و ئەگەر خەڵک دەنگیان پێ دا، دووبارە مەندیل لە سەر دەنێمەوە و حکومەتی دینی دروست دەکەمەوە؟

لەو حاڵەتەدا تۆ بە بە ئەرکی خۆتی نازانی کە وەبیر خەڵک بێنیەوە کە ئەم نیزام و کورسی دەستەڵاتە چەندین دیکاتۆڕی پێگەیاندوون تا خەڵک جارێکی دیکەش بە گۆڕینی نەفەری سەر کورسیەکە تاقییان بکاتەوە؟

## هەموو هێلکەکانت لە سەبەتەیەک باوێ!

### ئاغای پەهلەوی خۆشەویست!

بازرگانەکان هەموو هێلکەکانیان لە سەبتەیەکدا دانانێن، تا ئەگەر سەبەتەیەکیان لێ کەوت و هێلکەکانیان شکان، هێندێک هێلکەی دیکەیان لە سەبەتەیەکی دیکەدا هەبن. بەڵام تێکۆشەری ڕێگەی ئازادی وەک تاجرەکان هەڵسوکەوت ناکات تا هێلکەکانی دەستەڵات لە دوو سەبەتەی "ئیحتمالیی" دەستڵاتدا دابنێ. ئەتۆ بەشێک لە هێلکەکانی شانسی دەستەڵاتت لە سەبەتەی سەڵتەنەتی میراتیی هاویشتوون و بەشیکیشت لە سەبەتەی کۆماری خوازیی کە لە سەر بنەمای دەنگی خەڵک بێت. تێکۆشەرێکی راستەقینە ئەو ڕیگەیە دەرواڕ کە پێی دروستە و ئەو ڕێگەیەی پێی غەڵەت بێت بە هیچ جۆر پێیدا ناڕوات، ئەگەر هەوادارەکانیشی داوای لێ بکەن. ئەتۆ دوو جۆر نیزام دەخەیە بەردەنگی خەڵک لە داهاتووی ئێراندا، یەکیان نیزامی سەڵتەنەتییە کە براوەکەی هەر بە تەنیا خۆتی، یەکیشیان نیزامی کۆمارییە، کە بە کەڵک وەر گرتن لەو

قسەیە کە گۆیا باپیرەشت ڕقی لە نیزامی کۆماری نەبووە، دەتهەوێ ئەو ڕێگەیە بێڵیەوە کە ئەگەر نیزامی پاشایەتی دەنگی نەهێناوە، ئەو جار بۆ سەرۆک کۆمار خۆت کاندید بکەی!

سەرەڕای چاو و ڕاوەکانت، لە کردەوەکانت ڕا دیارە کە ئەتۆ لە جێگەی بیر کردنەوە لە ئازادیی خەڵک، گرەوت لە سەر دوو ئەسپی گریمانەیی قودرەت کردوە و هیچ بیرت لە ئاکامەکانی ئەو لێڵیەی کردار و ڕەفتارەکانت نەکردۆتەوە. حیزبی سەڵتەنەت!

بۆچی هەر لە ئێستاوە حیزبی سەڵتەنەت دروست ناکەی؟ تا هەم قازانجەکەی بۆ تۆ بێت و هەم تێچوکەشی بدەی. لەم حاڵەتەدا خەڵک لە ڕووی ژمارەی لایەنگر و ئەندامەکانت وەزنی سیاسی تۆیان بۆ دەردەکەوێت. بەو هەموو تەبیلغاتەی لە تەلەفزیۆنەکان بۆت دەکرێت، بێ گومان ژمارەیەک لاینگرت هەن. دامەزراندنی حیزبی سەڵتەنەتخواز هەنگاوێکی باشە تا خۆت و لایەنگرەکانیشت بزانن کە لە مەجلیسی داهاتوی ئێراندا چەند کورسیتان دەبن. سەڵتەنەت خوازەکان بە لایەنی زۆرەوە حیزبێکن لە پەنا حیزبەکانی دیکە، نەک هەموو دەستەڵاتی داهاتی ئێران.

### دووبارە بوونەوەی کودتای ٢٨ی گەلاوێژ، مەمنووع!

ڕاستی مێژوویی ئەوەیە کە باپیرەی تۆ ڕەزا شا، سەرفی نەزەر لەوەی کە پێمان پیاوی چاک بێت یا خەراپ، بە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک نە هاتە سەرکار. ئەو بە کودتای بریتانیایەکان هاتە سەر کار و کاتێکیش کە بۆ ئەوان کەڵکی نەما هەر بە نامەیەکی سێ دێڕی لە لایان ئەوانەوە لەسەر کار لابردرا. نامەکە بەم جۆرە بوو:

"خاوەن شکۆ! بێ زەحمەت لە سەر تەختی پاشایەتی لابچۆ و کورسیەکەت بدە بە کوڕەکەت. ئێمە نیسبەت بە کوڕەکەت(وەلیعهد) تێڕوانینمان باشە و پشتیوانی لێ دەکەین. خاوەن شکۆ! نەکەی بیر لەوە بکەیەوە کە ڕێگە چارەیەکی دیکەش هەیە".

### ئاغای ڕەزای پەهلەوی!

دەبینی کە هێزێکی دەرەکی (ئینگلیس) بە نامەیەکی سێ دێڕی بابەگەورەی تۆی چۆن لە سەر تەختی پاشایەتی لابرد و باوکی تۆی لە جێگەکەی دانا. لە خۆرا نەبوو کە باوکیشت چوونکە بە دەنگی خەڵک نەهاتبووە سەر کار هیچوەخت بڕوای تەواوی بە خۆی نەبوو و لە کاتی تەنگانەدا هەڵاتنی لە مانەوە پێ باشتر بوو. ئەو لە ساڵی ٣٢ هەر کە هەستی بە

خەتەر کرد، وێرای خێزان و سەگەکەی، سواری تەیارە شەخسیەکەی بوون و لە ئێران ڕایان کرد. دواتر ئەمریکا لە کودتانی خوێناوی٢٨ی گەلاوێژدا موسەددیقی نارده زیندان و دووباره باوکی تۆی هێنایەوە سەرکار. ٢٥ ساڵ دواتر، کاتێک شۆڕش کرا، شا دیسانیش چاوەڕێی دەنگی خەڵک نەمایەوە، چوونکە دەیزانی لە نیزامی سەڵتەنەتی دا خەڵک شایان بە دەنگی خۆیان دیاری نەکردوە تا بە دەنگی خۆیان بیپارێزن! هەر بۆیە دەستەوداوێنێ پشتیوانیە خاریجیەکەی بۆوە و لە سولیوان سەفیری ئەوکاتی ئەمریکای پرسی: کەنگێ من دەبێ ئێران بە جێ بێڵم؟" سولیوان هیچ جوابێکی نەدایەوە، تەنیا چاوی لە کاتیژمێرەکەی خۆی کرد. شا لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی" لەوکاتەدا تێگەیشتم کە کاتی ڕۆیشتنە."

## ئەم قسانەی کە لە بی بی سی بڵاو نەکرانەوە!

لە بەرنامەی ٥٢ دەقیقەیی لاپەڕەی دووی بی بی سی فارسی دا کە لە سەر ریفراندۆم و نا مومکین بوونی چاکسازی لە حوکمەتی دینیدا بوو، قسەکانمان چەند دەقیقەش کێشایە سەر باسی سەڵتەنەت. بەڵام بەرێوەبەرەکان بە هۆکاری حقوقی و نەبوونی ڕەزا پەهلەوی لەو بەرنایەدا بۆ وڵامدانەوە، باسەکەیان ڕاگرت و منیش قبوڵم کرد.

لە کاتی بڵاو بوونەوەی بەرنامەکدا بەشێک لە قسەکانی من قرتا بوون. خۆزگە یا ئیجازە دەدرا باسەکە درێژە پێ بدەین تا مەبەستی من زیاتر رون دەبۆوە، یا هەر دوو سێ دەقیقە قسەکان وەک خۆیان بڵاو دەکرانەوە، نەک ئەوەی کە بەشیکی بقرتێنن و بەشی کۆتایی قسەکانم بڵاو بکەنەوە تا وا دەر بکەوێت کە من لە هەموو حاڵەتاکاندا هەر موخالیفی ڕەزا پەهلەویم تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنیشەوە بۆ ماوەیەک دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت. ئێستا لێرەدا ئاماژە بەو شتە دەکەم کە لە بی بی سی دا دەرفەتی باس کردنی نەبوو. لە دەرسی مێژوودا خوێندومانە کە لە چ هەلومەرجێکدا موزەفەرەددین شای نەخۆش بە بوونی پارلمان ڕازی بوو و ماوەیەک دوای ئەوکات کۆچی دوایی کرد. جێگرەوەی ئەو، محمد علی شآ کە بە شێوەیەکی نژاد پەرستانە ژێنی باوکی بە هۆکاری لە سەرتر بوونی خۆی دەزانی، بە پشتیوانی خاریجیەکان(روسیەی ئەوکات) و نۆکەرەکانی خۆی، مەجلیسی ئێرانی وەبەر تۆپخانە دا و دایخست. لە بەرابەر ئەوەدا چریکەکانی ئێران لە تەورێز بە هاوڕێیەتی باقر خان و ستتار خان و چریکەکانیان، هاتنە تاران و مەجلیسان لە ژێر دەستی زوڵم دەرهێنایەوە.

ئاغای پەهلەوی! بە دەرس وەرگرتن لە مێژوو، هەروەها ئەوەی بە سەر باب و باپیرت هاتووە، ئێزن مەدە کە کەسانێک یا سیستم گەلێک ئەتۆ بکەنە شا و میراتگری ئەو سیستەمەی کە هەم تێک شکاوە و هەم جێگەی دیفاع لێ کردن نیە و لەگەڵ نەسلێکت رووبەروو بکەن کە بە کردەوە دەورانی باوکی تۆ بە دەورانی دیکتاتۆرێک دەزانن کە سەر بە بێگانە بووە. با رووکتر قسە بکەم. ئیجازە مەدە کە ئەمریکای ترامپ و عەرەبستانی سەعودی بە دیاری کردنی تیمێک و لە ئیختیار نانی

بودجەیەکی تایبەت، ڕەزا پەهلەوی قسە خۆش و مۆدێرنمان لێ بکەنە شایەکی زاڵم، کە ئەوکات خەڵک نەک لەگەڵی نابن، بەڵکو لە دژی دەوستنەوە. زۆر روونە کە ئەگەر تێپەڕینی ئێران لە دەستڵاتی زاڵمانەی دەستەڵاتی دینیی ئێستا ببێتە هۆی دەخالەتی خاریجییەکان و بە وێران کردنی ئێران هەوڵی دانانەوەی دەستەڵاتی پاشایەتی بدەن، ئەوکات زۆرن ئەوانەی وەک ستتار خان و باقر خان دەبنە چریک و لە بەرابەریاندا ڕادەوەستن.

## کام ڕەزایە؟ پەهلەوی یا کوڕی شا؟

ستراتیژی دانانی هێلکەکان لە دوو سەبەتەدا، کەسایەتیکی دوو جۆرەی لە تۆ درووست کردوە. لە ئاکامدا ئێمە لەگەڵ دوو دانە رەزا ڕووبەڕووین. یەکیان ئەوکەسەیە کە لە غەرب گەورە بووە و دێموکراتە و عەلاقەی بە هونەرە و لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆ فەردا دەڵێ ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببمەوە حەز دەکەم ببمە کارگەردانی فیلمی سینەمایی. یەعنی هونەر و دروست کردنی فیلمێکم لە سیاسەت پێ باشترە.

هەر ئەم ئاغا ڕەزا پەهلەویە باسی دێموکرات بوونی ئێرانی داهاتوو، سیکۆلار بوون و مافی مرۆڤ دەکات و دەڵێ سەڵتەنەت لە خوێنی مندا بوونی نیە و رەخنەش لە ڕابردووی باوکی دەگرێت و دەڵێ ئەگەر باوکم و ڕێژیمەکەی کەم و کوڕییان نەبایە، شۆرشیان لە دژ نەدەکرا. ئەوە هەمان ئەو رەزایەیە کە ڕادەگەیەنێت کە هیچ سۆزێکی بۆ قودرەت و دەستەڵات نیە و تەنیا لاچوونی زوڵم لە سەر خەڵکی ئێران، بۆوی گرینگە. بەم شێوەیە ئەم رەزا پەهلەویە وەک هەر هەشتا ملیۆنەکەی دیکەی ئێران بە مافی وەک یەکەوەیە و منیش کە زیندانیی سیاسی باوکی ئەو بووم، هەست بە هاوەسیر بوون لەگەڵی دەکەم.

بەلام ئێمە لەگەڵ رەزا پەهلەوییەکی دیکەش ڕووبەڕووین کە هاو نێوی تۆتە، بەڵام پتر لە هەر شتێکی دیکە ئەو کوڕی شای پێشووی ئێرانە، میراتگری تاج و تەختی ئەوە. بۆ درێژەدان بە سیستمی پاشایەتی و پاراستی تاج و تەختەکەی سوێندی خواردوە و حازر نیە ئەو سوێندەش وەر بگرێتەوە و لە بەرابەر ئەو رەخنانەی کە لە دەستەڵاتی باوکی دەگیردرێن تەنیا بەوتنەوەی ئەم ڕستەیە کە " بەڵام باوکم ئێرانی خۆش دەویست" چاوپۆشی دەکات لە ٥٠ساڵ بەستراوەیی باوک و باپیری بە ئینگلیستان و ئەمریکا، چاوپۆشی دەکات لەو هەموو ئیعدام و شەهیدە و دەیان هەزار زیندانیی سیاسی و ئەم هەموو شکەنجەیە کە لە زیندانەکاندا کراوە. کودتانی ٢٨ی کەلاوێژی ساڵی ٣٢ی ئەمریکا لە دژی موسوددیق و هێزە نەتەوەییەکان بەرچاو ناگرێت و چاو پۆشی دەکات لەو هەموو فەساد و گەندەڵیەی سیستمی پاشایەتی باوکی کە بوو بە هۆی شۆرشی ساڵی ٥٧. بەڵام تەنیا بە هێنانەوەی ڕستەیەکی کلێشەیی " بەڵام باوکم ئێرانی خۆش دەویست" بەلارێدا دەڕوات.

بە پێی بەڵگە چاپ کراوەکانی ئەم دوایانەی ئەمریکا، باوەکە ئێراندۆستەکەی جەنابت، تەنانەت بە پێداگیری کەنەدی سەرۆک کۆماری ئەمریکاش ئامادە نەبوو تەنیا بە شێوەی سیمبولیک پاشا بێت و دەستەڵاتەکان بداتە دەست سەرۆک وەزرانیی کاتیی ئەوکات ئاغای ئەمینی. باوکت وەک شایەکی لە خۆ بایی و مەزنیخواز وای بیر دەکردەوە کە چوونکە ئەو لە ژێنی ڕەزا شایە ، تێگەیشتن و فەهمی لە سەرووی هەموو خەڵکی ئێرانە. تەنانەت ئیزنی چالاکیی بەیەک دانە ڕۆژنامە و حیزبیش نەدا تا سەرئەنجام خەڵکی ئێران جگە کە شۆرش هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ نەمابۆوە.

بەڵام ئەتۆ لانی کەم دوو ڕێگەت لە بەردەم دا هەن، یا بە شێوەی ڕەسمی ڕابگەیەنە کە لە ئێراندا سەڵتەنەت کۆتایی هاتووە تا هەموو گومانەکان نیسبەت بەوە کە تۆ ژێنی خۆت وەک باوکت لە هی ئێرانیەکان لە سەرتر نابینی، تا بەو شێوەیە هەموومان لە پەنای یەکتر بین.

یا لە پشتی سەڵتەنەت بوێستە و هەر وەک چۆن قەرارە لە دەستەکەوتەکانی بەهرەمەند بی، بۆ دانی تێچووکانیش بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ژێنی سەروتر و هەموو ئەو زوڵمانەی کە سەڵەتەنەتی پەهەلەوی کردوونی و ئەتۆ خۆت بە میراتگریان دەزانی، ئامادەگیت هەبێت.

مەگەر جگە لەوە شتێکی دیکە هەیە کە جەنابت بە کەڵک وەرگرتن لەوە کە کوڕی شای، لە نێو ڕیزی نارازیاندا دەرکەوتووی و دەست لە سەڵەتەنەت بەرنادەی تا لە کێبەرکێ سیاسیەکاندا قەد بڵندتر لە ئەوانی دیکە دەر بکەوی؟ ئەو ڕەزا پەهەلەویەوە خۆش قسە و خۆشەویستە کە لە هێندێک لە مساحبەکاندا وا دەر دەکەوێت، هەر وەک ئێمە شارۆمەندێکە و کەس لەم بوارەدا گلەیی لێ نیە. بەڵام ئەو ڕەزا پەهلەویە کە کوڕی شایە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپێشاندانە جەماوەریەکان کە بە شێوەی هیدایەت نەکراو وێکڕا لە ٧٠ شاری ئێراندا دەستیان پێ کرد، لە تەلەفزیۆن دەردەکەوێت و وەک یەکەمی بێ ڕکابەر قسە دەکات و ڕوو بە خەڵک دەڵێت ئێوە بەردەوام بن! (وەک ئەوەی کە بە فەرمانی ئەو هاتبنە سەرشەقام و بە فەرمانی ئەویش دەمێننەوە. ئەو سواری شەپۆلەکانی خۆرسکی شۆڕش دەبێت، کە ئاکامەکەی بە تالان بردنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە قازانجی سەڵەتەنەت و نائومێد بوونی هەموو هێزە بەرهەلستکارەکانە).
کوڕی شا بە خەڵکی سەرشەقامەکان دەڵێ لە سەرشەقام وەمێنن، ئەمن دەچم لەگەڵ خاریجیەکان قسە دەکەم. ئەو قسەیەی ئەو، ئێمەی بیسەر دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەویش وەک باوک و باپیری جگە لە وابەستە بوون بە بێگانەکان هیچ ڕێگەیەکی دیکە شارەزا نیە و دەیهەوێت دیسان ئەو ئەزمونە شکست خواردووەی بێگانە پەرستی دووبارە بکاتەوە. لێرەڕا دەر دەکوێت کە لە داهاتوودا لەو دوو ڕەزا پەهلەویە نا ڕوون و نامەعلومە، یەک دانە ڕەزا پەهلەوی موعلوم، کە تەنیا کوڕی شایە و خۆی بە میراتگری تاج و تەختی پاشایەتی دەزانی و بەستراوە بە خاریجیەکان دەبێت، ساغ دەبێتەوە و هیچ جێگایەک بۆ ئەو ڕەزا پەهلەویە کە مێهرەبان و ئازادی خواز بوو ناهێڵێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە دەزانین و ئەتۆش لە ئێمە باشتر دەزانی کە تەلەفزیۆنەکانی لایەنگری تۆ، ساڵانێکە بە بودجەیەکی نهێنی خەریکی بڵاو کردنەوەی هێندێک بەرنامەی سەرگەرمکەرن تا لە کاتی دیاری کراودا ببنە سیاسی و بە پێی بەرنامەیەکی چر و پڕی تەبلیغاتی کوڕی شا بکەنەوە بە پاشای ئێران. ئەوان لە مێژە بە بڵاو کردنەوەی بەشێک لە ئاڕشیوی دەورانی پاشایەتی، دەیان هەوێت ئەو کەسانە بە لاڕێدا ببەن کە نەهامەتیەکانی دەورانی پاشایەتییان ئەزموون نەکردوون. دەیان هەوێ وا بنوێنن کە زەمانی شای، زەمانی گوڵ و بولبول بوو و ئەوانەی کە لە دژی شا شۆرشیان کرد هەموویان شێت و بێ ئاگا و دژبەری بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوونە. ئەو بەرنامانە هەمان ئەو بەرنامانەن کە ئەو کات ئێمە مانان لە زیندانەکاندا بووین و بەشی هەرەزۆری خەڵک لە فەقر و بەدبەختی دا دەژیان، لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتییدا بڵاو دەکرانەوە. کاری ئەم تەلەفزیۆنانە وەک ئەوە دەچێت کە چل ساڵ دواتر بەرنامە تەبلیغاتیەکانی ئێستای کۆماری ئیسلامی کە لە تەلەفزیۆنەکانی دەوڵەتیدا بڵاو دەبنەوە، بۆ سابیت کردنی باش بوونی کۆماری ئیسلامی دووبارە لێ بدەیەوە. ئایا کەڵک وەرگرتن لە وێنە و فیلمی تەبلیغاتیی دەورانی شا بۆ ئەوەی بڵێین ئەو دەوران چەند باش بووە، شێواندنی ڕاستیەکان بە مەبەستی گەڕانەوەی ئێوە بۆ سەر تەختی سەڵتەنەت نیە؟

لە زەمانی شا دا نەسڵی ئێمە و ئەوکەسانەی کە لە فەقر و فەلاکەتدا دەژیان بەو درۆ و دەلەسە تەبلیغاتیەی تەلەفزئۆنی شا پێکەنینمان دەهاتێ. هەر وەک ئێستا کە خەڵک پێکەنینی بە بەرانە تەبلیغاتیەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕاگەیەنەر گشتیەکانی دێت.

## سیمورغ ئێرانی

نەجات دانی ئێران بە ڕێبەرایەتی فەردی غەیرە مومکینە. چوونکە ئەو کۆمەڵگایە لە قبوڵ کردنی خۆ سەپاندن چ دینی، چ سەڵتەنەتی و چ تاکەکەسی تێپەڕیوە. هیچ کەس بە تەنیا ناتوانێت ئەم کۆمەڵگا فرە چەشنیە نوێنەرایەتی بکات. خەیاڵ پڵاوی ڕێبەرایەتی تاک نەفەری، پێش ئەوەی سەر بگرێت شکست دەخوات، ئەگەر سەریش کەوێت سەرئەنجامەکەی دەبێتە دیکتاتۆڕی. بۆ داهاتووی ئێران تەنیا دەتوانی دڵمان بە سیمورغی ئێرانی خۆش بێت کە لە نوێنەرانی چین و توێژەکان، قەومەکان، نەسڵەکان و دەستە و گروهەکانی جۆراجۆری کۆمەڵگا پێک بێت. بە تەمای خۆش خەیاڵی و دەستەڵاتی ڕەهای تەک نەفەری، شەرکردن لە گەڵ سیمورغی ئێرانی مومکین نیە. ئەگەر سیمورغی ڕێبەرایەتی ئێرانی ئازادی داهاتوو سەرنەگرێت، نە تۆ و نە هیچ کام لە بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامی براوە نابن، بەڵکو بە داخەوە یەکەم گریمانە ئەوەیە کە بە جێگەی سیمورغی ئێرانی، داڵاشێکی سوپاسی پاسداران یا ئیتلاعاتیەکی کراواتداری لایەنگری روسیە بێتە سەر کار. ئەو لەوانەیە لە سەرتادا ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ڕژیمیش محاکمە بکات تا بۆ ماوەیەک خەڵک رازی بکات.

### سیمورغی ئێرانی نەک سەڵتەنەتی میراتی!

خەڵکی ئێران تاقمێکی سەڵتەنەتخواز نین. گرووپە فکری، دینی، قەومی، نەسلی و چینایەتیەکان بۆ خۆیان وتە بێژ و نوێنەری خۆیان هەن کە نوێنەرایەتی دەرد و ئازار و خواستەکانیان دەکەن. با لێ بگەڕێین کە سیمورغی ئێرانی کە لە نوێنەرایەتی ئەوانەوە شکڵ دەگرێت، مەجلیسی دامەزرێنەران پێک بێنێت و ئیدارەی بکات، نەک بە تەنیا لایەنگرانی ڕەزا پەهلەوی. سەڵتەنەت ئەگەر بێ قودرەت بێت دەتوانێ چ شتێک بۆ داهاتووی ئێران بکات؟ پاشایەک کە وەک وەلی فەقیە خۆی لەبەرابەر هیچ نهادێکی دەوڵەتیدا بە وەڵامدەر نازانێ چۆن دەیهەوێ پێش بە زوڵم و غەدری کەسانی دیکە بگرێت. ئێمە بۆ داهاتووی ئێران پێویستیمان بە کاسانێکی بە دەستەڵاتە کە بتوانن لە بەرابەر دەستگای دادوەریدا (قووەی قەزایەدا) سەربەخۆ بن و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بن وهەر کات خەڵک هەستی کرد کە خەتایان هەیە، لە یەکەم دەنگداندا لە دەستەڵات دووریان بخەنەوە، نەک وەک وەلی فەقیە و شا کە بە دەنگی خەڵکیش لە سەر کار لاناچن.

### ڕەزای عەزیزم! لە دوو "چێهرەیی" وەرەدەر!

بۆ چەند هەزار لایەنگری سەڵتەنەت کە زۆرتریان بەستراوە بە ڕەچەڵکی چینایەتی و بنەماڵەیی رابردووی خۆیانن و زۆریشیان لە کۆتایەکانی تەمەنی خۆیاندان، خەڵکی توشی "دوو دڵی و دوو لایەنی" مەکە. سەربەرزانە ڕایبگەیەنە سەڵتەنەتێک کە جگە لە دەمارگرژی و تیئۆری نازانستیانەی ژێنی سەرتر، هیچ بنەمایەکی دیکەی نیە، بۆ تۆ هیچ بایخێکی نیە.

لە گەڵ ڕێز و حورمەتمدا

محسن مخملباف

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

**ئەم پەخشانە سالأنێ پێشتر نووسیومە، بەکەمێک دەستکاریەوە پێشکەشتان بێت.**

دەمهەویست دەربڕینی هەستی نەورۆزانەم پڕ بێ لە وشەی ناسک، ناسک وەک پەلکی ناسکی وەنەوشەو گەزیزەو نێرگز، ناسک وەک بزەی سەر لێوی منالْ،... دەمهەویست بەژنو بالأو لقوپۆپی دارە سێوی وشەکانم بە شکۆفەی ئالْو پەمەیی پیتی جوانی کوردی بخەملێنمو بە نەرمە بارانی دەمەو بەیانییەکی ڕۆژێکی دلگیری بەهاریی کوردستانەکەم ئاوەرشێنیان بکەم، تا بۆنو بەرامەیان هەر نەبێ لە ساتە خۆشەکانی نەورۆزدا ببنە هۆی خۆشحالێی زیاتری دلسۆزانی نیشتیمان.

بەلأم نەورۆزی ئەم سالْم لە گەلْ هەر هەموو نەورۆزەکانی تری تەمەنم جیاوازیی هەیە. ئەمسالْ تا پتر لە نەورۆز نزیک دەبمەوە پتر ماشەری بیرو ئەندێشەم ئالْۆز دەبێو لە جێگەی دەربڕینی هەستی خۆشی نەورۆزانە، پتر بە ناخی پڕ ئازاری گەلە بەشمەینتەکەم دا دەچمە خوارێو لە نەورۆزدا گریانو زەردە خەنەم دەست لە ملانی یەک دەبن.

نەورۆزی سالأنی ڕابردوو، دوو سالْ لە مەوبەر، سێ سالْ لە مەوە بەر،...

دەمگوت" نەورۆزەو گەردوون گەڕێکی دیکەی گۆوەندی ژیانی بە ئاوازی دلْنەوازی خورەی چەمو شنەی دلْ بلاوێنی شەمالْ گەڕاو، مامە نەورۆزی سەربەرزی وەرزی پیرۆزی جوان، جوان جوان سەرچۆپیکێشی ئەم گۆوەندەیە.

دەمگوت وا ڕەورەوەی گردی زەوی بە سەرجەم تەنگو چەلْەمەکانی‌یەوە خولێکی دیکە سووراو، بۆ جارێکی دیکەش دەوران گۆڕاو ژینی نوێی وەرزی تەمەن بە بەر سەرجەم بوونەوەرێک دا کرایەوە. وا ئەم جارەش تیشکی زێڕینی خۆر لە گەلْ هەناسەی پڕ لە تاسەی مامە نەورۆزدا کەوتەوە خۆو بە پڕشەنگی زێوینی، هێزو گوڕو تینی ژینی خستەوە نێو جەستەی خەستەی بوونەوەرانی ئەم گیتی‌یە. وا ئەمجاریش زستانی ساردو سڕی بەفراوی ڕۆیشتو بەهاری جوان و ڕازاوە بۆوە بە میوانی سروشتە وەک بەهەشتەکەی ولأتی جوانو دلگیرمانو رووی ڕەش هەر بۆ ڕەژی مایەوە. وا بۆ جارێکی دیکەش بانگی ئازادیخوازی لە گەرووی پڕ لە هاواری شمشالْی شوانی قەدپالْەکانی چلچەمەو قەندیلو ئاراراتو شەنگال و سەرجەم شێو دۆلْی کوردستان بەرز بۆوەو پەژواکی ئاوازە بەسۆزەکەی بە بنارانداا گەڕا کە دەیگووت، بەهارە، بەهارە!

هەیاران!

بڕوانن چلۆن لە دوای زستان بەهار دێ

چلۆن لە دوای زریان و تۆفان

شنەی شەماڵ دێ

ئاواش لە دوای رەشەبای زوڵم و بێدادی

هەڵدەکا شنەی شەماڵی شادی"...

بەڵێ! نەورۆزی کوردەواریم خۆش دەوێ، ساڵانیش خۆشم دەویست. نەورۆز! ژیانی نوێ، وەرزی نوێی ژینگەو تەمەن دێنێ. ساڵانی رابردوو، مانگێک بەر لە نەورۆز بە دڵەخورپەی پڕ لە شادییەوە بەرەو نەورۆز دەرۆیشتم، ئێستاش بە دڵەخورپەوە بەرەو نەورۆز دەچم، بەڵام بە جیاوزیی زۆرەوە، ئێستا کە بەرەو نەورۆز دەڕۆم،

هەم شادم هەم غەمگین،

دڵە خورپەم تێکەڵاوە لە شاییو شین،

رەنگە بفەرموون ئەم قسانە چین؟

ئەمساڵ لە نەرۆزی رێبەندان را، لە بن ئاڵای ١١ ئەستێرە دیتووی چوارچرا ڕا وەڕێکەوتووم و توێشووی رێگەم لە نێو پارچەیەکی لاکێشەی سێ رەنگ وەرپێچاوە. دەمێکە بە رێگەوەم، دەمهەوێ بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز هەنگاو بنێم، بەڵام رێگەم سەختو حەستەمە. لە رێگەمدا، کاتێک بە رێگەی دووری مێژووومدا دەروانم، "مێشکی شەش کوڕی کاوەی باپیرمان لە بەر دەم مارە نەوسنەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دەبینم."

کاتێک سەیری مێژووی دوێنی و پێرێمان دەکەم،

دیسان مێشکی پرژاو

خوێنی رژاو

سەری براو

لاشەی سووتاو

شار و گوندی رووخا!

بەڵێ دیسان کۆی زووخاو

دەبینم.

بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز دەچوومە پێشتر، دەمهەویست لە رێگەی شاخاوی هەڵەمووت خۆ ببوێرمو زووتر بە مەنزڵگە بگەم، کەچی لەو کاتەدا تووشی دەشتی شارەزوور بووم، بەرەو چەند ساڵ لەمەوپێش گەڕامەوە، بەرەو ئەو کاتەی کە ئاسمانی ئەو ناوە تورەو تۆسنو، هەورەکان لە جێگەی نەرمە بارانی خێرو بێری شادی، رێژنەی غەزەبو ژەهریان دادەباراند. وەرز گۆڕابوو، نەورۆزو خەزان جێگۆرکەیان کردبوو، گەڵارێزانی وەرزی تەمەنی بوونەوەرەکانی ئەو دەڤەرە بوو. بووکی شارەزوور، شەڵالی خوێن، سوور سوور، نا نا سەرتاپای لەشی بە ئاگری بێ ئەمانی جووتە تفنکی ئەژدەهای شەر هەڵقرچا بوو.

ماندوو و هیلاک و دل پڕ لە تەم،

دەمهەوێ تێپەرم لە بەحری فرمێسکو خەم

لە داوێنەکانی کاروخو ماکۆکو کێوەرەش تووشی شاییو لۆغانی ڕاپەرین دەبم. تەمی خەمو زەردەخەنەی سەر لێوان لە وێ دەست لە ملانی یەک دەبن. لە نێو ئاپۆرای جەماوەریی چەند ساڵ لەمەوبەردا دەست دەکەم بە گەڕان. هەر دەگەڕێمو دەگەڕێم تا خۆم لێ ون دەبێو سەرئەنجام لە نۆرویژی هەزاران کیلۆ میتر دوور لە زیدو نیشتیمانمدا دەگەمە هەوارگەی مامە نەورۆزی ئەمساڵم. بەڵام چ بکەم دڵ ئۆقرە ناگرێ بەر لەوەی بە دیداری مامە نەورۆز شاد بم، مەلی هەست و ئەندێشەم ئەوجاریش بەرەو ئاسمانی نیشتمان باڵ دەگرێ،

دەشت و کێو و ئوقیانووسەکان دەبڕێ،

دەفڕێ و دەفڕێ

تا سەرئەنجام

لە گۆڕستانێکی شآری سەقزی سەربەرزدا "لەنگەر" دەگرێ

بەڵام ئارام ناگرێ.

مەلی هەست و نیست و خەیاڵم، بە کامێرای دیدەکانی وێنەی سەر کێلە بەردینەیەک دەگرێ کە لە سەری نووسراوە، ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٣

## زۆر بەڕێز بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیاڕەنگی سەربەرز!

### دڵسۆز و فیداکاری رێگەی گەل و نیشتمان و ڕەوشەنگەری، کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و خاتوو شلێر حەسەنپوور!

سەرەتا ئیزن دەخوازم کە  بە بۆنەی بیستەمین ساڵی بەردەوام بوونی ماڵپەڕی گیارەنگ لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان پێ بڵێم و هیوای بەردەوامیتان بۆ بخوازم.

**بەرێزان!** بەر لەوەی باسی هەوڵ و تێکۆشان و زەحمەتەکانی بەرێزتان بکەم کە بێ گومان  قورسایی خزمەتەکانتان شان لە شانی قورسایی گیاڕەنگ دەدات، دەمهەوێ بۆ بەشێک لەو بەڕێزانەی کە ناسیاویی پێویستیان لە سەر گیاڕەنگ نیە، کەمێک لەم بوارەدا روون کردنەوە بدەم تا خوێنەرانی دڵسۆزی گیاڕەنگ باشتر بۆیان دەربکەوێ کە ناوی ماڵپەڕی گیاڕەنگ، هەڵگری کام پاشخانی جوگرافی و مێژووییە. گیاڕەنگ چۆنە بۆتە رەمز و سیمبوول؟ گیاڕەنگ چ ناوێکە و لە کوێ هەڵکەوتووە؟ گیاڕەنگ دەستە خوشکی کام چیای سەرکەشی دیکەی کوردستانە؟ گیاڕەنگ لە کەیەوە بە سەربەرزیەوە مەڵبەندی پاڕاستن و سەنگەری پێشمەرگەکانی کوردستان بووە؟ هەر ئەو گیاڕەنگەی کە ئێستا بۆتە سەنگەری پێشمەرگە قەڵەم بە دەستەکانی خاوەن هزر و ئەندێشە.

لە ناوچەی سوێسنایەتی مەڵبەندی سەردەشتی سەرسەوز، لە نێوان گوندەکانی دیوالان و بەردەسوور و بوبانەدا، دوو چیای بڵند و سەرکەش لە پێدەشتەکانی دیوالان ڕا بەرەو ئاسمان باڵایان کردوە و سەری بەرزیان بە سەر گوندەکانی نارستێ، دیوالان، بوبانە، خێلە، بەردەسوور، و دۆڵێ داوداوێ و مامکاوێ و مەزرایەدا داییم لە روانین دایە. ئەم دوو کێوە سەربەرزە یەکیان لانک و ئەوەتریشیان گیاڕەنگە. ئەگەر چی ئەم دوو کێوە تەنیا دۆڵێک و ئاودرێک لێکیان جوودا دەکاتەوە، بەڵام هەڵکەوتەی گیاڕەنگ جۆرێکە کە مەیدانی زیاتر و حەشارگەی پتری هەیە، هەر ئەوەش وای کردوە کە گیاڕەنگ ببێتە برا گەورە و ناو و ناوبانگی لە لانک زیاتر بڵاو ببێتەوە. گیارەنگ لە جووڵانەوەی ٤٦، ٤٧ ی تێکۆشەرانی دێموکراتدا رۆڵ و نەقشی باشی گێراوە. زۆر جار شوێنی حەسانەوەو و حەوانەوەی مەلا ئاوارەی شەهید و هاوڕێیانی بووە. بە داخەوە سەرئەنجام هەر لە نزیک ئەم چیایەش، لە گوندی دیوالان لە داوی ساواکی حکومەتی پاشایەتی کەوت و دوای دەرمانخوارد کردن، ئەسیر کرا و دواتریش ئێعدام کرا.

ساڵ هاتن رۆیشتن، حکومەتی پاشایەتی بە محمد رەزاشا وە گۆڕ بە گۆر بوو، بەڵام گیاڕەنگ هەر لە جێگەی خۆی قورس و

قاییم مایەوە و بۆ جارێکی دیکەش، بەڵام ئەمجارە لە دژی لشکری سوپاسی جەهل و نەزانی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی ئیران، بۆوە بە شوێنی حەسانەوە و پشت و پەنای پێشمەرگەکانی ڕێگەی ڕزگاری کورد و کوردستان. لە بناری ئەم چیایە خێوەت و سەنگەری پێشمەرگە لێدرایەوە. زۆری نەخایاند کە ناوی گیاڕەنگ نەک هەروەک ڕەمز و پەناگایەکی پێشمەرگانە، بەڵکو تێکەڵ بە ڕەمز و وشە تەشکیلاتیەکانیش بوو. گیاڕەنگ بوو بە ناوی کۆمیتە ناوچەیەکی حیزب لە ناوچەی سەردەشت کە بەشێکی بەرچاو لە گوندەکانی ناوچەی سوێسنایەتی لە خۆ دەگرت.

ئەگەر چی کێوی بە هەیبەتی گیارەنگ لە قەبارە و بارستاییدا، بەژن و باڵای زیادی نەدەکرد بەڵام لە خۆشەویستی و نێوبانگ دەرکردندا داییم لە هەڵکشاندا بوو. ئەوەندە هەڵکشا تا سەرئەنجام ناوی هێزی بە هەیبەتی پێشمەرگەکانی دێموکڕات لە ناوچەی سەردەشتی بۆ خۆی برا. لەوە بە دواوە ناوی گیاڕەنگ لە گەڵ تەقەی هەر پێشمەرگەیەکی حیزب لە ناوچەی سەردەشت چ لە ئاڵان بایە و چ لە میراوێ، لە رادیۆ دەنگی کوردستانەوە دەبیسترا. قارەمانەتی پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت و ناوی بە هەیبەت و سەربەرزی گیاڕەنگ ببوونە دوانەیەکی لێک دانەبڕاو. گیاڕەنگ ببوو بەو کێوە لە گیران نەهاتووەی هێزی گەل کە هەر ناوەکەشی دوژمنی دەخستە لەرزە. سەدان چالاکی و عەملیاتی گرینگی دوژمن شکێن، چەندین پلانی جاش تەزین، بە ناوی گیاڕەنگەوە ئەنجام دراون. هەزاران تێکۆشەری کورد گیان لە سەردەست لە سەنگەری پێشمەرگەیاتیدا لە ژێر ناوی گیاڕەنگدا ئامادەی فیداکاری بوون، کە مخابن سەدان کەس لەو ئازیزانە گیانی خۆشیان هەر لەم ڕێگەدا فیدای خاک و نیشتمان کرد و سەری گیاڕەنگیان هێندەی تر بەرز کرد.

ئەمجارەش ساڵ هاتن رۆیشتن، وا دیارە گیاڕەنگ هەر بەوە دڵی تێر ئاو نەببوو کە تەنیا وەک ڕەمزی تەشکیلاتی و هێزی نیزامی وەمێنێ، هەر بۆیە بوو بە سەرێک لە نێو سەرانی دونیای ئەدەب و هونەر و سیاسەت و ڕەوشەنگەریدا. ئەمجارە هاتە نێو دونیای پان و بەرینی ئینتەرنێت و بوو بە ماڵپەرێکی ئەلکترۆنیکی و ئەوە ماوەی بیست ساڵێ ڕەبەقە ئەم ماڵپەرە بە ناوی گیاڕەنگ، وەک کێوی گیاڕەنگ، بە ئیلهام وەرگرتن لە تەشکیلاتی گیاڕەنگ و بە وەزە وەرگرتن لە هێزی بە هێزی گیاڕەنگ مەیدانداری ئەم گۆڕەپانەیە.

کاک حەمەرەسوڵ کەریمی کە بەر لەوەی بێت بۆ دەرەوەی وڵات، یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە هەر قارەمانەکانی دێموکڕات بوو و لەم ڕێگەیدا بەشێک لە جەستەشی فیدای خاک و خەڵکەکەی کردوە، لە کۆڵەپشتیەکەی خۆیدا ناوی گیاڕەنگیشی هێنا بۆ سوئێد. لە سوێیدیش ڕا لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە و بە وەڕی خستنی ماڵپەرێک ناوی گیارەنگی بە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە.

ئەگەر لە چل و شەش و چل و حەوت دا گیاڕەنگ شوێنی حەسانەوەی مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی بوو، ئەگەر لە سەردەمی

رێکخستن و شانەبەندیدا گیاڕەنگ ناوی کۆمیتە ناوچە و سیمبولی تەشکیلاتیی بوو، ئەگەر لە شەری دژی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا گیاڕەنگ رەمزی خۆراگری و بەرخودان و ناوی هێزی بە هەیبەتی پێشمەرگەی مەڵبەندی سەردەشت بوو، ئێستاش بە خۆشیەوە لە سایەی زەحمەتەکانی کاک حەمەرەسوڵ کەریمی و خاتوو شلێری حەسەنپوور( شەریکە ژیانی کاک حەمەرەسوڵ) گیاڕەنگ هەر بە پێوەیە و بۆتە سەنگەرێکی قاییم بۆ ئەوکەسانەی بە چەکی پێنووس، لە دژی جەهل و نەزانی و دوژمنانی گەل و نیشتمان خەبات دەکەن.

کاک حەمەرەسوڵ و خاتوو شلێر! سوپاس بۆ زەحمەتەکانتان! دەستتان خۆش بێت و ماندوو نەبن. ئەوەی ئێوە کردوتانەو دەیکەن، کارێکی تاقەت پروکێنە و تەنیا ورەی بەرزی پێشمەرگانەتانە کە توانای خۆراگری زیاتری بە ئێوە بەخشیوە و خۆراگرانە بەرگەی سەختیەکانتان گرتووە. من بۆ ماوەیەک بەرپرسی ماڵپەری رۆژهەلات تایمز بووم، لەوە را دەزانم کە کارەکەی ئێوە چەند سەختە. ئەو کات کە بەرپرسی رۆژهەلات تایمز بووم، نزیک دە هاوڕێی بە توانا لە هەموو بوارەکاندا هاوکارییان دەکردم، بەو حاڵەش دوای چەند ساڵێک ناچار بە دا خستنی بووین. ئەوەم بۆیە نووسی تا سەرجەم هاوڕێیان زیاتر لەم بوارەدا بەرچا روونیان هەبێت کە بە ڕاستی ئیدارە کردنی ماڵپەریکی لەم چەشنە چەند قورس و گرانە. جا ئەویش ئەو دوو کەسە کاک حەمەرەسوڵ و خاتوو شلێر بن کە شەو رۆژیش خەریکی کاری حیزبی و نیشتمانین.

**هەر بژین بە سەربەرزی و بمێنن بۆ گەل و نیشتیمان**

**هاوڕێتان هاشم رۆستەمی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## بایکۆت!

لە نیزامێکدا کە سەرجەم دەستەڵاتە سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتیەکان لە دەست کەسێکدا لە ژێر ناوی وەلی فەقی دا کۆ کراونەتەوە و ناوەندە ئەمنیەتی و دەست نیشان کراوەکان، دەستەڵاتی ڕەهای بێ لێ پرسینەوەیان هەیە، هەڵبژاردن هیچ مانایەکی نادات جگە لە چەواشەکاریی بیر و ڕای گشتی و گەلانی ئێران. هەر بۆیە، با بە بایکۆت کردنی سندوقەکانی دەنگ دانی ئەمجارە، ئەو پیلانەی ڕێژیمی منداڵکوژ بکەیەنە بلقی سەر ئاو و جارێکی دیکەش هەر وەک سەرەتاکانی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، وێکڕا بە کۆمەڵگای جیهانیی بڵێین کە کۆماری ئیسلامی-مان بە سەرجەم دەم و دەزگاکانیەوە ناوێت.

بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەم دەورەیەی مەجلیسی ئاخووندیدا و، دەنگ دان بە هەر کاندیدێک، دەنگ دانە بە خودی کۆماری ئیسلامی. دەنگ دانە بە قاتڵەکانی سەرجەم شەهیدانی ٤٥ ساڵی ڕابردوو، دەنگ دانە بە قاتڵەکانی شەهیدانی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی. دەنگ دان لەم دەورەیەدا دەنگ دانە بە ڕازی بوون بە مانەوە لە ژێر دەستی و قبوڵ کردنی ئەوەی کە دوژمن بە سەرت دێنێ. بە دەنگ دان لەم دەورەیەی هەڵبژاردندا، دەنگ دانە بە قاتڵەکانی هەموو ئەو کۆڵبەرانەی کە لە پێناو پەیدا کردنی پاروە نانێک بۆ منداڵەکانیان و بنەماڵەکەیان، ناچار بوون کۆڵبەری بکەن، کەچی کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی خوێن ڕێژ و دژی گەلی ئەوەشی پێ ڕەوا نەبینین و دڵڕەشانە شەهیدی کردن.

دەنگ دانی ئەمجارە، دەنگ دانە بە قبوڵ کردنی کۆیلایەتی، قبوڵ کردنی ژێر دەستی، ڕازی بوونە بە ژێر چەپۆکی، مل ڕاکێشانە بۆ چەقۆی دوژمن، تەسلیم بوونە لە بەرامبەر ئەو هەموو جەنایەت و تەجاوەزەی لە زیندانەکاندا دەرحەق بە ڕۆڵەکانمان دەکرێت. دەنگ دانی ئەمجارە بە مانای ڕازی بوونە بە هەموو ئیعدامەی کە ڕۆژانە لە لایان کۆماری ئیسلامیەوە ئەنجام دەدرێت.

بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانیە. بایکۆتی ئەمجارە بەشێکی گرینگە لە بەردەوامیی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی. بە نەچوونمان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگ دان، جارێکی دیکەش پڕ بە گەروومان هاوار دەکەین و دەڵێین کە ئیتر بەسە و چیتر کۆماری ئیسلامیمان ناوێ.

لەم هەڵبژاردنەی بە ناو مەجلیسدا، دەبێ هەموو لایەکمان وریا بین و فریوی پیلان و فرت و فێڵەکانی خامنەیی و بە کرێ

گیراوەکانی نەخۆین. چوونکە ئەوان هەوڵ دەدەن کە بە هەر شێوەیەک بێ کەسانێک لە دەوری سندوقەکانی دەنگ دان کۆبکەنەوە تا بە بیروڕای نێونەتەوەیی بڵێن کە تا ئێستاش ئەو ڕێژیمە لە نێو خۆدا پشتیوان و لایەنگری هەن.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران وێڕای ئەوەی کە بۆ هاندانی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان, لە سەدان کاناڵی سەرتاسەریی کەڵک وەردەگرن، بە شێوەیی ناوچەیی و لۆکاڵییش دەیان و سەدان پیلانیان دارشتوون تا بەڵکو بتوانن بازاری شانۆسازی هەڵبژاردنی ١١ی ڕەشەمە قەرەبالغ بکەن. لەم پێوەندیەدا لە هێندێک شوێن چ بە هەڕەشە وچ بە تەماع وەبەرنان ژمارەیەک مامۆستای ئایینیان هان داون تا لە مزگەوتەکاندا بانگەشە بکەن تا خەڵک بەشداری بکەن لە شانۆی هەڵبژاردندا. جگە لەوەش هەر بەو شێوەیە گوشاریان خستۆتە سەر چالاکوانانی دونیای مەجازی تا لە لاپەڕە و کاناڵەکانیاندا بە قازانجی کاندیدەکان و هاندانی خەڵک، تەبلیغ بکەن.

لێرەدا روو دەکەینە ئەو بەشە لە مامۆستایانی ئایینی و داوایان لێ دەکەین کە بە هیچ جۆر نەکەونە نێو ئەو داوەی دوژمن و، خۆیان شەرمەزاری گەل و نیشتمان نەکەن. چوونکە ئەمجارە هەرجۆرە تەبلیغێک کە بە قازانجی ڕێژیم بێت، ڕاستەخۆ دەبێتە دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی.

هەر لەم بوارەدا ئەو خاوەن پەیج و کاناڵانەش وشیار دەکەینەوە کە بە هیچ جۆر فریوی پیلانەکانی دام و دەزگاکانی ڕێژیم نەخۆن و بە قازانجی هیچ کاندیدێک تەبلیغ نەکەن، چوونکە ئەمجارە هیچ کام لە کاندیدەکان نوێنەری خەڵک نین و نابن. ئەو بە ناو نوێنەرانە لە ڕابردووشدا سەلماندوویانە کە لە ئالقە لەگوێیەک زیاتر هیچی دیکە نین.

یەکێکی دیکە لە پیلانەکانی ڕێژیم بۆ فریو دان و هاندانی خەڵکی ساویلکە بۆ سەر سندوقەکانی دەنگ دان، ساز کردنی جەوی رەقابەت لە نێو کاندیدەکاندایە. لەو شوێنانە کە هەستی عەشاییری بەرچاوە، ڕێژیم لەو هەست و سۆزە عەشایریە کەڵک وەر دەگرێ و دەی هەوێ رەقیبەکان لە دژی یەک هان بدات. لەو شوێنانەش کە بە دوو یا سێ شار نوێنەرێکیان هەیە، دەیهەوێ رەقابەت لە نێو شارەکاندا ساز بکات و بە کەڵک وەر گرتن لە هەستی ناوچە گەرایی و شار شارێن، تەندووری هەڵبژاردنەکان گەرم دابێنێت. هەر بۆیە داوا لە خەڵکی نیشتیمان پەروەر و پێگەیشتووی شار و گوندەکان دەکەین کە بە هیچ جۆر نەکەونە نێو ئەو داوە و یەک گرتوانە بە گژ ئەو پیلانە چەپەڵانەدا بچنەوە و یەک گرتوانە بایکۆتی ئەو شانۆ سازیەی ١١ی ڕەشەمە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٤

## شکۆی نەورۆز و پوچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمن!

ڕێوڕەسمە نەورۆزیەکانی ئەمساڵ لە کوردستانی ڕۆژهەلات هەر لە باشوور ڕا تا باکوور بە شێوەیەکی ئەوتۆ پڕ شکۆ بەڕێوە چوون کە لە مێژووی ئەم بەشە لە کوردستاندا بێ وێنە بوون. ئەو ڕەنگاوڕەنگی و تێکەڵاوەیە کە لە ئیلام ڕا تا ماکۆ لە هەموو مەڕاسیمەکاندا خۆی دەنواند و جوانترین جیلوەی جوانی بەم بەهارە دەبەخشی، تەنیا هەڵپەڕکێیەکی ساکار و خۆشییەکی ماوەدار نەبوو، بەڵکو تەواوی ئەو جل و بەرگانە، لە جامانەو لیباسی خاکی پیاوانەوە بگرە تا دەگاتە لەبەر کردنی کەوا و پانتۆڵ لە لایان ئافرەتانەوە، لە دەست لێک گرێدانی کچان و کوڕان لە گەڕێ داوەتێدا، لە پێشەنگایەتی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدانەوە بۆ ئاگر کردنەوە و تەنانەت گەڕی داوەتێش، لەو پەیامە پڕ نێوەرۆکانەی کە لە بۆنەکاندا خوێندرانەوە و زۆر دیاردەی دیکەی ڕەچە شکێنانە کە لە سەرجەم ڕێورەسمەکاندا دەبیندرێن، موژدەی ئاڵ و گۆڕێکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە گوێی جیهاندا دەدەن و نیشانیان دا کە خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی سیاسەتی ڕەشپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و کولتووری داسەپاوی باو، ئەوان خوازیاری دونیایەکی پڕ لە شادی و خۆشین، خوازیاری ئەوەن کە بە پێناسەی نەتەوەیی خۆیانە ڕێز لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکان بگرن. ئەوان بە شێوەیەکی مانادار نیشانیان دا کە لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕیون و چیتر خۆیان لە چوارچێوە و قەید و بەندەکانی ئەو نیزامەدا نابیننەوە.

وەسفی شکۆی ئەم نەورۆزە هەر چەندی بنووسم هێشتا کەمە. جگە لەوەش لەم وتارەدا زۆرتر مەبەستم ئەوەیە کە لە پەراوێزی ئەو هەموو شکۆ نەورۆزیەدا، ئاماژە بە هێندێک لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بکەم کە غافڵ بوون لێیان، لەوانەیە تووشی زیانی قەرەبوو نەکراوەمان بکات.

ڕەنگە زۆر کەس باوەڕ بەوە نەکەن کە بڵێم بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەم نەورۆزە، کۆماری ئیسلامی(فارسەکانی نێو دەستەڵات) کەلێنێکی کردەوە و تا ڕادەیەکی زۆر چاوی لە ئاست بەڕێوەچوونی جێژنە نەورۆزییەکان کە لە ئەساسدا بوونە بۆنەی نەتەوەیی، قووچاند و خۆی لێ بێ دەنگ کردن. سەرفینەزەر لەوە کە ئەلحەق خەڵکی کوردستان توانیان بە باشترین شێوەی مومکین لەو کەلێنە کەڵک وەر بگرن، با بزانین ڕێژیم بۆچی ئەم کەلێنەی کردۆتەوە و بە دوای چیدا دەگەڕێ.

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی لەم بوارەدا کەمێک بۆ دوایە دەگەڕێمەوە و باسی هێندێک ڕەفتاری ڕێژیم لە ئوستانەکانی تەورێز و ورمێ("ئازەربایجان") دەکەم. ڕەنگە بفەرموون جا ڕەفتاری ڕێژیم لەو دوو پارێزگایە چ پێوەندیەکی بە نەورۆزەوە هەیە! بەڵام بە زیاتر ورد بوونەوە لە بابەتەکە، زۆرتر روون دەبێتەوە کە لە کوێ ئەم دوو بابەتە یەکانگیر دەبن. هەمووتان

کەم تا زۆر ئاگاداری کێشەکانی کۆماری ئیسلامی و حکومەتی ئازەربایجان هەن، هەر لەم ڕاستایەدا کێشەکانی نێوان تورکیە و ئێرانیش جێگەی سەرنج و لێ ورد بوونەوەن. کۆماری ئیسلامی لەم ساڵەی دواییدا و بە دوای شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" دا، ترسێکی زۆری سەبارەت بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئازەرییەکان لێ پەیدا بووە. هەر ئەو ترسەش وای کردووە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی نەرم و سیستیماتیک دەستی کردووە بە ڕاگواستنی بەرپرسانی نیزامیی ئازەری زمان لەو دوو پارێزگایە. لەم دوایانەشدا وردە وردە دەستیان بە ڕاگواستنی بەرپرسانی سیاسی و ئیداریش کردووە. لە جێگەی ئەوانیش کەسانی فارس زمان و لە هێندێک شوێنیش کورد زمان دادەنێن. بەو پێیە وێدەچێ کە فارسەکان لە هاوبەشیی دەیان ساڵەی خۆیان و ئازەریەکان لە دەسەڵاتدا نائومێد بووبن و بە "دوای جێگرەوەدا" بگەڕێن.

ئاکامی هەڵبژاردنەکان بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامیی، کە لە ورمێ دوو کاندیدی کورد "سەرکەوتن" و نەمایشێکی جەماوەریشی لێ کەوتەوە، لە ڕاستای ئەم سیاسەتی گەڕان بە دوای جێگرەوەدا خۆی دەنوێنێ. هەر لەم ڕاستایەدا هەواڵەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە سوپای پاسداران لەم ماوەیدا بە شێوەیەکی بەرچاو چەک و چۆڵی بەسەر ژمارەیەک کوردی ئەو ناوچەیەدا بڵاو کردونەتەوە، کە زۆر جێگەی پرسیارە.

جگە لە مانەش کاربەدەستانی فارس زمان لە ڕێگەی هێندێک لەو کوردانەی کە گوێیان بۆ ڕادەگرن، لە هەوڵی ئەوەدان کە ترس و خۆفێک لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو بکەنەوە و بڵێن کە ئەگەر ئەم نیزامە نەمێنێ، ئەوە حکومەتەکانی ئازەربایجان و تورکیە دەست بە سەر ئەو دوو پارێزگایەدا دەگرن و ئەو کات ئێوەی کورد لەم بەشەدا دەچنە ژێر ئیختیاری تورکەکانی تورکیە و ئاکامێکی نادیارتان دەبێت.

کۆی ئەو جموجۆڵانەی ڕێژیم (فارسەکانی نێو دەستەڵات) ئەوەمان پێ دەڵێت کە فارسەکانی نێو دەستەڵات بەرە بەرە خەریکی بەستەرسازین بە هەڵگیرساندنی شەڕێکیماڵوێرانکەر لە بەینی دوو نەتەوەی کورد و ئازەریدا، هەر وەک شەڕەکەی نەغەدە.

**لێرەدایە کە پێویستە هەمووومان وشیار بین و بە هیچ جۆرێک نەکەوینە نێو داوی ئەو پیلانەی ڕێژیم.**

ڕێژیم بە چاو نوقاندن لە بەرنامە نەورۆزیەکانی ئەمساڵ، چەند سیگناڵی دیکەشی ناردن. سیگناڵ هەم ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کردستان و هەم ڕوو بە حیزبە سیاسیەکان. ڕوو بە خەڵکی کوردستان دەی هەوێ بڵێت کە ئەوەتا ڕێژیم بە دڵی ئێوە نەرمی نواندوە و هیچ پێویست ناکات وەدووی قسە و سیاسەتەکانی حیزب و ڕێکخراوەکان بکەون. ڕوو لە حیزبەکانیش دەیهەوێ بڵێ کە فەرموون ئەوە ئێمە نیسبەت بە خەڵکی کوردستان نەرمیمان نواند و بزانین ئێوە چ دەکەن. ئەمە سیگناڵە

ئاشکراکانن. سیگنالەکانی پشتی پەردەش من ئاگام لێ نێن.

بەڵام من بە شێوەی گشتی ئەو سیگنالانە چ ئاشکرا بن و چ بە نهێنی بن، بە پیلانێکی مەترسیداری کۆماری ئیسلامی دەزانم. چوونکە پێموایە بەو سیگنالانە، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد دەیانهەوێ لە لایەک، لە نێوخۆی وڵاتدا بەستەری شەڕێکی ماڵوێرانکەرمان بۆ ساز بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە لە هەوڵێ ئەوەدان کە ناکۆکی نێوان حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە گەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی قوڵتر بکەنەوە و ئەوەندە لێک تێگەیشتنە سەرەتاییەش کە دروست بووە، لە بار بەرن.

ئەو خاڵانەی کە ئاماژەم پێ کردن کورتەیەکن لەو پیلانانەی ڕێژیم کە لە ئێستادا بە دوایاندا دەگەڕێ. بەڵام بە خۆشیەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی زۆر لەوە وشیارترن کە فریوی ئەم پیلانانە بخۆن و هەر وەک دیتمان لەو کەلێنە کە ڕێژیم بە پیلان کردبوویە، بە پلانی دروست و نەتەوەییانە، باشترین کەڵکیان وەرگرت و کردیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی.

**زستان دەڕوات و ڕووی ڕەش بۆ ڕەژی دەمێنێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢٤**

---

## پزیشکیان و چەند سەرنج!

با بەر لە هەموو شتێک ئاماژە بەوە بکەم کە منیش وەک هەموو ئەوکەسانە بیر دەکەمەوە کە پێیان وایە لە سیستمی داخراو و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و لە چوار چێوەی نیزامی وەلی فەقیهیدا هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتیک ناتوانی بوونی هەبێ، هەروەها دەشزانم کە ئێستا گەلانی ئێران بە گشتی دەیانهەوێ لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕن و خوازیاری نەمانی ئەم نیزامەن لە تەوایەتی خۆیدا. بۆ منیش وەک تاکێکی کورد و دێموکڕات، کە لە پێناو گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلەکەمان، زیاتر لە چل ساڵە دژی ئەم نیزامە، بە گوێرەی دەرفەت و توانای خۆم خەبات دەکەم، ئەوە دەزانم کە سەرۆک کۆمار لەم سیستمەدا هیچ کارەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە میانەی ئەو شانۆسازیانەی هەڵبژاردندا جار جار هێندیک دیاردە و بابەت دێنە پێش کە لازمە ئێمەی خەباتکار لێیان ورد بینەوە و سەرنجیان بخەینەسەر.

یەکێک لەو دیاردانەی ئەمجارە، دیاردەیەکە بە ناوی مەسعود پزشکیان. دەزانم پزشکیان، پاسدار بووە، دەزانم پزشکیان بەر لە هەموو دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، لە شوێنی کاری خۆیدا حیجابی کردۆتە ئیجباری، ئەوەش دەزانم کە گوێڕایەڵی بێ ئەملاو ئەولای خامنەیی دیکتاتۆرە، لەوەش دڵنیام کە ناوبراویش هەر وەک ئەوانی پێش خۆی(ئەگەر دەنگیش بێنێ) ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی گەلانی ئێران پێک بێنێ و وەعدەکانی ئەویش هەر دەبنە بلقی سەر ئاو. لەوەش دڵنیام کە تەنیا وەک تاکتیک و بە مەبەستی گەرم کردنی تەندووری هەڵبژاردن، پزشکیانیان لە پاڵوێنەی شوڕای نیگابانیان تێپەڕاندوە.

بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم و ڕووداوەکانی ئەم دوایانە، ئەوە دەر دەخەن کە خامنەیی و شوڕای نیگابان لە دیاری کردنی ئەو تاکتیکەدا بە تەواوی بە هەڵەدا چوون و هێنانە پێشی پزشکیان بۆ نێو لیستی کاندیدەکان، چ "دەنگ بێنێتەوە" و "چ دەنگ نەهێنێتەوە" بە گران لەسەر سیستم دەکەوێت. لێرەدا دەمهەوێ ئەگەر بە کورتیش بێت لە هەر دوو لاوە بابەتەکە شەن و کەو بکەم.

لە ئەگەری بە سەرۆک کۆمار کردنی پزیشکیاندا، وێدەچی کۆماری ئیسلامی دوو مەبەستی هەبن، یەکیان ئەوە کە ڕەنگە کۆماری ئیسلامی پێی وابێ دەتوانێ بە رووی دەرەوەدا، بە هێنانەسەرکاری مۆرەیەکی"ریفۆرمخواز" چێهرەیەکی دیکە بە

نیسبەت دونیای دەرەوە لە خۆی نیشان بدات و هەوڵ بدات بۆ ماوەیەکی دیکەش تەمەنی دەستەڵاتەکەی درێژ بکاتەوە، هەروەها دەی هەوێ ئەوەش بڵێ کە لە ئێراندا، بێ جیاوازی دانانی"قەومی"(نەتەوەیی) هەموو کەس، تەنانەت ئازەرییەکی وەک پزیشکیانیش، مادام شیعەی دوازدە ئیمامی بێت دەتوانێ خۆی بەربژێر بکات و دەریش بچێ.

بە بڕوای من ئەم دوو ڕوانگەیە هەردووکیان بە نەرێنی بە سەر ڕێژێمدا دەشکێنەوە. چوونکە لە لایەک سەرۆک کۆمارێک کە دوای ئەم بایکۆتە بەربەرینەی گەلانی ئێران، بە دەنگێکی ئاوا کەم ( بۆ خۆیان ئیدعا دەکەن کە چل لەسەد خەڵک دەنگی داوە) دەر بچێت، نە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیدا سەنگ و وەزنی دەبێ و لە نێو خۆی گەلانی ئێرانیشدا حیسابی بۆ دەکرێ. لە لایەکی دیکەش رەنگە نیزام بە بە سەرۆک کۆمار کردنی پزشکیان، بی هەوێ زیاتر و زیاتر گەلی ئازەری لە ژێر دەستیدا ڕابگرێ و ئەم بابەتە وەک ئیمتیازێک بە ڕوخی ئازەریەکان بکێشێ. چوونکە هەموومان دەزانین کە لە ماوەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، تا ئێستا جگە لە فارسەکان، هیچ کەس لە نەتەوەکانی دیکە ئەو دەرفەتەی پێ نەدراوە کە ببێتە سەرۆک کۆمار. لە ئێرانی ئێستادا فارسەکان پۆستی سەرۆک کۆماریی بە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیان دەزانن. (باسی ڕێبەری نیزام مقولەیەکی دیکەیە و لەم باسەی ئەمجارەمان جیاوازە) هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێ کە بە سەرۆک کۆمار کردنی پزیشکیان، نارەزایەتی بەشێکی کارای شۆڤینیزمی فارسی لێ بکەوێتەوە و ببێتە هۆکاری قوڵتر بوونەوەی باڵەکانی نێو دەستەڵات و دارمانی نێوخۆیی و تەنانەت بەرجەستە بوونی دژایەتی شوڤینیزمی فارس لە دژی گەلی ئازەری و دروست بوونی درزێکی کاریگەر لە دیواری وەحدەتی ئەو دوو گەلە خاوەن دەستەڵاتە ئابوریە کە دوو کۆڵەکەی بەهێزی دەستەڵاتی تا ئێستای ئەم وڵاتەن کە پێی دەگوترێ ئێران. خۆ ئەگەر بیانهەوێ توشی چارەنووسی رەفسنجانی و ئایەتوڵڵا رەئیسی-شی بکەن، ئەوە دیسان دەبێتە هۆکاری زیاتری قوڵبوونی درزی نێوان گەلی فارس و گەلی ئازەری...

بەڵام ئەگەر ئیزن نەدرێت پزیشکیان ببێتە سەرۆک کۆمار(کە زۆرتر ئەوەیان ڕێی تێدەچێ) و دەنگەکانی ئەو بە دەردی دەنگەکانی موسەوی بچن، ئایا چاوەڕوان دەکرێ کە رێژیم بتوانێ ئەو بابەتە دیزە بە درخۆنە بکات، یا هەر نەبێ بە تەلەفاتێکی وەک سەردەمای ئەحمەدی نژاد و موسەوی لێی دەر بچێ؟ من لەم بڕوایەدام کە لەم حاڵەتەدا کێشەکە زۆر قوڵتر دەبێ. کێشەی نێوان ئەحمەدی نژاد و موسەوی، کێشەی نێوان دوو کاندیدی فارس بوو، بۆیە بە هیچ جۆر کێشەی نەتەوەیی و قەومی لێ دروست نەدەبوو، بەڵام ئەمجارە بابەتەکە فەرق دەکات. پزشکیان و چاوەدێرانیش دەزانن کە دەنگەکانی ئەو، کەمترین دەنگی فارسیان لەگەڵە. هەر ئەوە کە فارسەکان کەمترین دەنگ دەدەنە کەسێکی ئازەری، بۆخۆی سەرەتای دروست کردنی درز و کەلێنە، جگە لەوەش ئەو پێشوازیەی لە شاری تەورێزێ لە پزشکیان کرا، نیشان دەدات کە ئازەریەکان بە هەستی ناسیونالیستیەوە پشتیوانی لە پزشکیانی هاوزمان و هاونەتەوەیان دەکەن و لەئەگەری بە تاڵان بردن و پاشقول دانی دەنگەکانی پزشکیان، ئەوە وێناچێ ئازەریەکان، ئەو دەست بادانە تەنیا بە کێشەی تاکێکی ئازەری بزانن و خۆیانی لێ بێ بەری بکەن، مەگەر ئەوەی کە پزشکیان ترسنۆکانە تەسلیمی هەموو ئەو بابەتانە بێت و بۆخی بێ

حورمەتی بە دەنگدەرانی بکات و واز لە هەموو شت بێنێ، ئەگینا ئەگەری وەدەنگ هاتنی ئازەریەکان هەیە. ئەو وەدەنگ هاتنەش هەم هەستی ناسیونالیستیی ئازەریەکان دەجوڵێنێ، هەم وێدەچی بتوانن بەشیک لە بەلوچ و کوردیش پەلکێشی نێو ئەو "یاریە" بکەن. سەرجەمی ئەم باسانەش لە ئەگەری ڕوودانیاندا دەبنە هۆی بەرجەستە بوونی درزەکانی ئەو موزاییکەی کە لە چوار چێوەی جوغرافیایەک بە نێوی ئێراندا قالب کراوە.

ئەم باسە و ئەگەرکانی دوای ئەم هەڵبژاردنە بۆیە دەبێ بە گرینگیەوە سەرنجیان بخەینە سەر، چوونکە ئێمەی کورد تا ئێستاش بە دروشمی فیدراڵیەوە لە چوار چێوەی ئێراندا بە دوای مافەکانمدا دەڕۆین. فیدراڵی لە ئێراندا بە بێ بەشداری ئازەریەکان سەر ناگرێ. بۆیە هەر حەرەکەتێک کە ببێتە هۆی بەرجەستە بوونی بیری ناسیونالیستی گەلانی نێو چوارچێوەی ئێران، لە لایان ئێمەوە دەبێ بە گرینگیەوە سەرنجی بخرێتە سەر و لەئەگەری دەرفەت و مجالدا لازمە پشتیشی بگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٤

## ئێوارانی کریسکان! "عصرهای کریسکان"

ئێوارانی کریسکان ناوی ئەو کتێبەیە کە وەک بیرەوەری ئەمیر سەعیدزادە(ئەمیری ڕەحمان باڵشکاوی) لە لایان "کیانوش گلزارراغب" نووسراوە.

ئەمیر هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە وەک جاشێکی دژە گەل، دەبێتە یەکێک لە مۆرە دیار و ناسراوەکانی ئەو نیزامە لە ناوچەی سەردەشت.

هێشتا بەشی زۆری کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب و کۆمەڵەدا بوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە لایان کۆمەڵەوە زیندانی دەکرێ و سەرئەنجام لە زیندانی بەردەسوور ڕا دەکات. دوای ڕا کردنی، لە نۆکەرایەتی بۆ ڕێژیم بەردەوام دەبێت و تەنانەت بە وتەی خۆی چەندین جار مەئموریەتی دەرەوەی وڵاتیشی دەدەنێ. لە یەکێک لەو مەئموریەتانەدا لە شاری سلێمانی لە لایان حیزبەوە دەستگیر دەکرێ و دوای چوار ساڵ و چەند مانگ، حیزب بەرەڵای دەکات.

ئەو کتێبە کە تا ئێستا ٢٠ جار لە چاپ دراوەتەوە، یەکێک لەو کتێبانەیە کە ئیدارەی ئیتلاعات بە نێو زیندانەکاندا بڵاوی دەکاتەوە و زیندانیەکان وادار دەکات کە وەیخوێنن.

هەرچەند ئەم کتێبە بە شێوەی گشتی لە دژی بزووتنەوەی کورد و بە تایبەت لە دژی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی بەلاڕێدا بردنی خەڵکی ساویلکە و ناشارەزا، ئامادە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئەوەی نووسەری ئەو درۆ و بوختانانە مەبەستی بووبێت، لە زۆر جێگادا بابەتەکان وا دارێژراون کە خوێنەری وردبین و خاوەن سەرنج، بۆی دەردەکەوێ کە لە نێو بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا ئەوانەی دەبنە نۆکەری بێگانە وئاڵقە لەگوێی دوژمن، چەند بێزراوی نێو کۆمەڵگان. هەروەها بێ ئەوەی نووسەر مەبەستی بوبێت، دان بە پێگەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتدا دەنێت.

لەو جێگەیەدا کە نووسەر لە زمان ژنی ئەو جاشەوە دەنووسێ "لە کوچە و کۆڵانان منداڵانی دراوسێ و گەڕەک بە منداڵەکانمان دەڵێن بەچکە جاش، لە قوتابخانەش گاڵتەیان پێ دەکەن و وەک منداڵە جاش ناویان دێنن و خۆیان لێ دوور دەخەنەوە"، نیشانەی ئەوەیە کە بزوتنەوەی کورد بە شێوەی گشتی جاشیەتی و نۆکەرایەتی بۆ بێگانە رەد دەکاتەوە.

هەر وەها لە زمان ئەو ژنە جاشەوە دەنووسێ کە "ئێمەش ڕومان نایەت بچینە پرسە و سەرخۆشی خەڵکی ناسیاو، چوونکە بە چاوی سوک سەیرمان دەکەن و وەدک ژنە جاش قسە و قسەلۆکمان پێ دەڵێن".

لەو جێگەیشدا کە لە زمان ژنی ئەمیرەوە دەڵێ" ئەوکات کە سەعید لە زیندانی دێموکراتدا بوو، حیزب مەئمەرێکی (کەسێکی تەشکیلاتی) ناردبوو بۆ ماڵمان تا بزانن ئاخۆ شێوەی ژیانمان چۆنە؟ ئایا ئیتلاعات پوڵمان دەداتێ یا نا! یا دەڵێ دێموکرات ژنێکی فێر کردبوو هاتوچۆمان بکات، ئەو ژنە دەیهەویست من لە مێردەکەم دڵسارد و نا ئومێد بکات تا مێرد بە کەسێکی دیکە بکەم کە ئەوان دەیانهەویست. یا لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ، دێموکرات ژنێکی مەئمور کردبوو تا هاتوچۆمان بکات و زانیاریمان لێ وەر بگرێت. ئەو ژنە زانیاریەکانی لە ڕێگەی براکەیەوە کە دێموکرات بوو دەیگەیاندە حیزب". ئەوە ئاخۆ ئەو قسانە چەندەڕاست یا درۆن، بۆ ئەو ژنە دەگەڕێتەوە، بەڵام خودی ئەو باسانە نیشانەی هەبوونی تەشکیلاتێکی بە هێز و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتن لە نێو خەڵکی کوردستاندا.

لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لەم کتێبەدا ئەم پەندە کوردیە زۆر جوان خۆی دەر دەخات کە دەڵێ: هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرستی، ئاخریەکەی دێنی نوشستی. چوونکە سەرەڕای ئەو هەموو خۆش خزمەتیە کە ئەمیری جاش بە ڕێژیمی دەکات و دوو ساڵ زیندانی بوون لای کۆمەڵە و چوار ساڵ حەپسی لای دێموکراتی بۆ تەحمول دەکات، کەچی دیسانیش دوای بەرەڵلا بوونی لە زیندان، هیچ باوەڕێکی پێ ناکەن و وەک جاشێکی بێ کەڵک ڕێشمەی لێ دادماڵن و تەنانەت ئیجازەی هاتو چۆی ئیداراتی دەوڵەتییشی لێ مەنع دەکەن. بەڵام وا دیارەناوبار فێرببوو هەر بە سەرشۆڕی و چاو لەدستیی بێگانە بژیت، بۆیە دوای ئەو ڕێشمە لێ داماڵینەش واز ناهێنێ و دەیهەوێ نۆکەرایەتی خۆی بۆ دوژمن بسەلمێنێتەوە، هەر بۆیە بێ ئەوەی لە گەڵ سوپاسی پاسداران یا ئیتلاعات هەماهەنگی بکات، بە هاوکاری چەند کەسی دیکەی خۆفرۆش، لە شاری قەڵادزی مقڕی حیزبی دێموکرات بەر ئارپیجی دەدەن.

دوای ئەم کارە تیرۆریستیەش، چوونکە تاریخی مەسرەفی بەسەر دەچێت و بێ کەڵک دەبێت، هەم لە سوپای پاسداران و هەم لە ئیتلاعات پاش دەرکی دەکەن و لە گۆشەیەکی دیکەدا کارێکی پێ دەسپێرن تا سەرئەنجام دوای دەیان ساڵ نۆکەرایەتی بۆ ڕێژیم، هەر بە بەرگی جاشیەتیەوە داستانی تەمەنێک خۆفرۆشی و خەیانەتی کۆتایی هات. لەم کتێبەدا کۆمەڵێک خاڵ و بابەتی دیکە هەن کە بۆ ناسینی تاکتیکەکانی دوژمن و چۆنیەتی هەڵسوکەوتمان لە گەڵ کەسانی سەر بە ڕێژیم، جێگەی سەرنجن.

- کریسکان ئەو شوێنەیە کە ماوەیەک زیندانی حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێرانی لێ بوو.

- لازمە ئەدبیاتی دوژمن وەخوێنین، چاو لە بەرهەمە "هونەریەکانیان" بکەین، فیلم و دڕاماکانیان ببینین تا بزانین ئەوان چۆن لە سەر ئێمە کار دەکەن. تا نەزانین چۆنمان کار لە سەر دەکەن، ناتوانین وەک خۆیان بەرپەرچیان بدەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جانێویری ٢٠٢٥

## پەلەقاژەی مەرگ!

بە سەرنج دان بەوە کە ئێستا ڕەوتی ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێڕەوی خۆیان گرتوە و لای کەسانی ورد بین و دوور بین تەنانەت ئاکامەکانیشی قابیلی پێشبینین، رەنگە زۆر سەرنج ڕاکێش نەبێت کە لەم بوارەدا بکەوینە لێکدانەوە و شەن کەو کردنی بارودۆخەکە. چوونکە بە تایبەت لای من ئەم وەزعە پێشبینی کراو بوو. من ساڵی ٢٠١٧ ئەو کات کە کەرکووک داگیر کرابۆوە و نائومێدی باڵی بەسەر کەش و هەوای کوردستاندا کێشا بوو، لە سیمینارێکدا لە ژێر سەردێڕی "ستراتتیژی زلهێزەکان و دوورنمای بزووتنەوەی کورد" باسی ئەم ڕووداوانەم کرد کە ئێستا ڕوو دەدەن. لەوێدا باسی ئەوەم کرد کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل ڕێک دەکەون و لە داهاتوویەکی نە زۆردووردا لق و پۆپی بەرەی "مقاومت" هەڵدەپاچن و سەرئەنجام نۆرە دەگاتە کۆماری ئیسلامیش.

ئێستا هەر وەک لای هەموان ڕوونە، لق و پۆپەکانی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین، لوبنان، سوریە، عێراق و یەمەن وەک پولی دۆمینە یەک بە دووی یەکدا دەکەون و بەرەو ئەوە دەچێت کە نەک هەر پرۆژەی هیلالی شێعە، بەڵکو بەرەی بە ناو خۆڕاگرییش، بەرەو پوکانەوەی یەکجاری دەچن و دەبنە خۆرکە بۆ سەری دامەزرێنەرەکەشیان کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئەو شکستە یەک لە دوای یەکانە کە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران بەسەر کۆماری ئیسلامیدا داسەپاون و ڕێژیمیان لە تەنگنا هاویشتووە، بە شێوەی گشتی بوونەتە هۆی دڵگەرمی زیاتر بۆ گەلانی ئێران کە دەمێکە نێوەرۆکی دژەگەل بوونی ئەم ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتووە و شۆڕشێکی شێلگرانەشیان بە ناوی ژن ژیان ئازادی، لە دژی وەڕی خستوە. ئەو شۆڕشە ئەگەر چی لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆیدا توشی کۆسپ و لەمپەر بووە بەڵام نەوەستاوە و لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە. نمونەی هەرە بەرچاوی ئەو بەردەوامیە، نارەزایەتیە مەدەنیەکانی گەلانی ئێران و خۆپێشاندانی بەردەوامی کارمەندانی خانەنشینی ئیداراتی دەوڵەتیە کە لە چەندین مانگی ڕابردوودا لە چەندین شاری گەورەو بچووکی ئێراندا بەردەوامی هەبووە.

خۆپێشاندانی ئەو توێژەی کۆمەڵگا دەبێ بە گرینگیەوە سەیری بکرێت. چوونکە ئەوان جگە لەوەی وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگا پێیان خۆشە سەربەست و ئازاد بن و لە بنەماکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بەهەرەمەند بن، ئەوان شەری ژیان دەکەن، داوای ئەو بڕە پارەیە دەکەن کە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان بێ ئەملاو ئەولا پێویستیان پێی هەیە. ئەوان لە کاتێکدا ناچارن بۆ داوای بژیوی ژیان بێنە سەرشەقام کە دەزانن دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بە ملیارد دۆلاریان لە پرۆژی هیلالی شیعە و "بەرەی مقاومە"دا کردە تۆزی بانان. ئەوان ئاگاداری ئەوە هەن کە تەنانەت دوای ئەو هەموو شکستە

یەک لە دوای یەکانە، ئێستاش ڕێبەری ئەو نیزامە گرەو لە سەر لاشی ئەسپی تۆپیو دەکات و بە تەمای زیندوو کردنەوەی حیزبوڵڵای لوبنان، دیسان لە ساکی دیپلۆمات تیرۆریستەکانیدا، بەستە دۆلاران بۆ لوبنان دەنێرێ و ڕیسوایی تووشی خۆی دەکات.

جگە لە توێژی خانەنشین، هەر وەک پێشبینی دەکرا ئێستا توێژێکی دیکەی هەرە گرینگی کۆمەڵگا لە نێو خۆیدا خەریکی کەف و کوڵ و هەڵچوونە و هەربینا بە یەکجاری بە ڕووی دەستەڵاتداراندا تەقیەوە. ئەم توێژە گرینگەی کۆمەڵگاش کە هەروەک خانەنەشینەکان شەری ژیان و مان و نەمان دەکەن، توێژی بازاری و کەسەبەی شارەکان بە تایبەت شارە گەورەکانن. کە بە خۆشیەوە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا سەرەتاکانی ئەو ناڕەزایەتیانە لە شاری تاران خۆی دەرخست و بە داخستنی بەشیکی بەرچاو لە دوکان و بازاڕەکان ترسێکی گەورەیان خستە دڵی دەستەڵاتدارانی ڕێژیم.

ئەگەر چی ئەو ناڕەزایەتیە جارێ دامرکاوەتەوە، بەڵام بێ گومان لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوتر و بەربڵاوتر لە شارەگەورەکانڕا دەست پێدەکاتەوە و سەرجەم شار و شاروچکەکانیش دەگرێتەوە. چوونکە ئەو نیزامە بێجگە لەوەی کە لە کەلان ڕەوایەتی خۆیدا، هەم لە سەتحی نێو نەتەوەی و هەم لە نێو خۆی ئێراندا تووشی شکستی گەورە بووە، لە ئاست چارەسەرکردنی بچووکترین کیشەکانی کۆمەڵگاشدا عاجز و داماوە. ئاخر گەلانی ئێران دەبینن کە لە کاتێکدا نیزام بە ملیۆن دۆلار ڕەوانەی لوبنان و یەمەن دەکات، خەیابانەکانی تارانی پایتەخت بێ بەرقن، ئەوان دەزانن لە کاتێکدا ڕێژیم بە ملیارد دۆلاری لە سوریە کردە بلقی سەر ئاو، سەرۆک کۆمارەکەی نیزام دەڵێ ئەگەر لە بەر بێ بەرقی و نەبوونی نەوت و گاز نەتانتوانیماڵەکانتان گەرم دابێنن، وەک من لیباسی گەرم دەبەر بکەن. ئەوان دەبینن کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گرانی و نەبوونی باڵ بە سەر وڵات دەکێشێ و دراوی ئێران (تمەن) تا ڕادەی کاغەزێکی بێ بەها نرخی دابەزیوە، ئەوان دەبینن کە ئەوە خەڵک ناچار دەبێ بۆ دابین کردنی ڕۆنی ڕۆژانەیان دەبێ بچنە نێو سەفی دوور و درێژەوە، کەوابوو دەزانن جگە لە هاتنە سەرشەقام و بە گژداچوونەوەی ئەو نیزامە هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەم نەماوە.

بۆ خۆ دەرباز کردن لە ئاکامی ئەو هەموو شکست و بێ ئیعتبار بوونە، ڕیژیمیش هەوڵی خۆی دەدات و ئاخرین پەلەقاژەی خۆی دەکات. ئەوان لە سەردەمای گەرم و گووڕ بوونی شۆڕشی ژینادا ناوەند گەراکانیان لەوە دەترساند کە ئەگەر ڕێژیم بروخێ، ئێران تەجزیە دەبێ، ئێران دەبێتە سوریە و شەڕی نێوخۆ دەست پێ دەکات، کوردستان و بلوچستان و... جودا دەبنەوە و... جگە لەوە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندانەکان لە هێزە نیابەتیاکانی وەک حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی کەڵکیان وەر دەگرت، بەڵام ئێستا هەم مەیدانی ئەو درۆ و دەلەسانەیان لێ بەرتەسک بۆتەوە، هەم حیزبوڵڵا و ئەوانیتریش وەها تەفروتونا بوون کە نەتوانن بە دادی ڕێژیمەوە بێن.

ئێستا لە ئێراندا دوو بەرەی دژ بە یەک هەن و بەرەو شەری یەکلاکەرەوە دەچن. بەرەیەک گەلانی ئێران و خەڵکی وەزاڵە هاتوون کە دەیان هەوێ لە دەست ئەم نیزامە خەلاسییان بێت و نیزامێکی دێموکڕاتیک دابمەزرێنن کە مافی هەموانی تێدا پارێزراو بێ، بەرەکەی دیکەش سەران و بەکرێ گیراوانی ئەو نیزامەن کە بە چنگ و نینوک بە دەستەڵاتەوە نووساون و تا ئەو کاتە کە شەپۆلی بێ ئەمانی گەلانی ئێران ڕایاندەماڵێ و چارەنووسیان دەکاتە چارەنووسی محەممەد رەزا شا، سەددام، قەزافی، یا بەشار ئەسەد، درێژە بە کوشت و کوشتار و سەرکوت دەدەن و پەلەقاژەی مەرگ دەکەن.

**ئاسۆ ڕوونە، بەهاری ئازادی و ڕزگاری نزیکە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠٢٥**

---



سەرچاوە
Serchawe

## پێشەکی بۆ کتێبی" شادمانترین پیاوی سەر زەوی"

نووسینی بەسەرهات و بیرەوەری، لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی ئەستاندوە. بەشێکی زۆر لەم بەسەرهات و بیرەوەرییانە بە چەشنێک ورد و دەقیق دادەڕێژرێن و دەکرێن بە کتێب، کە هەم زۆر بە قوڵی کار لە ناخی خوێنەر دەکەن، هەم دەکرێ ببن بە سەرچاوە بۆ کەسانی لێکۆڵەرەوە و مێژوو نووس. کاتێک لە کتێبخانەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا بەدوای ئەم جۆرە پەڕتوکانەدا دەگەڕێی، بێ گومان بە هەزاران جۆر بیرەوەری و بەسەرهاتت دێنە بەرچاو کە هەر کامەیان باس لە لایەنێکی ژیان و، باس لە کەسایەتییەک لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەکات. بەڵام زۆر سروشتییە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کوردێکی خاوەن بیر و هزری نیشتیمانی، بە پاشخانی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی و تەحەممول کردنی تاڵی و سوێرییەکی یەکجار زۆر لەو ڕێگەیەدا، لە کتێیخانەکانی وڵاتانی جیهاندا زۆرتر ئەم پەڕتوک و بیرەوەرییانە سەرنجی ڕادەکیشن کە ئازار و خەمەکان، بە سەرهات و نەهامەتیەکان و بە گشتی کۆی بەسەرهاتی نێو کتێبەکە، هەم لەگەڵ خەم و ئازارەکانی خۆی لێک نزیک بێ و هەم لە گۆڕەپانێکی بەربەرینتردا، وڵات و نەتەوەی خۆی لە نێو بەسەرهاتەکاندا ببینێتەوە. یەکێک لەو کەسە بە مشوور و کونجکۆڵانە کە سەرەڕای دەربەدەری و هەزاران کیلۆمیتردوور بوون لە زێد و نیشتیمانی خۆی، دڵی هەر بۆ نەتەوەکەی خۆی لێدەدا و لە هەر شوێنێک بێت دەی هەوێ بە گوێرەی توانا و ئیمکانی خۆی، خزمەتی گەلەکەی بکات، کاک عەلی شەخسی-یە.

کاک عەلی شەخسی و من، ئەگەر چی ئێستا قەدەر هەر کام لە ئێمەی بۆ گۆشەیەکی ئەم جیهانە هەڵداوە، بەڵام سەردەمایەک و لە "ڕۆژە سەختەکانی " خەباتدا، وەک دوو هاوڕێ بە یەکەوە، چەک لە شان و قەڵەم بە دەست، وەک کادری سیاسی لە کۆمیتە ناوچەی باژار، لە مەنتیقەی سەردەشت، خەریکی تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەکەمان بووین. بەڵام ئێستا ناوبراو لە وڵاتی ئوسترالیایە و منیش لە نۆڕوێژم. لە بواری جوگرافیاییەوە هێندە لێک دوورین بە چەشنێک کە نەک هەر کاتەکانی شەو و ڕۆژمان یەک نین، تەنانەت وەرزەکانی ساڵێشمان لێک دوورن و شەش مانگ جیاوازی وەرزییمان هەیە. لەگەڵ ئەم جیاوازیانەش، بە خۆشیەوە لە سایەی تێکنۆلۆژیای سەردەمەوە، بە بەردەوامی ئاگامان لێکتری هەیە و پێوەندیمان بەردەوامە.

ماوەیەک لەوە پێش زەنگی بۆ لێدام، دوای ئەحواڵپرسی، وتی دەستم بۆ کارێکی سەخت بردووە. یەکەم جاریشمە کە خۆم لە قەرەی کارێکی ئاوا گرینگ دەدەم. وتی بەسەرهاتێکم خوێندوە و زۆر سەرنجی ڕاکێشام و پێم حەیف بوو کە خوێنەری کورد لە خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە بێ بەش بێت، بۆیە لە ئینگلیزی ڕا کردومەتە کوردی. وتی داوات لێ دەکەم یارمەتیم بدە

و پێشەکییەکم بۆ بنووسە.

پێشتر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، زۆر بابەتی جوانی کاک عەلی-م دیتبوون. لە جوان نووسین و ڕەوان نووسیەکەی دڵنیا بووم. بەڵام ئەوەش دەزانم کە وەرگێڕان لە زمانێکی دیکەوە کە هەم شێوەی بیرکردنەوەکەی جوودایە و هەم لە بواری ڕێزمانەوە لە گەڵ ڕێنووسی زمانی کوردی جیاوازی بەرچاوی هەیە، کارێکی سەختەو و دیقەت و سەرنجی تایبەتی دەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم پێ خۆش بوو کە کاک عەلی هەر وەک سەردەمای پێشمەرگایەتی، نەترسانە دەستی داوەتە قەڵەم و دەی هەوێ بە وەرگێڕانی کتێبی بەسەرهات و بیرەوەری، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بکات. جا بە تایبەتیش کە ئەم بە سەرهات و بیرەوەریە هی کەسێک بوو کە لە هۆلاکۆست نەجاتی ببوو. ئەو هۆلاکۆستەی کە زۆربەمان کەم تا زۆر شتمان لە سەر بیستووە. ئەم هۆلاکۆستەی کە تا ئێستاش سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران حاشا لە ڕوودانی دەکەن.

هەر کە باسەکەم بیست وتم بە سەر چاو، بۆم بنێرە، چیم لە دەست بێت لە خزمەت دام. وەرگێڕدراوی کتێبەکەی بۆ ناردم. هەر چەند لەو سەردەمدا بە هۆی عەمەلیاتێک کە بۆ شانم کرابوو، بواری تەندروستیم زۆر باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستم کرد بە خوێندنەوە و پێدا هاتنەوەی نووسراوەکە. هەر لە سەرەتاوە هێزێکی ڕاکێشەر، منی لەگەڵ خۆی برد و دێڕ بە دێڕ و پاراگراف لە گەڵ پاڕاگراف و لاپەڕە بە لاپەڕە کە دەچوومە پێشتر، دەمدیت کە زیاتر دەچمە نێو قوڵایی ئەو تراژیدیایەی کە لە سەردەمای هۆلاکۆستدا بە سەر جولەکەکان هاتووە. لێتان نایشارمەوە لە زۆر شوێندا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە چاوم هاتوونەتە خوار. فرمێسک بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە خەڵکێک بێ سوچ و بێ تاوان، لە لایان گرووپێک لە خەڵکێکی دیکەوە، بێ هیچ هۆکارێکی لۆژیکی، ئاوا دڕندانە قەتل و عام کراون. فرمێسکی غەم و خەفەت لە ئاست دڕندەیی کەسانێک کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ژن و منداڵ و گەنج و پیر و ورد و درشت دەکەنە قوربانی. فرمێسک بۆ ئەو تراژیدیایانەی کە لە نێو دڵی ئوروپا دا ڕوویان داوە و ئێستاش بە شێوەیەکی دیکە و بە بیانوویەکی دیکە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا روو دەدەن و گەلی بەش مەینەتی ئێمەش چارەنووسێکی لەم چەشنەی هەیە.

ئەم بەسەرهاتە کە کاک عەلی شەخسی زۆر جوان و دەقیق چۆتە قوڵایی ناخی نووسەر و بە هەمان هەست و سۆزەوە کە نووسەر نووسیویەتی، ئەویش کردوویەتی کوردی، هی کەسێکە بە ناوی "ئێدی جاکوو". ناوبراو لە وڵاتی ئاڵمان لە دایک بووە و تا بەر لە هۆلاکۆست نەک هەر خۆی بە ئاڵمانی زانیوە، بەڵکو شانازیشی بە ئاڵمانیی بوونی خۆی کردوە. بەڵام دواتر کە نازیەکان پەیدا دەبن و دواتریش دەستەڵات دەگرنە دەست، بارودۆخەکە تەواو دەگۆڕدرێت و تراژیدیای هۆلاکۆست دەست پێ دەکات و دەبێتە "ڕاوە جوولەکە. کارەساتی هۆلاکۆست کە تێیدا زیاتر لە شەش ملیۆن مرۆڤ بە تاوانی جوولکە بوون بوونە قوربانی و زۆربەیان لە کورە مرۆڤ سووتێنەرەکانی ئاڵمانیە نازیەکاندا سوتێندران، تا ئێستاش وەک پەڵەیەکی ڕەش بە نێو چاوانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە ماوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

"ئێدی جاکوو "نووسەری ئەم بەسەرهاتە، بۆ خۆی یەکێک لەودەگمەن کەسانەیە کە بە هەزار دەردی سەری، لە هۆلاکۆست نەجاتی ببوو و لە گەڵ بنەماڵە و نەوەکانی، هەر وەک کاک عەلی شەخسی خۆمان، لە وڵاتی ئوسترالیا گریسابۆوە، تا سەرئەنجام ساڵی ٢٠٢١ لە تەمەی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی و، نووسین و بڵاو کردنەویان، هەوڵی دەدا کە بۆ بەرگری لە دووبارە بوونەوەی ئەو تراژیدیایە، بەسەرهاتەکانی ئەودەم، بۆ ویژدانی زیندووی مرۆڤی ئەم سەردەمە باس بکات.

کاتێک کە ئەم پەرتووکەم خوێندەوە، لە زۆر شوێندا وام دەزانی کە بەسەرهاتی پڕ لە نەهامەتیی مرۆڤێکی کورد دەخوێنمەوە. دڵنیام کاک عەلی شەخسی-ش هەروای دیتووە، بۆیە بۆتە جێگەی سەرنجی و دەستی بە وەرگێڕانی کردوە. "ئێدی جاکوو" باس لە دوو هۆیەت بوونیی خۆی دەکات. ئەو هەم ئاڵمانی بووە هەم جوولەکە. کەچی لە ئاڵمان بە هۆی جوولکە بوون دەست گیر دەکرێت، دەربەدەر دەکرێت، دەخرێتە ئۆردوگای بێگاری و تەنانەت بەرەو کورەی مەرگیش دەنێردرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، لە کاتی ڕاکردنی بۆ وڵاتانی دەوروبەر، وەک ئاڵمانیەک کە بە قاچاغ چۆتە وڵاتی دیکە دەستگیری دەکەن و ڕەوانەی ئاڵمانی دەکەنەوە. ئەمەش ئەو تراژیدیایەیە کە هەزاران مرۆڤی کورد بە سەریان هاتووە. کوردیش لە تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە بە تاوانی کورد بوون دەگیردرێ، دوکوژرێ، ئیعدام دەکرێ، لە کاتی ڕاکردن لەو وڵاتانەش، هەر بە پێناسەی ئەوانەوە ناچارە خۆی بناسێنێ و...

لە بەشێکی دیکەدا "ئێدی جاکوو" بۆمان باسی ئەوە دەکات کە لە ئاڵمانیا بۆ درێژەدان بە خوێندن ناچار بووە ناوی خۆی (ناوی خۆی وەک جولەکەیەک) بگۆڕێت بۆ ناوێکی ئاڵمانی تا وەک جوولەکە نە ناسرێت و بتوانێ درێژە بە خوێندن بدات. لێرەشدا دەردی "ئێدی جاکوو" و زۆر تاکی کورد هاوبەشە. لە کوردستانیش بە هەزاران کەس هەن کە دوو ناویان هەن. ناوێکی کوردی و ناوێکی ئیدرای و دەوڵەتی. بە هەزاران کوڕ و کچی کورد هەن کە بنەماڵەکانیان ناوێکی خۆشی کوردییان بۆ داناون، بەڵام چوونکە لە لای ئەو دەوڵەتانە کە کوردستانیان داگیر کردوە، ناوە کوردیەکان ئیزن پێدراو نین، بە ناچاری ناوێکی دیکەشیان بەسەردا بڕاوە.

"ئێدی جاکوو" بۆ خۆی کەسێکی خوێندەوار و ئاکادێمیک بووە، هەر ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ بەردەوام مانەوە لە ژیاندا. بەڵام جێگەی سەرنجە کە شانبەشانی ئەو زانست و "تێکۆنۆلۆژیایەی" کە ئەو لە کاتی خوێندندا فێری بووە و دواتر لە ڕەوتی ژیانە سەختەکەیدا فریای کەوتووە، ئامۆژگاری و نەسیحەتەکانی باوکی "ئێدی" جێگەی لێ ورد بوونەوە و لێ فێر بوونن کە بێ گومان بەرهەمی تەمەنێک ئەزموون و تاقی کارین. "ئێدی" زۆر جوان ئەو دوو بەشەی تێکهەڵکێشێ یەک کردوون و وەک دوانەیەک بۆ هۆکاری مانەوە لە ژیاندا ئاماژەیان پێ دەکات. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە لێرەشدا کەسایەتی ئێدی وکاک عەلی زۆر لێک دەچن. ئەگەرچی کاک عەلی لە سەردەمی لاویەتیدا بە هۆی بارودۆخی ئەو

سەردەم و تێکەڵ بوونی لەگەڵ شۆڕشی ڕزگاریخوازنەی گەلەکەمان، دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە درێژە بە خوێندن بدات و ببێتە کەسێکی ئاکادێمیک، بەڵام ئەو کوڕی پیاوێک بوو کە هەر وەک باوکی "ئێدی"، خاوەن ئەزموون و کەرامەتی بەرزی ئینسانیی بوو. باوکی کاک عەلی بۆ خۆشی یەکێک لە ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری نەتەوەکەمان بوو. ماوەیەکی زۆر بە خۆیی و بە سێ چوار کوڕەوە پێشمەرگەی حیزب و گەل بوو. ئێستاش لە زۆر مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەواندا، کاک عەلی نموونە بە ئامۆژگاریەکانی باوکی دێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە "ئێدی جاکوو" بە هۆی جوولەکە بوونیەوە دەربەدەر بووە لە ئوسترالیا جێگر بووە، کاک عەلی شەخسی-ش بە هۆی کورد بوونیەوە هەمان چارەنووسی هەبووە. جگە لەوەش هەر وەک چۆن "ئێدی" دوای ئەو هەموو نەهامەتی و مەرگەساتەی بەسەری هاتووە، خۆی وەک شادمانترین پیاوی سەر گۆی زەوی پێناسە دەکات، کاک عەلی شەخسی-ش نایهەوێ کە خەمی ڕۆژگار لە پێی بخات و بەردەوام هەوڵ دەدات کە زیاتر پێ بگات و زیاتر شوێنی ئەرێنی لە سەر دەور و بەری دابنێت و هەوڵ دەدات تا خۆی و دەوروبەری خۆشتر و شادتر بژین.

کاک عەلی بە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ سەر زمانی کوردی، مەبەستیەتی کە هەم لە زمان کەسێکەوە کە بۆ خۆی هۆلاکۆستی دیتوە، لەگەڵ هۆلاکۆست و تراژێدیای ژیانی جوولەکەکانی ئوروپا ئاشنامان بکات، هەم پێمان دەڵێت کە ڕۆژە سەختەکان ئەبەدی نین و سەرئەنجام تێدەپەڕن. بۆیە دەبێ خۆڕاگر بین و "لە تاریکترین سەردەمەکانیشاد دەکرێ بە دوای ژیانی بەختەوەرانەدا بەگەڕێین."

لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا، وێڕای دەست خۆشی گووتن بە کاک عەلی شەخسی، هیوای کاری زۆرتر و بەردەوامیی بۆ دەخوازم. هیواداریشم ئەم بەسەرهاتە کە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە، هۆ کارێک بێ بۆ ئەوانەی کە تا ئێستاش بە دەمار گرژیی ئایینییەوە لە جوولەکەکان دەڕوانن، بە خۆیاندا بێنەوە و دوور لە دەمار گرژی ئایینی، هەموومان وەک مرۆڤ یەکتر ببینین و ڕێز لە ڕوانگەکانی یەکتر بگرین.

ناکرێ بەر لە کۆتایی ئاماژە بەوەش نەکەم کە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەوە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە، هەر وەک نازیەکانی ئەوکاتی ئاڵمان، لە هەوڵی ئەوەدایە کە تۆوی ڕق و نەفرەت لە نێو خەڵکی وڵاتانی خۆر هەڵاتی ناوەڕاستدا لە دژی جوولەکەکانی ئیسرائیل بچێنی. ئەوەش ئێستا بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە.

١٨،٠٦،٢٠٢٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لەمپەرەکانی ئەوکات و دەرفەتەکانی ئێستا!

لە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەمهەوێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە کە کەمتر سەرنجی خراوەتە سەر، ئەم وتارە بنووسم. ئەم وتارە زۆرتر لایەنی شرۆڤەکردنی هەیە نەک گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان. بۆ ئەوەی باسەکەشم پوختتر بێ، نووسینەکەم بە دوو قۆناغ دابەش کردوە کە هیوادارم جێگەی سەرنجتان بێ.

### قۆناغی یەکەم، دەورانی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتی کوردستان و لەمپەرەکان

خاڵی بنچینەیی کە وەک لەمپەر لەو کاتدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین، بارودۆخی نێونەتەوەیی بوو. حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کە لە کۆتاییەکانی شەری دووهەمی جیهانیدا دامەزران و تا ئەوکات لە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو و تەنیا هێزێکی نێونەتەوەیی کە بۆ ماوەیەک پشتی گرتن، یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە ئەویش دواتر لە بەرامبەر نەوتی باکوری ئێراندا، پشتی تێ کردن و بەو شێوەیە حیزب و کۆمار بێ پشتیوانەی نێونەتەوەیی مانەوە. جگە لەوەش، پەیماننامەی سایکس پیکۆ کە لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەسترابوو، نەک هەر خاکی کوردستانی دابەش کردبوو، بەڵکوو هێز و توانایی خەڵکی کوردستانیشی دابەش کردبوو. بەشی زۆری شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد لە نێوان شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی، لە لایەن ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کرابوو، بە هاوکاری و پشتیوانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکانی وەک فەڕانسە و بریتانیا و ... سەرکوت کرابوون. ئەوەش ترس و نیگەرانیی زۆری لە سەرجەم کوردستاندا بڵاو کردبۆوە. هەر لە سەردەمای دامەزراندنی کۆماردا بوو کە حکوومەتی عێراق بە پشتیوانی زلهێزەکان، توانیان شۆڕشی باشووری کوردستان بە سەرکردایەتیی مەلامستەفا بارزانی تێک بشکێنن و ئەویش بە خۆی و بە هێزێکی زۆرەوە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و تێکەڵ بە هێزەکانی کۆماری کوردستان بوو. هاتنی بارزانیەکان ئەگەر لە لایەک وەک هێزێکی کارامە و بەئەزموون، مایەی دڵگەرمی بوون بۆ کۆماری کوردستان، لە لایەکیش نیشانەی تێکشکانی شۆڕشی کورد بوو لە پارچەیەکی دیکەی نیشتیمان.

ئەوکات نە لە باکوور و نە لە ڕۆژ ئاوای کوردستان، هیچ جموجۆڵ و بزوتنەوەیەکی دیار و بەرچاو نەبوو. کەوابوو بارودۆخی نێو نەتەوەیی و ناوچەیی، نەک لەگەڵ کورد کۆک و تەبا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانە لە دژیشمان بوو.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا جگە لە گەلی ئازەری، کە ئەوانیش حکوومەتێکی نەتەوەییان دامەزراندبوو، هیچ کام لە گەلانی دیکەی ئێران، نە بەلوچ و نە عەرەب و نە تورکمان، بەو شێوەیە داوای مافی نەتەوەییان نەکردوە. دەستەڵاتدارانی فارسیش هەر وەک ئێستا بە هەموو توانایانەوە لە دژی بزوتنەوە ناسیونالیستیەکان وەستاونەتەوە.

لە نێوخۆی کوردستانیشدا کۆمار لەگەڵ چەندین گرفتی نێوخۆیی ڕووبەڕوو بوو. کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتیەوە خاوەنی بافتێکی عەشیرەیی بوو، کۆمەڵانی خەڵک لە بێ سەوادیدا ڕاگیردرابوون، کۆمەڵگە هەژار و سوننەتی و بێدەرەتان بوو. بەشێکیشی هەر لە بندەستی هێزەکانی هاوپەیماناندا بوو. کۆمار دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا کە بەرەو سنە، کرماشان و ئیلام بڕوات. بۆیە مەیدانی کار و چالاکیەکانی چوارچێوەدار بوو.
هەروەها حیزبی دێموکرات تازە دامەزرابوو، هێشتا ساڵێک لە تەمەنی تێنەپەڕیبوو کە کۆماری دامەزراند. هەر بۆیە کۆماریش دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسابوو کە لە بواری دیپلۆماسیەوە هەنگاوی پێویست باوێژێ. تەنیا دەرووبەک کە هەیبوو، سۆڤیەت بوو، ئەویش گوشاری دەخستە سەر کۆماری کوردستان تا سەربەخۆ نەبێت و ببێتە بەشێک لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان.

لە کۆتایەکانیشدا سۆڤیەت (ڕوسیە) پشتی لە هەردوو حکومەتە میللیەکە کرد. ڕێبەرانی ئازەربایجان بەرەو سۆڤیەت ڕۆشتن. کۆمار بە تەنیا مایەوە، بەڵام پێشەوا قازی محمد بە فیدا کردنی گیانی خۆی، هەم خۆی جاویدانە کرد و هەم کۆماریشی کردە دەستکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی.

## قۆناغی دووهەم: بارودۆخی ئێستا و دەرفەتەکان

لەم وتارەدا دەرەتانی ئەوە نیە کە باسی سەرجەم ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە دوای کۆمار تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی ڕوویان داوە، تەنانەت دەرفەتی ئەوەش نیە کە باسی ئەو خەبات و بەربەرەکانیە بکەین کە زیاتر لە ٤٥ ساڵە لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەچێ و تێچوویەکی مرۆیی یەکجار زۆریشی هەبووە. بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و خەباتی خوێناوی دەیان ساڵەی حیزب و گەل لە پێناو ئامانجە نەتەوەیەکان، هەم حیزبی دێموکراتی پوختە و کارامەتر کردوە، هەم بزوتنەوەی کوردستانیشی زیاتر بە دونیا ناساندوە. ئێستا بەو پاشخانەوە حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار و لەهەمان کاتدا پڕ لە دەرفەت، تێدەپەڕێ.

دەرفەتەکان هەم لە بەستێنی نێونەتەوەیدا بەرچاون هەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان. جگە لەوەش بە خۆشییەوە ئەو

ڕێژیمە کە ئێمەش لە گەڵی ڕووبەڕووین، بە هۆی ڕابردووی پڕ لە جەنایەت و ئاژاوەگێریەکەی لە جیهان و ناوچە و نێوخۆی ئێراندا، لە هەموو لایەک ڕا کەوتۆتە بەر گوشارێکی کەمەر شکێن و وێناچی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرگەی ئەم گوشارانە بگرێت.

لە بەستێنی نێونەتەوەییدا، وەک دەرفەت دەبێ ئاماژە بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بکەین کە چەند ساڵێکە لە لایان زلهێزەکانەوە باسی لێوەدەکرێ. ئەم پرۆژەیە بێ ڕەبت نیە بە پەیمانی سایکس پیکۆوە. ئێستا زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر ئەو پەیمانەدا تێ دەپەڕی. لەو پەیمانەدا بە شێوەی ڕەسمی، حکوومەتی ئەمریکا هیچ ناوچەیەکی دیاریکراوی وەک ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی بۆ دیاری نەکرابوو. بەڵام ئێستا ئەمریکا گەورەترین زلهێزی جیهانە و ناتوانێ چاوپۆشی لەو سەرووەت و سامانە زۆرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. هەر بۆیە ئەوە چەند ساڵێکە هێزێکی زۆری هێناوەتە ناوچەکە و بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆی دایە.

لەم سەد ساڵەدا هەم ڕادەی حەشیمەت و هەم زۆر لە ڕیزبەندی و بەرژەوەندییەکان و تەنانەت شێوەی ئیدارەکردنی حکومەتەکانی ناوچەش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە. هەر بۆیە نەخشەی ئەم ناوچەیە بەرەوە داڕشتنەوە دەچێت. ئەوە چەند ساڵێکە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ژانی لە دایک بوونەوەیەکی نوێدایە. ئەوەی لەم پێوەندییەدا بە قازانجی کورد و بزووتنەوەکەی دەشکێتەوە ئەوەیە کە بەخۆشییەوە، بە پێچەوانەی سەردەمای کۆمار، زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە سێیان خاوەنی مافی ڤیتۆ لە شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەک گرتوەکانن، نەک هەر لە ناکۆکییەکی قوڵدان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەگەڵ دەستەڵادارانی ئەو سێ دەوڵەتی دیکەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ناتەبان.

**لێرەدایە کە دەبێ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە لێزانیەوە لە مەیداندا بن و دەرفەتەکان لە دەست نەدەن.**

خاڵێکی دیکەی گرینگ کە بۆ ئێستای بزووتنەوەی کورد دەرفەتە، بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی و پەرەگرتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردە لە هەموو "پارچەکانی" کوردستان. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بەرەو لوتکە چوونەی بیری ناسیونالیستی خەڵکی کوردستان، لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا خۆی نواند. لە گەڵ ئەوەیدا کە ئەم ڕیفراندۆمە لە باشووری کوردستان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە. هەر ئەوە کە لە کاتی ڕیفراندۆمدا سەرجەم شارو گوندەکانی "ڕۆژهەڵات" هاتنە سەر شەقامەکان و شاییان کرد و خۆشحاڵییان دەربڕی، خۆی لە خۆیدا ئەوەش ڕیفراندۆمی سەربخۆیی خوازی بوو. ئەو ڕیفراندۆمە بە گوێی دونیایدا چرپاند کە کورد چیتر ژێر دەستەیی قبوڵ ناکات و هەر لایەنێک بێ هەوێت لەم ناوچەیەدا جێ پێیەکی هەبێت دەبێ حیساب بۆ خاک و خەڵکی کوردستان بکات.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جگە لەو خەباتە پڕ تێچووەی کە بۆتە پشتیوانەیەکی بەهێز بۆ بزووتنەوەکەمان، شۆڕشی ژیناش بۆتە بەستێن و دەرفەتێکی یەکلایی کەرەوە. ئەو شۆڕشە لە کوردستان ڕا سەری هەڵدا و هەموو ئێرانی گرتەوە. ئەگەرچی ئەو کات لەژێر شوێندانەری تەبلیغاتی شۆڤێنیزمی دەستەڵاتداردا قشری خۆڵەمێشی لە شارە گەورەکان لەگەڵ شۆڕشەکە نەکەوتن، بەڵام ئەو گوشارە ئابوورییە کە ئێستا شارە گەورەکانیشی گرتۆتەوە و ئەو شکستە یەک لە دوای یەکانی کە ڕێژیم لە ناوچەکەدا تووشی دێت، وێناچی چیتر درۆ و دەلەسەکانیان ڕمێنی هەبێ و سەرئەنجام سەرجەم چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە دژی ئەو نیزامە ڕادەپەڕن و ڕای دەماڵن.

کاتێک باسی دەرفەت دەکەین، ناکرێ لە ڕێژەی حەشیمەتیش خافڵ بین. لە سەردەمای سایکس پیکۆدا کورد بە شیوەی گشتی هەر چەند میلیۆنێک دەبوو کە ئەویش بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کرابوو. بەڵام ئێستا حەشیمەتی کورد لە سەرووی چل میلیۆن دەبێ. ئەگەر کورد کۆدەنگی هەبێت و حیزب و ڕێکخراوەکانی هاوپەیمان بن، هیچ هێز و دەستەڵات و ناوەندێکی نێو نەتەوەیی ناتوانی نادیدەی بگرێت بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە هێزی کورد و پێشمەرگەی کوردستان لە شەری دژ بە داعشدا، نێو و نێوبانگی بە جیهاندا بڵاو بۆوە.

ئەوە دەرفەتێکی گەوریە کە زیاتر لە دوو دەیەیە، وڵاتانی غەربی بە کردار پشتی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیان گرتووە. ڕەنگە ئەو پشت گرتنە لە قەدەر چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان نەبێت، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە هێزە ناوچەیەکانیش ڕۆڵ و نەقشیان هەیە و هەموو شتێک بابەتی تەبعی زلهێزەکانیش ناچێتە پێش. بەڵام ئەوەی گرینگە بەردەوام بوونی ئەو پشتیوانیە.

بێ جێمان نەگووتوە کە بڵێین ئەو دوو قەوارە سیاسییە ئیدارییەی لە باشوور و لە ڕۆژ ئاوا هەمانە، لە سایەی ئەو پشتیوانیە نێونەتەوەییەدایە. هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم، بوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەئەزموون و خاوەن پێگەی بەرینی تەشکیلاتی و جەماوەری لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندوە تا کۆمەڵانی خەڵکیش باشتر مافە نەتەوەیاکانی خۆیان بناسن و لە کاتە پێویست و چارەنووس سازەکاندا بە بەربڵاوی لە سەر خەت بن و بە مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری دەنگی ماف خوازانەی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانیان بکەن.

دواجار بە پێی هەموو لێکدانەوە و بۆچونێک، کۆماری ئیسلامیش لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەردی حکومەتی سەددام و بەشار ئەسەدی بەسەر دێت، هەر بۆیە لە ئێستاوە لازمە حیزب وریکخراوەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان، خۆیان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکەن و هەموو لایەکمان بە لێبڕاوی و بە ڕاشکاوی بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێبکۆشین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٥

## ناوە درووستەکەی کۆمار!

چوونکە زۆر جار لە لایان دۆستان و نەیارانەوە، ناوی کۆماری دێموکراتی کوردستان بە هەڵە بە کار دەبردرێ و ناوی وەک "کۆماری خودموختاری کوردستان"، "کۆماری مەهاباد" و "جمهوری خودخوانده مهاباد"ی بۆ بەکار دێنن، حەز دەکەم لەم بوارەدا ڕوانگەی خۆم بخەمە روو.

ئەوانەی کە ناوی کۆماری خودموختار بەکار دێنن، ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبێ، لانی کەم دەکرێ بڵێین کە وەک پێویست لە دەستەواژە و چەمکە سیاسی و سیستمەکانی ئیدارە کردنی وەلات حاڵی نین. چوونکە هەموومان دەزانین کە لە پێش دامەزرانی "کۆمار" و سەردەمای کۆماریش، ئێران بە سیستمی پاشایی و سەڵتەنەتی، ئەویش لە شکڵی دیکتاتۆریدا، بەڕێوە دەبردرا. لێرەدا پرسیارێک ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە دەڵێن کۆمار خودموختار بووە! ئایا دەکرێ لە نێو دەستەڵاتێکی سەڵتەنەتی و ئیستبدادیدا، کۆمارێکی دێموکڕات و خودموختار هەبێ؟ ئایا لە بنچینەدا دەکرێ لە وڵاتێکدا دوو سیستمی پاشایەتی و کۆماری بە یەکەوە بوونیان هەبێ؟ جگە لەوەش ئێمە دەزانین کە خودموختاری یەکێک لە شکڵەکانی مافی دیاری کردنی چارەنووسە، بەڵام بۆ دابین کردنی ئەم شکڵە لە مافی دیاری کردنی چارەنووس، پێویستیمان بە تەوافووقی دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتی ناوچەی خودموختار هەیە. ئایا ئەو بەڕیزانە کە دەڵێن "کۆمار"خودموختار بووە، هیچ بەڵگە و سەنەدێکیان هەیە کە نیشان بدات، کۆماری کوردستان لە سەر شکڵی خودموختاری لەگەڵ حکومەتی شای ئێران یا هەر لایەنێکی دیکە، ڕێککەوتنی هەبووبێت؟ ئەمن بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا هیچ سەنەد و بەڵگەیەکی لەم چەشنەم نەدیتوون.

ئەوانەش کە بۆ کۆماری دێموکڕاتی کوردستان لە ناوی کۆماری مەهاباد کەڵک وەردەگرن، چەند دەستەن. دەستەیەکیان ئەوانەن کە بۆیە ئەو ناوە بەکار دێنن چوونکە مەهاباد پێتەختی کۆمار بووە. لە زۆر شوێنی دیکەش حکومەتەکان جار جار بە ناوی پێتەختەکەیان نێو دەبردرێن. دەستەیەکیش ئەو کەسانەن کە سەرچاوەی زانیاریەکانیان مێدیا و ناوەندەکانی زانیاری دەستەڵاتی تارانن و بێ ئەوەی قەستی خەراپیان هەبێ، چەمکەکانی ئەوان بەکار دەبەنەوە. بەڵام ئەو دەستەیە کە بە پێداگیریەوە هەوڵ دەدات ئەو ناوە جێگر بکات، دوژمنانی کۆمار و بەتایبەت شۆڤێنیزمی فارسە، بە دەستەڵاتدار و بێ دەستەڵاتەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەکەن تا بە قەولی خۆیان لە گەورەیی و ڕەسەنایەتی کۆمار کەم بکەنەوە و بە بیروڕای گشتی بڵێن کە ئەو کۆمارە هەر هی شاری مەهاباد بووە و بەس.

ئەو گروپەش کە لە جیاتی کۆماری دێموکڕاتی کوردستان، دەڵێن کۆماری بە ناو کوردستان(جمهوری خودخوانده)، ئەوانە بێ پەردە دژایەتی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەکەن و ناشی شارنەوە. ئەم جۆرە کەسانە هەم لە نێو دام و دەستگای ئێستای ڕێژیمدا زۆرن هەم لە نێو سەڵتەنەت تەڵەبەکانی دەرەوەی وڵاتیش.

نەیار و بێگانە و دوژمنان چ ناوێک بۆ کۆمار بەکار دەبەن، ئەوە خۆیان و ویژدانی خەوتووی خۆیان! بەڵام با هەر نەبێ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگەی پێشەوا و کۆمار، لە ئاخاوتن و نووسینەکانماندا ناوە دروستەکە بەکار ببەین کە "کۆماری دێموکڕاتی کوردستانە."

---

# دایەگیان مەگری بۆ ڕۆڵە

**ئەم کاتەتان باش**

چەند ئاستەمە کە مرۆڤ لە کۆڕیادی هاوڕێ و مامۆستاکەیدا بیهەوێ قسە بکات. ئەویش قسە کردن لە سەر کەسایەتیەک کە نزیکەی شەست ساڵ لە تەمەنی خۆی بە سەخاوەتەوە لە پێناو ڕزگاری کورد و کوردستاندا سەرف کرد و وەک سەر کردەیەکی قاڵ بووی نێو کورەی خەبات ڕۆڵ و نەقشی گێرابێ.

**کاک فەتاح کاویان** جگە لەوەی کە وەک ڕێبەرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، بە لێزانیەوە، لە زۆر قوناغی ئاستەمدا، لە لوتکەی ناوەندی بڕیاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا جێی گرتبوو، ئەو بۆ خۆی قوتابخانەیەکیش بوو بۆ هاورێ و هاوکارەکانی و هەموو ئەوانەی لێی نزیک بوون. کەم نین ئەوانەی لە نێو ڕیزەکانی حیزب، لە ژێر ڕێنوێنیەکانی ئەو مامۆستا لێزانەدا سامیان لە قەڵەم و نوسین شکا و فێری کوردی نووسینێکی ڕەوان و ڕەسەن بوون.

**ئەمن کە جار جار غیرەت وەبەر خۆم دەنێم و دەست دەدەمە پێنووسەکەم، یەکێک لەو سەدان قوتابیەی کاک فەتاح کاویانم.**

هەرچەند کاک فەتاح فێری دەکردین کە لە هیچ هەل و مەرجێکدا لە نووسین نەترسین و جڵەو بۆ ئەسپی سەرکێشی قەڵەم شل کەین و لێی گەڕێن با هێدی هێدی بە نێو مەیدانی پیت و وشە و ڕستە و پاراگرافاندا نەرمەغاران بکات، کەچی هەرچی کردم نەمتوانی لە بەرامبەر گەورەیی نووسەری حەوتەوانەدا، لە هەمبەر کێوێک لە وەفا و سەداقەت و پاکی و دلسۆزی و نەبەزیدا، دەست بدەمە قەڵەم و هەستی موخلیسانەم وەک ئەوەی کە دەمهەوێ، دەر ببرم. هەر بۆیە ئەم جارەش دەستەو داوێنی مامۆستاکەی خۆم بوومەوە.

**لە خەرمانی بێ ئەژماری ئەو بلیمەتە بەهرە وەر دەگرم و چەن کۆپلە لە پەخشانێکتان پێش کەش دەکەم کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە لایان کاک فەتاح ەوە نووسراوە.**

**دایە گیان مەگری بۆ ڕۆڵە**

دایە گیان!
تو خودا فرمێسک هەڵمەوەرێنە.
دایە گیان! ئاخر بۆچی خەمبار و لێو بە بار دانیشتووی؟

"خۆ" هەر ئێستا پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی قارەمان، کۆڵنەدرەکانی هێزی سەرگورد عەبباسی و هێزی نەحۆ، لە هەمو تەلان و بەندەن و خر و دۆڵەکانی سۆما، برادۆست، مەرگەوەر و گەلی بەردەرەش، لە داڵانپەر و چیای سپی، لە دەشتی ئەنزەل و گوندی زیندەشت، هەتا دەگاتە یاڵ و خر و شێوەکانی ئاراراتی دڵ بە جۆش خرۆش، دوژمنانی گەلەکەمان راو دەکەن و خاکی پاکی نیشتیمانەکەمان بە خوێنی گەشێ خۆیان دەرەنگێنن و سەر لەنوێ حەماسەی سمکۆی نەمر و برایم ئاغای مەزن دەخوڵقێننەوە، ئایا ئەانە هەموویان کوری تۆ نین؟!

بەڵی دایەگیان!

جگە لەوانەی نێومان بردن، هەر لە هەورامان و سەلاسی باوەجانیەوە بگرە تا هەوشار و خاکی جەلالیەکان، لە هەموو جێگایەک و لە هەر مەڵبەندێک کە پێشمەرگەیەک لە رێگەی وەدیهێنانی ئامانجی گەلەکەماندا شەر دەکا کوری تۆیە.

دایە گیان!
منیش کە ئەم نامەیەم بۆ نووسیوی پێشمەرگەی کوردستانم و کوری تۆم.
دایە گیان !

قەسەم بە بسکی لە خەمدا سپی بووت، قەسەم بەو شیرە پاکەی دات بە کوری تازە زاوات، قەسەم بە داوێنی خەمرەوینی هەموو دایکانی کوردستان، خوێنی کوری کوژراوت ون ناکەم.

دایە گیان!

سوێند بە هەموو خاکی کوردستانی خۆشەویست! سوێند بە نەوسوودی پاڵەوان! سوێند بە کامیارانی قارەمان! سوێند بە سنەی خوێناوی! سوێند بە مەریوان و پاوەی داگیر کراو! سوێند بە سەقز قەڵای ئازایەتی! بە دیواندەری کۆڵنەدەر! سوێند بە بانەی سەربەرز، بە سەردەشتی سەر سەوز! سوێندبە مەهابادی شەهید! بە پیرانشار، بە شنۆ، قەڵای سمکۆ! سوێند بە بۆکان، بووکی موکوریان! هەتا هەم خوێنی کوری تازە زاوات لە بیر ناکەم.

**دایە گیان !**
**تو خودا فرمێسک هەڵمەوەرێنە.**

**توخودا دایەگیان هەناسەی سار هەڵمەکێشە، قژت مەرنەوە، رومەتی جوانت لە شینی کوری کوژراوت بە خوێن سوور مەکە.**
**دایە گیان! دایکی دلسۆزی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان! بۆچی دەستەو ئەژنۆ دانیشتووی و لە خەمی مەرگی کوری جوانە مەرگت شین دەگێری؟**

**دایە گیان!**

**قەسەم بە ئاسمانی پاکی کوردستان! بە شەبەقی پرشنگداری بەربەیانی ئازادی! قسەم بە ئارەقەی نێو چاوانی جوتیاران، بە دەستی قەڵشیو و شەقاری کرێکاران! سوێند بە بلێسەی دڵی هەموو دایکانی کور کوژراو! قسەم بە فرمێسکی گشت منداڵانی دایک و باب لە دەست چوو، تا ئەو رۆژەی لە سەر دونیا دەژیم، قەت رێگای پیرۆزی کوری کوژراوت بەرنادەم. یان دەمرم یان تۆڵەی دەستێنمەوە.**

**دایەگیان! مەگری بۆ رۆڵە**
**ئەگەر نەمرم دەستێنم تۆڵە**

## لە کۆتایی دا منیش لە ناخی دڵەوە دەڵێم:

**هاورێ و مامۆستام!** سوێند بە هەموو ئەو سوێندانەی کە بە سەداقەتەوە بۆ دایکی شەهید خواردن و تا دوا هەناسە پێیان وەفادار بووی، سوێند بە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێ وچانت، سوێند بەو ژووره ساکارەی کە تا دوا هەناسەی ژیانت بە سەربەرزی لە قەڵای دێموکراتدا تێیدا ژیای، سوێند بەو دەستە کز و لاوازانەی ئەم دواییەت کە هەزاران وتار و شێعر و پەخشان و حەوتەوانەت پێ نووسین، سوێندم بە وەفای بێ سنووری قاسم سوڵتانی، سوێند بە هەموو سوێندێکی مەزن، تا هەم لە یادت ناکەم و رێگەی خەباتت بەر نادەم. یادت بە خێر و روحت ئارام و جایدانە بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک لە ژیان بەسەرهاتەکانی هاوڕێ هاشم ڕۆستەمی(قارەمانە زیندووکان)



**شۆڕش ئەسەدزادە**

**هەمووومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادر و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ کاک "هاشم ڕۆستەمی" و بە شانازییەوە" میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سینگی. هەتا وەکوو یاد و ڕێز و قەدردانییەک بێ، بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان. ئێستا با بزانین کاک هاشم چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە!**

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست تەنگ، لە گوندی "بێشاسپ" سەر بە شارستانی سەردەشت، چاوی بە دنیا هەڵێناوە، هێشتا هەر سێ چوار ساڵانە بوو کە ماڵیان دەگەڕێتەوە گوندی زۆران. خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری "سەردەشت". بەڵام لەبەر نەبوونی و دەست کورتی بابی مانگایەکی بارمتە کردووە بۆ خەرجی خوێندنی لە شار. دیارە هاشم لە منداڵییەوە لە گوندێکی وەکوو "زوران" لە ناوچەی "سەردەشت"ی پڕ لە جەنگەڵ و لێڕەوارو سەر سەوز و جوان و هەمیشە مەکۆی شۆڕشگێڕانی کورد بووە. هەستی نەتەوایەتیان بەهێز ترو، هەستیان کردووە چۆن دوژمن بە زمانێکی تر کە جودا لە زمانی خۆیانە دەدوێن و هەمیشە بۆیان غەریب بوون. بۆیە بە دۆستی خۆیان و بە باشیان نەزانیون. لەگەڵ بیستنی ناوی پێشمەرگە و قسە و باسی ناو خەڵک و ناو مزگەوتان و ناو ماڵان، هەموو ئەمانە سەرنجی نەوجەوانەکانیان ڕاکێشاوە.

کە پێشمەرگە دۆستە و هی خۆمانەو "عەجەمەکانیش" کە بە زمانێکی تر قسە دەکەن، دۆست نین و بێگانەن. ئەمانە هەموو لە مێشک و زەینی لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکاندا زیندوو بوون و یەکێک لەوانە "هاشم" بووە.

لە سەردەشت و لە قوتابخانە بۆ دابینکردنی خەرجی خوێندنی مەجبوور بوە، لە کاتی پشوودانی هاوین و داخرانی قوتابخانەکان، لەگەڵ خوشک و برا و هاوڕێکانی دەچووە کوێستانەکانی "قەندیل" و ناوچەکانی "پیرانشار" یا کوێستانەکانی ناوچەی "ورمێ" بۆ "کەتیرە" کردن. یان بۆ کورەخانەکانی نزیک هەمەدان و ئەردەبیێڵ بۆ خشت بڕین. هاشم یەکەم کاری سیاسی خۆی لە کورەخانەیەکی نزیک هەمەدان دەست پێکردووە. لە هەر شوێنێک بۆی هەڵکەوتبا، شوعاری حزبی دەنووسین. دیارە ئەوکات سەرەتای شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بوو. "درود بر قاسملوو" درود بر "شیخ عزالدین حسینی" "درود بر دمکرات" ئەمانە کاری سەرەتای کاری سیاسی هاشم بوون کە لە سەر دار و دیوار و تەنانەت لە سەر خشتەکان دەینووسین. لەخۆپیشاندانەکاندا بەشداری کردوە و یەکێک لە قوتانیە چالاکەکان بووە. بە گازی فرمێسک ڕێژ فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووە. هەر لەگەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی "یەکیەتی لاوان" زوو لەگەڵ ڕێکخراوی لاوان تێکەڵ بووە. زۆر زوو بووە بە یەکێک لە کادرە چالاکەکانی لاوان. دواتر کە حزب "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی" دامەزراند، هاشم لە گوندی "کونەمشکێ" بووە بە مامۆستای شۆڕش. هەر ئەو ساڵە وەکوو ئەکتەر بەشداری شانۆی "کاوەی ئاسنگەر"ی کردووە و هەر ئەو شانۆیە جارێکی ترلە "دۆڵی دیموکرات" لە "شیوەجۆ" پێشکەش کراوە و لە چەند گوندێکی دیکەش. هەروەها هەر ئەو شانۆی کاوەی ئاسنگەر لە شاری ڕانیە"ی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو کە زۆر سەرکەووتوبوو لەگەڵ دەستخۆشی گەرمی خەڵک ڕوبەڕوو بوو، کە ئەمجارەیان هاشم کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو.

ساڵی ١٣٦١ لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و بە پەسەندی کۆڕی پەروەردەی سەرانسەری کوردستان، وەک ئەندامی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی ناوچەی سەردەشت دیاری کراوە. تا ئەوکاتەی ناوچەی ئازادمان لەبەر دەستدا بوو و هەتا قوتابخانەکان هەبوون لەو بەشەدا ماوەتەوە و خزمەتی کردووە. دواتر بۆ ماوەیەک بۆتە سەرپەلی بنکەی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی گیاڕەنگ. ساڵی ١٣٦٣ بە مەبەستی زیاتر پەروەردە بوون و ئامادەیی زیاتر بۆ کاری سیاسی و تەشکیلاتی، لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە ناردراوە بۆ دەورەی سیاسی کادر، کە ئەوکات لەلایەن فێرگەی سیاسی نیزامی حزبەوە ئیدارە دەکرا. دوای دەورەکە بووە بە کادری کۆمیتەی ناوچەی "بازاڕ"، لەوێ ماوەیەک بەرپرسی بەشی ماڵی بوە و ماوەیەکیش کادری تەشکیلاتی. هەر لەو کاتەشدا بووە کە "ژیانی هاوبەش"ی پێک هێناوە. سەرەتا لە گوندی "باوزێ" کە لەلایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە تێک درا بوو، کۆنە ئاغەڵێک ئاوەدان دەکەنەوە و دەیکەنە شوێنی حاوانەوەیان، نەک ماڵ، چونکە هیچییان نەبووە وەکوو ماڵ. دوای باوزێ بنکە ماڵەکانی سەر بە ڕێکخراوی باژار و لکی سێ بۆ گەلاڵێی شینکایەتی ڕاگوێزران. لە وێ یەکەم منداڵیان چاوی بە گیتی هەڵێنان.



سەرچاوە
Serchawe

هاشم دوای کۆنگرەی حەوت. بۆ ماوەی ٢ ساڵ واز لە پێشمەرگایەتی دێنێ. بەڵام دوای کۆنگرەی هەشت و هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، جارێکی تر هاتۆتەوە ناو ڕیزی تێکۆشان. دواتر بووە بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. وەک یەکێک لە نوێنەرەکانی کۆنفرانسی ناوەندی ٢ی کوردستان کە پێک هاتبوو لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و سەردەشت، لە کۆنگرەی ٩ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا(١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی) بەشدار بووە. هەر لەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵدەبژێردرێ. ئەوکات تەمەنی لە ژێر سی ساڵەوە بوو. لە کۆنگرەی ١٠ کە (١ی مای ١٩٩٤ی زایینی) گیرا، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی جۆراو جۆری هەبووە. ماوەیەک بەرپرسی فێرگە بووە. ماوەیەک ئەندامی کۆمسیونی تەشکیلات بووە. بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، بەر پرسی ناوەندی ١ی کوردستان، هاوکات هاوکاری بەشی ئامووزشی حزب و بەشی ئەمنییەتی حزب بووە. هاشم عەلاقەی زۆر بە کار کردن هەبوو. بۆیە هەمیشە هاوڕێکانی پێیان دەکووت لە لای تۆ تازە دەڵێی سەرەتای شۆڕشە. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزب، هاشم وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەوکاتەدا بۆ یەکەم جار، ئۆرگانێک بە ناوی "پەزیرش"(بەشی وەرگرتنی پێشمەرگە) لە حزبی یەکگرتوودا لەسەر بڕیاری پلنۆم پێک هات. ڕێکخستن و دروستکردن و بەرپرسایەتی ئەو ئۆرگانە تازەیە، لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە درا بە هاشم.

بێ گومان هەموومان شاهیدی بۆ دەدەین کەئەو ئۆرگانە بوو بە لەمپەرێکی بەهێز و کاریگەر لەسەر ڕێگای پیلانەکانی ڕێژیم لەو سەرو بەندەدا کە کاری تیرۆریستی زۆر دەکرا لە لایەن ڕژیمەوە. ئیتلاعات زۆر کەسی بەکرێگیراوی خۆی دەنارد وخۆیان دەخزانده ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە. ئەو ئۆرگانە زۆرپیلانی ڕژیمی ئاشکرا کردن و فیلتەرێکی زۆر بەهێز بوو بۆ ئەو کەسانەی کە ڕژیم وەک جاسوس دەیناردنە ناو ڕیزی پێشمەرگەکان.

هاشم چەند ساڵێک بوو لە لایەن دەستێکی نا پاکەوە "مەسموم" کرابوو، تووشی حەساسیەتێکی زۆر مەترسیدار هاتبوو. وێڕای بەردەوام بوون لە کاری حزبی، نزیک بە ١٠ ساڵ هاتوچۆی دکتۆرانی دەکرد لە هەولێر و بەغداد. زۆر دەوا و دەرمانی دکتۆران و دەرمانی خۆماڵی بەکار هێنا. هەر چارەی نەبوو. داوای لە حزب کرد بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر. بەڵام حزب موافەقەتی نەکرد بۆ چونە دەرەوەی. بۆیە هاشم بۆ خۆی وەدوای چارەسەری خۆی کەوت. لە "UN" ، لە هەولێر خۆی ناونووس کرد. ساڵی ١٩٩٨ ڕەسمەن لەکاری حزب واز دێنێ. هاتۆتە هەولێر، پاش چەند مانگێک لە هەڵبژاردنێکی ناو پەنابەراندا کە سەدان کەس دەبوون، وەک ئەندامی شوڕای پەنابەران هەڵبژێردراوە و لە لایەن ئەندامانی شوڕاشەوە وەکوو بەرپرسی یەکەم دیاری کراوە. بە هاوکاری هاوکارەکانی سەر و سامانێکی باشیان بە وەزعی پەنابەران و کەیسەکانیانەوە داوە. هەتا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩ وەک پەنابەری سیاسی گەیشتۆتە وڵاتی "نۆروێژ". زۆر زوو پەیوەندی بە کۆمیتەی حزب لەو وڵاتە دەگرێ و وەکوو ئەندامی حزب تێکۆشان دەست پێدەکاتەوە. لە دامەزراندنی کۆمەڵەی کولتوری لە باشووری نۆرویژ دەوری ئەساسی هەبووە. دواتر لە کۆنفرانسی حزب لە وڵاتی نورۆیژ وەک ئەندامی کۆمیتە هەڵبژێردراوە. بۆ



سەرچاوە
Serchawe

کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٣ بە تاوانی ئەندام بوون لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا لە لیستی ڕەشی ئەو تاقمەدابوە کەبە پێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی ١٢ لە ژێرەوە دەستەبەندی نهێنییانکردبوو.

دوای لەت بوونی حزب تا کۆنگرەی ١٤ بەرپرسی کۆمیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە لە نۆروێژ. بە گیرفانی بەتاڵ و بێ هیچ ئیمکاناتێک کۆمیتەیەکی وایان بۆ حزب دامەزراندووە، کە بە خۆشییەوە ئەم کۆمیتەیە نمونەی بەرچاوی هەموو کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتە. هاشم لە کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ و ١٦ وەکوو ئەندامی کۆمسیۆنی پارێزگاری لە ئەساسنامە هەڵبژێردراوە. هەروەها هاشم لەو ماوەیەدا لەوڵاتەکانی نۆروێژ، دانمارک، ئاڵمان، فینلاند و بریتانیا، لە نزیکەوە بەشداری کردووە لە کۆنفرانسەکانیان. هەورەوها لە ڕێگای سکایپەوە بەشداریی کۆنفرانسی حیزبی، لە چەند وڵاتێکی تر کردووە. لەو چەند ساڵەدا لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینارەدا بەشداری کردووە کە بەشێک لەو سمینارانە لە کورد کاناڵ بڵاو کراونەتەوە. جگە لەوانە لە بەرنامەکانی "پرسی ڕۆژ" هەروەها "شرۆڤەی هەواڵ" لە ڕێگای سکایپەوە بەشداری بەرنامەکانی کوردکاناڵی کردووە. ماوەیەکیش بۆ بەشی "ڕوانینی ڕۆژ" وتاری نووسیون.

هاشم لە ساڵی ١٩٩٩ پێش ئەوەی بێتە تاراوگە، کتێبێکی چاپ کردووە بەناوی "دڵۆپێک لە دەریایەک" هەروەها لە نورویژیش کتێبی دووەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە بە ناوی "خەونێکی سەوز" ئێستاش کتێبی سێیەمی بە دەستەوەیە بە ناوی "نامەیەک بۆ دایکم و دەرسێک بۆ نەوەکانی".

زۆر جار ڕژیمی پیاو کوژی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا کە کاک هاشم کە تیرۆر بکەن کە بە خۆشیەوە هیچ کات سەرکەووتو نەبوون. ئێستاش لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی لە وڵاتی نورویژ دەژی. ئەندامێکی فەعال و زۆر چالاکی حیزبە. کاک هاشم خاوەنی ٥ کیژی جوان و سەرکەووتووە لە بوارەکانی خوێندندا. یەکیان ماستەرگرادی تەواو کردوە ٢ دانەشیان خەریکی تەواو کردنن.

**ئەمە گۆشەیەک بوو لە کارو ئەرکەکانی کاک هاشم لە ژیانی پێشمەرگایەتی و خزمەت بە گەل و کوردستانەکەی. لێت پیرۆز بێ "میداڵی ئازایەتی" هاوڕێ و هاوسەنگەرم. لێت پیرۆز بێ...**

**بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل**

سەرچاوە: نامیلکەی "یادی قارەمانە زیندووەکان"

سەرماوەزی ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی



سەرچاوە Serchawe



سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی تێکۆشەرو خۆشەویستی؛ هاوڕێ هاشم ڕۆستەمی







سەرچاوە
Serchawe
















سەرچاوە
Serchawe




**بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا، بە شێوەی ڕەسمی و تەواو دێموکراتیک دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سندووقەکانی دەنگداندا، تێکەڵی دەنگی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بوو، هەموان بە یەکەوە هاواریان کرد کە سەربەخۆییان دەوێ و دەخوازن دەوڵەتی کوردستان بونیاد بنێن و بۆ خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی خاکی خۆیان بن، تا ئیزن نەدەن چیتر داهاتی ئەو سەروەت و سامانەی کوردستان لە دژی خۆیان بە کار بهێنرێتەوە.**

**هەر چەند هەرگیز هەستی سەربەخۆییخوازیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لاواز نەبووە، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە ئەم ریفراندۆمە ئەو هەستەی زیاتر جۆش دا و، ئێستا هەر تاکێکی کورد بە شانازیی زیاترەوە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات.**

**هاشم ڕۆستەمی**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧١٨ی کوردی = مای ٢٠١٨ی زایینی**

**نۆژەن کردنەوە: ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریویێری ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ هاشم رۆستەمی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

